





سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست

١- بەشێک لە مێژووی ڕۆژی ١ی ئایار.......... و: هەژێن ........ ٤
٢- بنەچەی ڕۆژی یەکی ئایار لە کوێوە هاتووە؟ .......... ن: ڕۆزا لۆکسەمبۆرگ .... وە: ئازاد ئارمان ....... ١٤
٣- کرێکار لە ئێران لە نێو دوو بەرداشی بێمافیو ترسی لە دەستدانی کارەکەیدا .......... عەلی بداغی ....... ١٦
٤- (کرێکار لە نێوان "زەوی" و "نیشتمان"دا) .......... عادل قادری ....... ١٨
٥- ئاوڕدانەوەیەک لە یەکی ئایار ڕۆژی جیهانی کرێکاران .......... س.خ ........ ٢٢
٦- یەکی ئایار، ڕۆژی جیهانیی کرێکار .......... شەریف فەلاح ........ ٢٥
٧- یەکی ئایار لە نێوان جەژن و خەبات و ناڕەزاییدا .......... مەجید مارابی ........ ٢٦
٨- بە بۆنەی ١ی ئایارەوە! .......... جەعفەر حامیدی .......... ٢٨
٩- یەکی ئایار، پارادۆکسێکی تری چەپ .......... سەلام مارف، حەسەن حسێن ........ ٣٢
١٠- من نفرەت لە کرێکاری دەکەم .......... حسەین شەبەق ........ ٣٥
١١- بە بۆنەی یەکی مانگی ئەیار ڕۆژی جیهانیی کرێکار .......... زاگرۆس پۆست ....... ٣٧
١٢- هەموو ڕۆژێک یەکی ئەیاری ئێمەیە .......... ئەحمەد بەهرامی ...... ٤٠
١٣- ئامارێک لە گیان لە دەستدانی کرێکارانی کورد .......... فەرانەک ئەڵماسی ....... ٤٣
١٤- ژنانی کرێکار بەشێکی جیانەکراوەن لە کرێکارانی جیهان .......... فەریبا محەمەدی ........ ٤٤
١٥- ڕۆژی کرێکار و بارودۆخی ژنانی کرێکار لە ئێران .......... نیشتمان ڕوحانی و ئەوین مستەفازادە ....... ٤٦
١٦- مێژووی بزوتنەوەی کرێکاری ئێران لە پاش شۆڕشی ١٣٥٧.......... ئا: دوارۆژ ........ ٥٣
١٧- لە یادی یەکی مای ڕۆژی جیهانیی کرێکاردا .......... کەماڵ کەریمی ........ ٥٨
١٨- ئاوردانەوەیەک لەمێژویەکی پڕشنگداری خەباتی کرێکاران .......... خدری مکتبە .......... ٦٠
١٩- خوێندنەوەیەکی مێژوویی لەسەر ١ی مەی .......... سامان ریشەساحێب ...... ٧٢
٢٠- پێوەندی هەژاری و بێکاری و ڕۆژی کرێکار .......... ئەنور ئەسەدزادە ....... ٧٦
٢١- خەباتی مەدەنی و خەباتی چینایەتی لە قۆناغی گلوبالیزمدا .......... ڕەشاد مستەفا سوڵتانی ..... ٨١
٢٢- ١ی مای ڕۆژی کرێکاران و دۆخی ئەو چینە لە کۆمەڵگای ئێران! .......... ئاریتما موحەممەدی ...... ٨٨
٢٣- ١ی ئەیار، ڕۆژی هاوپێوەندی کرێکاران، پێویستی خەباتێکی یەکگرتوو! .......... ڕەحیم ڕەشیدی ...... ٩١
٢٤- ١ی ئایار ڕەمزی تێکۆشانە بۆ چەسپاندنی ئازادی و دادپەروەری! .......... عبدالحمن ڕەسول ...... ٩٤



سەرچاوە
Serchawe

٢٥- لە یادی ١ مانگی مەی؛ رۆژی من، رۆژی یادکردنەوەی رەنج، رۆژی جیهانی کرێکار ......................ئەژین نیازی ......... ٩٧

٢٦- وشەی کارگەر بەکار بێنین یان کرێکار؟ مەی یان ئایار؟ ............................................. شێرکۆ جیهانی ........ ١٠٠

٢٧- پێوەندیی رزگاری بەخشی کرێکاران و ماموستایان .............. فەریبورزی رەئیس دانا .... وە: رێبوار مەعرووفزادە ....... ١٠٢

٢٨- با ئاوڕێک لە ژنانی کرێکار بدەینەوە ............................................................. سەرگوڵ ......... ١٠٦

٢٩- لە رۆژی کرێکاردا دیسان "مەرگ بۆ دیکتاتۆر"........................................................ ئا: سمایل شەرەفی ....... ١١٠

٣٠- چۆن یەکی ئایار، بوو بە رۆژی جیهانیی کریکاران؟ ................................................... ئا: شەماڵ علی ........ ١١٢

٣١- ئاوڕێک لە کۆمۆنەی پاریس؛ یەکەمین ئەزمونی حکومەتی کرێکاران لە مێژوودا ..................... کوردستانپۆست ....... ١١٧

٣٢- بارودۆخی ژنانی کرێکار لە ئێراندا ................................................................. شەهین سوڵتانی ....... ١٢٤

٣٣- کرێکاری کورد و رۆژی جیهانی کرێکار ............................................................ عەبدوڵلا ڕەسوولی ....... ١٢٦

٣٤- کۆمەڵگەی کرێکاری ئێران و ڕۆژێک بەو ناوە ...................................................... شەونم هەمزەیی ......... ١٢٨

٣٥- کرێکار و مافەکانی لە ئێران لە دەیەی پێنجەمی کۆماری ئیسلامییدا ................................ عەلی بداغی .......... ١٣٢







سەرچاوە
Serchawe

## بەشێک لە مێژووی ڕۆژی ١ی ئایار.




**چیرۆکی ڕووداوەکەی هایمارکت (Haymarket).**

**و: هەژێن**

مشتومڕی نێو بزووتنەوەی کرێکاری سەدەی ١٩ لە چەند پرسێکدا چەقی بەستبوو، لەوانە دەستلەکارکێشانەوەی هەرەوەزییانە، کە مانگرتنی گشتی کۆمەڵایەتی بوو بۆ بەدەستهێنانی داخوازییەکان. یەکێتییەکانی ئینگلتەرە لە ١ی ئایاری ١٨٣٣دا ٨ کاتژێر ڕۆژانەکاریان کردە ئامانجیان و بڕیاری مانگرتنی سەرتاسەرییان دا، کە تیایدا شتێکی ئاوا نەتوانرا بەتەواوی بهێنرێت دی. سەرمایەداری پیشەسازیی بۆ بزووتنەوەی تازە پێگرتووی کرێکاریی دژێکی بەهێز بوو، لەلایەکی دیکەوە ناسیونالیزم بەزۆری بەری بە هاوپشتییە سنووربەزێنەکان دەگرت.

پاش ئەوەی کە شۆڕشی ١٨٤٨ - ١٨٤٩ بە سەرکوتنی بۆرجوازی نەتەوەیی کۆتایی هات،زۆرێک لە کرێکارانی سۆشیالیست بەرەو ئەمەریکا ڕەویان دەکرد. زۆرێکیان هزر و بیرۆکە ئەنارکیستییەکانیان لەتەک خۆیان بردە ئەمەریکا، لەوێ کە ژیان و هەلومەرجی کارکردن زۆر خراپتر بوو لە ولاتانێک کە لێوەی هاتبوون. بەتایبەت لە یەکەمین قەیرانی ئابووریی لە ساڵی ١٨٥٧وە تا گەرمەی قەیرانەکە "داتەپینە گەورەکە"، لە ساڵی ١٨٨٣وە کرێکاران بەدەست بێکاری و بێسەرپەناییەوە گیرۆدە بوون.

لەبەرامبەر بزووتنەوەی کرێکاریی ئەو کاتدا، لە ئیمپراتۆریی تازە پێکهێنراوی ئاڵماندا ساڵی ١٨٧٨ یاسا کۆمەڵایەتییەکان "لەدژی چالاکییە مەترسیدارەکانی سۆشیال دیمۆکراسی" پەسەند کران. لە پێکهێنانی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کرێکاران (IAA) لەساڵی ١٨٧٢دا، سۆشیالدیمۆکرات و کرێکارانی ئاڵمان گەورەتری هێز بوون. بەم جۆرە جێی سەرسووڕمان نییە، کە زۆرێک لەو سەدان هەزار کرێکارە ئاڵمانەش لە ئەمەریکا خۆیان لە یەکێتییەکاندا ڕێکبخەن. "پاڵەوانانی کار" (Knights of Labor) کە ساڵی ١٨٦٩ لە فیلادیلفیا پێکهێنران، بوونە پێشینەی "یەکێتییە کرێکارییەکان"ی دواتر.

## پرسی توندوتیژی.

لە سەردەمی مانگرتنی گشتی هێڵی شەمەندەفەری ١٨٧٧وە، یەکێتییەکان جەماوەرێکی زۆریان لێ کۆبووبووەوە، بەڵام لەلایەن بەکرێگیراوان و مانشکێنانی چەکداری نووسینگەی (Pinkerton Agency) وەک پێسپڕدراوی سەرمایەدارەکان، دژایەتی دەکران. پۆلیس و میدیاکانیش لەم ڕووەوە ڕۆڵی خۆیان دەگێڕا، بۆ نموونە "New York Tribune" ئاوا داوای دەکرد، کە پێویستە خۆپیشاندانی کرێکارانی مانگرتوو بە نارنجۆک تێکبشکێندرێن. لە بەرامبەردا وەک ڕێکخراوی چەکداری خۆپاراستن، لە هەندێک لە شارەکانی ئەمەریکادا یەکێتیی "فێرکاریی و ئەنجومەنی خۆپارێزی" پێکهێنران. هەڵدەستان بە ڕاهێنانی تەقەکردن و ڕێپێوانی ساڵیادی کۆمونەی پاریس. ساڵی ١٨٨٠ "پارتی سۆشیالیستی کرێکاران" لەسەر پرسی چەکداربوون بوو بە دوو باڵەوە، باڵی ڕاستی پارلەمانی و باڵی چەپی شۆڕشگێڕ.

هاوکات لە نیویۆرک ئەنارکیست و نوێنەری پارلەمانی جارانی سۆشیالدێمۆکراتی ئاڵمان یوهان مۆست Johann Most نووسەری "زانستی جەنگی شۆڕشگێڕانە" وەک "پرۆپاگەندەی چالاکی"، لە شیکاگۆ ئەلبێرت پێرسن Albert Parsons و ئاوگوست شپیس August Spies ی ئاڵمانی ناسراوترین قسەکەری بزووتنەوەی کرێکاریی توندوتیژ بوون. شپیس لە "ڕۆژنامەی کرێکاری شیکاگۆ"ی ئاڵمانی زماندا کاری دەکرد و پێرسنس ڕۆژنامەی "ئاگاداری" Alarm ی ئینگلیزی زمانی دەردەکرد. ساڵی ١٨٨٣ هەدووکیان لە شاری Pittsburgh پێکەوە لەتەک سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان و ئەنارکیستەکانی دیکەدا لەسەر شێوازی میخائیل باکونین لە نێونەتەوەیی یەکەم، کۆمەڵەی نێونەتەوەیی خەڵکی زەحمەتکێش (کەسانی کرێکار) „ International Working People's Association (IWPA)"یان پێکهێنا.

تێکەڵەی ئەنارکیزم و سەندیکالیزم ئەوسا وەک "بیرۆکەی شیکاگۆ - Chicago Idea" دەخرایە ڕوو. لە هەژمارێکی زۆر ڕۆژنامەدا "نێونەتەوەیی ڕەش" پاگەندەی بۆ پلانە شۆڕشگێڕییەکانی خۆی بە زمانی ئاڵمانی، ئینگلیزی و چێچی دەرکرد. بەتەنیا لە شیگاکۆ پێنج ڕۆژنامەی دەردەکرد، لەوانە "ڕۆژنامەی کرێکاران - Arbeiter - Zeitung" کە لەلایەن ئاوگوست شپیس، ئادۆڵف فیشەر Adolph Fischer و میشایل شڤاب Michael Schwab دوە، ڕۆژانە بە تیراژی ٦,٠٠٠ دانە دەردەکرا.

## خەبات لە پێناو ٨ کاتژێر ڕۆژانەکاردا.

ساڵی ١٨٨٤ "کۆنگرەی یەکێتییە فیدراڵییەکان و کۆمەڵە کرێکارییەکان" دواتر ناسراو بە "فیدراسیۆنی کرێکارانی ئەمەریکا"ی ئەمەریکای باکووری بڕیاری دا داواکاری ٨ کاژێر ڕۆژانەکار وەک سەرخەتی ناوەندیی خەباتی داهاتوو بێت.

سەرەکیترین داواکاری کرێکاران کەمکردنەوەی ماوە (کاتژێر)ی کار بوو. هەر لەسەر ئەمە بوو کە کرێکاران لە یەکی ئایاری ١٨٨٦دا خەباتی خۆیان لەسەر کەمکردنەوەی ماوەی کار، توندتر کردەوە.

لە یەکی ئایاری ١٨٨٦ دا، زیاتر لە ٣٤٠,٠٠٠ کرێکار لە ئەمریکا دەستیان لەکار کێشایەوە، تەنیا لە شیکاگۆدا هەژماری کرێکارانی مانگرتوو ٤٠,٠٠٠ کەس بوو. چەند ڕۆژ دواتر پۆلیس لە مەیدانی هایمارکت Haymarket دەستیان بە ڕەشەکوژی کرد. سەرەنجام لەو پێکدادانەدا زیاتر لە ٧ کەس کوژران، لەلایەکی دیکەوە لە ڕاگەیاندنەکانی دەوڵەتدا ڕاگەیێنرا، کە ئەفسەرێکی پۆلیس بەهۆی بۆمبی دەستی ئەنارکیستێکەوە کوژراوە و هەروەها ٦ پۆلیسی دیکە لە پێکدادانەکاندا کوژران. هەژماری برینداران لە هەردوولا لەنێوان ٣٠ تا ٤٠ کەس ڕاگەیێندرا. کەمکردنەوەی دوو کاتژێر لە ( ١٠ کاژێر زیاتری) ڕۆژانەکار، بۆ سەندیکالیستە ئەنارکیستەکان، ڕیفۆرمیستی دەهاتە بەرچاو، بەڵام سەرەرای ئەوەش پشتیوانیان لە کەمپەینەکە دەکرد. داواکارییەک کە لەساڵی ١٩٦٠ەوە لەجێی خۆی مابووەوە، دەبوو لە یەکی ئایاری ١٨٨٦ دا بە مانگرتنی سەرتاسەری بسەپێنرێت. لە شیکاگۆ "یەکێتی ناوەندیی کرێکاران - Central Labor Union" شەممەی پێش ١ی ئایار خۆپیشاندانێکی گەورەی بە بەشداری نزیکەی ٢٥,٠٠٠ کەس بەرپاکرد. لە خودی یەکی ئایاردا مانگرتن لە ناوەندە پیشەسازییەکانی ئەمەریکادا زیاتر لە ٣٠٠,٠٠٠ کرێکار، بەتەنیا لە شیگاکۆ ٤٠,٠٠٠ کرێکار دەستیان لە کار کێشایەوە و لەسەر شەقامەکان ٨٠,٠٠٠ خۆپیشاندەر یەکیان گرتبوو.

پێشتر لە ئەپریلی ١٨٨٦دا لە شیکاگۆ لە کارخانەی میککارمیک McCormick، کە درەوکەر (ماشێنی درەوکردن - دەراسە) ئامادە دەکرا، زۆربەی کرێکارەکان لەبەرامبەر ڕەفتاری نامرۆڤانەی شوێنی کار، بڕیاری مانگرتن دەدەن. ئەو کات لەبەرامبەر ١٢ کاتژێر ڕۆژانەکار بەگشتی ٣ دۆلاری ئەمەریکی دەدرا، کە مرۆڤ دەیتوانی لە چێشتخانەیەکدا تەنیا ئێوارە ئێوارەخوادنێکی هەژارانەی پێ بکڕێت. خاوەنکار ڕێگری لە چوونەسەرکاری تێکرا کرێکارەکان دەکات، تاوەکو نزیکەی ١٠٠٠ شوێنکاری خاڵی، بە کۆچەرانی تازە پڕ بکاتەوە، کە لە ئاوا بارێکدا لەبەر دەرگەی کارخانەکاندا بۆ پەیداکردنی کار دەوەستان. وێڕای بانگەوازی "ڕۆژنامەی کرێکار"، بۆ ئەوەی مانشکێنی نەکرێت، هێشتا ٣٠٠ کەس بۆ داخوازی کار خۆیان ناونووس کرد. ئێوارەی ١ی ئایاری ١٨٨٦ لە مەیدانی هایمارکت لە شەقامی ڕاندۆڵف Randolph Street ی شیکاگۆ کۆبوونەیەکی کرێکاری کرا و ئەوەبوو کە مانگرتنی چەند ڕۆژەی کارخانەی میککارمیک McCormick ی بەدوادا هات.

### شیکاگۆ ١٨٨٦.

لە ٣ی ئایاردا پۆلیس ڕژایە ئەو ناوە، بۆ ئەوەی کۆبوونەوەی مانگرتنی ٦,٠٠٠ خۆپیشاندەر لە نزیکی کارخانەی مێککارمیک بڵاوە پێبکات. لە پێکدادانەکانی دواتردا ٦ کرێکار کوژران و زۆرێک بریندار بوون. لە شەوی پێش ٤ی ئایاردا هەزاران خۆپیشاندەر بۆ دەربڕینی نارەزایەتی بەرامبەر توندوتیژی پۆلیس کۆبوونەوە و بەرەو مەیدانی هایمارکت بەرێکەوتن. سەرلەنوێ پۆلیس هەوڵی دا وەک ئەوەی ڕۆژی پێشوو، بە توندوتیژی بڵاوەی پێ بکات. سەرەرای ئەوەش کاروانی نارەزایەتی کرێکاران توانی بەرەوپێش بڕوات و ئاشتییانە تێپەڕی. پارێزگاری شار هێرسن Harrison، کە بەخۆی لەوێندەرێ چاودێریی ئاساییشی شارەکەی دەکرد، زوو بەرەو ماڵ چووەوە.

نزیکەی ١٠٠٠ خۆپیشاندەر، کە زۆربەیان کرێکاری ئاڵمانی بوون، گوێیان لە وتاردانەکان ڕاگرتبوو. دەمەو ئێوارە پاش ئەوەی ئەنارکیستانی ناسراو ئەلبێرت پێرسنس، ئاوگوست شپیس و سامویل فیڵدن وتارەکانیان دا، بارودۆخەکە دژوارتر بوو. هێزی پۆلیس لە

کۆڵانەکـانی دەوروبەرەوە بە چەکەوە ئامادەبـاش وەسـتابوو. هەرکە هەوری بارانـاوی ئـاسمانی تەنییەوە، زۆرێـک لە خۆپیشـاندەران شوێنی ناڕەزایەتییەکەیان جێهێشت، تەنیا نزیکەی ٣٠٠ کەس لە وێندەرێ مانەوە.

کەمێک پێش کۆتـاییهاتنی قسەکانی ئاوگوست شپیس، پشکێنەری پۆلیس بۆنفیڵد Bonfield فەرمانی هێرشبردن دەدات. ٢٠٠ پۆلیس بەرەو ئۆتۆمەبێلی سەکۆی قسەکردنەکە کەوتـنەڕێ و چوارلایـان گـرت، کاتێک کە بـۆمبەکە هەڵدایە نێوەنـدی خەڵکەکە. دەستبەجێ پاش تەقینەوەکە، پۆلیس دەستی بە تەقەکردن لە کرێکارەکـان کرد. لە شوێنی ڕووداوەکەدا پۆلیسێک کـوژرا و شەش کرێکـار دواتـر بەهۆی برینـداربوونیانەوە مردن. ئەوەی کە وتـاردەرەکـان وەک ئەنارکیست ناسراوبوون، پـۆلیس و راگەیـانـدن ئاوایـان لێکدایەوە، کە ڕووداوەکە هێرشێکی ئەنارکیستییە بۆ سەر پۆلیس. هەرچەند لەلایەن دادگەوە هیچ بەڵگەیەک بۆ وەها پەیوەندییەک نەتوانرا بخرێتە ڕوو.

سەرەرای ئەوەی کە لەو ساوە تـا هەنووکەش هیچ کەس وەک هەڵدەری بۆمبەکە نەناسراوە، کەچی ٨ کەس ، کەسانێک کە بەشداری ڕێکخسـتنی مـانگرتنەکە بـوون، سکاڵایان لەسـەر تۆمـار کـرا و لە ئۆگوسـتی ١٨٨٦دا تـاوانبـار کـران. هەرچـەنـدە تەنـانەت بەڵگەی بەشـدارنەبوون و تـاوانبارنەبوونیـان هەبـوو، دادوەر جۆزیـف گـاری Joseph Gary بە تـاوانبـاری ناسـاندن، گـوایە بۆمبهەڵدەرەکە لەسەر بنەمای بۆچوونی ئەنارکیستانەی ئەم کەسانە بەکارەکە هەستاوە. لەسـەر ئەو بنەمـایە ئەوان تـاوانبـارن، هەروەک ئەوەی کە بەخۆیان بە هێرشەکە هەستابن. شایانی باسە خەرجی پـارێزەری تـاوانبـارکراوان، نـزیکەی ٥٠،٠٠٠٠ دۆلار بـوو، کە لە پـارەی کۆمەکی هاوپشتی لە هەموو لایەکی جیهانەوە دابین کرا.

سزادراوان گیـۆرگ ئێنگـل Georg Engel (نیگـارکیش خەڵکی کاسڵ- ئاڵمـان)، سـامۆێل فیلْدن Samuel Fielden (کرێکـاری بـارکردن خەڵکی لەنکشـەیر - ئینگلانـد)، ئـادۆڵف فیشەر Adolph Fischer (جـاپگەر خەڵکی بـرێمن - ئالمـان)، لـویس لینگ Louis Lingg (دارتـاش خەڵکی مانهـایم - ئاڵمـان)، ئۆسکار نێبە Oscar Neebe (لـولەکیش خەڵکی نیویـۆرک، تـا سـەردەمی لاوی لە کاسڵ ژیـاوە)، ئەلبێرت پێرسنس Albert Parsons (جـاپگەر خەڵکی ئالابامـا)، میشـایل شڤـاب Michael Schwab (پەرتـووکچن خەڵکی ئـونتەرفرانکین - ئاڵمـان)، ئـاوگوست شپیس August Spies (مۆبیلدانەر خەڵکی هێسـن- ئالمـان). پـاش دادگەییکردنێکی ڕواڵەتییانە (شـانۆگەرییانە) بە بەڵگەی دۆرینـەوە، لەلایەن لێژنەیەکی سوێندخۆری سـاختەوە بە لەسێدارەدان سزا دران. هەروەها ئۆسکار نێبە بە ١٥ سـاڵ زینـدانی سـزا درا. لـویس لینگ لە ژووری زینـدانـدا بەهـۆی دەمـانجەیەکی بەقـاچـاخ بەدەست هێنـراو خۆکـوژی کـرد و لایەکـی سـەری هەڵتەقـانـد. دادگە و دەسـەلاتداران بەزۆر ئەو بڕیـارەیـان سـەپـاند و داوای پێـداچوونەوەی بڕیارەکە لە سەرەتـای نۆڤەمبەری ١٨٨٧ دا لەلایەن دادگەی بـالاوە ڕەتکرایەوە.

سزای لەسێدارەدانی سامۆێل فیلْدن و میشایل شڤاب لەلایەن فەرمانـدار Ogelsby ەوە گـۆڕدرا بە سـزای زینـدانی هەمیشـەیی. ئێنگل، فیشەر، پێرسنس و سشپیس لە ڕێکەوتی ١١ی نـۆڤەمبەری ١٨٨٧ لە زینـدانی Cook County لەسێدارە دران. سـەدان هەزار کەس لە ڕێپێـوانی نـاڕەزایەتی و بەگۆڕسپاردنی لەسـێدارەدراواندا لە گۆڕسـتانی ڤـاڵـدهایم Waldheim لە (Illinois Forest Park) بەشدارییان کرد. ڕۆبێرت ڕایتسیڵ Robert Reitzel ی ئەنارکیست خەڵکی بادن Baden، بەو بۆنەوە وتارێکی خوێندەوە. لە

ساڵی ١٨٩٣ەوە لەم گۆڕستانە، پەیکەرێکی یاداوەی بۆ قوربانیانی ڕووداوەکەی هایمارکت دانراوە.

هەروەها لە ساڵی ١٨٩٣دا هەر سێ زیندانی، فیڵدن ، نێبە و شڤاب لەلایەن فەرماندار (پارێزگار) جۆن ئاڵتگێڵد John Altgeld وە بە بێتاوان و قوربانی دادگە ناسران و لێبوردیان بۆ دەرچوو. (ساڵی ١٩٣٦ دەستەیەکی لێکۆڵینەوە بەو سەرەنجامە گەیشت، کە هەموو ٨ سزادراوەکە بێتاوان بوون). ئۆسکار نێبە پاش ئازادکردنی وەک پێشتر لە بزاڤی کرێکاریدا چالاک مایەوە. دواتر بووە ئەندامی کرێکارانی پیشەسازیی جیهان (IWW – Industrial Workers of the World) و لە میتینگی ١ی ئایاری ١٩٠٦ی شیکاگۆدا قسەکەری یەکەم بوو. نێبە ساڵی ١٩١٦ مرد و لە گۆڕستانی ڤاڵدهایم لەتەنیشت پەیکەری یاداوەری "گیانبەختکراوانی هایمارکت"دا بەخاک سپێردرا.

پاشان، سەرەڕای ئەوەش، سزاکە و جێبەجێکردنەکەی بوونە هاندەری ناڕەزایەتی بەردەوامی بزووتنەوەی کرێکاری لە سەرتاسەری جیهاندا. ١٨٨٨ فێدراسیۆنی کرێکارانی ئەمەریکا ( American Federation of Labor – AFL) بڕیاری دا ١ی ئایاری ١٨٩٠ بکرێتە ڕۆژی خەبات بۆ سەپاندنی ٨ کاتژێر ڕۆژانەکار. هەرچەندە کە لە ئاڵمان پارتی سۆشیالدیمۆکرات دژی بانگەوازی مانگرتنی گشتی بوو، لە هەموو شارەکان مانگرتن و کۆبوونەوەی جەماوەری بەرپاکران. زیاتر لە ١٠٠,٠٠٠ کرێکار بەشدارییان تێدا کرد، بەتایبەت شاری هامبورگ Hamburg.

دواجار کۆنگرەی دامەزراندنی "ڕۆژنامەی نێونەتەوەیی" سۆشیالدیمۆکرات لە ساڵی ١٨٨٩دا بڕیاری دا ١ی ئایاری بکرێتە "ڕۆژی خەباتی" سالانەی بزووتنەوەی کرێکاری و لەو کاتەوە ئەم ڕۆژە بە کۆبوونەوەی جەماوەری و مانگرتن دەستی پێکردووە. بەڵام هەروەها هەر لە دەستپێکەوە لەناو بزووتنەوەکەدا ڕەخنەش لە١ی ئایار هەبوو: لە فەرەنسە لە ساڵی ١٨٩٢دا هەژمارێکی زۆر لە ئەنارکیستەکان ڕەخنەیان لەو کەمپەینە گرت، لەوانە سیباستیان فۆرێ Sebastien Faure، وتی "چیتر ئەمە ڕۆژێکی شۆڕشگێڕانە نییە، بەڵکو سەکۆیەکی دەستەمۆکراوە بۆ هەڵبژاردنی دەسەلاتخوازان، تا لەڕێگەی دەنگی کرێکارانەوە بۆ پارلەمان هەڵببژێردرێن".
ساڵی ١٨٩٣ لە کۆنگرەی یەکێتییە کرێکارییەکاندا لە مارسێل Marseille جارێکی دیکە ئاراستەی خەباتکارانی ١ی ئایار وەک ڕۆژی مانگرتنی گشتی پێداگری لەسەر کرایەوە، شتێک کە زیاتر دابڕانی لە پارتی سۆشیا دیمۆکرات واوەتر بەرەوپیش برد. دواتر ساڵی ١٨٩٦ کاتێک کە ئەندامانی ئەنارکیست لە نێونەتەوەیی دووەمدا لە لەندەن لەبەر ڕەتکردنەوەی پارلەمانتاریزم دەرکران، ئەو لێکدابڕانە فراوانتر بوو.

## هاوپشتی نێونەتەوەیی لەبری ناسیونالیزمی خۆجێی.

ئەوڕۆکە بۆ زۆرینەی زۆری کرێکارانی کرێگرتە (پابەند بە مووچە)، ١ی ئایار واتایەکی زۆر نابەخشێت. زۆر دەمێکە چیتر "ڕۆژی خەباتی چینایەتی" نییە. لەبری ئەوە ١ی ئایار بۆ زۆرێک هەلێکی گونجاوە بۆ گەشتێکی خێزانی بۆ ناو سەوزایی (پارک و باخی کەنار شار)، یا لەوانەیە بۆ ڤورست [قیمەیەکی خۆشەکراوە بۆ برژاندن] خواردن لە جەژنی سەرشەقامی کۆنفیدراسیۆنی یەکێتییەکانی ئاڵمان (DGB). لەوێندەرێ وتاری فریودەرانەی سەرانی یەکێتییەکان، ئەوانەی کە لەبارەی "هاوپەیمانی لەپێناو کار" لەتەک

خاوەنکاران وەک پێداویستی و هەنگاونان بۆ پێشەوە، قسە دەکەن، پەخش دەکرێت.

بۆ ئەو مەبەستە سەرانی یەکێتییەکانی (DGB) پارێزگاری لە "ئاڵمانیا" بە هەموو هێزە ناسیونالیستەکانییەوە لەبەرامبەر کێبرکێی وڵاتانی کرێ کەم (کار هەرزان)ی ئۆروپای خۆرهەلاتی و ئاسیا، دەکەن. تەنانەت ئەمە واوەتر دەڕوات، کە (IG BAU) پێکەوە لەتەک کاربەدستانی گومرگ دەچنە شوێنەکانی کارکردن (خانوو و تەلارکردنەوە)، تاوەکو کاری تۆمارنەکراو (ڕەش) و شێوەکانی دیکەی کارکردنی نایاسایی لەناوبەرن. کۆنفیدراسیۆنی یەکێتییەکانی ئاڵمان لەپێناو دابینکردنی بەرژەوەندی ئەندامانی، بەشێوەیەکی سەرەکی کرێکارانی شارەزا، بە پاراستنی پلەی مووچە و مافی خانەنشینی، نوێنەرایەتی دەکات. بۆ بەشێکی ڕوو لە زیادی خەڵک، ئەوانەی کە لە دەرەوەی پلەی مووچە (ناجێگیر - نایاسایی)ن، ای ئایار بەهیچ شێوەیەک ڕۆژی پشوو نییە و پاداشتی پشوویان بەرناکەوێت.

شەقام خاوێنگەران، قاپشۆران و سەرپەشتیگەرانی منداڵان و پیران، چایچی و قاوەچییان، کرێکارانی فەرمانگەکان - بەردەوام زۆتر کارە پێویستەکانی کۆمەڵگە بەهۆی کرێکاری قەرزکراوەوە (کرێکاری کاتیی وەرگیراو لە نووسینەگانی کار)، نیوەکاران یا یەک یۆرۆ کارەوە پڕ دەکرێنەوە. کاری زۆرەملێیانەی دەوڵەتی لەلایەن ARGE (گرووپی کار) و فشاری کرێی کەمی بازارەوە لەشکری "کارکەرانی هەژار" لە ئاڵمانیا دەسەبەر دەکەن. بۆ یەکەمین جار پاش دووەمین جەنگی جیهانی دووەمەوە، بەشێکی دانیشتوان ناچار کراون و خراونەتە ژێر هێڵی هەژاری، لەو شوێنانەی کە دەمێکە "پرۆلیتاریای بیانی"ی (بە دەربڕینی "یەکێتی پۆلیس") لێیە. بۆ ئەوەی خەبات دژی وەها بارێک ڕۆژانە بەڕێبخرێت، ئەرکی یەکێتییەکانە. دەی ئەگەر DGB نەیکات، ئەوا ئێمە بەخۆمان دەیکەین!

**چیرۆکی (بەشداریی کۆمەڵایەتی).**

هاوپەیمانی چینایەتی کۆنفیدراسیۆنی یەکێتییەکانی ئاڵمان ڕیسا [سوننەتی] خۆی هەیە: ساڵی ١٩٢٠ لە کۆماری ڤایمارەر Weimarer دا یاسای شوراکانی کارخانەی ئیمپراتۆری ئاڵمان پەسەند کرا. پاش جەنگی دۆراوی یەکەمی جیهانی (١٩١٤ - ١٩١٨) و شۆڕشی نۆڤەمبەری کرێکاران - و شوراکانی سەربازان (١٩١٨ - ١٩) سۆشیالدیمۆکراتی و یەکێتییەکانی وەک دەستەبژێری سەروەر خۆیان سەپاند. هەر ئەو سۆشیالدیمۆکراتە، ساڵی ١٩١٤ دەنگی بە جەنگی ئیمپراتۆریی دا، تاوەکو دیسانەوە لەلایەن هێزە کۆنەپەرستەکانەوە وەک "نانیشتمانی" سووکایەتییان پێنەکرێت.

ڕابەڕانی پارتی سۆشیالدیمۆکرات ئالمان ئیبێرت Ebert و نۆسکە Noske دەیانەویست بەشی خۆیان لە ولاتانی داگیرکراو "شوێنێک لەبەر خۆرەتاو" بپچڕن، لەو ڕووەوە یەکێتییە سۆشیالدیمۆکراتەکانیش لەوپێناوەدا ئامادەبوون، لە کاتی جەنگی ئیمپریالیستانەدا دەم و دەست و پێ بەستراو بن. ئەم گونجانە چینایەتییە وەک "هودنە" بووەتە سیمبوڵی میانجیکاریی و هاریکاریی (corporatism) یەکێتییەکان. ئیمپراتۆر (قەیسەری پروس) بە بەفەرمیناسین لە "یاسای کۆمەکیی خزمەتگوزارییە نیشتمانییەکان"ی ١٩١٦دا سوپاسگوزاری کردن. لە ڕێکەوتننامەی ستینیس لێگیین Stinnes-Legien نێوان ئەنجومەنی ناوەندیی کار (ZAG) لەتەک پیشەسازیدا سەرلەنوێ لە ساڵانی ١٩١٨ تا ١٩٢٤ گیانی سازشکارانی تەبایی چینایەتی یەکێتییەکان خۆی دەردەخاتەوە.



سەرچاوە Serchawe

## ١٩١٩: ڕۆژی پشوو و ڕەشەکوژی.

لەتەک سەرکەوتنی سۆشیالدیمۆکراتی لە کۆماری ڤایمەر Weimarer دا، ساڵی ١٩١٩ ئیتر ڕۆژی ١ی ئایار کرا بە پشوو "ڕۆژی جەژنی نیشتمانی". بۆ ئەوەی چیتر یاداوەری کوشتاری مانگرتنە جەماوەرییەکەی ١٨٨٦ لە پێناو ٨ کاتژێر ڕۆژانەکاردا، نەبێت. سۆشیالدیمۆکراتەکان دەیانویست پشوویەکی یاساییانەی دەوڵەتیی، وەک "باڵاترین ئامانج پاراستنی کرێکاران و ئاشتی جیهانیی هەمیشە دابینکراو" نیشان بدەن. دەبوو ئەمە ببێتە "ئامرازێک بۆ یەکگرتن و تەبایی تەواوی گەل".

لە یەکەمین ١ی ئایاری بە پشووکراوی ساڵی ١٩١٩دا کۆماری شۆڕشگێڕی میونیخ (Münch) لەلایەن سوپا و فاشیستەکانەوە سەرکوتکرا، سەدان کرێکار کوژران. هەزاران زیندانی کران و بە کوشتن یا زیندانی هەمیشەیی سزا دران. سۆشیالدیمۆکراتی ترسی ئەوەی هەبوو، کە لە ساڵانی داهاتووشدا ئەم ڕۆژە دووبارە ببێتە ڕۆژێکی خوێناوی پێکدادان لەتەک کرێکاراندا. هەر لەبەرئەوە ئەو "ڕۆژی جەژنی نیشتمانی"یە دەستبەجێ هەڵوەشێنرایەوە، بەڵام سەرەرای ئەوەش لە زۆر بەشی (کۆماری ڤایمەر)دا ڕۆژی ١ی ئایار بە ڕۆژی پشوو مایەوە.

لە ئەپریلی ١٩٢٠دا میرایەتی سۆشیالدیمۆکرات ڕێگەی دا بە کۆمەکی هێزی پارێزگاریی نیشتمانی (Reichswehr) و سوپای فاشیستی، ڕاپەڕینی کرێکارانی ناوچەی (Ruhrgebiet) کوشتوبڕ بکرێت و پشتیوانی لە بکوژان کرد. ئەو هێزە سەربازییانەی، کە "لە پێناو قەیسەر و نیشتمان" شۆڕشی نۆڤەمبەری ١٩١٨یان سەرکوتکرد، سەرلەنوێ بە چاوپۆشی میرایەتی سۆشیالدیمۆکرات، بزووتنەوەی دژە فاشیستانەی کرێکارانیان خەڵتانی خوێن کرد. بەڵام سۆشیالدیمۆکراتی و یەکێتییەکانیان لەو ئاستەدا نەبوون ئەزموون وەبگرن و بەر بە هەڵکشانی سۆشیالیزمی نەتەوەیی بگرن.

لە ساڵی ١٩٢٤ەوە خۆپیشاندانەکانی ١ی ئایار لەسەر شەقامەکان (لە دەرەوە) قەدەخە بوون، لەبەرئەوە لەو ساڵانەدا هیچ شتێکی ئاوا نەهاتووەتە ڕوودان. ساڵی ١٩٢٩ لە وەها بارێکدا سەرۆکی پۆلیسی بێرلین Zörgiebel خۆپیشاندانی ١ی ئایاری سەرکوت کرد، بۆ ئەوەی بەر بە مانگرتنی ڕۆژی ٢ی ئایار، کە پارتی کۆمونیستی ئاڵمانیان (KPD) رایگەیاندبوو، بگرێت. لە (بەرلین) پایتەختی پروس، لەوێ کە ١ی ئایار (بە پێچەوانەی بەشەکانی دیکەی دەوڵەتی نیشتمانی ئاڵمان)ەوە ئەم ڕۆژە پشوو نەبوو، نزیکەی ٨ هەزار کرێکار لە گەڕەکەکانی ڤێدینگ و نۆیکلین Wedding، Neukölln خۆپیشاندانی ١ی ئایاریان بەرپاکرد. هەرچەندە کە پارتی سۆشیالدیمۆکراتی ئاڵمان تەنیا خوازیاری بەرپاکردنی کۆبوونەوەی ناو هۆڵەکان بوو، سۆشیالدیمۆکراتیک کوژرا، لەسەر ئەوەی کە نەیویستووە دەستبەجێ پەنجەرەکەی دابخات. سەرۆکی پۆلیس Zörgiebel ی سۆشیالدیمۆکرات باری نائاسایی ڕاگەیاند و لە دوو ڕۆژی دواتردا هەموو خۆپیشاندان و کۆبوونەوەکانی مانگرتنی بە چەکی قورسی وەک دۆشکە سەرکوت کرد. ٣٠ کەس لە نزیکەی ٢٥ هەزاری خۆپیشاندەری بێچەک کوژران و سەدان کەسیش بریندار کران.

### سۆشیال دیمۆکراتی و کۆنفیدراڵی گشتی یەکێتییەکانی ئاڵمان (ADGB).

شالیاری کاری ئەوسای ولات تیۆدۆر لایپارت Theodor Leipart (دامەزرێنەری "دیمۆکراتی ئابووری"ی بۆرجوازی) لە ساڵی ۱۹۲۱ەوە سەرۆکی کۆنفیدراڵی گشتیی یەکێتییەکانی ئاڵمان (ADGB) بوو. بە دروشمەکەی "ڕێکخراو، خۆپیشاندان نییە!" لایپارت هەڵوێستی خۆپاریزانەی ناتوندوتیژی بەرامبەر نازییەکان نیشاندا و زۆریش تێکۆشا، تاوەکو بەرهەڵستی دژە فاشیستانەی کرێکاران سەرکەوتوو نەبێت.

پاش دەسەڵاتسپاردن بە سەرۆکشالیارانی دەوڵەتی نیشتمانی ئاڵمان ئادۆلف هیتلەر Adolf Hitler لە ۱۹۳۳دا، لایپارت هەوڵێکی ناکامی دا یەکێتییەکانی ئاڵمان بداتە پاڵ میرایەتی یاسایی نازی. لە ترسی لەنابردنی یەکێتییەکان، ئەو لە دژی ڕامیاریی مانگرتنی جەماوەری لە قسەکردن بەردەوان بوو و بە دەربڕینی ناڕەزایەتی زارەکی و بێلایەنیی ڕامیاریانەی پارتیی، پشتی تێکرد.

### دیکتاتۆری نازیی و کولتوری کار (کارپەرەستی).

لە ۱۹. ئەپریلی ۱۹۳۳دا کۆنفیدراسیۆنی گشتی یەکێتییەکانی ئاڵمان ADGB ڕایانگەیاند، ئەرکی سەر شانی ئەندامانی یەکێتییەکانە، کە لە جەژنیی دەوڵەتیی ئایاردا بەشداری بکەن. کۆنفیدراسیۆنی گشتی یەکێتییەکانی ئاڵمان داوای لە دەوڵەت کرد، کە "هێزی کار بەتەواوەتی ببێتە بەشێک لە دەوڵەت"ی پارتی دیکتاتۆری ناسیونال سۆشیالیست (سۆشیال نەتەوەیی). لە ۱ی ئایاری ۱۹۳۳دا بەشێکی ئەندامانی یەکێتییەکان لەتەک نازییەکان بەکردەوە ڕێپێوانیان کرد. لە بێرلین لەبەردەم یەک ملیۆن ئاڵمانیدا هیتلەر ڕایگەیاند "سیمبولی خەباتی چینایەتی و ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەی بەردەوام، دیسانەوە دەبێتەوە بە سیمبوڵی یەکێتی باڵا و سەرنجڕاکێشی نەتەوە". ئیتر دژە جولەکەبوون و دژە کۆمونیستبوون کرانە ئایینامەی دەوڵەت.

لە ڕۆژی دووەمدا (۲ - ۵ - ۱۹۳۳) نازییەکان بەهۆی "کۆمیتەکانی چالاکی بۆ پاراستنی هێزی کاری ئاڵمانی- Aktionskomitee zum Schutze der deutschen Arbeit"ەوە کۆمەڵە کرێکارییەکان، بنکە و پارەی یەکێتییەکان دەستیان بەسەردا گیرا و سەرانی یەکێتییەکان (وەک تیئۆدۆر لایپارت) لە "زیندانی چاودێریی" ئاخێنران و ئەشکەنجە دران و هەندێکیان کوژران.

ناسیونال سۆشیالیستەکان (نازییەکان) لەڕێی زۆرەوە خەباتی چینایەتییان لەنێوبرد و بە "تێکۆشانی نەژادی"ی جێگەیان گرتەوە. لەجێی بەشداریی و دەنگداریی کرێکاران لە کارخانەدا، "ڕابەری کارخانە" و "بەرەی کاری ئاڵمان(DAF)" یان دانا. هەموو کرێکاران وەک "وەفاداری" کرانە ئەندامی زۆرەملێیانەی بەرەی کاری ئاڵمانی (DAF) و ئەنجومەنە سەرتاسەرییەکانی کرێکاران و کارمەندان کرانە یەکێتی یەکەیی [تاک یەکێتی - single union].

مافی مانگرتن هەڵوەشێنرایەوە و دەبوو "برواپێکراوانی کار- Trustees of the work" وەک میانجیکار لە مشتومڕەکاندا ئاشتی

کۆمەڵایەتی لەنێوان خاوەنکار و هێزی کرێکاراندا لە شوێنەکانی کاردا دابین بکەن. دەبوو هەموو ساڵێک بۆ ١٢ مانگ ١ی ئایار ناو بنێن و ڕاستەوخۆ لەژێر فەامانی شالیاریی کاری دەوڵەتی ئاڵماندا بوون. "ڕۆژی خەباتی چینی کرێکار" ی جاران کرابووە سیمبوڵی "کاری داهێنەرانە" وەک "نیشانەی هاوپشتی نەتەوەیی" لە "شۆشیالیزمی نەتەوەیی'دا.

لە ساڵی ١٩٣٤ەوە ١ی ئایار چیتر هیچ پەیوەندییەکی بە چینی کرێکارەوە نەمابوو و ناوی نرا بوو "ڕۆژی پشووی نیشتمانی نەتەوەی ئاڵمان". دەبوو بە ڕازاندنەوەی درەختی ئایاری maypoles، گۆرانیبێژیی، کاروانی ترومبێل و ڕێپێوانی سەربازیی،١ی ئایار وەک جەژنی نەتەوەیی بێتە بەشی سەرەکی لە ئایدیۆلۆجی شۆشیالیزمی نەتەوەیی (NS). لە زۆر شوێندا وەک لاساییکردنەوەی پێشەنگیی بێرلین لە ١ی ئایاری ١٩٣٣دا، تەنانەت درەختیان دەچاند، ئەوەی کە پێیان دەوت "داربەڕووی هیتلەر". هاوکات نازییەکان بە تیرۆر و ڕاونان پاشماوەی بزووتنەوەی کرێکاریی (ئاڵمانیا و نەمسا)یان سەرکوتکرد. زۆرێک لە ئوردووگەکانی قەڵاچۆکردندا لەتەک جوولەکەکان و "ناکۆمەڵایەتییەکان - Asozialen (لە ڕوانگەی نازییەکانەوە)" بەهۆی کاری زۆرەملێوە لەناو بران. بەڕێکەوت نەبوو، کە لەسەر دەرگەی ئوردووگەی قەڵاچۆکردنی داخاو Dachau، دروشمی: "کار مرۆڤ ئازاد دەکات - Arbeit macht frei!" نووسرابوو. ئەم بارە بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی کە هێزەکانی بەرەی دژ لەپێش هەموویانەوە یەکێتی سۆڤیەت و دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ٨ی مای ١٩٤٥دا کۆتایی بە دیکتاتۆریی سۆشیالیزمی نەتەوەیی دەهێنن.

## یەکی ئایار پاش ١٩٤٥

لە ساڵی ١٩٤٦دا ١ی ئایار وەک ڕۆژی پشوو لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە بە فەرمی ناسرا. بەڵام هێشتاکە دەتوانرا بانگەواز و کۆبوونەوە ئایارییەکان بەرتەسک بکرێن. ئەمڕۆکە لە ئاڵمانیا یەکی ئایار ڕۆژی پشووی یاسایی و پارێزراوە. لە ڕووی یاساییەوە پرسێکی هەرێمییە، بۆ نموونە لە هەرێمی نۆرد ڕاین ڤێستفالن NRW ئەم ڕۆژە ناوی "ڕۆژی پابەندبوونە بە ئازادی و ئاشتی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی، تەبایی نێونەتەوەیی و ڕێزی مرۆڤایەتی".
لە دەوڵەتەکانی سەرمایەداری دەوڵەتی بلۆکی خۆرهەڵاتیدا، ڕۆژی یەکی ئایار وەک "خەباتی نێونەتەوەیی و ڕۆژی پشووی خەڵکی کرێکار بۆ ئاشتی و سۆشیالیزم" لەلایەن فەرمانڕەوایە مارکسیست - لێنینیستەکانەوە دیاری کرابوو. بەشداریکردن لە ڕێپێوانە سەربازییەکاندا بە بەردەم ڕیزی ئەندامانی پارت و میوانەکانیاندا، ئەرکی بێچەندوچوونی کرێکاران و خوێندکاران بوو. وەک سیمبولی ١ی ئایار گوڵەمێخەکێکی سوور پێشکەش دەکرا یا وەک یادەوەریی سەرکوتکرانی بزووتنەوە کرێکارییەکان دادەنرا.

## یەکی ئایار وەک نیشانەی دژەکۆمونیستانەی خۆرئاوا.

پاپ پیوسی دوازدەهەم Pius XII کە لەسەردەمی کارگێڕییەکەیدا لە ساڵی ١٩٣٩ەوە بەبێ ڕەخنە چاوپۆشی لە فاشیزم کردبوو، لە ساڵی١٩٥٥دا ١ی ئایاری وەک یادەوەری یوسفی پیرۆز (باوکی عیسی) ڕاگەیاند، کە گوایە دارتاش بووە.
لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو [سەدەی بیست]ەوە لە بێرلین ی خۆراوایی (BRD) یەکی ئایار بووەتە سیمبولی جەنگی میلیشیایی سەرشەقامەکان لەنێوان ئۆتۆنۆمەکان [خودموختارەکان] و پۆلیس. کە تێیدا سەنگەربەندی جەنگ و زیانگەیاندن،



سەرچاوە
Serchawe

بەشێوەیەکی سەرەکی لە گەڕەکی کرۆیتسبێرگ Kreuzberg ڕوودەدەن، هەروا بەرادەیەک دانیشتوانی ئەو گەڕەکە و کەسانی دیکەی کە لە شوێنەکانی دیکەوە هاتوون، چالاکانە بەشداری تێدا دەکەن. بەزۆری ئێوارە خۆپیشاندانی چەپە رادیکاڵەکان، هەل بۆ توندوتیژی پۆلیس و پێکدادانەکانی دواتر دەڕەخسێنن.

لە ساڵی ١٩١١ەوە لە هەندێک شاری ئۆروپیدا ڕێپیوانی "ڕۆژی ئایاری ئۆروپا - EuroMayday " وەک ئەڵتەرناتیڤی ڕامیاریی بۆ جەژنە شەقامییەکانی کۆنفیدراڵیی یەکێتییەکانی ئاڵمان DGB بەرپا دەرکرێن. چالاکان دەیانەوێت لە وێنای ڕیزبەندی ڕەش و ئاهەنگگێران بە پاپموزیک و پۆشاکی ڕەنگاوڕەنگی بەرهەڵستکاری کرێکارانی ناڕێکخراو و ناجێگیر، دووری بگرن.
ئەورۆکە لە ئاڵمانیا، نەمسا و بەشێکی سویسرا ١ی ئایار ڕۆژی پشووی فەرمییە، هەروەها لە وڵاتانی وەک برازیل، چاینا، فینلەند، فەرەنسە، یۆنان، ئیتالیا، مەکسیکۆ، کۆریای باکووریی، پۆتوگال، ڕوسیا، سوید، تایلاند، تورکیە، عیراق و هەدێک وڵاتی دیکە پشووی فەرمییە. سەرەرای ئەوەش هێشتاکە لە هەندیک وڵاتدا خۆپیشاندانە ئایارییەکان قەدەخە دەکرێن و بۆ سەرکەوتیان ڕێگە بە توندوتیژی پۆلیس و گرتن دەدرێت. بەڵام زۆربەی خۆپیشاندانە ئایارییەکان لەژێر کارایی بزووتنەوەی سوونەتیی کرێکاران و کۆمونیستەکان و بەرادەیەک پارتە سۆشیالدیمۆکراتەکاندا، لەناو ڕامیاریی نوێنەرایەتی و پارەلەماندا خۆیان گونجاندووە.

ئەورۆکە چیتر "بازرگانەکان و پێشڕەوانی بازار"، بۆ ئەوەی کرێکاران ئارام و خاو بکەنەوە، پێویستیان بە ١ی ئایار نییە. ئەو کارە یەکە یەکێتییەکان [یەکێتییە پیشەییەکان]ی کۆنفیدراڵیی یەکێتییەکانی ئاڵمان DGB خۆبەخۆیی ئەنجامیان داوە. هەردەم بەردەام هەوڵ دراوە، ١ی ئایار وەک پشووی فەرمیی هەڵوەشێنرێتەوە، بۆ ئەوەی لەم ڕۆژەشدا وەک ئاسایی و بەبێ پاداشتی زیادەی کار، کار بکرێت.
بەڵام چ پشوو بێت یان نا: ئەوە تەنیا مانگرتنی هاوپشتی، بایکۆت و خەباتی ڕاستەوخۆن، کە هەموو ڕۆژێک دەکەنە ١ی ئایار!

**سەرچاوەکان**:

- هافبرۆد، مایکڵ : "مانگرتنی گشتی، ٨ کاتژێر ڕۆژانەکار و یەکی ئایار. گەنجینەی بزووتنەوەی ڕادیکاڵی کرێکاری"، ئامادەکردنی بلاکبۆکس ، بیلیفیلد ١٩٩٧.

Halfbrodt, Michael: „Generalstreik, Achtstundentag und Erster Mai. Ein Kapitel aus der radikalen Arbeiterbewegung“, Edition Blackbox, Bielefeld.١٩٩٧

- کاراسێک، هۆرست: "هایمارکت، ئەنارکیستە ئاڵمانەکانی شیکاگۆ. وتە و ژیاننامە." چاپکراوی کلاوس ڤاگنباخ، بێرلین ١٩٧٣.

Karasek, Horst (Hg.): “Haymarket. Die deutschen Anarchisten von Chicago. Reden und Lebensläufe.” Verlag Klaus Wagenbach, Berlin.١٩٧٣

سەندیکای ئەنارکیستی کۆڵن / بۆن

www.anarchosyndikalismus.org

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمرۆ - ڕێکەوتی: ٢ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە Serchawe

## بنەچەی ڕۆژی یەکی ئایار لە کوێوە هاتووە؟




**نووسینی: رۆزا لۆکسەمبۆرگ**

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئازاد ئارمان**

هرزی کامەرانی یەک جەژنی پشووی پرۆلیتاری، بە عینوان و وەسیلەی جێبەجێ کردنی ٨ سەعات کار لە ڕۆژێکدا یەکەمین جار لە ئوسترالیا لە دایک بوو. کرێکاران لە ساڵی ١٨٥٦ بە کۆمەڵ بڕیاری یان دا یەک ڕۆژ کار رابگرن و کۆبوونەوە و مەراسیم بەرێبخەن لە پێناوی چەسپاندنی ٨ سەعات کار لە ڕۆژێک دا. ئەم ڕۆژەی ئەو مەراسیمەیان تیایدا بەرپاکرد ٢١ی ئەپریل بوو. لە سەرەتادا کرێکارانی ئوسترالیا بە تەنها ساڵی ١٨٥٦ یان لە بەر چاو گرتبوو، بەڵام مەراسیمی یەکەمین ساڵ کاریگەری گرنگی دانا لە سەر جەماوەری پرۆلیتاریای ئوسترالیا، کە بە شوێنێک گەیشت بوو بە وروژانێکی دیار و نوێ، بۆیە بڕیاری یاندا هەموو ساڵێک دووبارە مەراسیم بگێرن.

لە ڕاستی دا چ شتێک ئەو ئازایەتی یە مەزنەی دا بە کرێکاران کە باوەر بە هێزی خۆیان بکەن و هەروەها ڕێککەوتن نامەیەکی کاری جەماوەری بە خۆیان هەڵبژێرن؟ چ شتێک توانی ئەم ئازایەتی یە بە کۆیلانی دەستی کارگە و کارخانەکان بدات بۆ بانگەوازکردنی سوپای خۆیان؟ بەوشێوەیە ئیدەی مەراسمی پرۆلیتاری بەخێرایی قەبوول کرا، وە لە ئوسترالیا دەستی پێکرد و بڵاوبۆوە بۆ وڵاتانی تر سەرەنجام تەواوی پرۆلیتاریای جیهانی گرتەوە.

یەکەمین نموونە کە بە دوای کرێکارانی ئوسترالیا دا هات، کرێکارانی ئەمریکایی بوون. لە ساڵی ١٨٨٦ دا ئەوان باوەریان وابوو (١)ی ئایار ببێت بە راگرتنی کار لە جیهاندا. لەم ڕۆژەدا ٢٠٠ هەزار کرێکار دەستیان لە کار کێشایەوە و داخوازی (٨) سەعات کار یان لە ڕۆژێکدا بەرزکردەوە. دواتر دەسەڵاتداران ڕێگری قانوونی و پولیسی یان دانا بۆ قەدەغەکردنی کرێکاران بۆ چەندین ساڵ بۆ ڕێگەگرتن لە دووبارە بوونەوەی {ئەم قەبارەیە} لە خۆپیشاندان. هەروەها لە ساڵی ١٨٨٨ دا ئەوان سەرلەنوێ بڕیاری یان دا و سووربوون کە مەراسیمی داهاتوو ئەبێت لە ١ی ئایاری ١٨٩٠ دا بێت.

لەوەدەمەدا بزووتنەوەی کرێکاران لە ئەوروپا گەشەی بەهێزترو گورج و گۆڵ تر بوو. بە هێزترین نموونەی ئەم بزووتنەوەیە کۆنگرەی کرێکارانی ئەنتەرناسیونال بوو لە ساڵی ١٨٨٩دا. لەم کۆنگرەیەدا، کە ٤٠٠ نوێنەر ئامادەبوون، بڕیاریان دا ٨ سەعات کار لە ڕۆژێکدا داخوازی یەکەمیان بێت. لە سەرووی هەموویانەوە نوێنەرانی یەکێتی یەکانی فەرەنسا، کرێکاری لاڤین Lavigne لە بردۆ Bordeaux، داواکاری ئەوە بوون ئەم داخوازی یە ببێتە داخوازی کرێکارانی تەواوی وڵاتان و بەرزبێتەوە بۆ وەستانی کار لە سەرتاسەری جیهان. نوێنەرانی کرێکارانی ئەمریکا بانگێشەی هاوڕێیانیان کرد بۆ مانگرتن لە ١ی ئایاردا لە ساڵی ١٨٩٠ دا. کۆنگرە بڕیاری دا ئەم ڕۆژە ببێتە ڕۆژی مەراسیمی پرۆلیتاریای جیهان.

لەم مەسەلەیەدا ٣٠ ساڵ بەر لە ئوسترالیا، کرێکاران لە راستی دا یەک جار خۆپیشاندانیان بەرێخست. کۆنگرە هەڵوێستی گرت کرێکارانی سەرتاسەری دونیا بە هاوپشتی لە گەل یەکتر لە پێناوی ٨ سەعات کار لە ڕۆژێکدا لە ١ی ئایاری ١٨٩٠ خۆپیشاندان بەرێبخەن. هیچ کەس قسەی نەکرد لە سەر پشووی ساڵانی داهاتوو. چونکە بە شێوەیەکی سروشتی هیچ کەسێ نەیتوانی ئەم بروسکە لە ناکاوە پێشبینی بکات و کە بەم شێوەیە قەبوول بکرێت و بەم خێرایی یە لە ڕێگای چینی کرێکارەوە بەرەو پێش بچێت. هەرچۆنێک بوو گێرانی مەراسمی ١ی ئایار یەک جار بوو. بەڵام ئێستاکە هەموو کە س تێگەیشتووە و هەست دەکات کە ڕۆژی ١ی ئایار بوو وە بە داب و نەریتێکی ساڵانە و بەردەوامە.

یەکەمین داخوازی ١ی ئایار دەروازەیەک بوو بۆ ٨ سەعات کار لە ڕۆژێکدا. بەڵام هەتا پێش گەیشتن بەم ئامانجەش، ڕۆژی ١ی ئایاریان وازلێ نەهێنا. تا ئەو کاتەی خەباتی کرێکاران لە دژی بۆرژوازی و دەسەڵاتی فەرمانرەوا بەردەوام بێت، تا ئەو کاتەی بە داخوازی یەکانمان دەگەین، ڕۆژی ١ی ئایار پێوستە دەربرینی داخوازی ساڵانەمان بێت. تاکو ڕۆژێکی باشتر شەبەق دەدا، تا ئەو کاتەی چینی کرێکاری جیهان سەردەکەوێ و رزگاری بە دەست دێنێ ئەو کاتە مرۆڤایەتی لەوانەیە مەراسیمی ڕۆژی ١ی ئایار جەژن بگرێت بۆ ڕێزلێنان لە خەباتی تاڵ و ئازاری ڕۆژی رابردوو.

لە سایتی"سۆسیالیستە ئەنتەرناسیونالەکان" وەرگیرایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاشتی ڕێکەوتی: ٣٠ی ئەپریلی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## کرێکار لە ئێران لە نێو دوو بەرداشی بێمافیو ترسی لە دەستدانی کارەکەیدا



**عەلی بداغی**

ڕەنگبێ هیچ چینو توێژێکی کۆمەڵگەی ئێران بە قەت چینی کرێکار دڵیان بە وادەو بەڵێنەکانی حەسەن ڕووحانی پێش هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری خوش نەبووبێ. بەڵام ئەوان لە سێهەمین ساڵی سەرکۆماریی ڕووحانیدا لە کاتێکدا ڕۆژی کرێکاریان بەڕێکرد کە ئاسۆی دوارۆژیان پتر لە هەموو کاتێک لێڵو ناڕوونە.

ئەگەر خەڵک ڕۆژانە لە ڕێگەی میدیاکانەوە باسی داخرانی کارگەو کارخانەکان دەبیستنو دەخوێننەوە، کرێکاران بە ئێسکو پێستەوە هەست بە ژانو کەسەری ئەو موسیبەتە تاڵە دەکەن. کار بۆ چینی کرێکار بە مانای ترووسکایی ژیانێکی کۆڵەمەرگیە و، بێکاری واتای ڕاوەستانی ژیانو کەوتن بە سەر نەهامەتییەکاندایە.

کێشەی سەرەکیی ئەمڕۆی کرێکاران لە ئێران نەبوونی ئەمنیەتی شوغلیو مۆتەکەی لەدەستدانی کارەکانیان بەهۆی داخرانی کارگەو کارخانەو یەکە بەرهەمهێنەکانەوەیە.

"خانەی سەنعەت، سامانەکانو بازرگانی"ی ئێران دەڵێ لە ئێران تا ٦ ساڵ لەوە پێش نزیک بە ١٥٥ هەزار یەکەی بچووکی پیشەسازیی چالاک هەبوو کە لەم یەکە پیشەسازییانەدا نزیک بە ٤ میلیۆنو ٤٠٠ هەزار کەس کاریان دەکرد، بەڵام لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕابردوودا سەدی ٤٥ی ئەم کارگەو کارخانە بچووکانە بە هۆی سیاسەتی چەوتی کۆماری ئیسلامییەوە داخران.

بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان ئێستا نزیک بە ٧٩ هەزار یەکەی پیشەسازیی بچووک لە کۆی ١٥٥ هەزار یەکەو کارگەی بچووکی ئێران داخراونو لەو سۆنگەیەوە ٢ میلیۆن کەسیش کارەکانیان لەدەست داوەو چوونە پاڵ حەشیمەتی بێکارانی ئێران.

لە خۆپیشاندانەکەی ڕۆژی ١١ی بانەمەڕ، ڕۆژی جیهانیی کرێکاردا ئەمساڵ لە تارانیش عەلیڕەزا مەحجووب، سکرتێری گشتیی "خانەی کارگر" ڕایگەیاند کە زیاتر لە ٤٠٠ هەزار کەسی دیکە لە کرێکاران ئەمنیەتی شوغڵییان نیە.



سەرچاوە
Serchawe

ئەم ئەندامە پلەبەرزەی فراکسیۆنی کرێکاریی مەجلیس نەیشاردەوە کە لە داهاتوودا زیاتر لە یەک میلیۆن کەسی دیکەش دەکەونە پاڵ ئەم ئامارە.

لە کرێکارانی بەشە سەنعەتییەکان بترازێ لە ئێران زۆرترین بەشی کرێکاران ئەوانەن کە لە کەرتی بیناسازیو خانووبەرەدا کار دەکەن. هەواڵەکان لەو پێوەندییەشدا دڵتەزێنن، چونکی دەڵێن سەدی ٦٠ی کرێکارانی خانووبەرە لە ئێران بێکارن.

چالاکانی کرێکاری دەڵێن کرێکارەکانی بەشەکانی دیکە، بۆ نموونە کرێکارانی بەشی سەنعەتو کارخانەکان کاتێک کارەکانیان لە دەست دەدەن ڕوو دەکەنە کرێکاری لە بەشەکانی وەک کشتوکاڵ یان بیناسازیدا، بەڵام کرێکارانی بیناسازی کاتێک بێکار دەبن ئیدی جێیەک شک نابەن کاری تێدا بکەن.

ئیمزاکردنی گرێبەستی کاتیی کار، یان ئیمزای سپیو بێبەشی لە مافی بیمە کێشەیەکی دیکەی حەشیمەتی کرێکار لە ئێرانە.

عەلی ڕەبیعی، وەزیری کاری دەوڵەتی ڕووحانییش بەهاری ساڵی ڕابردوو و لە ڕۆژی جیهانیی کاردا بەڵێنی دا کە دەوڵەت هەموو کرێکارەکانی بیناسازی بیمە بکا، بەڵام نەک ئەو وادەیە جێبەجێ نەکرا، بەڵکوو چەند مانگ دواتر محەممەد حەسەنی زەدا، جێگری ڕێکخراوی دابینکردنی کۆمەڵایەتی ڕایگەیاند کە بەهۆی ئەوەی بوودجەی پێویست بۆ بیمەی کرێکارانی بیناسازی دابین نەکراوە، بەڵکوو بیمەی ١٤ هەزارو ٢٦٣ کرێکاری بیناسازییشیان لێ بڕیون. ئەویش لە حاڵێکدا کە کانوونی ئەنجومەنە سینفییەکانی کرێکارانی بیناسازی لە ئێران دەڵێ کە زیاتر لە یەک میلیۆن کرێکاری خانووبەرە لە ئێران هیچ جۆرە بیمەیەکیان نیە و لە هەموو ماف و ئیمکاناتو کارئاسانییەک بێبەشن.

بێجگە لە ئەمنیەتی کاری ، بابەتێکی دیکەی پێوەندیدار بە دۆخی ژیانی کرێکاران کەمیی حەقدەستی کرێکارانە. وەزارەتی کار لانیکەمی حەقدەستی کرێکاران بۆ ئەمساڵی ٨١٢ هەزار تمەن دیاری کردوە، ئەویش لە حالێکدا کە بەپێی بەراوردی ناوەندی ئامار هێڵی هەژاری لە شارە گەورەکان نیزیک دوو میلیۆن تمەنو لە شارە چووکەکان سەرووی میلیونێکو ٤٠٠ هەزار تمەنە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییانە زیاتر لە نیوەی کرێکاران لە ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین.

لە بەرەبەری ڕۆژی جیهانیی کرێکاریشدا وەزارەتی تەعاون، کارو خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی ڕاپۆرتێکی لەبارەی هەقدەستو تێچووی بنەماڵەی کرێکاران بڵاو کردەوە کە نیشاندەری فرەوانیی قەڵشتی نێوان داهاتو ژیانی ژێر هێڵی هەژاریی زیاتر لە نیوەی کرێکارانە. لەو ڕاپۆرتەدا هاتبوو کە داهاتی نیوەی یەکەمی بنەماڵە کرێکارییەکان لە ئێران کەمتر لە لانیکەمی ئەو هەقدەستەیە کە بە ڕەسمی ڕاگەیەندراوە. ئەو قەڵشتەی نێوان داهاتو تێچووی ژیانی کرێکارانیش بۆتە هۆی ئەوەی ئەوان بەدوای کاری دووهەمدا بگەڕێن. بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان سەدی ٦٠ی کرێکارانی ئێرانی بۆ دابینکردنی تێچووی ژیان جگە لە پەنابردن بۆ شوغڵی دووهەم هیچ چارەیەکیان نیە.



سەرچاوە
Serchawe

ئازادیی پێکهێنانی رێکخراوی سینفیی سەربەخۆ و ئازاد کێشەو داوایەکی دیکەی کرێکارانە.

کرێکاران لە ئێران لە سەر ویستو داخوازی خۆیان ناتوانن ڕێکخراوو کۆڕو کۆمەڵی خۆیان هەبێ، نارەزایەتیو داوا سینفییەکانی ئەوان بە چالاکیی ئەمنیەتی دژی نیزام لێک دەدرێتەوەو هەر بۆیەش دەبینین لە زیندانەکانی ولاتدا کەم نین ئەو چالاکە کرێکاریانە کە لەسەر داوای سینفیی خۆیان قورسترین حوکم و درێژماوەترین سزای زیندانیان بەسەردا سەپاوە.

پاش هەموو ئەوانە ئەمجار نۆرە دێتە سەر ئەمنیەتی گیانیی کرێکاران لە شوێنی کارو کاتی کارکردندا.

پزیشکیی قانوونیی ئێران دەڵێ ڕۆژانە ٥ کەس لە ئێران بە هۆی ڕووداوی کار گیانیان لە دەست دەدەن. لە ساڵی ڕابردووشدا ١٤٩٤ کەس گیانیان لەدەست داوەو لە ماوەی یەک مانگو نیوی سەرەتای ئەمساڵیشدا زیاتر لە ١٨٠ کرێکار بەهۆی ڕووداوی کارەوە گیانیان داناوە.

بۆیە زیادمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین بە سەرنجدان بەو دۆخە ئەمڕۆکە کرێکار لە ئێران لە نێو دوو بەرداشی بێمافیو ترسی لە دەستدانی کارەکەیدا ڕۆژ و شەو دەکاتەوە، ڕۆژ و شەوێک کە بۆ ئەو ماناکەی جیاوازە، ئەو کار ناکا بۆوەی بژی، بەڵکوو دەژی بۆ ئەوەی کار بکا، ئەویش ئەگەر دەستی کەوێ‌و شەرمەزاری ماڵو منداڵی نەبێ.

لە ژمارە ٦٧٩ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## (کرێکار لە نێوان "زەوی" و "نیشتمان"دا)



**عادل قادری**

کرێکاران لە یەکەمین بوونەوەرانی زەوین.. ڕەنگە تا پێش هاتنە کایەی سیستەمە کۆن و نوێ سەرمایەدارییەکان، "کرێکار" لە پێگەی وشەدا لاخت (بافت)ێکی وشەیی بەم واتا و مەدلوولەوە نەبوو کە ئێستە مانا دەکرێتەوە: کەسێک کە لە باتی "کار"، "کرێ" وەردەگرێت، واتە (هێزی) کار دەفرۆشێت. لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی man (پیاو)، lobor (ڕەنجدەر، تاقیکەر)، workman (پیاوی کار).. هەرسێیان بۆ کرێکار بەکار چووگن، شتێک کە لەم وشانە هەڵدەهێنجرێت، چەمک و واتایەکە بە ناوی "توانست".. "هێز".. ئەوە دواتر بوو کە بەسەر هەڵدانی سیستەمە سیاسی و دیسپۆتیزم (پلەخوازی خودا/بەندە یان ئاغا و کۆیلە)ـە ئاڵۆزە سەرەتاییەکان ئەم "هێزە" لە دەست بنیاتنەرانی زەوی. بنیاتنەرانی شارستانییەت. بنیاتنەرانی ئەهرامی میسر، وەرگیرایەوە و لە پێگەی وشەیش مانایەکی "زۆرتر" ئایدۆلۆژی وەرگرت.

بێ هۆ نەبوو کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم، نیوەیەک لە خەڵکی دنیا بەرەو ڕووی ڕەوت و گەڕیانە مارکسیستییەکان هاتن. هەرچەند پێناسەی کرێکار زۆر گۆڕاوە لە گوتارە فیکری و فەلسەفی و سیاسییەکاندا، من لێرە بە ڕوانینی هیرمنوتیکی و نێوان دەقییەوە دەیخوێنمەوە. هەرچەند پێوەندی "کار" بە مرۆڤ وەک بوونێکی ئاوەزمەند، پێوەندییەکی زۆر ئاڵۆزە و ئەو فۆڕمەی پێوەندی و پێناسە بۆ "کار" هەر هەمان پێوەندی و ڕوانین نییە بۆ مانا و پێگەی "کار" لە ڕابردوودا. کرێکاری جیهانی کۆن "کار"ی بە خزمەتکردن و مافێکی "خۆی" دەزانی کە دەبێت بۆ خاوەنکار بیخاتە ڕوو! خاوەنکار لە سۆنگەی کرێکارەوە هێز و دەسەڵاتی جێبەجێکاری و سزادەریی خۆی وەردەگرت و بەبۆنەی ئەوەوە، "بوون" و هێزی واتای وەردەگرت، بەڵام ئێمە لێرەدا لەگەڵ ئاستی خوار و نزم لە وشیاری کرێکاردا ڕووبەڕووین.

نەبوونی وشیاری لای کرێکار بەهەر هۆیەک بوو بێت، هۆی درێژبوونی تەمەنی سیستەمێکی خاوەنکار بوو کە خۆی لە ڕێگەی خوێن و ترووم (نژاد) و ڕەگەزێکی جیاواز و سەرتر بە خاوەنی زەوی و زار و موڵک دەزانی و غەیبەتی وشیاری و هزرێکی پرسیار ساز، دەبووە هۆی مەشرووعییەتی وەها باوەڕێک لای کرێکار. کرێکاری زگماک لەوکاتەوە لە دایک بوو کە باوەڕی بە چەشنێک لە بانسروشت و میتافیزیکی ئامادەیی خاوەنکار و زەوی و موڵک پەیدا کرد. خاڵی ئەفسووناوی و سەیر لەمەدایە کە لە قۆناغگەلێکدا ئەوەندی کرێکار پارێزەری خاوەنکار و بەرژەوەندی و هاوکێشەکانی بووە، ئەوەندە خاوەنکار خۆی و دەسەڵاتداری زەوی بە پەرۆش و خەمخۆر نەبوون بۆ خۆیان.

رازی جاویدبوونی ڕەنجی کرێکار، لە ئیمان و باوەڕیدایە بە "ناخود" و لە بێ ئیمانیدایە بە"خود". واتە ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی تەماشای بکەین، بەشێک لە مێژووی چەوساندنەوەی کرێکاران، پێی لەناو میتافیزیک و سیستەمە ئایینییەکانیشە تەنانەت. ڕەنگە بەم هۆ سایکۆلۆژییەوە بێت کە لەو هەموو بیرۆکە و تێزە زانستییانە و (نیوە زانستییانە)ی مارکس رستەی "دین ئەفیۆنی تودەکانە"، زۆرترین برەو پەیدا دەکات و دەکەوێتە سەر زاران. ڕەنگە رقی گەورەی مارکس لە دین، لایەنێکی هەر ئەمە بووبێت.

بەهەرحاڵ، ڕەنگە ئەگەر مێژوو لە ڕوانگەیەکی فۆکۆییەوە واتە مێژوویەکی ناخەتی و لادەرخواز و داشکاو (گسست) بخوێنینەوە، بەشێکی زۆری مێژوو هێشتا هەر کرێکاران تێیدا ئامادەن. وەک چۆن بەناوبانگە و مەیشوورییە و دەڵێن: کرێکار نیشتمانی نییە، دەکرێت بڵێم کرێکار خۆی نیشتمانێکە کە خێو و خاوەنی زۆرە، جگە لە خۆی! هەڵبەت لای من ئەم رستانە مانا و تەئویلی زۆر هەڵدەگرن و دەشێت خوێندنەوەی تری بۆ بکرێت، بەتایبەتی لەم رۆژگارەی ئێستەدا زۆر شت گۆڕاوە و زۆر گۆڕانی گەورە بەڕێوەیە. کرێکاران هاوخوێنترین نەتەوە و هاوڕەنجترین چینی جیهانن و جوێ کردەوەیان لە پلەی "ڕەنج"دا لە یەکتر هەڵەیەکی بنەماییە لە تیۆری و خوێندنەوەدا، بەڵام لە رووی دۆخ و هەلومەرجەوە، کرێکاران جیاوازییان زۆرە، ئەو کرێکارەی جۆرج ئۆروێل لە سیستەمێکی چەوسێنەری مارکسیستی لە رۆمانی ١٩٨٤ (بە خوێندنەوەی من) باسی دەکات، زۆر جیاوازە لەو کرێکارەی ئیبراهیم ئەحمەد لە چیرۆکی "بلە"دا باسی دەکات.

بۆیە بەم دەروازەیەوە دێمە سەر چەند گوتەی کورت لەسەر کرێکاری کورد. هەرچەندە ئەزموونی ئەم خوێندنەوەی من ناکرێت بێبەری بێت لە توخمگەلی ئەزموونی کرێکاریکردنی خۆم. کەم کورد هەیە لە دنیا بەشێوەیەک کرێکاری تاقی نەکردبێتەوە. بۆیە ئەم خوێندنەوەیەی من ئەوەندە فامێکی کۆمەڵگەیی و هەرێمییە بۆ کرێکاری کورد، ئەوەندە لێکدانەوە و گێڕانەوەیەکی جیهانگیر و بانهەرێمی نییە بۆ "کرێکار" بە گشتی و چەمک و واتای "کار" بەتایبەتی.

## کرێکاری کورد و نیشتمان

ئەگەر خوێندنەوەیەک لەو رستەیەی کە دەڵێت: کرێکاران نیشتمانیان نییە یان بێ نیشتمانن"، بکەم، دەڵێم جیاوازی بنەمایی لە نێوان "بێ نیشتمانی" و "نانیشتمان"ی هەیە لە پێکهات و مەدلوولە ژێرەوانێکانی ئەو رستەیەدا. "نانیشتمانی" ئەزموونێکە لە هەناوی بوونەوەرانێکی کرێکاری وشیارەوە دێتە ئاراوە، وشیارییەک زۆرتر لە هەست و تێگەیەکی غوربەتئامێز دەچێت. وەک ئەوەی بگەن بە فامێک کە خاوەن نیشتمان نەبوون یان رزگاربوون لە خواست و ئارەزووی موڵک/نیشتمان "دار" بوون بە ئازادی و نانیشتمانی بخوێننەوە و لە جیهانێکی پێچەوانەی ئەوەدا غوربەت زۆرتر بۆیان زەق بێت. ئەم هەستەیشە کە گرێدراویی و هەڵپێکراوی قووڵ لە نێوانیاندا بەدی دێنێت و پێگەی خەون و ڕەنجەکانیان بێ سنوور و جیهانگیر دەکاتەوە.

ئەوەی مەبەستمە پێوەست بە کرێکاری کوردەوە بیڵێم، ئەمەیە: کرێکاری کورد بە کەمترین حاڵەت لەو نانیشتمانییە نێزیک بووەتەوە، ڕەنگە بەهۆی ئەوەی هیچ کات تامی نیشتمان و زەوی خۆی لە ژینگە و زێدی خۆی نەچێشتبێت، یان زۆر هۆی تر. تەنانەت بزووتنەوەی چەپی کوردی وەک زۆر بزووتنەوەی چەپی دنیا بەتایبەتی ئەوانەی هاوشێوە بوون لە دۆزی کورد، نەیانتوانی هەست و رۆحیەتێکی راستەقینەی جێگر و جەماوەریی "نانیشتمانییانە" دروست بکەن، ڕەنگە کۆمێدی بنوێنێت بڵێم جەبرێکی مێژوویی ڕەوتی

خەباتی سوسیالیزمی کوردی لە نانیشتمانییەوە بەرەو خەبات لەسەر "بێ نیشتمانی" و بێبەشبوون لە زەوی و نیشتمان، واتە گوتاری ناسیۆنالیزم ملکێش کرد. ڕەنگە ئەمەش بمانباتەوە بۆ تەفسیرێکی نامارکسی لە هیگڵ و خوێندنەوەی دووبارەی هیگڵ خۆی و واتاکانی ڕۆحی رەها و خودئاگایی و ...

هەڵبەت ناشبێت کرێکاری کورد بە تەواوی لە رووبەری گوتار و ڕەوتی چەپدا بناسرێت و بخوێنرێتەوە. هێشتا باس و فایلی نەکراوەی زۆر هەیە دەبێ بیکەینەوە تا هەندێ لە واتاکانی "کرێکاری کورد"مان بۆ دەربکەوێت. وەک پێناسەی کار لە پێکهاتی کۆمەڵگەی کوردی، چینەکانی کرێکار، خاوەنکار، ئامێرەکانی کار، بێکاری و زۆر شتی تر...

## بیرەوەرییەکی سەردەمی زانکۆم:

کوردێکی گەڕۆکی عەترفرۆش: عەتری گوڵ، عەتر! عەتری گوڵ!
هاوڕێیانی ناکورد: چاو لەو کوردە، جوانترین و ڕۆمانتیکترین شتیش بفرۆشن، هەر دەڵێی کرێکارن!
من: ئێوە وا دەزانن خۆتان خاوەن کارن!.. لەوەش خراپتر وا دەزانن خاوەنکاریی بریتییە لە "ئینسانی کامڵ"بوون...!


لە روانگەی ئیستاتیکی-ئەدەبی منەوە، ئەو عەترفرۆشانە بوون کە عەشقیان دەبەخشییە ژیانی خوێندکارانی ئەو دەڤەرە. "ئەی ئەو عەترەی قەتارچییە رووخۆشەکانی شەو دەیکەن بە ڕێگەکاندا.. ئەی عەشق.. تالانم کە.. قەسیدەی عەشق. بەختیار عەلی".
لە ئاستی زمانیشدا پاش جیهانیبوون و ئەزموونکردنی لە ناکاوی مۆدێرنیتە لە کۆمەڵگەی هەلا هەلاکراوی کوردییەوە، گۆڕانکاری جیاواز و سەیر هاتە ئاراوە. لە زمانی کوردی (دیارە بەپێی گەشەی کۆی کۆڵەکەکانی کۆمەڵگەکە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ئاستی گەشەی هێشتا زۆر نزمە و ئەو گەشەی کراوە زۆر ئاڵۆز و لاسەنگە)، وشەکانی رەنجدەر، زەحمەتکێش، کۆڵنەدەر (لە هەندێ گوتاردا)، بەشخوراو و تێکۆشەر، هاوواتا و هاودەستی وشەی کرێکار بوون.

ئەم کارکردە زمانییە بەدەر لەوەی چ گوتارێک بەرهەمی هێناوە و چۆن لە ماناکانی ئیش کراوە، نیشانەیەکی زەقە بۆ ئەوەی لانیکەم لە کۆمەڵگەی کوردیدا کرێکار واتاگەلی جۆراوجۆری هەیە. کرێکاری کورد دەبێت لە سەرەتادا پارچە زەوییەکی هەبێت تا خەونی کۆمەڵگەیەک ببینێت بۆ دابینکردنی مافی کرێکار و دەرەوەستی تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی ئەو خەونەی لا بڕوێت، چونکە وەک مارکس دەڵێت: سواڵکەر و بێ موڵک نابێت لە شۆڕش بترسن و دەبێت خۆیانی تێسرەوێنن و بەشداری بکەن، چوون هیچیان نییە لە کیسی بدەن. کرێکاری کورد دەشێت یان دەبێتێکی مێژوویی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێ دا، بەناوی "بێ نیشتمانی، زەوی، عەرد، موڵک، ماف و وشیاری..." چارەسەر بکات تا بگاتە ئاستی "نانیشتمانی، ئازادی، دادوەری، دیموکراسی...".

پرسیارێک کە دەبێت بەردەوام و بەشێوەیەکی فەلسەفی بیکەین ئەمەیە کە: کێ کرێکارە؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە نێت - ڕێکەوتی: ٤ی مای ٢٠١٦

# ئاوڕدانەوەیەک لە یەکی ئایار ڕۆژی جیهانی کرێکاران




**س.خ**

یەکی ئایار ڕۆژی جیهانی چینی کرێکاران، بیرهێنەرەوەی مێژوی خەباتی چینی کرێکارە لەسەرتاسەری جیهاندا.

ڕۆژی یەکی ئایار وەک ڕۆژێک بۆ چینی کرێکار لە مێژودا پەیوەستە بە خەباتی کرێکارانەوە بۆ دیاریکردنی کاری ڕۆژ بە هەشت کاتژمێر کار، ئەم ڕۆژە لەسەدەی نۆزدەوە لە ئەمریکا لە پەیوەند بەو خەباتەوەکراوە بە ڕۆژی پشوو، تێکۆشان بۆ دیاریکردنی ڕۆژکار بە هەشت سەعات لە ساڵی ١٨٦٠وە لە ئەمریکا دەستی پێکردووە.

لە ساڵی ١٨٨٤دا فیدراسیۆنی سەندیکاو یەکێتیە کرێکاریە ڕێکخراوەکان لە ویلایەتە یەگرتووەکان و کەنەدا کە لەساڵی ١٨٨١ ەوە پێکهاتووە بڕیارێکی دەرکرد کە لە بەشێکیدا دەڵێت:" لە یەکی ئایاری ١٨٨٦ بەدوواوە دەبێ هەشت سەعات کار ڕۆژکاری یاسایی پێکبهێنێت، بانگەوازی هەموو ڕێکخراوە کرێکاریەکانی ئەم ناوچەیە دەکەین کە یاساکان بە جۆرێک ئاراستە بکەن لەگەڵ ئەم بڕیارەدا بێتەوە".

ساڵی پاش ئەوەش هەمان فیدراسیۆن بەیانێکی بڵاوکردەوە و تەئکیدی کردەوە کە سیستەمی هەشت سەعات کار دەبێ لە ١ی ئایاری ١٨٨٦ەوە بخرێتە کارەوە، لەبەرئەوەی لەو سەردەمەدا لە ئەمریکا کرێکاران ناچار دەکران ١٠ و ١٢ و تەنانەت ١٤ سەعات کار بکەن.




لە چەند مانگ بەر لە ڕۆژی دیاریکراوەوە واتە ١ی ئایاری ١٨٨٦ هەزاران کرێکار، ڕێکخراو و ناڕێکخراو هاتنە مەیدانی خەباتەوە،

شاری شیکاگۆ لە ویلایەتی ئیلینۆی ناوەندی خەبات و ڕووبەڕووبوونەوە لە پێناوی ڕۆژکاری کورتتر بوو، یەکێتی ناوەندیی کار لە شیکاگۆ ڕابەرایەتی ئەم جووڵانەوەیەی دەکرد کە پێکهاتبوو لە ٢٢ یەکێتی و ڕیکخراوی کریکاری.

لە کاتی مانگرتنی کریکارانی هێڵی ئاسن لە ساڵی ١٨٧٧کرێکاران لەلایەن پۆلیس و سوپای ئەمریکاوە بە شێوەیەکی توندوتیژ هێرشیان کرایە سەر، هەمان تاکتیکی تۆقاندن لەلایەن دەستەودایرەی حکومەتەوە ئامادەکرابوو بۆ ڕووبەڕو وەستانەوەی جووڵانەوەی هەشت سەعات کار.




لە ٣ی ئایاری ١٨٨٦ کە هێشتا لە هەندیک شوێن مانگرتن بەردەوام بوو بۆ بەدیهێنانی خواستی هەشت سەعات کار، لە کۆمپانیایەک بە ناوی ماکۆرمیک پۆلیس تەقەی لە مانگرتنی کرێکاران کرد و لانی کەم کرێکارێک کوژرا و پینجی تر بە گرانی و ژمارەیەکی نەزانراو بە سووکی بریندارکران، بۆ ڕۆژی دوایی بە مەبەستی ناڕەزایی دەربڕین بەرانبەر ئەو پەلامارە دڕندانەیە، بانگەوازی گردبونەوەی کرێکاریی لە مەیدانی هەیمارکێت لە شاری شیکاگۆ دەکرێت.


THE

Chicago Tribune,

THE GREAT NEWSPAPER OF THE WEST.

*Is pre-eminently the PEOPLE'S Paper,*

HAVING NO EQUAL

In the fullness of its Local and General News; the variety of its Correspondence and Miscellaneous Reading Matter.

IT IS UNSURPASSED

In the vigor and originality of its editorial discussions and in the extent and correctness of its

MARKET REPORTS.

IT HAS NO SUPERIOR.

TERMS OF SUBSCRIPTION.

Daily, per annum,

Tri-Weekly, "

Weekly, "

Rates for advertising can be obtained upon application at the office.

*Address, TRIBUNE COMPANY,*

Send for Specimen Copy. *CHICAGO, ILL.*

گردبونەوەکە بە شێوەیەکی ئارام بەڕێوەدەچێت، کاتێک دوا قسەکەر لەسەر مینبەر دەبێت کۆبوونەوەکە بە هۆی بارانی زۆرەوە کەم دەبێتەوەو تەنها ٢٠٠ کەس لە مەیدانەکەدا دەمێنن، لەو کاتەدا هێزێکی پۆلیس کە بریتی دەبێت لە ١٨٠ پۆلیس دەڕژێنە مەیدانەکە و فەرمان دەدەن کە بڵاوە بە گردبونەوەکە بکرێت، لە کۆتاییدا بۆمبێک لەلایەن نەناسراوێکەوە کە تا ئێستاش ناسنامەی ئاشکرا نەکراوە فڕێ دەدرێتە ناو پۆلیسەکانەوە و پۆلیسێک دەکوژرێت و شەش پۆلیسی تر بریندارەدەبن.

لە پاش ئەوە پۆلیس تەقە لە کرێکاران دەکەن و ژمارەیەکیان لێ دەکوژن و بریندار دەکەن تا ئێستاش بە شێوەیەکی دیاریکراو ڕانەگەینراوە کە چەند سیڤیل بە دەستی پۆلیس کوژراون، پاشان پۆلیس پەلاماری ماڵی کرێکاران و ئۆفیسی یەکێتیە کرێکاریەکانی دەدەن و سەدان کرێکار دەستگیر دەکەن.

سەرەنجام بەبێ هیچ بەڵگەیەکی سەلمێندراو لە دادگایەکی بێسەرەوبەردا، حەوت کەس لە ڕابەرانی کرێکاریی بە تۆمەتی پیلانگێڕان بۆ کوشتنی پۆلیس بە سێدارە و کەسێکیان بە ناوی ئۆسکار نیب بە ١٥ساڵ زیندان سزا دەدرێن، لە ١١ی نۆڤەمبەری ١٨٨٧دا چوار لەو ڕابەرانە بە ناوی ئەلبێرت پارسۆنس، ئەدۆلف فیشەر، ئۆگۆست سپایس و جۆرج ئینجل لەسێدارە دەدرێن و لویس لینگ لە زینداندا خۆی دەکوژێت.

لە ٢٥ی حوزەیرانی ١٨٩٣ لە گۆڕستانی والهایم پەردە لەسەر مۆنومێنتی کرێکارانی گیانبەختکردوی هەیمارکێت لادەدرێت، باقی دەستگیرکراوەکان پاش نۆ ساڵ زیندانی بێ پاسا و لە ١٨٩٣ ئازاد دەکرێن.

پاش چەند ساڵێک حاکمی ویلایەتی ئیلینۆی ئەوە ئاشکرا دەکات کە تۆمەتباران تۆمەتەکانیان نەسەلمێنراوەو دەوڵەت "هەرگیز بۆی ئاشکرا نەکراوە کە کێ ئەو بۆمبەی فڕیداوە کە پۆلیسەکەی کوشتووە، بەڵگەکان هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەوە ناکەن کە پەیوەندیەک لە نێوان تۆمەتبارانو ئەو کەسەدا هەیە کە بۆمبەکەی فڕێداوە.

قەڵەمبەدەستانی بۆرژوا و میدیای نۆکەر دەورێکی گەورەیان لە دەرکردنی بڕیاری لەسێدارەدانی ڕابەرانی کرێکاریی و جێبەجێکردنیدا بینیوە، ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە لە شاری شیکاگۆ کەمپینیکی بەدناوکردن و مەحکومکردنی کرێکارانیان بەڕێخستووە و بەخراپ وەسفیان کردوون.

ساڵی ١٨٨٩ لە یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنتەرناسیۆنالی دووەم (دووەم ڕێکخراوی جیهانی کرێکاران) کە لە پاریس بەبۆنەی سەدساڵەی شۆڕشی فەرەنساوە بەسترا، بە پێشنیاری رایمۆند لاڤیان، بۆنەی ساڵیادی نارەزاییەکانی شیکاگۆوە، بانگەوازی خۆپیشاندانی سەرتاسەری و جیهانی لە یەکی ئایاری ساڵی ١٨٩٠دا کرد، خۆپیشاندانەکان بە ڕاددەیەک سەرکەوتوو بوون کە ساڵی دواتر واتە ١٨٩١ یەکی ئایار بە ڕەسمی لە لایەن کۆنگرەی دووەمی ئەنتەرناسیۆنالی دووەم وەک چالاکیەکی ساڵانە ناسرا.

لەوبەروارەوە تائێستا ساڵانە لەڕۆژی جیهانی کرێکاراندا کرێکاران لەسەرتاسەری جیهان چالاکی ڕێکدەخەن و لە زۆر وڵات هێرش دەکرێتە سەریان و دەرئەنجام قوربانی لێدەکەوێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - ڕێکەوتی: ١ی مای ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# یەکی ئایار، رۆژی جیهانیی کرێکار



شەریف فەلاح

١٣٠ ساڵ لەمەوپێش و رێکەوتی ١١ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٨٨٦ کە بە رۆژی هەینیی رەش ناودێر کرا، لەو رۆژەدا حەوت کەس لە خەباتکاران و رێبەرانی جووڵانەوەی کرێکارانی "شیکاگۆ" لە ئەمەریکا لەسێدارە دران و بوو بە سەرچاوەی رۆژی کرێکار، کە بەدوای ئەودا سێ ساڵ دواتر کۆنگرەی نێونەتەوەیی لە پاریس رۆژی یەکی مانگی" ئایار"ی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان و پشتیوانی جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی کرێکارانی جیهان وەک رۆژی جیهانیی کرێکار دیاری کرد.

لەو رۆژە بەدواوە رۆژی یەکی مانگی "ئایار" بوو بە رۆژی بەرەنگاربوونەوەی چەوسانەوەی کرێکار و خەبات بۆ یەکسانی لە جیهاندا. لە جیهانێکدا ژیان بەسەر دەبەین کە تێیدا زۆرن ئەو مرۆڤانەی کە لەژێر گوشار، زوڵم، برسیەتی و بێکاریدا، دەژین ئەم نادادپەری و نایەکسانییە پەیوەندەی بە هەموو ئێمەوە هەیە، هەروەک رۆژی جیهانیی کریکاران بۆ نارزایەتی و یەکگرتنی نێونەتەوەیی بۆ داهاتوو و جیهانێکی باشتر خاڵە وەرچەخانێک بوو کە ئینسانەکان داوا و ویست و توانانیی خۆیان لەم رۆژەدا پێشان دەدەن.

بێگومان جووڵانەوەی کرێکاری جیهانی لە چەندین دەیەی ڕابردوو دا لە زۆر یەک لە وڵاتانی جیهان دەستکەوت و سەرکەوتنی گەورەی لە رێگای خەباتی خۆی وەدەست هێناوە، بەڵام بەداخەوە ئەم واقعیەتە لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەتی لە وڵاتی ئێران بە جۆرێکی دیکە تەنانەت بووەتە سەرچاوەی چەوسانەوەی هێزی کرێکار.

لە بەشە جیاجیاکانی کوردستانیش لەپێناو دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی چینی کرێکاردا خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی کراوە و چەندین پارت و رێکخراوی سیاسی وەک "حزبی شیوعیی کوردستان، کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، کۆمەڵە – کوردستانی رۆژهەڵات، پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) و چەند رێکخراوی دیکەش کە بەشێک کە خەبات و چالاکیی سیاسیی خۆیان بۆ دەستەبەرکردنی مافی کرێکاران تەرخان کردووە و ئێستاش هەر بەردەوامن.

هەرچەند دوای ساڵانێکی زۆر لە دیاریکردنی رۆژێک بۆ دەستەبەرکردنی مافە ئینسانی و رەواکانی کرێکارانی جیهان و خەبات و

چالاکیی فراوان و لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی ئەندێشەی دژە کرێکاری، بەڵام هێشتا کولتووری چەوسانەوە و پێشێلکردنی مافی رەوای کرێکاران لە گۆشە جیاجیاکانی جیهان بەردەوامە و خەباتیش هەر بەردەوامە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز - ڕێکەوتی: ١ی مای ٢٠١٦

---

## یەکی ئایار لە نێوان جەژن و خەبات و ناڕەزاییدا

**مەجید مارابی**

ڕۆژی یەکی ئایار وەکوو ڕۆژی هاوپشتی و هاوخەباتی چینی کرێکار لە سەرتاسەری جیهان سەلمێندراوە و جگە لە ئەمریکا و کەنەدا و چەند وڵاتێکی تر، ئەم ڕۆژە لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی جیهان بە پشووی ڕەسمیی دیاری کراوە.

### مێژووی یەکی ئایار

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەییەمدا، کرێکارانی کۆچبەر لە ئەمریکا لە بارودۆخێکی زۆر سەخت و دژوادا کاریان دەکرد، نەک هەر هیچ مافێکیان نەبوو، بەڵکو هەر جۆرە ناڕەزاییەکی ئەوان بە گوولە وەڵام دەدرایەوە.

لە سەرەتای ساڵی ١٨٨٦ دا ناڕەزایی کرێکاران لە کارگە و دامەزراوەکانی بەرهەمهێناندا لە ئەمریکا گەیشتە لوتکە، چالاکانی کرێکاری بە شێوەی نهێنی لە یەکێتییە کرێکارییەکاندا خۆیانیان ڕێکدەخست.

کرێکاران بڕیاریان دابوو ڕۆژی یەکی مەی (ئایار) دەست لەکار هەڵبگرن و بڕژێنە سەرشاقام بۆ ئەوەی یەکێتیی خۆیان بە خاوەنکاران نیشان بدەن، گرنگترین داواکاریی ئەوان کەم کردنەوەی کاتی کارکردن بۆ ٨ سەعات بوو.

کرێکارانی بەشی پیشەسازی ڕستن و چنین لە شاری شیکاگۆی ئەمریکا ڕۆژی یەکی ئایار ڕۆشتنە سەرشەقام و بە شێوەییەکی هێمنانە ناڕەزاییەتی خۆیان بەرامبەر بە پێشێلکردنی مافەکانیان دەربڕی، بەڵام گردبوونەوەکەیان بە شێوەیەکی توند و تیژانە لە لایەن پۆلیسەوە بڵاوەی پێکرا، دوای ئەوە کرێکاران بڕیاری مانگرتنیاندا، لە ڕۆژی ٣ی ئایاردا و جارێکی تر پۆلیس هێرشی کردە سەر کرێکاران و بەو هۆیەوە ٢ کرێکار گیانیان بەخت کرد و ژمارەییەکی زۆریش بریندار بوون، ڕۆژی دواتریش کرێکاران جارێکی تر ڕژانە سەرشەقام و لە دژی دەسەڵاتی پشتیوانی خاوەنکار دروشمیان وتەوە، پۆلیسش بێ بەزەییانە کرێکارانی دایە بەر دەستڕێژی گولـلە، هاوکات لەگەڵ هێرشەکەی پۆلیس، بۆمبێکی چێندراویش لە ناو ئاپۆرای کرێکاراندا تەقییەوە و بە هۆیەوە دەیان کرێکار کوژران و

بریندار بوون و دوای ئەو ڕووداوەش پۆلیس بە شێوەییەکی بەرفراوان دەستی دایە سەرکوتی بزووتنەوەی ناڕەزایی کرێکاران و دەیان چالاکی کرێکاری ڕەوانە زیندان کران و ٧ سەرکردەی کرێکارانیش لە سێدارەدران.

## پشتیوانی نێودەوڵەتی و جیهانی کرێکاران

سەرکوتی خوێناوی بزووتنەوەی کرێکاران لە ئەمریکا، کاردانەوەی توندی کرێکاران و بزووتنەوەی کرێکارییەکانی لە وڵاتانی ئەوروپادا بەدواوە بوو، لە دووەمین کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆناڵدا کە ساڵی ١٨٩٩ لە پاریس بەڕێوە چوو بڕیاردرا ڕۆژی یەکی ئایار بە ڕۆژی هاوپشتی جیهانی کرێکاران دەست نیشان بکرێت.

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لە ئەوروپا کرێکارانی پیشەسازی وەکو چینێکی یەکگرتوو هاتبوونە ناو گۆڕەپانی سیاسییەوە، حکومەتی وڵاتەکانیان ناچار کرد بەوەی کە ڕۆژی یەکی ئایار بە پشووی ڕەسمی لە ناو ڕۆژژمێری وڵاتدا تۆمار بکەن لە بەرامبەردا دەوڵەتی پشتیوانیی خاوەنکار هەوڵیدەدا ڕێگری بکات لە نێودەوڵەتی کردنی ئەو ڕۆژە.
لە هەر وڵاتێک بزووتنەوەی کرێکاری بەهێز بوایەت دەسەڵات ملکەچی بەڕەسمی ناسینی ڕۆژی جیهانی کرێکاران دەبوو، سەرباری ئەوەش دەوڵەت هەوڵی دەدا تا هێمای چینایەتی ئەو ڕۆژە کەم بکاتەوە.

ڕژێمە سەرکوتکارەکانیش هەرکاتێک نەیانتوانیبێت ڕێگری لە ڕۆژی کرێکار بکەن، هەوڵیانداوە ئەو ڕۆژە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکار بهێنن، بۆ نمونە لە ئاڵمان تا پێش جەنگی جیهانی یەکەم کرێکاران بە نهێنی ڕێورەسمی یەکی ئایاریان بەڕێوە دەبرد و لە ژێر فشاری بزووتنەوەی کرێکاراندا، نازییەکان ڕۆژی یەکی ئایاریان کردە پشووی ڕەسمی، بەڵام ناوی ڕۆژی نێونەتەوەیی کرێکارانیان لێنا و لەو ڕۆژەدا کرێکاران ناچار دەکران بێنە سەرشەقام و پشتیوانیی خۆیان بۆ دەسەڵات دووپات بکەنەوە.

بنیتۆ مۆسۆلینی سەرکردەی فاشیستەکانی ئیتالیاش ڕۆژی یەکی ئایاری بە ڕۆژی ڕاگەیاندنی وەفاداریی کرێکاران بەرامبەر بە مەرامی فاشیستی لەقەڵەم دەدا، خومەینیش لە یەکەم وتاریدا بە بۆنەی یەکی ئایارەوە دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران ڕایگەیاند، خواوەندیش کرێکار بووە و ئەو ڕۆژەی بە ڕۆژی عیبادەت و سوپاسگوزاری کرێکاران بەرامبەر بە خواوەند لەقەڵەم دەدا.
ڕژێمە بەناو سۆسیالیستەکانیش ڕۆژی یەکی ئایاریان بە گەورەترین جەژنی گەل ناوزەد دەکرد و لەو ڕۆژەدا توانای سوپاکانیان نمایش دەکرد.

## ڕۆژی جەژن یان خەبات و ناڕەزایی

بەو جۆرەی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا ڕۆژی یەکی ئایار بەرهەمی خەبات و قوربانیدانی کرێکارانە لە سەرتاسەری جیهان، ئەو ڕۆژە نەک جەژن بەڵکو ڕۆژی دەربڕینی ناڕەزایاتی و داواکردنی مافە زەوتکراوەکانیان بوو، بەڵام بە دامەزراندنی دەوڵەتانی ریفاهی کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا کە دەرەنجامی خەباتی بزووتنەوەی کرێکارییەکان و ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنیست و سۆسیالیستەکان بوو، بزووتنەوەی کرێکاران بەرەبەرە لە دروشمە شۆڕشگێڕانەکانی دوور کەوتەوە. دەوڵەتی ریفا تا ڕادەیەکی بەرچاو



سەرچاوە Serchawe

ژیانی هەژارانی گۆڕی، کەلێنی چینایەتی کەم کردەوە و سنووری نێوان سەرمایە و هەژاری تا ڕادەیەک کەم ڕەنگ بووەوە، بەرەبەرە ڕۆژی یەکی ئایار ماهیەتی گۆڕدرا و لە ڕۆژی یەکدەنگی و ناڕەزایی جیهانی کرێکارانەوە بۆ جەژنی جەماوەری گۆڕدرا، سەرباری ئەوەش ڕێکخراوە کرێکارییەکان بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە ماهییەتی چینایەتی و ڕیشەی خەباتکارانەی ئەو ڕۆژە بەرجەستە بکەن.

بەڵام لە ئێستادا ئەو ڕۆژە زیاتر لەوەی کە هێمای یەکێتی و یەکگرتوویی و نیشاندانی ئیرادەی جیهانی کرێکاران بێت بەرامبەر بە سیستمی سەرمایەداری، بووەتە بۆنەیەکی ئاهەنگ گێڕان و شایی و هەڵپەڕکێ و لە بریی کرێکاران دەوڵەتان و ڕێکخراو و پارتە سیاسییەکان جەژن دەگێڕن و ساڵانە بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک و ئاهەنگێکی شانۆگەریانە ئەدای دەینی خۆیان بەرامبەر بە کرێکاران دەکەن. ئەوەش لە کاتێکدایە لە ئێستادا کە سەرمایەداریی جهانی بە دوو گورزی ئایین و نەتەوە، زیاتر لە هەرکاتێکی تر تەنگی بە ژیانی کرێکاران و هەژاران هەڵچنیوە، بە جۆرێک نەک هەر ژیانیانی داگیر کردووە، بەڵکو کرێکاران و هەژارانی لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهان کردووەتە گۆشتی دەم تۆپی شەڕە دەستکردە دینی و خێڵەکی و تائیفییەکانی، بۆیە پێویستە کرێکاران لە یەکی ئایاردا کە بە لافاوێک خوێن لە جیهاندا چەسپێندراوە، جارێکی تر لە بۆنە و جەژنی خاوەنکاران و دەوڵەتەوە بکرێتەوە بە هێمای خەبات و بەرەنگاربوونەوەی سیستمی چەوسانەوە و لە سەرتاسەری جیهان و عەزم و ئیرادەی خۆیان بەرامبەر بەو سیستمە نمایش بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی NRT - ڕێکەوتی: ١ی مای ٢٠١٦

---

## بە بۆنەی ١ی ئایارەوە!



**جەعفەر حامیدی**

هەر چەند بیری تێئۆری تێکۆشانی سیاسی- نەتەوەخوازی لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٨ یەم گەشەی کرد وجیهانی دووجەمسەری چەپ وڕاست، سەری هەڵدا؛ بەڵام بەگشتی سەدەی ١٩سەرەتای سەرهەڵدانی ناکۆکییە ئیدەئۆلۆژییەکانی کرێکاری - بۆژوازی بوو.
خەبات بۆ یەکگرتنەوە وپێکهێنانی دەوڵەتی بەهێز هەموو جەستەی ئورووپای گرتبۆوە(وەک: فەرانسا، ئاڵمان وئیتالیا)١. لەگەڵ ئەوەدا جەوهەری ئەم خەباتە یەکگرتنخوازییە پێکهێنانی نەتەوەی گەورەو بەهێز بوو، بەڵام لە بەر ئەوە ئەم سەدەیە سەدەی بە سەنعەتیبوونیش بوو، زۆر ئیدەئۆلۆژی جیا لە یەکیش سەریان هەڵدا. ئەم ئیدەلۆژییانە بە دایم لە گەڵ یەکتر لە شەڕەدندووکە و تەنانەت خەباتی خوێناویش دابوون. لەم دەورەیەدا بە هۆی بەکارهێنان وپەرەپێدانی بەردی ڕەژی؛ ڕستن، چنین وبەگشتی کاری

بەرهەمی ماڵان کە تا ئەو کات تەنیا شوێنی بەرهەمهێنان بوون وگەورەو بچووکی پێوە کەوتبووەکار؛ کۆکرانەوە و کرێکاران لە شوێنی دیاریکراوی بەرهەمهێنان نیشتەجێ کران و،خرانە ژێر بەهرەکێشییەوە ( وێنەی هەرە بەرچاو(ئینگلستان).

لە ژێر کاریگەری ئەم گۆڕانە سەنعتییە (مۆنۆفاکتۆڕی یە) دا ئەم بیرانە گەشەیان سەند:

بیری(ئیدەئۆلۆژی) گۆرانکاری هەنگاو بەهەنگاودژ بە توندوتیژی (کۆنسێرواتیزم، بە ڕێبەری ئێدمۆند بارک ی بریتانیایی)، ئەم بیرە لە لایەن ئێلیتەکان، خاوەندەسەڵاتەکان وقەشەکانەوە پشتیوانی لێدەکرا.
بیری(ئیدەئۆلۆژی) لیبیرالیزمی ئابووری لە ژێرکاریگەری ئادام سمیت کە تاکۆتاییەکانی سەدەی ١٨ یەم ژیا؛ باوەری بە ئازادی ئابووری، کێبەرکێی ئابووریی ئازادو چاوەدێریی نرخ لە سەر بنەمای ناردن وداوای کەل وپەل لە بازارداهەبوو. ئەم بیرۆکەیە لە لایەن فرۆشیار وچەرچی، وردەبازرگان وئاکادێمییەکانەوە پێشوازی لێدەکرا.

هەر وەها بیرێکی سۆسیالیستی پێش دەستبەکاربوونی مارکس وئینگێلس هاتە ئاراوە کە بە بیری سۆسیالیزمی پێشوەخت دەناسرێ.
ئەم بیرە ڕایگەیاند کە هەموو مرۆڤەکان خاوەنی یەک ئاست لە بایەخن وکەس لە کەسی تر بە بایەختر نییە.

هەڵگرانی ئەم بیرە خەباتیان دەکرد بۆ یەکسانی، مافی خوێندن بۆ هەموان وکۆمەڵێک بۆچوونی ئینسانی تر. ئەم بیرە هەر لە سەرەتاکانی سەدەی ١٩ یەمەوە دابەش بوو، بوو بە چەند خەتی جیاواز. بۆیە لە گەڵ ئەوەش دا کە چەند کەسایەتێکی دیار وەک برەو پێدەری ئەم بیرە لە میژوودا باسیان لێکراوە بەڵام ڕێبەرێکی تاکەکەسی دیاری نییە کە بۆچوونەکە بەناوی ئەوەوە بناسرێتەوە.
لە ژێر کاریگەری وگۆڕانکارییەکانی بە سەنعەتیبوونی ئورووپادا؛ لە لایەک چینێکی بەژمارە زۆری کریکار پێکهات ولەلایەکی دیکەوە کۆمەڵە رووناکبیرێکیش بۆ پاراستنی خەباتی کرێکاران بیری سۆسیالیستیان پەیدا کرد.

لە ئاکامی ئەم گۆڕانکارییە سەنعەتییە دا یەکەمین نوشست (قەیران) ی ئابووری ئوروپا سەری هەڵدا. ئەم نوشستە ئابووریە لە ساڵی ١٨٤٨ مانگی دوودا، بوو بە دەستە چیلەی شۆڕشێکی گەورە لەم بەشە لە جیهاندا. سۆسیالیستەکانی فەرانسا نیزامی پادشاییان تێکروخاندومافی دەنگدانیان بۆ پیاوان دەستەبەر کرد، بەڵام هیچ کۆمەڵێکی ژنان لە ئورووپادا لە سەدەی ١٩ یەم مافی دەنگدانیان وەدەست نەهێنا (هەر چەند مافی ڕێکخراوەییان بۆ دابینکرابوو)، تەنیا ئەوە نەبێ کە جار وبار لە دادگاکاندا پارێزگاری لە مافەکانیان دەکرا.

هەر لەم کاتە دا کە بەشێکی زۆر لەئوروپا لەژێر تەوژمی گۆڕانی شۆڕشکردندابوو واتە ساڵی ١٨٤٨، کارڵ مارکس وفرێدریک ئێنگێلس بەرنامەیەکی کۆموونیستیان نووسی(مانیفیست)، مەبەستی ئەم مانیفیستە، گەیشتن بەکۆمەڵێکی بێ چین و یەکسان بوو. مارکس وئینگێلس بە پێچەوانەی بیری نەتەوەیی ئوروپاییەکان کە سەرگەرمی شۆڕش بوون؛ باوەڕیان وابوو کە چینەکان؛ کۆمەڵ لە یەک جیادەکەنەوە نەک نەتەوە و، جیاوازی نەتەوەیی. ئەم بیرە مارکسیستییە بەپێچەوانەی وەدواکەوتوانیان زۆر بەرهەڵستیی لە دژی ئانارشیزم وتێکەڵ پێکەڵی دەکرد. بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا زۆر پێداگربوو لە سەر ئەنجامدانی شۆڕش بۆ سەرکەوتنی مارکسیزم.

زۆری پێنەچووئەم مارکسیزمە لە ژێر کاریگەری نەتەوەپەرستیی ئوروپاییەکان گۆڕانی قووڵی بۆ خۆوە دیت و ڕیفۆرمی هەڵگرت. ئێدوارد بیرنستاین وەک بەرهەڵستکاری گەورەی دژی بیری مارکس وئێنگێلس، باوەری وابوو کە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێکی یەکسان لە لایەک نیاز نییە بە شۆڕش ولەلایەکی دیکەوە ئەو بیرە مارکسیستییە دەبێ خۆماڵی و بەئوروپایی (نەتەوەیی) بکرێ. لە چوارچێوەی ئەم بیرەدابوو کە ئینتێرناسیۆنالی دوویەم دامەزراوبوو بە بناخەی دارشتنی سۆسیال دێمۆکراسی ئوروپایی لە ساڵی ١٨٨٩. بەو حاڵەشەوە زۆربەی خەڵکی ئوروپا بە ئومێدی دابینبوونی ژیانێکی باشتر بوون بە سۆسیالیستی ئازادیخواز. واتە لە لایەک بوون بە سۆسایلیست ولە لایەکی دیکەشەوە بە مشووریش بوون بۆ ئازادی نەتەوەیی. هەر لە ساڵی ١٨٨٩ ش دابوو کە ١ ی ئایار بوو بە رۆژی نێونەتەوەیی کرێکاران. وەک دەزانین ساڵی ١٨٨٦ لە شاری شیکاگۆ کۆمەڵێک کرێکاری خۆبەختکەر دژی یاسای پڕ لە زوڵمی ١٦ کاتژمێر کار لە رۆژێکدا شۆڕشێکی گەورەیان بەرپاکرد وزۆربەیان زیندانی کران یاله نێوبران. سێ ساڵ پاشان لە کۆبوونەوەی ئێنتێرناسیۆنالی لە پاریس، رۆژی ١ ی ئایاری ١٨٨٩ کرا بە رۆژی نێونەتەوەیی کرێکاران. هەر چەند بەربەرەکانی و فیداکاری کرێکارانی شیکاگۆی ئەمریکا بوو بە خوڵقێنەری ئەم رۆژە؛ واتە ١ ی ئایار بەڵام ئەمریکاییەکان قەت ئەو رۆژەیان نەکردۆتە رۆژی خەباتی کرێکاری. ئەوان لە جیاتی ئەم رۆژە رۆژی ١ ی مانگی ٩ ی هەر ساڵێک دەکەن بە رۆژی پشووی گشتی. ئەم بریارەش دەست بەجێ لەگەڵ بڕیاری ئینتێرناسیۆناڵی پاریس نەگیرا بەڵکە ٧٠ ساڵ دواتر واتە لە ساڵی ١٩٥٩ وە ئەم رۆژە بووەتە رۆژی پشووی گشتی!

ئیدەئۆلۆژی مارکس وئێنگێلس پاش سەرنەکەوتنی لە ئوروپا بە گۆڕانێکەوە کە لێنین تێیدا پێکهێنا، لە ژێر ناوی مارکسیزم - لێنینیزم دا لە رووسییەی تیزاری سەرکەوت.

لێنین لە سەرەتای کار دا بە ئومێدی کۆکردنەوەی خەڵک لە دەوری چینی کرێکاری زۆر ، زۆر لاوازی رووسییدا پشتی سۆسیالرۆڤیسیۆنەرەکان، چەپی لایەنگری جوتیارانیی گرت( بە قسە نەک بەکردەوە) بەڵام دواتر لەدژیان راسان وپشتاویان کردن. ئەوەبوو هەر لەو سەرەتای کارەوە بوون بە دەسەڵاتی کەمایەتی کۆمەڵی کرێکار، لە نێوئەوانیش دا دیاگرامێکی پێپلیکان ئاسایان دروست کرد(نەردیوان، دیاگرام) وسەرئەنجامەکەی بوو بە دەسەڵاتی تاکەکەسی وکوشتنی بیری نەتەوەیی ودێمۆکراسی.
ئەم شەغرە لە سەر یەک کەڵەکە بووە سەرینەگرت وهەر وەک دیتمان یەکێتی سۆڤیەت پاش ٧٠ ساڵ بە تەخت وبەختەوە تێکرمان ونەتەوەگەرایش پێشی پێنەگیرا ودیسان سەری هەڵدایەوە.

لە ئوروپای ئێستاش دا پاش ٢٠٠ ساڵ تێپەرینی رۆژگار بە سەر شۆڕشی سەنعەتی و هەڵگرتنی بیری مارکسیستی، نەتەوەگەرایی وپاراستنی ئەمنیەتی نەتەوەیی وبرەوپێدانی داب ونەریت وخووخدە کلتووریی، مێژوویی وزمانەوانیەکان لەو پەڕی گەشەدایە.
ئەرێ گەلۆ داخوا وەڵامی ئێمەی تاکی کورد بۆ ویستی نەتەوەکەمان پاش ئەزموون وەرگرتن لە شۆڕشەکانی ئوروپا وئیدەئۆلۆژییە دژ بە یەکەکانی دەبێ چ بێ؟ دوێنێ ئەم غوولە کە باسمانکرد دژی بیری نەتەوەیی ڕادەوەستان. ئەمرۆ مێچکە مێچک کەرەکانی دەسەڵاتی ناوەندی لە ژێر ناوی " خەباتی مەدەنی" ناوێرن باس لە مافی ڕەوای نەتەوەیی بکەن خەریکن خەباتەکە بە لاڕێ دابەن! گەلۆ نابێ دژی ئەم چڵک و غەورانەش بەربەرەکانی بکەین!

پیرۆز بێ ١ ی ئایار لە هەموو کرێکاران وزەحمەتکێشانی کوردستان وسەراسەری جیهان!

١- لە فەڕانسا هەموو ئەو کەسانەی پرێنسیپە نەتەوەییەکانیان دەپاراست دەیان توانی ببنە هاوولاتی فەرانسا، بەبێ لەبەر چاوگرتنی زمان، کلتوور یان ڕەنگی پێست. لە ئاڵمان جۆرێکی دیکەبووئەویش ئەوەبوو کە تەنیا خەڵک بە زمان وکلتووری وەک یەک دەیانتوانی ببنە ئەندامی نەتەوەی ئاڵمان. تۆرەمە وئیرسی کلتووری و مێژووی هاوبەش لە بوون بە ئەندامی نەتەوە زۆر کاریگەر بوو. ئەم بیرۆکەیە لە دەورانی نازییەکاندا گەیشتە چڵەپۆپە و قتڵیعامی جوولەکەکانی لێکەوتەوە.

سەرچاوەکان:


١- کوردستان وکورد د. قاسملو

٢- کورتەیەک لە سەر یەکیەتی ئوروپا جەعفەر حامیدی

٣- د. قاسملو ڕێبەر ومامۆستای ئەخلاق( بەزمانی نۆڕوێژی) جەعفەر حامیدی

1. politisk psykologi ,Nils Johan og Nora Sveaass
2. hva er nasjonalisme, Richard Times
3. statsvitenskap, Øyvind Østerud
4. war and peaceLeo Tolstoy
5. A modern history of Kurdistan, David Mcdowall


سەرچاوە: فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١ی مای ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

## یەکی ئایار، پارادۆکسێکی تری چەپ




**سەلام مارف، حەسەن حسێن:**

ماوەی چەند ساڵێکە، جیا لە هەندێک یادکردنەوەی لابەلاو دیاریکراو، لە کوردستان یەکی ئایار سازنەدراوە. ئاخر نە چینی کرێکار ئەو وشیارییە چینایەتیەی هەیە کە بیکاتە خاوەنی بزووتنەوەیەکی بەهێزی وا کە کاریگەری لەسەر بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیی هەبێت، نە ئەمەی دووایشیان خاوەنی هەژموونییەکی فیکری - سیاسی و ڕێکخراوەییە کە بتوانێت (بە نماییشی چینایەتیی مەزن) مەراسیم بۆ چینی کرێکار بەرپا بکات!! ڕەنگە بەشێک لە کۆمۆنیست و چەپەکان لەگەڵ ئەم بۆچوونە وەیان دەربڕینەدا نەبن. بەڵام ئەمە سەرەڕای ئەوەی فاکتێکە هەروەها پارادۆکسیکیشە.

ئەوە فاکتێکە کە چینی کرێکار نەک لە ململانێ سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و لە گەلێک ڕووداوی گرنگ و هەستیاری کوردستان، بەڵکو لە پەیوەند بەو یاسا، سیاسەت و پێشهاتانەیشەوە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ژیان و گوزەرانی خۆیەوە وەک چینێک هەیە ئامادەیی نەبووە و نییە. واتە هێشتا وشیاری چینایەتی لە خۆیدا نەگۆڕاوە بۆ وشیارییەک بۆ خۆی. ئەوەش فاکتێکە کە بزووتنەوەی چەپ و سۆسیالیستیی لە کوردستاندا لە قەیرانێکی قوڵی فیکری و تیۆریدایە. هەرچەندە ئەم بزووتنەوەیە هەوڵی داوە میتۆدی مارکسیستی بەکاربهێنێت بۆ خوێندنەوەی ڕووداوەکان. بەڵام هەژاریی تیۆری و لاوازیی لە پراتیکی کۆمەڵایەتیدا دووچاری دابڕانی کردووە لەگەڵ یەکێک لە چەمکە هەرە پایەیی و سەرەکییەکانی ئەم میتۆدەدا کە ئەویش فەلسەفەی پراکسیسە، واتە دیالەکتیکی تیۆر و پراتیک لە سەرجەم چالاکییە مرۆیی و ڕێکخراوەییەکاندا. نائامادەیی پراکسیس لە نەبوونی ڕیشە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە. بۆ داپۆشینی ئەم پارادۆکسەش، ناچار خۆی ئاڵاندووەتە کاری سیاسیی ڕووت و پرسە چینایەتییەکەیشی تەنها وەک بانگەشەیەک و دروشمێکی بێ کردار بەرزکردۆتەوە.

### مانەوە لە پارادۆکسدا یاخود لە دەستدانی فرسەتێک

گۆڕانکارییە سیاسی - ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی جیهان و ناوچەکە بە گشتی پاڵنەرێکی گرنگن بۆ ئەم هەستانەوەیەی چەپ لە ئاستی دونیادا و خستنەرووی ئەڵتەرناتیڤێکی جیاواز لە نیولیبراڵیزم و فاشیزمی ئیسلامی. لە کوردستانیش ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاترئەم دەرفەتە بۆ چەپ وسۆسیالیستەکان لەبارە. باشترین و گونجاوترین بۆنەیش یەکی ئایارە.

ئـا لەم سۆنگەیەوە لەلایـەن ئێمـەوە، وەک دەستپێشـخەرییەک، پێشـنیارێکی کـرد بـۆ ئامادەکـاری بـۆ ١ی ئـایـار. بـە هەوڵـی کۆمـەڵێک هاورێی چەپو هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی کرێکاری، دەستکرا بە ئامادەکاری بۆ سازدانی یەکەمین کۆبوونـەوەی فراوانی خۆئامـادەکردن بـۆ ١ی ئایار. ستراتیژی ئێمە بۆ کارەکە بەم جۆرە بوو:

**یەکـەم**: دروسـتکردنی تۆڕێـک لـە هەڵسوڕاوانی بزووتنـەوەی کرێکـاری و چەپ و سۆسالیسـتی و بزووتنـەوەکانی لایـەنگری دیموکراتیو بەشێک لە گروپە رۆشنبیرییەکان.

**دووەم**: تۆڕەکە سەرتاسەری بێت، واتا ئەو رێکخراوو دەستەو حزبانەی تێدا بێت، کە لە ئاستی هەموو کوردستاندا لـە هەڵسوڕاندان. بەم جۆرە تۆڕەکە وەک بزاوتێکی سەرتاسەری بۆ ١ی ئایار کار بکات.

**سێیەم**: سەرجەم کاروبارە سەرەکییەکان لە ژێر ناوی تۆڕەکەدا بێت، حزبەکان پشتیوانی تۆڕەکە بکەنو بـەم جـۆرە ١ی ئایـار سیمایەکی یەکپارچەی پێوە دیار بێت.

**چوارەم**: ئامانجی ستراتیژی ئەم کارە ئەمە بوو:

١- یەکپارچە دەرکەوتنی سەرجەم هێزە چەپە نەیارە راستەقینەکان بەرامبەر بە بـارودۆخی ئێستا. نـەک مەراسیمی تەشریفاتی و سوننەتی کە ساڵانە دەکرێتو زیاتر وەک چالاکی حزبی دەردەکەوێت.

٢- لەم پرۆسەیەدا بوارێک بۆ نزیک بوونەوەی ئەو هێزانە چ وەک کەسەکانو چ وەک ئایدیاکان دەخوڵقاو دەتوانرا بکرێتە بنەمایـەک بۆ کاری هاوبەشی لە داهاتوودا. (لێرەدا مەرج نەبوو تۆڕەکە دوای ١ی ئایار بمێنێتەوە، بـەڵکو ئـەوە دەبـووە یـەکێک لـە ئەگـەرەکان و ئەگەر بەشداربووان نەیانەوێت، ئەوا لە شەوی ١ لەسەر ٢ی ئایاردا هەڵدەوەشایەوە).

**پێنجەم**: بە شێوەیەکی گشتی خودی بیرۆکەکە سازدانی ١ی ئایـار نـەبوو وەک تەقلیـدێک. بـەڵکو بـە لەبـەرچـاوگرتنی بـارودۆخی ئێستا سازدانی ئایار بوو وەک بەشدارییەک لە دۆخی ئێستادا بۆ دەرچوون بوو لەم قەتیسبوون و بە پاشکۆبوونەی رووداوەکان.

بۆ ئەم مەبەستە سەردانی سەجەم لایەنەکان کرا، چ بە سەردانی راستەوخۆ یـان بـە پەیوەندییەکی لـە رێگاکـانی تـرەوە. سەردانەکان سـەرجەم حـزب و رێکخـراوە چـەپو کرێکارییـەکانی گرتـەوە، لـەوەش زیـاتر پەیوەندییـەکان لەئاستی سـەرجەم کوردستـان بـوون ( بـە هەولێر و کەرکوکیشەوە) ئەمە جیا لـە ئامـادەیی هەنـدێک لـە شاروشـارۆچکەکانی تـر. کـە سـەرەنجام کۆبوونەوەیـەکی فـراوان سـازکرا. بەڵام لەبری ئەوەی بیرۆکەکە بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەپێچەوانەوە هاتینەوە سەر هەمان تێگەییشتنە تەقلیدییەکە بۆ یەکی ئایار. بەڵام بۆچی؟



سەرچاوە
Serchawe

**دەتوانین کۆی را پێچەوانەکان لەمانەدا کورت بکەینەوە:**

**یەکەم:** زۆربەی حزبەکان (پێمان وایە جیا لە کۆمەڵە) لەسەر ئەوە بوون، کە نابێت بە ناوی (تۆڕی ئایار)ەوە بێت. لەبەرئەوەی:

١- ئەو ناوە هی پەکەکە و گۆڕانە.
٢- تۆڕ مانایەکی فراوانتری هەیە.
٣- تۆڕ مەبەستێکی سیاسی هەیە و دوای ١ی ئایار بەردەوام دەبێت. ئەوان پێشنیاری کۆمیتەی مەراسیم و دەستەی مەراسیم و کەمپینی مەراسیمیان کرد.

**دووەم:** نابێت چالاکییەکان سەرتاسەری بن. دەبێت هەر شارەو هی خۆی بکات. (وەک بیرخستنەوەیەک هەر ئەم چەپە لە بوارەکانی ژنان و سیکۆلاریزم دا کاری سەرتاسەری دەکات، بەڵام لە هێنانەدەرەوەی بزاوتێکی سیاسیدا دژی سەرتاسەری دەوەستێتەوە).

**سێیەم:** ترسێکی گەورە لە دەرکەوتنی ١ی ئایار وەک هێزێک هەبوو( دەوترا گوایە ئەوەی پێشنیاری تۆڕە سەرتاسەرییەکەی کردووە مەبەستی سیاسی هەیە نەک کرێکاری!).

**چوارەم:** هەندێک لە پێشنیارەکانی تر بەم جۆرە بوو: مەراسیمی هاوبەشی حزبەکان بکرێت، بەگوێرەی ئەفزەلییەت وتاری حزبەکان بخوێنرێتەوە. یان وتارێک بە ناوی مەراسیمەکەوە بێتو لەم جۆرە.

ئەم قسەوباسانە، کۆبوونەوەکەی دواخست بۆ کۆبوونەوەیەکیتر و سەرەنجام پرۆژەکە لەو ئامانجە ترازا کە بۆی دانرابوو و کەوتەوە سەر رێچکە تەقلیدی و سواوەکەی ساڵانی پێشوو لە سازدانی مەراسیمدا، مەراسیمی بەرزکردنەوەی داواکاری و چالاکیی مەتڵەبی، کە دەتوانین بڵێین لە ئاستی بزاوتی سەندیکالیستیشدا نییە. لە کاتێکدا کۆمەڵگە لە هەموو کات زیاتر پێویستیی بە ئەکتێکە کە گیانی بەرەنگاریی لە دژی سیستم بەهێز بکات و لە نێو ئەم تەم ومژەدا ئاسۆیەکی بخاتە بەردەم، نەک هێشتنەوەی لە چاوەڕوانی جێبەجێ بوونی چەند خواستێکدا کە جێبەجێش نابن!

ماوەتەوە بڵێین، ئێستا چی؟ دەستگرتن بە نەریت و تەقلیدەوە یان هەنگاو بەرەو ئومێدو بەرەنگاری؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاشتی - ڕێکەوتی: ٢٨ی ئەپریلی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# من نفرەت لە کرێکاری دەکەم



حسەین شەبەق

من نفرەت لە کرێکاری دەکەم و هەرگیز لەو قسەیەی خۆم پەشیمان نابمەوە.

کرێکاری چ شانازییەکی تێدایە کە من پشتیوانی لێ بکەم. بۆ کرێکاربوون هەرگیز پیرۆزبایی لە هیچ کرێکارێک ناکەم.لە هەموو ژیانمدا هەوڵم داوە تووشی ژیانی کرێکاری نەبم ئەگەرچی تووش بووم و زۆریش چەرمەسەریم بەسەر هاتووە.

لەبیرمە کە منداڵ بووم. ژیانی پڕ ڕەنج و ئازاری جووتیار و قەرە و کرێکارانی ئاوایەکەی خۆمان ئازاری دەدام. بە تایبەت بە هاوینان کە چین چین ئارەقەی مەڵەغانگێرانم دەدیت زۆر پێی تێک دەچووم. کەچی ئەوان لە گەڵ ئەو هەمووە ڕەنج و ئازارە قا قا پێدەکەنین و پڕ بە دڵ گۆرانی زۆر خۆشان دەوتەوە.

کە مێرمناڵ بووم زگم بە کرێکاران دەسووتاو جیاوازی چینایەتیم لە ناخەوە هەست پێدەکرد. من لە بنەماڵەیەکی کرێکار لە دایک نەبووم، بەڵام زیاتر لە هەر کەس حەزم دەکرد لە گەڵ ئەوان هەستم و دانیشم و قسە بکەم. ئەوەش وای کرد کە وردە وردە لەوانەوە فێری ڕاستگۆیی و مێهرەبانی و سۆز و خۆشەویستی ڕاستەقینە ببم.

کاتێک گەنج بووم، کرێکاریم کرد، ئەویش کاتێک بوو کە شاری ڕەشت دەرسم دەخوێند و ڕێگای هاتنەوە بۆ مهاباد بە هۆی شەری حکوومەت و پێشمەرگە داخرابوو، ئەو کات بە ناچاری و لە گەڵ چەند هاوڕێی خوێنکارم دەستمان کرد بە کرێکاری. ناچاری و ئیجباری بوو. هەتا زیاتر کارم دەکرد، زیاتر ڕقم لەو ژیانە هیچ و پووچە دەبووەوە. زۆر بەسەرهاتی تاڵ و ناخۆشمان بەسەر هات تا توانمان بە حاڵ لەسەر پێی خۆمان ڕاوەستین و حەقی خۆمان لە سەرکارگەرە یەک لە دوای یەکەکان وەرگرین.

کاتێک کە هاتم بۆ پێشمەرگایەتی هەموو هاورێکانم وەکوو شانازی هەر وشەی کاریگەر کاریگەریان لە سەر زار بوو. من کە ئەو ژیانە پیسەم تاقی کردبووەوە، نەمدەزانی ئەوان بۆچی ئاوان و دەڵێن چی و مەبەستیان چیە.

لەو ژیانەدا تووشی سیاسی و سیاسەتمەداری وابووم کە خۆراکی شەو و رۆژیان هەڵکوتن بە دەست و بازوو و بەژن و بالآی کریکارەوە بوو. بە مروری زەمان من نامۆییم بە بیرکردنەوەی ئەوانەوە کرد و لێرەدا هەستم بە هەڵە یان ناراستی‌یەک دەکرد. دەمزانی کە شتێک لە جێی خۆی نیە. وردە وردە لەو جۆرە بیرکردنەوە و لەو جۆرە کەسانە فاسیلەم گرت و هەتا زیاتر زەمان تێپەر بوو زیاتر زانیم من لە گەڵ ئەوان هاورێ و هاوبیر نیم.

ئێستا نە کرێکارم و نە پێشمەرگە. لە ولاتی غەریبی پاش رەنجێکی زۆر دەرسم خویند و بووم بە معلم واتە مامۆستا. ئێستا بیری هاورێ ساکارەکانی دەورانی منالێم دەکەم. ئێستاش خۆشەویستی و مێهرەبانی ئەوان بانگم دەکا. ئێستاش پێم خۆشە میوانی مالێ دایە زارا بم لە گوندەکەی خۆمان و چاییەکی دیکە بە قاپە فافۆنەکەی ئەوان بخۆمەوە. ئێستاش ئارەزووی ئەوە دەکەم کە جارێکی دیکە گوێم لە قاقای پێکەنین و دڵخۆشی مەڵەغانگێرەکانی وزندەرێ بێت و گوێ لە گۆرانیە خۆشەکانیان بگرم. ئێستاش بیری هاورێ کرێکارەکانم دەکەم کە چۆن دوای تەوابوونی کار لە خۆشیان دەستیان دەکرد بە گۆرانی و هەڵپەرکێ.

بەڵی ئێستا و لە رۆژی کرێکاردا من جارێکی دیکە نفرەت لە ژیانی کرێکاری دەکەم و نفرەت لە هەموو ئەوانە دەکەم کە بە کرێکار هەڵدەڵێن و هەروەها نفرەت لەوانە دەکەم کە بوونە بناغە بۆ داامەزراندنی ژیانی کرێکاری.

خۆشەویستان کرێکاری شانازی نیە، سووکایەتیە بە رووح و هەست و شعوور و جسمی مرۆڤەکان. ئەو مرۆڤانەی کە بە حوکمی نیزامی چەوسێنەری ئەوسەردەمە رێگا و مەودای ژیانێکی شیاوی ئینسانیان لێ زەوت کراوە. تۆ بڵێی ئەگەر ئەان لە ژێر ئەو باری قورسی چەوسانەوەیە دا نەبان چەندە گۆرانی خۆشتریان دەچری؟ چەندە دڵسۆزتر و مێهرەبانتر دەبوون؟ چەند ژیان بە ئازادی ئەوانەوە جوانتر دەبوو؟

من پێم وایە راستگۆترین و شۆرشگێرترین کەس ئەو کەسەیە کە نفرەت لە کریکاری و ژیانی کرێکاری بکات.

ئازیزان هێندە دەست و بازوو و مەچەکی بە هێزی کرێکاران نیشان مەدەن. ئەوان وانین کە ئێوە دەیبینن. ئەوان هیچ لە پلاکارت و کارت پۆستالەکانی ئێوە ناچن. ئەوان خۆیان بە هیچ جۆر دڵخۆش نین بەم ژیانە پەست و بێ بایخە. لە راستی دا خۆفرۆشی هەر رۆژەی مێلیونان مرۆڤ لە سەدەی ۲۱دا نەک هەر شانازی نیە، نەک هەر جوان نیە، بەڵکوو لەکەی نەنگی هەموو بەشەرییەتی سەردەمە.

مەرگ و نەمان بۆ ئەو بیرەی پارێزەری ژیانی کرێکاری و چینایەتی‌یە. مەرگ و نەمان بۆ ژیانی کرێکاری. بژی ئەو گۆرانیەی لە دڵەوە دێتەدەر. بژی ئەو پێکەنین و قاقایەی کە منالێک دڵخۆش دەکات. بژی راستگۆیی و مرۆڤایەتی.

ئەوەی کە هەموومان پێکەوە کۆ دەکاتەوە بە تەنیا هەر مرۆڤایەتی‌یە و بەس.

سەرچاوە: ماڵپەری زاگرۆس پۆست - رێکەوتی: ٢ی مای ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

## بە بۆنەی یەکی مانگی ئەیار ڕۆژی جیهانیی کرێکار




**ماڵپەڕی زاگرۆس پۆست**

١١ی مانگی گوڵان واتە ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی هاوپشتی نێونەتەوەیی کرێکارانی جیهان لەدژی نیزامی سەرمایەدارییە. لەم ڕۆژەدا ملیۆنها کرێکار لە سەرتاسەری جیهان بە کۆبوونەوە و خۆپیشاندان و ڕێپێوان و جەژن گرتن، هێزەی یەکگرتووی خویان بەرامبەر بە دونیای پڕ لە چەوسانەوە و ستەمی سەرمایەداری نیشان دەدەن و هەموو ساڵێک لەم ڕۆژەدا ئەو پەیامە گرینگە بە گوێی جیهان دەگەیەنن کە  کرێکاران بە خەباتی یەکگرتووانەی خۆیان سەرئەنجام کۆتایی بە نەزمی کۆنی سەرمایەداری دێنن و لەسەر وێرانەکانی ئەم نیزامە، نەزمی نوێی سوسیالیستی خۆیان دادەمەزرێنن.

بیرۆکەی دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ بەڕێوەبردنی جەژنی کرێکاری و بۆ چەسباندنی ٨ سەعات کاری ڕۆژانە یەکەم جار لە خەباتی کرێکارانی وڵاتی ئوسترالیا لە ساڵی ١٨٥٦ی زاییندا سەری هەڵدا. بەڵام ئەوە خەباتی لێبراوانە و خوێناوی کرێکارانی ئامریکا بوو کە سەرئەنجام ئەم ڕۆژەی وەکوو ڕۆژێکی جیهانی کرێکاران بە سەر سەرمایەداران لە هەموو وڵاتەکاندا سەپاند.

پێشینە و مێژووی ڕۆژی جیهانی کرێکار لە ئامریکا هەڵدەگرێتەوە بۆ ساڵەکانی کۆتایی سەدەی ١٩ی زایینی. لەم دەورەییەدا سەرمایەداری بە شێوەیەکی بەربڵاو گەشەی کردبوو. هاوکات لەگەڵ گەشەی سەرمایەداری ژمارەی کرێکارانیش لە ئوروپا و لە ئامریکا و ئوسترالیا و سەرجەم وڵاتانی جیهان بە خێرایی زیادی کردبوو. گەلێک دامەزراوەی بەرهەمهێنانی گەورە پێکهاتبوون کە تێیاندا زیاتر لە هەزار کرێکار کاریان دەکرد و ڕەوتی بەرهەمهێنان گردوکۆتر ببووەوە. گردوکۆ بوونەوەی ڕەوتی بەرهەمهێنان، ڕێگای بۆ گەشە کردنی وشیاری و شکل گرتنی هاوپشتی خەباتکارانەی کرێکاران خۆش کردبوو. بەمجۆرە بارودۆخێکی لەبار بۆ پەرەسەندنی مانگرتنی کرێکاریی لە وڵاتانی ئوروپایی و لە ئامریکا و ئوسترالیا خوڵقابوو. لە ساڵەکانی دەیەی ٨٠ی سەدەی نوزدەهەمدا بزووتنەوەی کرێکاریی بە تایبەتی لە وڵاتی ئامریکا بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەندبوو. شەپۆلی مانگرتنی کرێکاری شارەگەورەکانی ئەو وڵاتەی داگرتبوو. شاری "شیکاگۆ" ببووە ناوەندی چالاکییە کرێکارییەکانی ئامریکا.



سەرچاوە
Serchawe

لە مانگی نوامبری ساڵی ١٨٨١دا فیدراسیونی کار لە تێکەڵاو بوونی ٦ یەکیەتی کرێکاریی پێکهات. ئەم فیدراسیونە ٥٠ هەزار ئەندامی لە ریزەکانی خۆیدا ڕێکخستبوو. لە کۆنگرەی ساڵی ١٨٨٤ی ئەم رێکخراوەیەدا ٨ سەعات کار لە رۆژدا پەسەند کرا و بە شوێنیدا خەباتێکی بەربڵاوی بۆ هێنانە خوارەوەی سەعاتی کاری رۆژانە لە ١٦ سەعات و ١٢ سەعاتەوە بۆ ٨ سەعات ڕێکخست. لە ساڵی ١٨٨٦ کۆبوونەوەیەک بە بەشداری نوێنەرانی ٢٥ یەکیەتی کرێکاریی لە ئامریکا کە نوێنەرایەتی زیاتر لە ٣٠٠ هەزار ئەندامی کرێکاریان دەکرد، خەبات بۆ ٨ سەعات کاری رۆژانەی نایە دەستووری کارەوە و بە شوێنیدا شەپۆلێکی بەربڵاوی مانگرتنی کرێکاریی شارە جیاجیاکانی ئامریکای گرتەبەر.

لە رۆژی ئەوەڵی مانگی مەی ساڵی ١٨٨٦دا زیاتر لە ٣٥٠ هەزار کرێکار لە شارە گەورەکانی ئامریکا وەکوو "سەن لوئیز، شیکاگۆ، میلواکی" و چەندین شوێنی تر، کرێکاران دەستیان دایە ڕێپێوان. لە چەندین شوێن کرێکاران توانیان داخوازییەکەی خۆیان بۆ ٨ سەعات کار بە سەر سەرمایەداراندا بسەپێنن، بەڵام لە شاری "شیگاکۆ" پۆلیس بە پشتیوانی لە سەرمایەداران تەقەی لە خۆپیشاندانی کرێکاران کرد و لە ئاکامدا ٦ کرێکار خوێنیان ڕژایە سەر شەقامەکانی ئەم شارە و گیانیان بەختکرد و بە دەیان کرێکاریش بریندار بوون. ئەم جینایەتە دڕندانەیەی سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیان، کرێکارانی "شیگاکۆ"ی لە خەبات بۆ گەیشتن بە داخوازییە ڕەواکەیان سارد نەکردەوە. رۆژی ٤ی مانگی مەی دەیان هەزار کرێکار لە مەیدانی سەرەکی شاری "شیگاکۆ" کۆبوونەوە. کۆبوونەوەکەیان لە لایەن ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی پۆلیسی بەکرێگیراوی سەرمایەداران گەمارۆ درابوو. لە ناکاو کەسێکی نەناسراو بۆمبێکی فڕێدایە ناو ریزەکانی پۆلیس و لە ئاکامدا پۆلیسێک کوژراو و چەند پۆلسێکیش بریندار بوون. فەرماندەکانی پۆلیس کە پیلانەکەیان داڕشتبوو و خۆیان بۆ درێژەپێدانی سازدا بوو، دوای ئەو ڕووداوە فەرمانی هێرشیان بۆ سەر ریزی کرێکاران دەرکرد و کرێکارانی خۆپیشاندەریان دایە بەر گوللە. لەم رۆژەدا ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران کوژران و بریندار بوون و بە شوێنیدا ٨٠ کەس لە ڕێبەرانی کرێکاران بە تۆمەتی کوشتن کێشرانە دادگا. کرێکاران لە دادگای فەرمایەشیدا قارەمانانە بەرگرییان لە خۆیان و لە داخوازییەکانی کرێکاران کرد و تۆمەتەکانی بێ بنەمای پۆلیسیان ڕەت کردەوە. بەڵام سەرئەنجام بێدادگای سەرمایەداران بڕیاری ئێعدامی بۆ ٤ ڕێبەری کرێکارانی ئامریکا دەرکرد و بڕیاری زیندانی کردنی درێژماوەشی بە سەر ژمارەیەک لە کرێکاران سەپاند.
بە شوێن ئەو ڕووداوە خوێناوییەدا فیدراسیونی کاری ئامریکا لە کۆنگرەیەکدا کە لە کۆتایی ساڵی ١٨٨٨ لە شاری "سەن لوئیز" بەڕێوەچوو، بڕیارێ دا کە لە رۆژی ئەوەلی مانگی مەیدا وەکوو رۆژی کرێکاران ڕێوڕەسمی تایبەت بەڕێوەبچێت و ئەوەڵی مانگی مەی ساڵی ١٨٩٠یش وەکوو ڕێکەوتێک بۆ بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی دوایی دیاری کرا.

هاوکات لەگەڵ ئەم گۆرانکارییانە لە بزووتنەوەی کرێکاریی ئامریکادا ڕێگا بۆ پێکهاتنی ڕێکخراوێکی نێونەتەوەیی کرێکاریی لە رووی فیکری و عەمەلییەوە خۆش بوو. کۆنگرەی نێونەتەوەیی سوسیالیستی کە لە ساڵی ١٨٨٩ بە بەشداری ٣٩١ نوێنەر لە ٢٠ وڵاتی دونیا لە شاری "پاریس" بەڕێوەچوو، پشتیوانی خۆی لە بڕیاڕی فیدراسیونی کاری ئامریکا بۆ دامەزراندنی ٨ سەعات کاری رۆژانە و مانگرتنی ئەوەڵی مانگی مەی ١٨٩٠، دەربڕی. هەر لەم کۆنگرەیەدا بڕیارنامەیەک پەسەند کرا کە تێیدا رۆژی ئەوەلی مانگی مەی وەکوو رۆژی کرێکار و رۆژی هاوپشتی نێونەتەوەیی کرێکاران بە رەسمی ناسرا. لەم بڕیارنامەیەدا هاتووە کە:

"کۆنگرە بڕیارێ دا کە خۆپیشاندانێکی نێونەتەوەیی بەرین بخاتە ڕێ، بە جۆرێک کە لە هەموو وڵاتەکان و لە هەموو شارەکان لە



سەرچاوە
Serchawe

یەک رۆژی دیاریکراودا، کۆمەڵی رەنجدەران داوای کەمکردنەوەی سەعات کاری رۆژانە بۆ ٨ سەعات و هەروەها باقی بریارەکانی ئەم کۆنگرەیە لە دەوڵەتەکان بکەن. کرێکارانی هەر وڵاتێک پێویستە خۆپیشاندانی خۆیان بە پێی هەلومەرجێکی تایبەت کە لە وڵاتەکەیان دایە، بەرێوەببەن."

"فریدریک ئێنگڵس" لە رێبەرانی گەورەی چینی کرێکاری جیهانی کە ئەم کۆنگرەیە بە دەستپێشخەری ئەو بەرێوەچوو بوو، لەمبابەتەوە نووسی کە: "خۆپیشاندانی ئەوەلی مانگی مەی بۆ ٨ سەعات کاری رۆژانە لە هەمان کاتدا پێویستە نیشانەی ئیرادەی چینی کرێکار بۆ لە ناوبردنی هەموو جیاوازی و هەلاواردنێکی چینایەتی لە رێگەی گۆرانکاری کۆمەلایەتییەوە بێت." دوای کۆنگری پاریس بە پەلەترین ئەرکێک کە دەکەوتە بەردەم ئەم رێکخراوە کرێکاری و سوسیالیستیانەی کە لە پەسەند کراوەکانی ئەم کۆنگرەیە پێرەویان دەکرد، تەدارۆکی بەرێوەچوونی هەرچی شکۆدارتری رۆژی هاوپشتی جیهانی کرێکاران بوو. لە ئاکامی ئەم هەوڵانەدا بوو کە رۆژی ئەوەڵی مانگی مەی ساڵی ١٨٩٠، سەدان هەزار کرێکار لە وڵاتە جیاجیاکانی جیهانی سەرمایەداری رژانە سەر شەقامەکان و بە خۆپیشاندان و رێپێوانی شکۆدار، یەکگرتوویی و هاوپشتی نێونەتەوەیی خۆیان لە خەبات دژ بە نیزامی سەرمایەداری نیشان دا.

بەڵام هەوڵ و کۆششی چینی کرێکار بۆ نیشان دانی ئیرادەی خۆی لە رۆژی ١ی مانگی مەیدا، هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ کاردانەوەی توندوتیژ و سەرکوتگەرانەی سەرمایەداران و دەوڵەتەکانیان بەرەورِوو بوو. لە ساڵانی دواتریشدا دەوڵەتەکان دەستیان لە بەرەورِووبوونەوەی توندوتیژ لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری هەڵنەگرت و دەیان و سەدان کرێکار هەر لەم رۆژەدا لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهان لەسەر شەقامەکان خەڵتانی خوێن کران، بەڵام توندوتیژی و هەڵسوکەوتی درِندانەی سەرمایەداران و دەوڵەتەکانیان نەیتوانی پاشەکشە بە چینی کرێکار لە ئاستی جیهانیدا بۆ بەرێوەبردنی رۆژی ١ی مەی وەکوو رۆژێکی جیهانی کرێکاری بکات. لەو کاتەوە تا ئێستا کرێکاران لە سەرتاسەری جیهان رۆژی ١ی مانگی مەی وەکوو رۆژی جیهانی کرێکار بە شێوازی جۆراوجۆر جەژن دەگرن و هاوپشتی و هاوچارەنووسی و هێزی خۆیان بەرامبەر بە جیهانی پرِ لە زوڵم و ستەم و چەوسانەوە نیشان دەدەن و موژدەی رزگاری یەکجاری بەشەریەت لە دەست نیزامی سەرمایەداری بە هەموو جیهان دەگەیەنن.

سەرچاوە: ماڵپەرِی زاگرۆس پۆست - رێکەوتی: ١ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

# هەموو ڕۆژێک یەکی ئەیاری ئێمەیە



ئەحمەد بەهرامی

گەمەیەکی کومێدی و گاڵتەجارِ بەکەرامەتی بەشەری. دنیایەک کە ئێمە تێیدابەسەردەبەین وەک درامایەکی درۆیین بۆ هەڵخەڵەتانی بینەرەکان خۆی وێنادەکات! وێنایەک بۆ هەڵفریواندن و گۆڕینی ئاقاری ژیان و تێکدانی فەزای سروشتی ژیان. لەم درامایەدا دنیا لەدەست ناعەداڵەتی و نابەرابەری تادێت ئاڵۆزیی و شەڕ تێدا جێگای ئارامی و ئاسایش دەگرێت. دنیایەکی کومێدی دووڕوو و شەڕەنگێز.

ئەگەرچێ ئەم گۆی زەوییە لەوپەڕی دواکەوتوویی و دڕندەییەوە چۆتە لووتکەی تەمەدون و تادێت زەمینەی لەبار بۆ ژیان و تەندرووستی تێدادەخوڵقێ، بەڵام لەگەڵ ئەو پێشچوونەدا تادێت ژیانی مرۆڤەکان تووشی تراژیدیا و دژوار و دژوارتر دەبێت. تادێت دڵەڕاوکە و خۆکوژی پەرەدەستێنێت. شەڕو کاولکاری وڵاتان دادەگرێ. کۆچ و ئاوارەبوون دەچێتە ئەوپەڕی خۆی. ژینگە دەشێوێت. ترسی کەم ئاوی خەڵک دەخاتە تەنگانەوە.

بەراستی دنیایەکی کومێدیایی لەدەست خاوەن سەروەت و خاوەن ئەسڵەحە و بازاڕە توجارِییەکان، نوقمی فەساد و فەحشا و وێرانی بووە.
لەو ڕۆژەی سیستمی چەوسانەوە پێکهات و چینێکی دەسەڵاتداری کەم لە کۆمەڵگا، وەک خاوەن دەسەڵات و بەڕێوەبەری وڵات، لەم ڕێگایەوە بوونە خاوەنی سەروەتی وڵات. ئیدی ئەم چینە دەسەڵاتدارە وەک ساحەب سەروەت و ساحەب بڕیار، ژیانی ئینسان و بژیوی زۆرینەی کۆمەڵگای بەتاڵان برد و ڕۆژبەڕۆژ زیاتر بوونە ساحەبی سەروەت و بڕیاراتی سیاسی و ئابووری.

لەگەڵ زاڵبوونی ئەم سیستمە نابەرابەرە و قوڵبوونەوەی کێشەکۆمەڵایەتیەکان و هەڵاواردنە چینایەتیەکانی ناو کۆمەڵگا، مەودای نێوان بنیادەمەکانیش لە هەموو ڕوویەکەوە دابڕان و دوورکەوتنەوەی بەخۆیەوە بینیوە. کێشە لەسەرژیان. نابەرابەری و ناعەداڵەتی. فاسیلەی ژیان و فەرق و جیبیەکانی ژیان. پێشێلکردنی مافە سیاسی و مەدەنیەکان. قورخکردنی ئیمکانە گشتیەکان لەلایەن دەوڵەمەندانەوە. گەڕەکی فەقیر و دەوڵەمەند و بێ مەسکەنی. تایبەتی(خوسوسی) سازیی ئیدارەی ژیان و ناوەندە گیشتیەکان و خۆ دزینەوەی سەروەتمەندان لەدانی باج... هەتا. کۆمەڵگاو ژیانی مەدەنی دەڕڕەیەکی قوڵ کەوتۆتە نێوانیان.



سەرچاوە Serchawe

لەم کێشمەکێشە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەدا، ئەو بەشەی کە هێزی کاری خۆی دەفرۆشێ و تەنیا لەسەر ڕەنج و ئارەقی ناوچاوانی نانی دەست دەکەوێت، دایم هەوڵیداوە لە تەریق سوڵح و ئاشتیەوە داوای مافەکانی خۆی بکات. چینی زەحمەتکێش بۆ داواکانی خۆی پشتی بە هیچ نیهادیەکی قانوونی و دەسەڵات، وەک پۆلیس. ئەرتەش. پارلمان و مەجلیس و هەئیەتی دەوڵەت و ئیتیحادەیەی کارفەرماکان گەرم نییە و کەس پشتی ناگرێ. بەڵکوو تەنیا خۆیەتی و شۆڕشی مانگرتن و ڕێپێوان و گفتوگۆیە وەسیلەی ئەوان، کە بتوانن قسەی تێدابکەن و ناڕەزایەتیەکانیان دەربڕن. لەوڵام بەمەش ساحەب سەروەت و دەسەڵاتەکانیش ئەمە بەیاخیبوون دژی وڵات و خرابکاری دەدەنەقەڵەم.

یەکی ئەیار (مەی) وەک بزووتنەوەیەکی کرێکاری شۆڕش بۆ هەقدەستی گونجاو بوو. شۆڕشێکی ئارامی غەیرە چەکداریی بوو بۆ ژیانێکی ئینسانی، کە کەمینەیەکی کەم لە کۆمەڵگا داگیریانکردووە.
هەر ئایین و مەڕامێک سمبولێکی هەیە بۆ پێناسەو سەلماندنی خۆی. یەکی ئەیاریش وەک ڕووداوێکی مێژوویی، بوو بەسمبول و بۆ بەڕۆژی چەوساوەکان.
ڕۆژێکی مێژوویی نەک بۆ داگیرکردنی ماڵی کەس. نەبۆ ڕێکخستنی هێزی سەربازی بۆ تاڵان و وێرانکاری و تێکدانی ژینگەی بەشەری. نەبۆ نەزیلە و فیرودان و دروست کردنی مەرقەدە درۆینەکان و گەوجاندنی خەڵک. نەبۆ هەڵفریواندن و پێشگیری لەگەشەی نوێخوازی.

ئەم ڕۆژە، وەک ڕۆژێکی مێژووی بۆ داوایەکی ڕەوابوو. ڕۆژێک بەسەدان و هەزاران کەس بۆی بوونە قوربانی و درانە بەرگوللەی پۆلیس و بە تێکدەر(خرابکار) درانە قەڵەم. ڕۆژێک لە دژی چەوسانەوە و ناعەدالەتی و هەلاواردنی ژیان و کۆیلەکردنی ئینسان.

یەکی ئەیار یاخیبوون لەیاسا نەبوو بۆ تێکدان و ڕوخانی سیستمە مودێڕنەکان! بەڵکوو سەرهەڵدان و دروست بوونی ئەم شۆڕشە خودی سیستمی ناعەدالەتی خۆی خوڵقاندی.
بۆیە شۆڕش بۆ ژیانی باشتر و بۆ هەقدەستی موناسب و بۆ مەسکەنی مەناسب، وەزیفەی هەموو ئەوانەیە کە گیرۆدەی ئەم ستەم و چەوسانەوەیەن. وەزیفەی ئەوانەی کە دێموکراسی و عەدالەتیان مەبەستە.

بۆ پیرۆزڕاگرتنی ئەم ڕۆژە مێژوویە و ئیدامەی دەیان ساڵ شۆڕشی چەوساوەکان دژی چەوسانەوە، ئەوا داوخوازییەکانمان هەر ڕۆژ دووبارەدەکەینەوە؛ تا ئەوکاتەی وەک ئەندامێکی بەرامبەر و خاوەن مافی بەرامبەر لەم کۆمەڵگایەدا قبوڵمان دەکەن و لەهەموو مافێکی بەرامبەریش بەشمان دەبێ، شۆڕشی نوێخوازی و شۆڕش بۆ عەدالەت و دێموکراسی بەشێک لەکارمان دەبێ.

وەک بیمەی هەموو دانیشتوانی وڵات لەو ڕۆژەی لەدایک دەبین تا دەمرین. چوونەسەری هەقدەستەکان بەپێ ئاڵوگۆڕی بازاڕ. شۆڕش دژی خوسوسی کردنی ناوەندە گشتیەکانی وڵات. وەستانی دەست بەجێی بەخوسوسیکردنی کارگە و نەخۆشخانە و خوێندنگا و شوێنە تەندروستیەکان. شۆڕش دژی کاری قەراردادی و کاتی. وەرگرتنی مالیات لە هەموو دانیشتوانی وڵات. لەتەواوی ساحەب کار و خاوەن دەرامەتەکان. لە بازاڕیی و دوکاندار. لە هوتێل و ڕەستوران و کەرتی تایبەتی و دەوڵەتیەکان. لە مەرکەزە مەوقوفیەکان. لە بانگەکان بەپێی دەرامەتی مانگانەیان. ئەم مالیاتەش هەموو دەبێ بچێتە خەزێنە دەوڵەت بۆ دابینکردنی خەرجی وڵات و گەشەی

ژێرخانی وڵات لەهەموو ڕوویەکەوە.

پاراستنی ژینگە. قدەغەبوونی بڕینی داری جەنگەڵەکان. قەدەغەبوونی هەڵکۆڵین و دزینی کان و مەعدەنە ژێرزەوییەکان لەلایەن باندە مافیاکان.
بۆ جێخستن و ڕاکێشانی سەرنجی ڕایگشتی بۆ کەمکردنەوەی دووبەرەکی و دلنایی لە داهاتووی پێکەوە سازان، دەبێ بەشێوەیەکی مەدەنیانە و بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشەکان و خوڵقانی زەمینەی لەبار بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشی دێموکراسی، ئیدی سەردەمی ئەوە هاتووە و دەبێ دەست لە شوعاری مەردن بۆ ساحەب کار. مردن بۆ دەوڵەت. مردن بۆ فلانی و فلان مقام هەڵگرین. لەبەرئەوە لەم شۆڕشەدا هاواری ئێمە بۆ دێموکراسی و بۆ عەدالەت و ژیانی دیموکراسی لە وڵاتدایە. بۆیە دەبێ هەڕەشە و شعاری مردن بۆیەک، جێگای خۆی بدا بەشۆڕشی بەیەکەوە حەوانەوە و ئیسلاح و دابینکردنی ژیانی تەندروست بۆ هەمووان.

شۆڕش بۆ قبوڵی یەک. قبوڵی ئایین و باوەڕی یەک. شۆڕش لەدژی شەڕی ئاینی و تایەفی و نەتەوەیی. جیای مەزهەب لەدەوڵەت. پشتیوانی لەو سیستەم و یاسایانەی پێ لەسەر گفتوگۆ و ڕێگاچارەی سیاسی دادەگرن. پشتیوانی لەو سیستەمانەی لایەنگری یاسای سەربەخۆن. لایەنگری ئازادی ڕادەربڕینن. لایەنگری مافی ژن. مافی وەک یەکی نەتەوەکان. ئازادی ڕێکخراوەیی و فرەحیزبی. پشتیوانی لە هەر سیستمێک کە ژیانی شارستانی و ئاوەدانی دەخولقێنێت. جا ئەمە چ فیدڕالیزم بێت. پارلمانی بێت. کۆمۆنی و شۆڕایی، یان هەر ناوێکی دیکە بێت، کە ڕێگا بۆگەشەی دێموکراسی و پەروەردەی کولتوورێکی نوێ دێنێتە ئاڕاوە، دەخالەتمان تێیدابێت و خۆمانی تێداجێگربکەین.

چینی چەوساوە بۆ گەیشتن بەداواکانیان و دەستخستنی پێگە کۆمەڵایەتیەکانی لە موقابیل داگیرگەرانی ژیاندا، دەبێ بەرەوپیری ئەو سیستمە مودێڕنانە بچین تا ئەوەی مەبەستمانە لەم ئاڵوگۆڕانەدا بەدەستی بێنین. بۆ ئەوە هەنگاوێک لە ژیانی موناسب. خوێندنی موناسب و خۆڕایی. دوکتورو دەرمانی هەرزان. فەراهەم بوونی فەزای دوور لەشەڕ. دۆزینەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی و ئینسانی خۆمان لەگەمە کۆمەڵایەتیەکاندا هەنگاو گەڵگرین. بۆ گەیشتن بەویستەکانمان بەبێ سڵەمینە لەهەر بۆچوونێکی ئانارشیستی هەنگاو هەڵگرین و خۆمان قسەی خۆمان بکەین.

یەکی ئەیار و شۆڕشە یەک لەدوایەکەکانی ئەم مێژووە، کە ڕوناکبیرانی شۆڕشگێڕ و چەپ و سوسیالیستەکان ئیدامەدەری بوون، بەسەرەنجامگەیاندنی ئەم خەباتە لەگرێوی هوشیاری و تێگەیشتن و ڕێکخراوەیی چینی ژێردەستدایە. لەوەدایە چەند چینی ژێردەست مافەکانی خۆی ناسیوە و باوەڕی بەخۆیەتی. چەند لەداوی مەزهەب و خورافەپەرستی خۆی ڕزگارکردووە. چەندە بەهای بەیەک بوونی ڕێزەکانی خۆی دەدا و چۆن بەرخورد بەدەوروبەری خۆی دەکات.

کەوایە بەڵێ بۆشۆڕشی دێموکراسی و جیایی مەزهەب لەدەوڵەت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست - ڕێکەوتی: ٢٧ی ئەپریلی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## بەرەو پێشوازی رۆژی جیهانی کرێکار




### ئامارێک لە گیان لە دەستدانی کرێکارانی کورد

**فەرانەک ئەڵماسی**

ئەگەر بمانهەوێت تۆزێک ورد بینەوە ، ئامارەکان لە ماوەی یەک مانگی سەرەتای ساڵی نوێ، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە گیان لە دەستدانی کرێکاران بە تایبەتی کرێکارانی کورد و کەم تەمەن، لە شوێنی کار بە هۆی"نا ئیستاندارد بوونی شوێنی کار، نەبوونی ئامراز و کەرەستەی تایبەت، نەبوونی بیمەی بێکاری و بیمەی رووداوی کار، نەبوونی سەعاتی کاری تایبەت" و چەند شتی دیکە، ڕێژەی ڕووداوەکانی کار لە ئێران بە گشتی و لە کوردستان بەتایبەتی، سێ ئەوەندەی جاران هەڵکشاوە، ئەمە زەنگێکی مەترسیدارە، بۆ کۆمەڵگای کرێکاری کە هیچ کەسێک نیە ئاوڕێک لەم قەیرانە بداتەوە.

کرێکارانی کورد، سەرباری ئەوەی ناچارن بۆ بژێوی ژیانی خۆیان و بنەماڵەکانیان ڕووبکەنە کاری مەترسیدار، لە پێناو پارو نانێکدا گیانیان لە دەست ئەدەن یان کەم ئەندام دەبن و توانای کارکردنیان نامێنێت. ڕێژی گیان لە دەستدانی کرێکاران لە شوێنی کار لە سەدا ٨٠ زیادی کردووە کە دەتوانین ئەوە بڵێین ڕێژەی گیان لە دەستدانەکان دەگەڕێتەوە بۆ "بەربوونەوەی کرێکاران لە بەرزایەکان و بینا نیوە کارەکان " ئەو کرێکارانە لە خۆ دەگرێت کە سەرقاڵی کاری جۆشکاری یان بەستنی ئاڵماتوڕەکانن کە بە هۆی نەبوونی هیچ ئیمکاناتێکی پێویست بەسەر ئاهەنەکاندا سەردەکەون و لە ئاکامدا بە هۆی لەق بوونی شوێن پێکانیان بەردەبنەوە و دەست بە جێ گیانیان لە دەست دەدەن، هەروەها کەم نین ئەو کرێکارانەی کە لە بینا نیوە کارەکان کار دەکەن و زۆربەی هەر زۆریان کاتێک بەر دەبنەوە تووشی شکانی ئەندامی جەستەیان دەبن کە گیرسانەوەی زۆر زۆر ماوە لەخۆ دەگرێت و زۆر جاریش هەر ئەو، برینە دەبێتە هۆی فەلەج بوونیان و بو هەتا هەتایە توانایی کارکردنیان نامێنێت.

کرێکارانی گرێبەست،ئەوانەی کە گرێبەستین لە سەرەتای ساڵەکانەوە لە لایەن خاوەنکار گریبەستەکانیان نوێ ناکرێتەوە لە بەر ئەوەی مافەکانیان بە تەواوی پێشێل دەکرێت، ئەوانەشی کە رۆژانە کار دەکەن چ تووشی رووداو بن چ نەبن، هیچ بەهاییەکیان لە لای خاوەنکار نیە.

لە شارەکانی کوردستان، قەیرانی لە ڕادەبەدەری ئابووری، تەنگی بە ژیانی هەموو توێژێک بەتایبەتی کرێکارانی کورد هەڵچنیووە، ئەوان ناچارن کە بۆ بژێوی ژیانیان ڕووبکەنە شارەکانی دیکەی ئێران و سەرقاڵی کاربن، کە لە کرێکاری ئەفغانی خراپتر لە گەڵیان هەڵسووکەوت دەکەن، حەقدەستەکانیان دەخورێت و هیچ ناوەندێکی حکومەتیش پاڵپشتیان لێ ناکات.

کەم تەرخەمی خاوەنکار، نەبوونی کەرەستەوە ئامرازی تایبەت، پشت گوێ خستنی داخوازی کرێکاران لە لایەن ڕێکخراوەی دابین کردنی کۆمەلایەتی هەمووی ئەمانە بەرنامە دارێژراون بۆ چەوساندنەوە و پێشێل کردنی مافی کرێکاریک کە تەنیا گیانی خۆی نەبێت هیچ پشتیوانێکی نیە کە داهاتووی بۆ دابین بکات.
لە کاتێکدا بەرەو ڕۆژی جیهانی کرێکار دەچین کە دۆخی ژیانی کرێکاران لە جاران خراپترە و گیان لەدەستدانی کرێکاران و پێشێل کاری مافەکانیان لە لایەن خاوەنکارەوە زیاتر پەرەی سەندووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەلات - ڕێکەوتی: ٢١ی ئەپریلی ٢٠١٦

---

## ژنانی کرێکار بەشێکی جیانەکراوەن لە کرێکارانی جیهان




**فەریبا محەمەدی**

ژنانی کرێکار بەشێکی جیانەکراوەن لە کرێکارانی سەرتاسەی جیهان کە بە هۆی ڕەگەزیانەوە ڕووبەڕووی گەلێک هەلاواردن و توندوتیژی دەبنەوە کە ئەمەش بۆ خۆی کاریگەری لە سەر هەموو بوارەکانی ژیانی ئەوان هەیە. جیاوازی ئاستی کار و حەقدەستی ژنانی کرێکار لە بەرانبەر پیاوانی کرێکاردا ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە هەنووکەش ژنانی تێکۆشەر و فێمنیست بەشێکی سەرەکی لە خەباتی خۆیانیان بۆ ئەوە تەرخان کردووە تاکوو ژنان لە هەموو بوارەکانی کارکردن بتوانن وەکوو پیاوان لە وەرگرتنی پۆست و حەقدەست یەکسان بن.

هێشتاکە لە زۆربەی کۆمەڵگاکان بە ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەلاتیشەوە، حەقدەستی ژنانی کرێکار لە پیاوان کەمترە و لە هەمان کاتیشدا ڕووبەڕووی گەلێک توندوتیژی و سوکایەتی دەبنەوە. لە حاڵی حازردا یەکێک لەکێشە کۆمەلایەتیەکانی لە جیهاندا، توندوتیژی شوێنی کارە.ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار،لە لێکۆڵینەوەیەکدا ڕایگەیاند: هەندێ لە کرێکاران و بەتایبەت شۆفیری

تاکسیەکان،کارمەندی نەخۆشخانەکان، مامۆستایان، خاوەن دووکانەکان و کەسانێکە لە وڵاتانی دەرەوە کاردەکەن یان کەسانێکە بەتەنیایی کاردەکەن وبەتایبەت ئەوانەی سەعات کارەکەیان شەوە،زۆرتر لە بەردەم مەترسی توندوتیژیدان. وهەروەها ئەم رێکخراوەیە پێداگری لەسەر ئەوە کردووە کە ئەم توندوتیژیانەش زۆتر ژنان ئەگرێتەوە.

ژنانی کرێکار لە ئێرانیش بە هۆی نایەکسانی لە پیشە و کارکردن، زیاتر لە پیاوان لە مەترسی بێکاری و هەژاریدان. لەم نێوەدا ئەو ژنانەی کە سەرپەرستی خێزانیان لە ئەستۆدایە زۆرترین رێژەی بێکاری و هەژاری پێک دێنن و هەر ئەم کەسانە بە هۆی دەست پێرانەگەیشتن بە ئاموزش و پەروەردە، زیاتر لە هەر کەسێکی تر تامی تاڵی فەقیری دەچێژن. ئامارە رەسمیەکان لە ئێران باس لەوە دەکەن کە ژنان، ٤ - ٩ دەرسەدی سەرپەرستی خێزانیان لە ئەستۆدایە، زۆربەی ئەو ژنانە کە بە هۆی لە دەست دانی هاوسەرەکانیانەوە بوون بە سەرپەرستی خانەوادەکانیانەوە و لەم نێوەشدا ٥ - ٢٢ دەرسەد لەو ژنان توانیویانە کار یان پیشەیەکیان هەبێ. ٤ - ٣١ دەرسەد لە ژنانی شار و ٢ - ٤٤ دەرسەد لە ژنانی لادێەکان کە سەرپەرستی خێزانیان لە ئەستۆدایە خاوەن کار و پیشەیەکی هەمیشەیی نین و زۆر جار بە یارمەتی باقی ئەندامانی خێزانەکە ژیانیان بەرێوە دەبن.

ئەم ئامارە ئەو راستییەمان بۆ دەردەخا کە ژنانی کرێکار و فەرمانبەر لە ئێران و بە تایبەت ئەوانەی سەرپەرستی خێزانیان لە ئەستۆدایە لە چ دۆخێکی نالەباردا دەژین. ئەوان بە هۆی سیســـتەمی پیاوسالاری و ئەو روانگەیە کە بەرانبەر بە رەگەزی مێ هەیە هەر لە دۆزینەوەی کار یان پیشەیەک هەتاکوو حەقدەست و هتد رووبەرووی هەڵاواردن دەبنەوە و هاوکات لە گەڵ هەموو ئەو ئێش و ئازارنە دەبێ وەکوو ژنێکی ماڵ و هەروەها وەکوو دایکێکی باش خزمەتی هاوسەر و منداڵەکانیان بکەن و ئەرکی قورسی ماڵەوەشیان لە سەر شانە کە ئەمە خۆی هەم لە باری جەستەیی و هەم لە باری دەروونیشەوە کێشە بۆ ژنان ساز دەکات.

بەشێکی زۆر لە ژنانی کرێکار لە کوردستان لە کورەخانە و کارگاکانی تەون کردنن کە ئەم کارانە لە ریزی سەخترین و دژوارترین کارەکانن کە کاتی کارکردنیش لەم شوێنانە زۆر زیاترە لە باقی شوێنەکان و زۆر جار ژنانی حامیلە ناچارن تا کاتی منداڵ بوونیان خەریکی کاری قورس و تاقەت پرۆکێن بن و خاوەن کارەکانیش بە ئارەزووی خۆیان ئەوان دەچەوسێنەوە بە بێ‌ئەوەی هیچ کاتێک رووبەرووی لێپرسینەوە بنەوە. کاری کورەخانەکان کە لە وەرزی گەرما دەستپێدەکات و لە بەر تیشکی هەتاو ئەو کارە دەکرێ و ژنانی کرێکار ناچارن کە زۆر جار لە گەڵ خێزانەکانیان بە کۆمەڵ لەوێ کار بکەن کە ئەمەش کاریگەری خراپی لە سەر منداڵ هەیە.

ئەو شوێنانەش کە ژنان خەریکی تەون کردن و دروست کردنی فەرشن بە گشتی شوێنێکی تاریک و شێدارن کە دەبێتە هۆی نەخۆشی. ئەمە بە کورتی ئاماژەیەک بوو بە وەزعی ژنانی کرێکار و لە هەمان کاتدا روونکردنەوەیەک بوو بۆ ئەوەی بزانین ژنانی کرێکار لە جیهان و بە تایبەت لە ئێران تا چەند رووبەرووی جیاوازی کار و پیشە و حەقدەست و هەروەها هەڵاواردنی رەگەزی دەبنەوە. ئەوان هەم وەکوو کرێکارێک دەچەوسێنەوە و هەم وەکوو رەگەزی مێ کە ئەمە ئەو هەڵاواردنە چینایەتیە کە لە سەر کریکاران بە گشتی هەیە بۆ ئەوان زیاتر دەکاتەوە.

هەر بۆیە ژنانی کرێکار بەشێکی جیانەکراوەن لە کرێکارانی جیهان کە دەبێ لە هەموو کاتێکدا پێکەوە خەباتی یەکسانی بەرەو پیش بەرن و ڕێگە نەدەن کە جیاوازی رەگەزی ببێ بە کۆسپێک لە سەر ڕێگای ئەوان. چونکە خەباتی یەکسانی حەقدەست و ژیانێکی ئینسانی بۆ کرێکار گەورەترین پاڵپشت و یارمەتیدەرە بۆ خەباتی ژنان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - ڕێکەوتی: ٢٩ی ئەپریلی ٢٠١٥

---

## رۆژی کرێکار و بارودۆخی ژنانی کرێکار لە ئێران



نیشتمان روحانی - ئەوین مستەفازادە

سەرەتای مانگی مەی هەر ساڵێک یاد کردنە لە خەباتی چینی کرێکاران، ئەوان زۆرترین رێژەی هێزی مرۆیی و لە هەمان کاتدا بێبەشترین تویژی هەر کۆمەڵگایەکن. لە ساڵیادی رۆژی جیهانی کرێکار لە ئێران هیچ شتێکی دڵخۆشکەر بۆ ئەو تویژە نیە، و بەردەوام رەوتی رووداوەکان و هەواڵەکان لە سەر دۆخی کرێکاران رۆژ لە گەل رۆژ بە ئاراستەی خراپتر دەروات. بارودۆخی خراپی ئابووری و تەحریمەکان زیاتر لە هەر توێژێک بەرۆکی کرێکارانی گرتۆتەوە، سەرەرای خراپی دۆخی کریکارانبەگشتی، رێژەیەکی زۆر لەو توێژە بوونیان هەیە بە کرێکاریش ئەژمار ناکرێن. " کرێکارانی هەرزان و بێدەنگ" باشتر وایە بەم دەستەواژە ناویان ببەین، ژنانێک کە ناچار بە هەرزان فرۆش کردنی هێزی کاری خۆیانن بێ ئەوەی بتوانن یا دەرفەتی ئەوەیان پێ بدرێ دەنگی نارەزایەتی خۆیان هەڵبرن.

ژنان و بەتایبەتی ژنانی کرێکار بەردەوام ستەمی زیاتریان لێ کراوە و هەوڵیان داوە دەنگی نارەزایەتی خۆیان هەڵبرن. سەرەتای دەستپێکی نارەزایەتیەکانیان بۆ پێش لە خۆپێشاندانە کرێکارییەکانی ساڵی ١٨٨٦ دەگەرێتەوە، ٨ی مارسی ١٨٧٥ی زایینی وەبیرهێنەری خەباتی ژنانی کرێکارە، بەمەبەستی دەربرینی نارەزایەتیان لە دۆخی خراپی شوێنی کار، کاتەکانی زۆری کار، حەقدەستی کەمتر، نەبوونی هیچ پێداویستیەک کە ژنانی کرێکار کە ناچار بوون بۆ بژێوی ژیانی خێزانەکانیان لە خراپترین دۆخ کار بکەن.

ژنانی کار بێبەشترین و ستەملێکراوترین توێژی کۆمەڵگای ئێران و کوردستانن. بە بۆنەی رۆژی جیهانی کرێکار پێویستە ئاور لەو توێژە لە کرێکاران بدەینەوە کە بەشێکی زۆر لە هێزی کار پێک دێنن و ئەو مافانەی بۆ کرێکاران دەبێ هەبێت بۆیان رەوا نابینن، و تەنانەت بە کرێکاریش هەژمار ناکرێن. ژنان بە کارکردنیان لە کارەگە گەورەکان و بچووکەکان، کورە خانەکان و کارگەکانی رستن و چنین و هەروەها کاری ماڵەوە رووبەرووی هەڵاواردن دەبنەوە و تەنانەت هیچ شوێنێکیان لە یاساکانی کاری ئێران نیە.

یاساکانی کار لە بەرژەوەندی ئەو ژنانەش نیە کە بە فەرمی وەک کرێکار کار دەکەن و زیاتر لەوەی پشتیوانیان بێت، بەربەست و ریگری زیاتریان بۆ دروست دەکات. بەشی سێیەم لە یاسای کاری کۆماری ئیسلامی تایبەتە بە کار کردنی ژنانی کرێکار، بەڵام ئەو یاسایە ناراستەوخۆ بێکار کردنی ژنان و هێشتنەوەیانە لە ماڵ کە بیانووی زیاتر بە خاوەنکارەکان دەدات لە هیزی ژنان کەڵک وەرنەگرن.

لە دەوڵەتی خاتەمیدا بە هۆی ئەو گۆرانکارییەی کە لە یاسای کاردا کرا، ئەو کارگانەی کە ریژەی کرێکارانی لە ١٠ کەس کەمتر بێت ئەوە یاساکانی کار نایانگرێتەوە، بە پێ ئامارەکانیش بەشێکی زۆر لە ژنانی کار لەو کارگانە کار دەکەن هەر بۆیە بێبەش دەبن لە بیمە و خزمەتگوزارییەکانی تایبەت بە کرێکاران. ئەوان ناچار بە کار کردنن لەو کارگانە بەڵام حەقدەستی کەمتر لە پیاوان وەردەگرن بە بیانوی لاوازی هێزی جەستە و ئەوەی کە پیاوان دابینکەری بژێوی خێزانن. هیچ خزمەتگوزاری ئیمەنی و پاراستنیان لە کاتی کار پێشکەش ناکرێ، بۆ نموونە کڵاو و پێڵاوی ئیمەنی یا دەستکێش بۆ کار کردن کەمتر بە قەبارەی بچوک بۆ ژنان هەیە، ئەمەش لە توانای کاری ئەوان کەم دەکاتەوەو ئاستی بەرهەمهێنان لەو کارگانە دێنێتە خوارەوە و بیانوویەکە بۆ وەرنەگرتنی ژنان لە کارگە گەورەکان. ئەمە لەحاڵێکدایە رێژەیەکی زۆر لە ژنانی کار خۆیان سەرپەرەستی خێزانن یا ئەوەی بە هۆی سەرپەرەستی خراپی خێزان " بد سرپرستی" ناچار بە بەرێوە بردن و دابینکردنی بژێوی ژیانی خێزانەکانیانن.بە پێ ئامارە نافەرمییەکان زیاتر لە ٨٠% ژنانی ئێران بێکار و لە ماڵەوەن، کەمتر لە ١٢% کار و پیشەیان هەیە. بە بەرز بوونەوەی ریژەی بێکاری لە ئێران ریژەی بێکاری ژنان سێ قات زیاترە لە نرخی بێکاری بە گشتی.

## دەکرێ ژنانی کار لە ئیران بۆ چەند دەستە دابەش بکەین:

**یەکەم**: ئەوانەی لە کارگە گەورەکان بە شێوەیەکی فەرمی وەک کرێکار وەرگیراون، و تارادەیەک لە دۆخێکی باشتر دان و یاساکانی کار دەیانگرێتەوە، ئەگەرچی لەم دۆخەی ئێران و بەهۆی داخران و مایەپووچ بوونی کارخانەکان رێژەیان بەرەو کەمبوون دەروات.

**دووەم**: ئەو ژنانەی لە کارگە بچووکەکان کار دەکەن و یاساکانی کار نایانگرێتەوە، ئەوان هیچ خزمەتگوزاییەکیان بۆ دابین ناکرێ و تەنانەت حەقدەستیان لە پیاوان کەمترە، رێژەیەکی زۆر لە ژنانی کار لەو بەشە کار دەکەن و خاوەنکارەکان بە هۆی ئەوەی کە لە ژێر چاوەدێری یاساکانی کار نین، ناچار بە دابین کردنی خزمەتگوزاییە پێویستەکان و بیمە نین، زیاتر لە پیاوان لە هێزی کاری ژنان کەڵک وەردەگیردرێ. زیاتر لە هەر شوێنیک سوکایەتی و دەستدرێژی کردن بۆ سەر ژنان لەم کارگانە بوونی هەیە، بەڵام زۆرێک لە ژنان بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانیان پێویستیان بەو کارە هەیە ناوێرن دەنگی نارەزایەتی خۆیان هەڵبرن، ئەم شوێنانە هیچ ئەمنیەتێکی بۆ ژنان نیە.

**سێیەم**، ئەو ژنانەی کە بە رێژەیەکی بەرچاو کاری پاک وخاوێنی کارگەکان و شوێنە ئیدارییەکان دەکەن.

**دەستەی چوارەم**، لە هیچ شوێنیکی ئامارەکان بۆنیان نیە، ئەو ژنانەی لە ماڵ کار دەکەن، ئەڵبەت مەبەست کاری ماڵ نیە بەڵکو کار کردن لە ماڵ، وەکو کاری دەستی، قاڵیبافی، بەرگدووری و ...

**دەستەی پێنجەم**، بێبەشترین گرووپ لە ژنان نەک لە هیچ ئامارێک و شوێنیک باسیان لێوە ناکرێ بەڵکو تا ئێستاش کار کردنیان هیچ بەها و نرخێکی بۆ دانانرێ دەستەی پێنجەم لە ژنانی کارن، ئەو ژنانە زیاتر لە پیاوان کار دەکەن و ماندوو دەبن بێ ئەوەی تەنانەت حەقدەستی کار کردنیان وەرگرن، ژنانی ماڵ کە بە ژنانی " خانەدار" ناسراون. ئەگەرچی لە چەند سالی رابردوودا هەندیک هەوڵ درا کە بیمە یا مووچەیەک بۆ ئەو ژنانە دیاری بکرێ بەڵام لە ئاراستەی سیاسەتی ناردنەوەی ژنان بۆ کونجی ماڵ بوە، کە تا ئێستاش نەچۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

**شەشەم**، بێبەشترین و فەرامۆش کراوترین دەستە لە ژنانی کار کە تەنانەت بارودۆخیان لە ژنانی ماڵەوە خراپترە و هیچ ئاورێکیان لێ نادرێتەوە بەداخەوە تەنانەت چالاکانی مافی ژنانیش ئەوانیان فەرامۆش کردووە، ژنانی گوند نشینن جگە لەوەی ئەرکی بەخێوکردنی منداڵ و کاری ماڵەوەیان لە ئەستۆیە هاوشان لە گەل پیاوان لە مەزراکان کار دەکەن، بە هۆی ئەوەی کە لە ئێران و بەتایبەتیش لە کوردستان هێشتا کاری کشت وکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ بە شێوەیەکی نەریتی بەرێوە دەچێت، بەشێکی زۆر لەو ئەرکە لە ئەستۆی ژنانە بێ ئەوەی هیچ حەقدەست یا مافێکیان هەبێت.

بێکاری، داهاتی کەم و نەبوون سەقامگیری ئابووری، گرنگترین ئەو بابەتانەیە کە ژنانی کرێکار لەگەڵی رووبەروون. هەروەها بوونی کێشە و گرفتی فەرهەنگی وەکو بێرێزی، سوکایەتی کردن و هەرشە لە دەرکردن لەو مەترسیانەن کە دەبێتە هۆی ئەوەی ژنانی کار لە گەڵ گوشاری رۆحی و دەروونی زیاتر بەرەروو بن.

لەم راپۆرتدا ئاورێک لە گرنگترین ئەو بابەتانە دەدەین کە ژنانی کرێکار لە کۆمەڵگای ئێران لە گەڵی بەرەروون.

## هەڵاواردنی شاراوە

ژنانی کرێکار لە کۆمەڵگای ئێران لە هەڵاواردنی چەند لایەنەی مێژوویی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و یاسایی ئازار دەکێشن و سەرەکیترین قوربانیانی بارودۆخی قەیراناوی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری لە ئێرانن. ژنانی کار جگە لەوەی لە پیشەی کەم داهات و قورس بە کاتەکانی کار کردنی زۆر و نایاسایی، لە بارودۆخی کاری هاوشێوە لە گەڵ پیاوان حەقدەستی کەمتر وەردەگرن، لە ریزی پیشەوەی دەرکردنەکان دەبن. زۆر بوونی نرخی بێکاری ژنان، بە پێ ماڵپەری ناوەندی ئاماری ئێران، لە ٣٣% لە ساڵی ٨٤ بە ٤٣% لە ساڵی ١٣٩٠ دەرخەری ئەم راستیەیە.

ژنانی کرێکار لە ئامارە فەرمیەکان ٥% گشت کرێکارەکان پێکدەهێنن و لە بەر ئەوەی زیاتر لە کەرتی تایبەت کار دەکەن، لە هیچ شوێنێکی ئامار و داتاکان بوونیان نیە و گرنگیان پێ نادرێ. ئەگەرچی ئەوان لە کەرتی حکومیش لە مافە سەرەتایی و یاساییەکانی خۆیان کەمتر سود وەردەگرن و بە پێ یاسای کار ئەو دەرفەتانەی کە بە رواڵەت بۆ هاوکاری ژنانی کرێکار لە بەرچاو گیراوە بۆتە هۆی ئەوەی تا خاوەنکارەکان کەمتر خوازیاری دامەزرانی ژنانی بن، و بۆ خۆدزینەوە لە یاسای موڵەتی دووگیانی، مافی شیردان و دروست کردنی داینگە و باخچەی ساوایان، نایانەوێ ژنانی کرێکار دابمەزرێنن.

یەکێکی دیکە لە گرفتەکانی ژنانی کرێکار داخران و مایەپووچ بوونی کارگە گەورەکانی بەرهەمهێنان و ناچار بوونی ئەوانە بە کار کردنیان لە کارگە بچوکەکانە کە یاساکانی کار نایانگرێتەوە.

حەقدەستی ئەم کرێکارانە بە شێوەیەکی نێوەنجی ٢٠٠ تا ٢٥٠ هەزار تمەن و کاتەکانی کار کردنی ئەوان لە ١٠ کاتژمێر زیاترە وتەنانەت لە هەندێ لەم کارگانە خاوەنکارەکان رێژەی بەرهەمهێنانی رۆژانە دەکەنە پێوەر بۆ کاری کرێکار و دوای تەواو کردنی ئەو برە کارەی بۆی دیاری کراوە بۆیان هەیە برۆنەوە.

جگەلەمانە ژنانی کار لە ئێران بەردەوام لە شوێنی کاریان رووبەرووی هەڵاواردن دەبنەوە. حەقدەستی ژنان بەرامبەر پیاوان کەمترە و بەربەستی زۆریان لە بەرزکردنەوەی پلە و پایە هەیە. ئەوان سەرەرای ئەو توانایییەی کە هەیانە ناتوانن  بە ئاستە بەرزەکانی بەرێوەبەری بگەن و بەردەوام رووبەرووی ئازار و دەستدرێژی جنسی دەبنەوە و داب و نەریتی دواکەوتوانە کۆمەڵگاش یەکێکی دیکەیە لە بەربەستەکانی ئەو ژنانە بۆ کار کردنیان.

هەڵاواردن لە کاتی کردن بە یەکێک لە گرفتە سەرەکیەکانی ژنانی کار هەژمار دەکری

سەرەکیترین گرفتەکانی ژنانی کرێکار ئەوەیە کە زۆرێک لە ئەوانە لەو کارگانە کار دەکەن کە یاسای کار نایانگرێتەوە، هیچ چاوەدێرێک لە سەر ئەم جۆرە کارگانە ناکرێ. ئەم ژنانە لە کەمترین مافەکانی کرێکاری بێبەشن و موچەیان لەو موچەی کە ساڵانە لە لایەن شورای یاسای کار پەسەند دەکرێ زۆر کەمتر. ئەوان موڵەتی دووگیانیان نیە، داینگە و باخچەی ساوایانیان بۆ دابین ناکرێ و هەندێ جار لە بارودۆخی نەشیاو لە بواری ئیمەنی لە نێوان ١٠ تا ١٢ کاتژمێر کار دەکەن و رووبرووی توندوتیژی خاوەنکار دەبنەوە، تەنانەت توندوتیژی جنسی.
یەکێکی دیکە لە گرفتەکانی ژنانی کار لە ماوەی رابردوو، نەبوونی ئەمنیەتی کاری لە کارگەکان بە هۆی هاوسەرگیریی یا دووگیانیانە. زۆر لە شوێنەکان ئەو ژنانەی منداڵی بچوکیان هەیە وەریاناگرن، و یا هەر کە منداڵیان بوو لە سەر کارەکەی دەریدەکەن و گرێبەستەکەی هەڵدەوەشێننەوە. ئەمانە هەموو ئەو هەڵاواردنانەیە کە ژنان رووبەرووی دەبنەوە.

هەروەها کەمبوونەوەی ئیجباری کاتەکانی کار کردن، خانەنشینی ناوادە، دوورخستنەوە، زیاتر بەرۆکی ژنانی کاری گرتۆتەوە و دەبێتە هۆی لە دەست چوونی دەرفەتەکانی کار کردن و رێگر دەبێت لە پێشکەوتنی ژنان لە شوێنی کاریان. دوورخستنەوە  بە رواڵەت

بە مەبەستی پشتیوانی لە ژنانە، بەڵام لەراستیدا دوور بوونی ژنان لە شوێنە گشتی و کۆمەڵایەتیەکان و لە دەست چوونی دەرفەتەکانی پێشکەوتن و گەشە لە شوێنی کارە، کە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری لە نێو ژنان و ئەمە تەنها یەکێکە لە ئاکامەکانی.

## پیشە خزمەتگوزارییەکان

بە شێوەیەکی گشتی لە ساڵانی رابردوو، چ لە کەرتی تایبەت و چ لە کەرتی حکومی بە شێوەیەکی بەرچاو ڕێژەی هێزی کار بەرەو کەمبوونەوە ڕۆیشتوە، ڕێژەی ئەو ژنانەی لەو شوێنانە کاریان دەکرد زۆر کەم بۆتەوە. لە بواری سەنعەتی و کرێکاری بە هۆی بارودۆخی خراپی ئابووری هێزی کار لەو کەرتی تایبەت کەم بۆتەوە و هەر وەک ئاشکرایە بە هۆی ئەو تێروانینەی کە بەرامبەر بە ژنان هەیە، ئەوان لە ریزی یەکەمی دەرکردنەکان بوون. لە کەرتی حکومیش بە هۆی سیاسەتی کاراکردن و بچوک کردن هێزی کاری ژنان لەو بوارەش بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمێ کردوە و ژنانیش بە هۆی ئەو سیاسەتانە بێکار بوون. بەڵام بەشداری ژنان لە بوار و پیشە خزمەتگوزارییەکان تا رادەیەک زیاتر بوە و لە هەندێ بواری وەکو کشت وکاڵی، ماڵداری، قاڵیبافی، کاری دەستی و کار و پیشەی هاوشێوەی ئەمانە زۆرتر چالاکیان هەیە لە بەر ئەوەی چ لە رووی ناچاری بێت یا حەزی خۆیان ناچارن کار بکەن و ئەم جۆرە کارانە سەرمایەی کەمتری پێویستە و ئاسانتر دەتوانن لەو بوارانە کار بکەن.

ژنان زیاتر لە بەشە خزمەتگوزارییەکان کار دەکەن. زۆرێک لە ژنان کە لەو بەشانە کار دەکەن خۆیان سەرپەرەستی خێزانن، کە بە هۆی بارودۆخی خراپی ئابووری وڵات، بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵاوسان و گرانی بەرچاو، بەردەوام رووبەرووی مەترسی و داخرانی شوێنەکانی کار کردنیان دەبنەوە.

ئامارێکی تەواو ودروست لە ژمارەی ژنانی کار کە خۆیان بەرێوەبەر و سەرپەرەستی خێزانن لە بەر دەست نیە، بەڵام دەتوانین بڵێین زۆرینەی ژنانی کار خۆیان سەرپەرەست و دابین کەری بژێوی خێزانەکانیانن. ئەو ژنانە لە زۆربەی حاڵەتەکان ئەگەر هاوسەرەکانیان لە دەست دابێت نەیانتوانیوە ژیانی هاوبەشی دووبارە پێک بێنن و بەتەنیا ئەرکەکانی ژیانی رۆژانەیان بەرێوە دەبەن. لە هەندێ حاڵەتیشدا ئەوان خاوەن منداڵن یا ئەوەی کە سەرەپەرستی و بەخێو کردنی دایک و باوکیان لە ئەستۆیە.

ئەگەر بمانەوەی بە زمانی ئامار و داتا قسە بکەین دەتوانین بڵێن نزیک بە ١٧ تا ٢٠% لە ژنان بە شێوەی فەرمی کار دەکەن و زۆرترین ڕێژە لە بەشەکانی دیکە کار دەکەن. واتە نزیک بە ١٧% لە ژنان لە بەشەکانی سەنعەتی و کشت و کاڵ کار دەکەن، هەروەها نزیک بە ١٦ تا ١٧% لە بەشە ئیدارییەکان چالاکی دەکەن. هەروەها هیچ ئامار و داتایەک لەو جۆرە کارانە نیە کە ژنان جگە لە کاری ماڵ، لە ماڵەوە پێوەی خەریک دەبن. ئەگەرچی هەر ژنێک کە لە ماڵ ئەرکی بەخێوکردن وکاری ماڵی لە ئەستۆیە دەبێ بە کار بۆی ئەژمار بکرێ و مافەکانی رەچاو بکرێ. بەداخەوە کاری ئەوان هیچ لە بەرچاو ناگیردرێت و نە بیمەیان هەیە کە بتوانن سودی لێ وەرگرن نە ئەوەی کە حەقدەستێکیان هەبێت.



سەرچاوە Serchawe

## موچەی ژنانی کرێکار لە لانیکەمی موچەی دیاری کراوی یاسای کار کەمترە

بە وتەی نوێنەری کرێکاران لە پارلەمانی شەشەمی شورای ئیسلامی: بە پێ لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی کە لە ماوەی رابردوو لە شارەکان کراوە، ژنێکی کرێکار کە لە ماوەی یەک ساڵ فەرشێک دروست دەکات، یەک میلیون وەکو حەقدەست وەردەگرێ کە بە شێوەیەکی نێوەنجی بۆ هەر مانگێک دەبێتە ١٠٠ هەزار تمەن. واتە ئەم ژنە یەک لە سەر چواری حەقدەست وەردەگرێ، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە پێویستی بە پارەیە ناچارە بەو کار. ئەو کومپانیایانەی کە لە کرێکاری پەیمانکار کەڵک وەردەگرن، بە هۆی ئەو بەربەستانەی کە بۆ ژنان هەیە کەمتر لە موچەی دیاریکراو پێیان دەدرێ. هەروەها ئەو کەسانەش کە لە بەشە خزمەتگوزارییەکان کار دەکەن، وەک سکرتێرەکان یا ئەو کرێکارانەی کە لە شوێنە ئیدارییەکان بەتایبەتی کار پاک و خاوێنی دەکەن، زۆربەی جار زۆر کەمتر لە لانیکەم حەقدەستی دیاری کراوی یاسای کار وەردەگرن و بیمە ناکرێنەوە، بەپاساوی ئەوەی کە ئەم ناوەندانە ناچنە ریزی ناوەند و شوێنە بەرهەمهێنەکان و زۆرتر لە بواری خزمەتگوزاری کار دەکەن، هەر بۆیە لە توانایان نیە لەوە زیاتر بە کرێکارەکانیان بدەن.

## ژنانی کرێکار پێویستیان بە پشتیوانی یاسایی زیاترە

کێشەی ژنان لە ئێستادا نەبوونی هەلی کار لە لایەک و مانەوەیان لەسەر کار لە لایەکە دیکەوەیە. دەبێت سەرنج بەو خاڵە بدرێت کە هەندێک لەو یاسایانەی کە بۆ پشتیوانی لە مافی ژنان پەسەند دەکرێت، کارکردنی ژنان دژوارتر دەکات و کێشەی نوێیان بۆ دروست دەکات. لەوانەیە ئەو کێشە لە لایەن کەسەکەن و لایەنەکان کەمتر گرنگی پێ بدرێت، بەڵام دەبێت بە جدی بخرێتە بەرباس و یاسای گشتی و کارامەی بۆ پەسەند بکرێت.

لە ئێستادا ژنانی کار پێویستیان بە پشتیوانی یاسایی هەیە. نەبوونی پشتیوانی یاسایی لەگەڵ رێژەی کەمی بەشداری ژنان لە چالاکییە ئابورییەکان بارودۆخی کارکردنی ژنانی لەگەڵ کێشە بەرەورووو کردووە.

لەو بەینەدا پرسیارێک بوونی هەیە، ئەوەی کە ژنانی کرێکار تا چەندە بە نیسبەت کێشەکانی خۆیان و چارەسەرکردنیان بە ئاگان؟ بە وتەی چالاکانی مافی کرێکاران، ئاگایی ژنانی کرێکار بە رادەیەکی زۆر چۆتە سەرەوە، بەڵام بە هۆی قەیرانی کار لە ئێران ئەوان ناچارن روو لە کارە رەشەکان بکەن و لەگەڵ ئەوەی کە دەزانن خراپ بە کار دەهێندرێن بەڵام رێگا چارەییان نیە. ئەوان دەزانن دەبێت ناوەند و پێکهاتەی سەربەخۆیان هەبێت، بەڵام پشتیوانیان لێ ناکرێت.

یەکیەتی سەرانسەی ژنانی کرێکار لە ئێران بوونی هەیە، بەڵام کەسێک دەتوانێت ببێتە ئەندامی ئەو ناوەندە کە لەژێر چاوەدێری رێکخراوی دابین کردنی کۆمەڵایەتی بێت.



سەرچاوە
Serchawe

ئەوانە هەموو لەو مەسەلە گرنگانەن کە نابێت فەرامۆش بکرێن. کاتێک لە وڵاتێک کار بوونی نیە و سود بۆ بەرهەمهێنان هەژمار ناکرێت، یەکەم شت کە رووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە، ئەمنیەتی کاری کرێکارانە. دەبێت لە تەنیشت دابین کردنی ئەمنیەتی کار بۆ کرێکاران، یاسایی پشتیوانی لەباریش بوونی هەبێت کە ژنانی لە بارودۆخی جۆراوجۆر کارەکانیان لە دەست نەدەن. دەوڵەتەکان دەبێت هەر بەو شێوەیەی کە گرنگە بە ئەمنیەتی کاری پیاوانی سەرپەرشتی خێزان دەدەن، ئەرزش بۆ ژنانی سەرپەرشتی خێزانیش دابنێن. بۆ نموونە کاتێک ژنێک بە هۆی دووگیانی، بەردەوام نیگەرانی لەدەست دانی کارەکەی هەیە.

دابین کردنی بارودۆخی بێهداشتی و پاراستن بۆ کرێکاران و ژنانی کاریش خاڵێکی گرنگە. لە ئێستادا دەبینین کە ژنانی کار رووبەڕووی هەڵاواردنی ئاشکرا و شاراوەن، بەڵام بە هۆی نەبوونی هەلی کار ناچارن ئەو هەڵاوادنانە قەبوڵ بکەن و بە حەقدەستی کەم و لە بارودۆخی نەپارێزراو و دوور لە تەندروستی کار بکەن کە ئەوەش شوێنەواری خراپی بۆ ئەو ژنانە هەیە.

بارودۆخی خراپی ئابووری ئێران، داخران و مایەپووچ بوونی زۆرێک لە کارگە بچوک و گەورەکان، زۆر بوونی رێژەی بێکاری و ژیانی ژێر هێڵی هەژاری، ژیانی چینی کرێکار و بەتایبەتی ژنانی کاری لەو وڵاتە دژوارتر کردوە. وایکردوە سەرەرای هەموو کێشە و بەربەستەکان جگە لە کاری زۆر و پرزەحمەتی ماڵ لە دەرەوەش کار بکەن. ئەوان زیاتر لە هەر توێژێک رووبەرووی پێشێلکاری دەبنەوە. پێویستە چالاکانی مافی ژنان و چینی کرێکاری زیاتر ئاوڕ لە ژنانی کار بدەنەوە زۆر پەراوێز خراون بدەنەوە. بەداخەوە تا ئێستا کەمترین هەوڵدراوە بۆ خستنەرووی کێشە و گرفتەکانی ئەم ژنانەی، کە لە بێدەنگی هێز و توانایی خۆیان بە هەرزان دەفرۆشن.

یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، گروپ کاری بەشی "کۆمەڵایەتی"

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان ئێران - ڕێکەوتی: ٢ی مای ٢٠١٥



سەرچاوە Serchawe

# مێژووی بزوتنەوەی کرێکاری ئێران لە پاش شۆڕشی ١٣٥٧




ئا: دوارۆژ

زۆربەی لێکۆڵەرانو مێژوونوسان لەسەر ئەو بڕوایەن کە تەقسیم بەندیو دابەشکردنی خەباتی کرێکارانی ئێران بەگشتی، هەمان پرۆسەی گشتی کۆمەڵگای ئێران لە پاش شۆڕشی ٥٧ نیشاندەدات. ئاڵوگۆڕەکانی خەباتی کرێکارانی ئێران پاش شۆڕشی ساڵی ٥٧ دەکرێت بە چەند دەورەی دیاریکراو دابەشبکرێت.

## لە شۆڕشەوە تا سەرەتای شەڕ

یەکەمین دەورە کەبە ڕوخانی محەممەد ڕەزا پەهلەوی دەستی پێکرد، بە دەسپێکردنی شەڕی هەشت ساڵە لەگەڵ عێراق لە خەرمانانی ٥٩ کۆتایی پێهات. لەم دەورەیەدا فەزایەکی کراوەی سیاسی لە ئێران پێکهاتبوو، باسو مشتومڕی سیاسی جیاواز لە ئارادا بوو، حیزبگەلێکی جۆراجۆر دروست بوونو، کرێکاران وەک باقی توێژەکانی کۆمەڵگا لە گۆڕەپانی کۆمەڵگادا حوزوریان بوو. لەم دەورەیەدا، لەشوێنی کار تەشەکولگەلێکی سەربەخۆ بە ناوی شورا پێکهات. شوراکان لە بەرنامەی کاری خۆیاندا ئەرکەکانیان لەسەرو ئەرکو کاری ئیتیحادیەو سەندیکاکان بوو، بۆ نمونە ژمارەیەک لە شوراکان، بەڕێوەبەرانی کارخانەکانیان لەسەر کار لابرد، یان لە دامەزراندنو لەسەرکاردەرکردنی کرێکارانو یان حسابڕەسی کارخانەدا بەشدارییان دەکرد.

دەورەی دواتر، دەورەیەکی یەکساڵەیە لە دەستپێکردنی شەڕی ئێرانو عێراق لە کۆتایی هاوینی ٥٩ تا ناوەڕاستی ساڵی ٦٠، لە ماوەی ئەم ساڵەدا گۆشارەکانی شەڕ کەوتە سەر کۆمەڵگاو لە شوێنی کاریشدا، (خانە کارگر) کەوتە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی شوراکان. خانەی کاریگەر، کە لە دەیەی ٤٠ و لە دەورانی حکومەتی محەممەد ڕەزا شای پەهلەوی، بەناوی سازمانی کرێکارانی ئێران پێکهاتبوو و پاش شۆڕشیش لە لایەن لایەنگرانی کۆماری ئیسلامییەوە بەڕێوەدەبرا، ئەو شوراو سەندیکا کرێکارییە سەربەخۆیانەی کە تا ئەو کات دروستبوون، بە غەیری ئیسلامی دەزاانیو خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی تەواوی ئەوانە بوو.

## ساڵەکانی شەڕ

دەورەی دواتر لە هاوینی ١٣٦٠ دەستی پێکرد. لەم دەورەیەدا بوو کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی خۆی دەسەڵاتی خۆی سەپاند،

ئۆپۆزیسیۆن بە تەواوی سەرکوت کرابوون‌و گوشار بۆ سەر کۆمەڵگاو شوێنی کار زۆرتر بوو، کە نمونەی ئەمانە ئەو ئێعدامە بەربڵاوانەبوون کە لەم دەورەیەدا بەڕێوەچوو. قانونی بەسیجی شەڕ هەر لەم سەردەمەدا پەسەندکرا کە بە پێی ئەوە ٢٠% کرێکاران دەبوایە رەوانەی بەرەکانی شەڕ بکرێن.

پەیمانی جەواهری، لێکۆڵەری مێژووی بزوتنەوە کرێکارییەکان، پێیوایە کە هەر ئەم مەسەلەیە بووە هۆی ئەوەی کە فەزایەکی جەنگی لە شوێنی کاردا دروست بێت‌و سەرەڕای ئەوەش ئابوریی وڵات بە تەرخانکردنی زۆرێک لە کارخانەکان بۆ دروستکردنی کەرەسەی شەڕ، بوو بە ئابوریی شەڕ. لەگەڵ ئەمەشدا لە ناوەڕاستی دەیەی ٦٠، واتە هەر لەو سەردەمی شەڕەدا، ناڕەزایی کرێکاریی بەرەبەرە زیادی کرد. ئەوان ناڕەزاییەکانیان بە شێوەگەلی جیاجیا، وەک کەم کاریی، یان نەچوون بۆ بەرەکانی شەڕ، نیشان دەدا. چەندین مانگرتنیش هەر لەم بارەیەوە بەڕێوەچوو.

## کرێکاران‌و دەورانی سازەندەگی

لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران‌و عێراق لە ساڵی ١٣٦٧، پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی ئابوریی ئێران دەستی پێکرد. بەرنامەی ئابوریی دەوڵەتی ئەکبەری هاشمی رەفسەنجانی، بریتی بوو لە کەمکردنەوەی هێزی ئینسانی لە کارخانەکان، بەم مانایە کە بەشێک لەهێزی کاری دامەزراوەکان دەبێت لابرێن، چونکە ئەم دەستەیە لە کرێکاران توانای بەرهەمی پیشەییان نەبوو.

بەخسوسی کردن، بەشێکی دیکە بوو لە بەرنامەی دەوڵەت بۆ نۆژەنکردنەوەی ئابوریی، کە بێکاریی ژمارەیەکی زۆر کرێکاری لێکەوتەوە. کەسانێک کە بێکار دەکران، لە حەقدەستی بێکاری یان بیمەی کۆمەڵایەتیش بێ بەش دەکران.

لێرەدا پێویستە سەرنجێکی قانونی کاری ئێران بدەین. لە نێوان ساڵەکانی ٥٨ تا ٦٩، ئێران بەکردەوە خاوەنی قانونی کار نەبوو. تۆمارو پەسەندکردنی قانونی کاری نوێ زیاتر لە ١٠ ساڵی خایاند. پلانی دەوڵەتی ئەبولحەسەنی بەنی سەدر، هیچی پێنەکراو گەڵاڵەی ئەحمەدی تەوکولی، وەزیری کار لە ساڵی ١٣٦٠، لەگەڵ ناڕەزایی توندی کرێکاراندا رووبەڕوو بوو، سەرەنجام دەوڵەت گەڵاڵەکەی خۆی وەرگرتەوە.

کێشمەکێشەکان لەسەر قانونی کار تا ساڵی ١٣٦٩ بەردەوام بوو. سەرەنجام لەم ساڵەدابوو کە قانونی کاری تازە، لە لایەن مەجمەعی دیاریکردنی بەرژەوندی نیزام پەسەندکرا. لە ساڵی ١٣٧٣ مافی ئەوە بە کارفەرما دراوە تا گرێبەستی کاتیی لەگەڵ کرێکاران ببەستێت. کرێکارانێک کە بەم جۆرە دادەمەزرێن، لە تەواوی مافەکان بێ بەش دەبن، تەنانەت ئەو مافانەی کە لە قانونی کاردا هاتووە.

پاش بەرەورووبوونەوەی توندی دەوڵەت لەگەڵ خەباتە کرێکارییەکان لە سەردەمی شەڕی یەک دوو ساڵی پاش ئەوە، جارێکی تر ناڕەزایی‌و مانگرتنە کرێکارییەکان رووی لە زیادبوون کرد. لە نێوان بەفرانباری ٦٩ تا رەشەممەی ٧٠ چەندین مانگرتنی گرنگ



سەرچاوە
Serchawe

ڕوویاندا کە گرنگترینیان مانگرتنی کرێکارانی نەوت بوو کە لەئەنجامدا زۆربوونی حەقدەستی کرێکاران بە ڕێژەی ٢ هەزار تەمەنی لێکەوتەوە.

## بەردەوامبوونی داخوازییەکان

جارێکیتر لە ناوەڕاستی دەیەی ١٣٧٠ بە دواوە، ڕێژەی خەباتە کرێکارییەکان رووی لەزیاد بوون کرد. ئەم خەباتانە بە شێوەی گشتی هەڵگری دوو خاڵی گرنگ بوون کە یەکێکیان هاوردنی خەباتەکەیان بۆ ناو شەقامەکان بوو.

کرێکاران بەو ئەنجامە گەیشتن کە خەباتی ئەوان لە چوارچێوەی دامەزراوەکانیان بە هیچ شوێنێک ناگاتو بۆ کاریگەرتر بوونی مانگرتنەکانیان دەبێت کاری رادیکاڵتر بکەن وەک داخستنی جادەکان، کۆبوونەوە لەبەردەم دامەزراوە دەوڵەتییەکانو خۆپیشاندان، تا لەم ڕێ◌َگەوە بتوانن سەرنجی کۆمەڵگا بۆ لای خۆیان رابکێشن. هەر بەم هۆیە بوو کە لە ناوەڕاستی دەیەی ٧٠ بەم لاوە هەواڵی کرێکاریی زووتر دەگوازرایەوە.

خاڵی دووهەم کە خەباتی کرێکاری لەم دەورەیەدا هەڵگربوو، خواستی پێکهێنانی تەشەکولی سەربەخۆو سەندیکای کرێکاریی بوو. کرێکارانی شیرکەتی نەوت جارێکتر لە ساڵی ١٣٧٥ دەستیان دایە مانگرتنێکی گەورەو لە جەرەیانی مانگرتنەکەدا نوێنەرانی خۆیان لە چەند شارێک هەڵبژاردو سەرەڕای خواستی ریفاهی، داواکاری بۆ پێکهێنانی تەشەکولی سەربەخۆی کرێکارییان خستەڕوو.

ئەم مانگرتنە بەتوندی سەرکوت کرا، بەڵام لەوەی کە کرێکارانی نەوت بە هۆی گرنگ بوونی ئەم پیشەسازییەو هەروەها خاوەنداربوونی مێژوویەک لە خەباتی کرێکاری، بەشێوەیە کلاسیک کاریگەرییەکی گەورەیان لە سەر باقی بەشە کرێکارییەکان بوو، ئەم مانگرتنە زۆرێک لە کرێکارانی لەگەڵ بیرۆکەی پێکهێنانی تەشەکولی کرێکاریدا ئاشنا کرد.

هەر لەم دەورانەدایە کە کۆمیتەگەلێک بۆ پشتگیری لە تەشەکولە سەرخۆ کرێکارییەکان پێکهاتنو مشتومڕی پێویستی تەشەکول گەلێک سەربەخۆ کە بتوانن لە خواستی کرێکارانن بەرگری بکەن، بە هەندێک لە چاپەمەنی کرێکارانیش خرایەڕوو.

## هاتنەسەرکاری دەوڵەتی بەناو ئیسلاحخواز

یەکێک لە دەستکەوتەکانی هەڵبژاردنەکانی دووی جۆزەردانی ساڵی ٧٦، دروستکردنی متمانەبەخۆبوونو بەهێزکردنی خودباوەڕی لە نێو کرێکاران بوو کە خۆی لە شێوەی خواستە دیارەکانی کرێکاران وەک تەشەکولە کرێکارییەکانو وتوێژ لەگەڵ کارفەرما بۆ گەیشتن بە داخوازییەکانیان بەرجەستە دەکرد. بەڵام سەرەڕای ئەم متمانەبەخۆبوونە، خەباتی کرێکاری بە هۆی نەبوونی تەشەکولێکی سەراسەری زیاتر بە شێوەی بەربڵاو باقی مایەوە. خوێندنەوەی هەر ئەم خەباتە پەرشوبڵاوانە نیشانی دەدات کە گرنگترین داخوازییەک کە تێیدا دەخرێتەڕوو، بە تایبەتی لە سەرەتای سەردەمی سەرۆک کۆماری محەممەدی خاتەمی، داخوازی حەقدەستە دواکەوتووەکان، یان نارەزایی دژی بێکاریو لەسەرکاردەرکردنە. بە پێی قانونی کاری ئێستا، ئەگەر کرێکارانی ئێران بیانەوێت لە

ڕێگەی قانونییەوە داخوازییەکانی خۆیان بە ئاگاداری کارفەرما بگەیەنن، دەبێت ئەم کارە لە ڕێگەی شورا ئیسلامییەکانو ئەنجومەنە پیشەییەکانەوە ئەنجام بدەن.

شورا ئیسلامییەکانی کار پاش پەسەند کردنی قانونی کاری ئێستا، لە ساڵی ١٣٧٩ پێکهاتن. لە قانونی کاردا هاتووە کە بێجگە لە نوێنەرانێک کە کرێکاران بۆ ئەندامێتی لە شورای ئیسلامیدا هەڵیدەبژێرن، کارفەرمایش نوێنەری خۆی بۆ ئەم شورایە دەنێرێت. ئەرکی شورای ئیسلامی کار، بەرگری لە مافی پیشەیی کرێکارانە. ئەم شورایانە هەم لە روانگەی شێوەی هەڵبژاردنی ئەندامانو هەم لە رووی شێوەی چالاکییەوە لە ژێر چاودێری راستەوخۆی وەزارەتی کاردا کاردەکەن، ئەمەش بە پێچەوانەی ئیتیحادیەو سەندیکاکان کە بە پێی رێساکانی رێکخراوی جیهانی کار بە شێوەی سەربەخۆ کاردەکەنو ئەندامەکانیشیان خۆیان هەڵیدەبژێرن.

لەوەی کە شورا ئیسلامییەکانی کار، تەنیا لە نوێنەری کرێکاران پێکنەهاتوونو کارفەرماکانیش تێیدا بەشدارن، کرێکاران ئەم شورانە بە سەربەخۆو لایەنی پشتگیری خۆیان نازانن. هەر بەم هۆیەش لەهەوڵی تەشەکولی سەربەخۆ یان سەندیکای کرێکاریدان. بەڵام ئەو تەشەکولانەی کە بە بێ دەستێوەردانو بەشداری نوێنەرانی دەوڵەت چالاکی بکات، بە پێچەوانەی قانونی کاری ئێرانەو هەر ئەمەش یەکێک لە هۆکارەکانی ناکۆکی نێوان دەوڵەتو کرێکارانە.

ئێستاش چەند ساڵێکە کە وەفدێک بە ناوی "وەفدی دامەزرێنەرانی سەندیکا کرێکارییەکان" لە هەوڵی ئەوەدایە تا پێکهێنانی سەندیکا سەربەخۆکان بە یاسایی بکات. ئەم وەفدە بڕوای وایە کە کرێکاران دەبێت ئەندامی سەندیکاکانیان بنو لە ڕێگەی سەندیکاوە لە کێشەکانیان بکۆڵێتەوە. ئەم وەفدە لە وەفدی دامەزرێنەریی سەندیکا جیاوازەکان وەک سەندیکای شیرکەتی ئۆتۆبوسرانی تارانو سەندیکای کەفاشانی تاران پێکهاتووە.

بە پێی ئامارە رەسمییەکان تەنیا ٢٠%ی کرێکارانی ئێران لە ناوەندگەلێک کار دەکەن کە زیاتر لە ٣٥ کرێکاری تیایە. بەم شێوەیە ٨٠%ی کرێکاران لە پیشە جیاجیاکان لە بارودۆخێکدا کاردەکەن کە شورای ئیسلامی نییە. وەفدی دامەزرێنەرانی سەندیکا کرێکارییەکان لە هەوڵی ئەوەدایە تا بەم شێوەیە یەکە خەدەماتی –پیشەییەکان مۆڵەتی پێکهێنانی سەندیکا بگرێت.

خانەی کاریگەریش یەکێک لەو دامەزراوانەیە کە پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ شورا ئیسلامییەکاندا هەیە. خانە کارگر چەند ساڵێک پاش بەدەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی، بەوەرگرتنی مۆڵەتی رەسمی لە خانە ئەحزاب، وابەستە بە وەزارەتی ناوخۆ، وەک تەشەکولێکی حیزبی لێهات کە لەژێر چاودێری حیزبی ئیسلامی کاردا چالاکی دەکاتو نوێنەرێکیشی وەک نوێنەری کرێکاران لە مەجلیسدا هەیە. چاودێرانی سیاسی پێیان وایە کە بەرپرسیارەتی سەرەکی خانەی کاریگەر هاوئاهەنگ کردنو رێکخستنی ئەنجومەنی پیشەییو شورا ئیسلامییەکانی کار لە شوێنی کاردایە. لەوەی کە قانونی کاری ئێرانو شورا ئیسلامییەکان لە شێوەیەکن کە سەندیکاو ئیتیحادیە سەربەخۆکان قبوڵ ناکەن، رێکخراوی جیهانی کار، ئەم ناوەندە ئیسلامییانە بە نوێنەری سەربەخۆی کرێکاران ناناسێت.

## هاتنەسەر کار ئەحمەدی نژاد

هاتنە سەرکاری مەحمودی ئەحمەدی نژاد، هاوڕێ لەگەڵ خراپتربوونی بارودۆخی ئابوریی کۆمەڵگای ئێران، باری قورسی کارو ژیان قورسایی زیاتری خستە سەر شانی کرێکاران. ئەمەش بە هۆی سیاسەتە ئابورییەکانی ئەحمەدی نژادو درێژەدان بە پرۆسەی بەخسوسی کردنی کارخانەکان، لەلایەکو نەبوونی پلانێک بۆ رزگارکردنی بەرهەمی ناوخۆ لەبەرامبەر کالای هاوردەی کە ئەوەیش داخستنی سەدان کارخانەو کارگەی بەدواوە بوو، کە سەرجەمی ئەمانەش بێکاربوونی هەزاران کرێکاری لێکەوتەوە.

سەرەڕای ئەمانەش ئەوەی لەم قۆناغە لە بزوتنەوەی کرێکاری ئێران بەرچاو دەکەوێت ئەو سەرکوتو بێدەنگ کردنەی نارەزایی کرێکارانە کە لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد بە توندترین شێوە بەرێوەدەچێت. بەجۆرێک کە رۆژانە شاهیدی هەواڵی دەربڕینی نارەزاییو مانگرتنی کرێکاران لە گۆشە جیاجیاکانی ئێرانین. نارەزایی گەلێک کە یان سەرکوت دەکرێن، یان کەمترخەمییان لەگەڵدا دەکرێت، بۆ نمونە نارەزاییو مانگرتنی بەربلاوی کرێکارانی شیرکەتی ئۆتۆبوسرانی تاران، نیشەکەری حەوت تەپە. بەڵام ئەوەی کە ئاشکرایە سەرکوت چیدی ناتوانێت پێش بە دواکارییە رەواکانی کرێکاران بگرێتو هەرجارەش بەوەری بەرزترەوە بۆ گۆرەپانی خەبات دەگەرێنەوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە کرێکارانی ئێران بەوە گەیشتون کە لە بێدەنگیدا بارودۆخیان خراپتر دەبێتو لە بەدەنگ هاتنیان گۆڕان دروست دەبێت.


سەرچاوە: بی بی سی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - ڕێکەوتی: ٢٩ی ئەپریلی ٢٠١٥



سەرچاوە Serchawe

## لە یادی یەکی مای ڕۆژی جیهانیی کرێکاردا



کەماڵ کەریمی

یەکی مانگی مای، ڕۆژی جیهانیی کرێکارو ڕۆژی هاوپێوەندی نێونەتەوەیی کرێکاران، ئەو ماندووبوونو ئارەق ڕشتنوقوربانیدانانە وەبیر دێنێتەوە کە بە هۆی پێوەندی نادادپەروەرانەی سەرمایەوە وەبەرهاتووە بەسەر کرێکاراندا سەپاوە. هەرچەند دیاریکردنی یەک ڕۆژ لەساڵدا بۆ یادکردنەوەی زەحمەتو خەباتی بەرینترینی ئەم چینە کۆمەڵایەتییەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، سەرکەوتنێک بوو بۆ کرێکارانو چینی چەوساوە.

ڕۆژی یەکی مانگی مای، کە هەر لە یەکەم ساڵی ناودێرکردنی بە ڕۆژی کرێکار، سەرەڕای هەموو ئاستەنگێک، ئێستا بوەتە بۆنەیەک کە بە میلیۆنان ژنو پیاوی لاینگری دادپەروەری - کۆمەڵایەتی لەسەرانسەری جیهاندا لە دەوری یەک کۆدەکاتەوە. ئەوان لەیەک ڕۆژدا و لەسەرانسەری ئەو جیهانە بەرینەدا، بە وەڕێخستنی ڕێپێوان و خۆپیشاندانو بۆ داواکردنی مافە ئینسانییەکانیان، نموونەیەکی جوانوشیاو لە هاوپێوەندییەکی جیهانی دەردەخەن. لەوڕۆژەدا سەرەڕای دروستکردنی زۆر ئاستەنگو پەلاماردانیان لە لایەن پۆلیسی پارێزەری دامودەزگای سەرکوتکەر، هەموو ئەو مرۆڤانەی بە جۆرێک بوونەتە قوربانی نادادپەروەری سیستمە سیاسیو ئابوورییەکان، یەک دەنگو هاودەنگ هاواری دادپەروەری بەرزدەکەنەوە.

هەرچەند ئەمە دیاردەیەکی جیهانییەو ڕەنگە جیاوازی پێوەندییە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان لەوڵاتانی جیاوازدا شوێنی لەسەر جیاوازی لەجۆر و ڕادەی چەوسانەوەکان دانابێ، بۆنموونە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، هەموو جیاوازییەکان بوونەتە تەوقێکی قایمتر لەملی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا. لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی دووفاقەی سەرمایە وئاییندا کرێکارانو زەحمەتکێشان زوڵمی چەندجارەیان لێدەکرێ. ئەوان جگە لە زوڵمی چینایەتی بەهۆی زەفکردنەوەی جیاوازی ڕەگەزی، ئایینیو سیاسییەوە لەژێر فشاری چەوساندنەوەی چەند جارەدان. ئەگەر لەوڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداریدا ڕێگەی دروستکردنی ڕێکخراوی ئازادی سینفیو دەربڕینی داواکارییەکانیان پێدەدرێ، لە ئێراندا ئەو کارانە جگە لە قەدەغەبوونیان وەک تاوانی سیاسی چاولێدەکرێو سزای قورسی لەسەرە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەدرێژەی تەمەنی ٣٥ساڵەی خۆیدا، سەرەڕای هات وهاواری پشتیوانی لە «موستەزعەفان»، بۆ وڵامدانەوە بە داواکاری کرێکارانو گرینگیدان بە کارو ژیانی ئەو چینە کۆمەڵایەتییە لە ئێراندا نەتەنیا هیچ بەرنامەیەکی نەبووە، بەڵکوو بە هۆی سیاسەتی دژ بە ئازادییەکانی مرۆڤ لە هەموو ئاستەکاندا، هۆکارێکی گرینگ بووە بۆ هەرچی خراپتربوونی کار،

پێوەندی کارو ژیانو گوزەرانی کرێکاران وزەحمەتکێشان. پەرەسەندنی بێکاری، کەمبوونی حەقدەستەکان، نەبوونی بیمەی پێویستی کار و رووداوەکانی کاتی کارکردن، وەدواکەوتنی حەقدەستی کرێکاران لە زۆر شوێن بۆ چەندین مانگ، نەتەنیا ژیانی ئەو بەشە لەکرێکارانی کە لانیکەم کارێکیان هەیە خستووەتە مەترسی جیدییەوە، بەڵکوو بوەتە هۆی کۆچی کاتیو بەسەدانو هەزاران کرێکاری بێکاری وڵات بۆ پەیداکردنی بژیوی ژیان بۆ منداڵەکانیان روودەکەنە وڵاتانی دراوسێو لەوێش لەگەڵ گیرووگرفتی تایبەتی رووبەروو دەبن.

لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش هەلومەرجی ژیانو کاری کرێکار زۆر لەوە خراپترە کە لە ناوچەکانی دیکەی ئێراندا دەبیندرێ. نەبوونی کارخانەو کارگەو شوێنی کارو گوێنەدانی بە ئەنقەستی دەوڵەت بە ناوچە کوردنشینەکان و راگرتنی ئەو ناوچانە لە دۆخێکی خراپی ئابووریدا بە بەهانەی ئەمنییەتی بوونی ئەو ناوچانەوە، کرێکارانی کردوەتە توێژێک لە کۆمەڵ کە بەبێ ئەوەی هەست بکەن لە پێگەی چینایەتی خۆیان دایان بریون . کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان کە ساڵانێک بوو بۆ پەیداکردنی کار روویان لە شارەگەورەکانی ئێران دەکرد، ئیستا لەبەر نەبوونی کار لەو شوێنانەش یا دەچنە هەرێمی کوردستان بۆ پەیداکردنی کار و بژیوی ژیانیان، یا بەناچاری روویان لە کاری پڕ لەمەترسی کردوەو ئەویش کۆڵبەری لە سنوورەکانە کە ساڵانە بە دەیان کەس لەو رێگەدا بەدەستی چەکدارانی بەکرێگیراوی رێژیم دەکوژرێن یان دەکەونە سەر مین.

هەرچەند ئەمانە تەنیا وێناکردنێکی زۆر بچووکە لە وەزعی ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێرانو کوردستان، ئەگینا وەزعی کرێکاران زۆر لەوە خراپترو دڵتەزێنترە، بەڵام هەر ئەوندە بەسە بۆ دەرخستنی نێوەرۆکی دژە ئینسانیو دژ بە مافی کرێکارانو زەحمەتکێشان لە کۆماری ئیسلامیدا. لەوەها دۆخێکدا پشتگیری لە داواکاری کرێکارانو زەحمەتکێشانی ئێران و بەتایبەتی کوردستان، لە خەباتیان بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانیان دەبێ وەک ئەرکی هەموو مرۆڤێکی ئازادیخواز و دژ بە چەوساندنەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ چاولێبکرێ .

بەو هیوایەی خەباتی یەکگرتووانەی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ئازادیخوازانی لاینگری دادپەروەری و ئازادی بتوانێ بەسەر زۆرداری رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا سەرکەوێ و داهاتوویەکی گەش بۆ زەحمەتکێشانی وڵات دەستەبەر بکرێ.

لە ژمارە ٦٣١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٨ی مای ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## ئاوردانەوەیەک لەمێژوویەکی پڕشنگداری خەباتی کرێکاران



**خدری مکتبە**

### سەرەتا:

دیارە نووسینەوەی یاداشت ورووداوە مێژوویەکان کارێکە بۆ دیاریکردنی خەباتی داهاتووی هەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی، ئەم کارە دیارە بۆ ئەم کەسانە باشتر مەیسەر دەبێت، کەراستەوخۆ بەشداریان لە ڕووداوەکان کردووە، منیش بۆ خۆم یەکێک بوومە لە کرێکارانی پرۆژەی پەلەوەری هەولێر، کە بەهۆی مانگرتنی ٣١ ئەیاری ساڵی ١٩٩٢ وە دەرکراوم.

کۆمەڵگای عێراق بەهۆی هەشت ساڵ شەڕی عێراق و ئێران، شەڕی کوردوحوکومەتی ناوەندی، داگیرکردنی کوێت،شەڕی عێراق و دەوڵەتە هاوپەیمانەکان، ڕاپەڕین و ڕووداوەکانی ئازاری ١٩٩١ و وێرانکردنی ٥٠٠٠ هەزار گوندی کوردستان بووە کۆمەڵگایەکی تێک و پێک دراو وخاوەنی ژێر خانێکی ئابووری هەڵتەکیو..

عێراق بە گشتی لەکۆمەڵگایەکی کشت و کاڵی و نیمچە پیشەسازیەوە گۆڕدرا بە کۆمەڵگایەکی بێ سەروبەری بازرگانی، دوور لەهەمووبنەماو پێوەرێکی زانستیانەو پەیوەندیەکی ڕۆشنی کۆمەڵایەتی .

کوردستان بە تایبەتی بووە وڵاتی بازرگانانێکی گەورەو بچوک کە پێرەوی هیچ ئوسول و یاسایەکیان نەدەکرد،ئەم پیشەیە لەلایەک ببووە قاچاغچییێتی و لە لایەکی تریشەوە خەڵکێکی زۆر لەمیلیشیای حزبەکان بۆ خۆیان لە سەر تەپۆڵکە سنووریەکان و گوندە ێرانکراوەکان گومرگانەیان لەم بازرگان) قاچاغچی(یانە یان دەساند، وەهەرچی مەکائین و وەسائیلییێک کەپەیوەندی بەبەرهەم هێنانەوە هەبووئاودیوی وڵاتانی دراوسێیانیان کردو فرۆشتیان.

چینی کرێکاری کوردستان ساڵانێک خەریک بوو ببێت بەچینێکی پێگەیشتووی کۆمەڵایەتی، بەم گۆران و هۆکارانە لەدەوری بەرهەم هێنان دابڕان و بوون بەتووێژێکی کۆمەڵایەتی دوور لە هەموو پەیوەندیەک وپێوەرێکی زانستیانەی بەرهەم هێنان. لە ناوەراستی هەشتاکاندا حکومەتی عێراقی بە بڕیارێکی قەرەقوشیانە بڕیاری فرۆشتنی گەلێک لەکارگەو پرۆژەو دام و دەزگادەولەتیەکانی

داوزۆرلە کەرتەگشتیەکانی کردە کەرتی تایبەتی وشانسی کڕینی ئەم پڕۆژەو کەرتانەش دیارە ئەو دەولەمەندانە بوون کە لە خێزانی حەکومڕان نزیک بوون، یان ناراستەوخۆ دەبوویەکێک لە وان پشکیان تیادا هەبووایە.

پرۆژەی پەلەوەری هەولێریش پرۆژەیەکی کەرتی تایبەتی بوو لە هەشتاکاندا ئەحمەد اسماعیل لە حکومەتی ناوەندی کڕی بوو ئەم پرۆژەیە زیاتر لە ٥٠٠ کرێکارو کارمەند کاری تیدا دەکردوو لە ١٨ کێلگە(حقل) پێکهاتبوو هەمووبەشەکانی تیدابوو، بەشی بەخێوکردنی دایکان امهات (بەشی هەڵهێنان)مقفس(بەشی پەروەردەی مریشکی گۆشت و مریشکی هێلکە، بەشی سەربڕین (مجزەرە)، بەشی ئالیک )معمل علف).

لەگەل ئەوزیانانەی کە بەهۆی راپەرین و ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩١پێی کەوتبوو قازانجی ئەم پرۆژەیە لە هەمان سالدا گەیشتە ٣٧ ملیۆن دیناری چاپی سویسرایی)١(خاوەنکار لەماوەی یەک سالدا لەسایەی بازاری ئازادو حکومرانی بەرەی کوردستانی ئەوسا، نرخی بەرهەمەکانی ٧جار بەرز کردبۆوە، بۆ نموونە، سێتی هێلکە لەمانگی حوزەیرانی ١٩٩١ەوە تا حوزەیرانی سالی ١٩٩٢ لە ٣,٥ دینارەوە گەیشتە ٢٥ دینار)تەنانەت لە چوار مانگی زستاندا گەیشتە ٥٠دینار(یەک کیلۆ گۆشتی مریشک لە ٤ دینارەوە گەیشتە ٢٤ دینار ،یەک قەلاب ریقنەی مریشک لە ٢٢٠ دینارەوە گەیشتە ١٦٠٠ دینار، ئەوەی شایانی باسە خاوەنکار نرخی کەرستەی خاوو سوتەمەنی پرۆژەکەی)ئالیک و دەرمان وگازو بەنزین(هەر بەونرخەی ساڵی پێشتر لە بەغداو ئەردن دەیکری)جگە لە ئالیک کە نرخەکەی یەک جار بەرز ببۆوە(،لە هەمانکاتدا کرێی کرێکاران نەک ٧ جار بەڵکو نیو جاریش زیادی نەکرد بوو.

### هەل و مەرجی سەختی کارکردن

شوێنی کاری کریکارانی پرۆژەکە یەکجار ناخۆش و سەخت بوو،لەبەر گەرمای ناو هۆڵ و بۆنی ریقنەو... رۆژنەبوو کرێکارێک یان دووان نەبورێنەوە،ئەمە بێجگە لە نەبوونی هیچ پێداویستیەکی حەسانەوە،بەتایبەت لە زستاندا ،تەنیا دکتۆرێک بەر پرسی هەموو کرێکاران بوو، ئەویش لە رۆژێک تەنیا دوو سەعات کاری دەکرد لە سەعات ١١ی بەیانیەوە تا ١ی پاشنیوەرۆ (کەچی دکتۆرە بەیتەریەکان کە ٥ دکتۆربوون شەو رۆژ ١٢سەعات کاریان دەکرد !)

کرێکاران بێبەش بون لە هەموو مافێکی رەوای خۆیان، و مافی کۆبونەوە و هەڵبژاردنی نوێنەری خۆیان، مافی مانگرتن، خۆپیشاندان، نەبوونی خطورە و دایەنگا و مۆڵەتی تایبەتی مانگانەی ژنان(چونکە لە چوار بەش سێ بەشی کرێکارانی پرۆژە کە ئافرەت بوون )و هەروە ها رەفتاری نامرۆڤانە ویاسای نابەجێ ی ناو برۆژەکە، بریتی بوو لەچەوسانەوەی کرێکاران بەدرەندە ترین شێوە، وەکوو کاری پرووکێن ولە تاقەتی ئینسان بەدەرو کۆیلەکردنی کرێکاران بۆ لێپرساوانی کێلگەکان تا دەگاتە ئەوەی کرێکاران نەیان دەتوانی بەئاشکرا دەربارەی کارو ژیان و مەینەتیە کانی ژیانی خۆیان لەگەل یەکتر بدوێن ئەمە نەک تەنیا لە کاتەکانی کاربەلکو لەکاتی حەسانەوەو تەواو بوونی کاریش دا، تەنانەت سلاوکردنیش قەدە غەبوو بۆ کرێکارانی شەو لەگەڵ کرێکارانی رۆژ، یان کرێکارانی کور لەگەل کرێکارانی کچدا،خاوەن کار بەهۆی خزمایەتی و ناسیاوەتی لەگەڵ هەندێ کرێکاردا وایان لێ کردبوون بین بە جاسوس بەسەر کرێکارانی ترەوە کە ئەگەر یەکیک قسەیەکی لە بارەی ژیانی کرێکاران بەگشتی و کرێکارانی ناو پرۆژەکە بەتایبەتی بکردبایە

یەکسەر دەنگ و باسی دەگە پشتەوە بە خاوەن کار و ئەم کرێکارە بە بەهانەی پرو پوچەوە دەر دەکرا.

کریکارانی ئەم پرۆژەیە ٢٤ سەعات، بە دوو شەفت، کاریان دەکرد،(٢) شەفتی یەکەم کە کرێکارانی رۆژ بوون ٩ سەعات کاریان دەکرد، لە سەعات ٧ی بەیانیەوە تا ٤ی ئێوارە، جگە لەماوەی هاتووچۆ بۆ ناو پرۆژەکە، کە ئەویش نزیکەی سەعاتێکی دەخایاند. هەروەها کاتی پشوو بۆنان خواردنی نیوەرۆ کەمتر لە سەعاتێک بوو. کاتی کرێکارانی شەو ١٥ سەعات بوو،لە چواری ئێوارەوە تا ٧ بەیانی، جگە لە هاتووچۆ بۆ ناو پرۆژەکە کە لانی کەم سەعاتێکی دەخایاند. سەرباری ئەوانەش هەندێ جار (دوورۆژ لە هەفتەیەکدا) ئەوسەیارانەی کە تەرخان کرابوون بۆ هاتووچۆی کرێکاران بۆ ناو پرۆژەکە لەبەر زۆریان ٢ تا ٣ سەعات کرێکاران لە کاتی گەرانەوەیان لەشوێنی گاز وەرگرتن چاوەروانیان دەکرد، بەم شێوەیە کرێکارانی شەو لەم دوورۆژەدا دوادەکەوتن و کاتەکەیان دەبووە ١٨ سەعات، لە بەرامبەر ئەو هە موو زیادەکاریەدا، کرێکارانی شەو تەنها مانگانە ٣٠ دیناریان لە کرێکارانی رۆژ زیاتر وەردەگرت واتە ٨سەعات کاری شەو بە یەک دینار. ئینجا لەبەر ئەو هۆیانەو گەلێک هۆی تریش، کرێکاران بەناچاری و بەنهێنی کۆبوونەوەکانی خۆیان، لە دە رەوەی پرۆژەکە، درێژە پێدەدا،تا لە کۆتایی مانگی ئەیاردا، باری بابەتی و خۆیی کرێکاران هاتە پێشەوەو وایکرد کە مانگرتنی پرۆژەکە دەست پێ بکات و هۆیەگرنگەکانیش ئەمانە بوون...

١- بەرێوەبەرایەتی پرۆژەکە بریاری دابوو بە شێوەیەکی ناراستەو خۆ هەموو کرێکارە کورەکان لە کرێکارە کچەکان جیا بکاتەوەو بیانکاتە یەک تیپی تەواری بۆ پاکژ کردنەوەی کێلگەکان، بۆ ئەوەی بەم کارە چەند مەرامێکی دژ بەکرێکاران ئەنجام بدات ، لەوانە أ- بۆئەوەی هۆشیاری چینایەتی لە نێوان کرێکارانی ئافرەت پەرە نەسێنێت و هەر بە کۆیلایەتی و دواکەوتوویی بمێننەوە، چونکە کۆمەلگای کوردەواری بەتایبەتی و سەرمایەداری بە گشتی کۆت وبەندی کرێکارانی ئافرەتیان زیاتر کردووە، ب-دەرکردنی ئەم کرێکارە کورانە ئاسانتر دەبێت لەکاتی جیا بوونەوە بۆ نەخشەو پیلانەکانیان.

٢- دەستنیشان کردنی هەندێک لەکرێکاران بۆ دەرکردنیان، بەتایبەتی ئەو کریکارانەی کە بەشداریان لە مانگرتنی ٢٥ - ١ - ١٩٩٢دا کردبوو ئەو کرێکارانەی کە هەڵسووراو بوون لە کۆ بوونەوە کرێکاریەکاندا.

٣- دەنگ و باسی برینی ئەو ٤٠ دینارەی کە لە مانگرتنی ٢٥ - ١ - ١٩٩٢ بەدەست هاتبوو. لەم رۆژە ناخۆش وپڕ مەینەتی و گرانی و هەژاریەی کرێکاران، برینی ئەو پارەیە ترسێکی زۆری خستبووە دڵی کرێکارانەوە.

٤- بڕیاری بڕینی موچەی هە موو کرێکارانی کێڵگەی ٥ و ٦ بە بیانوی ئەوەی کە گوایە کێشی مریشکەکان سوکە و مریشکی مرداری زۆر بووە.

٥- سوکایەتی کردن بەکرێکاران بە شێوەیەکی دڕندانەونابەجێ، وەکوئەوەی کە ئەگەر کرێکارێک کەمێک دوابکەوێت لە کار، یان ئەگەر رۆژێک بۆ کار نەیەت) ئەگەر بیانویەکی بەجێی نەبێت(بەرێوە بەرایەتی دەتوانێت سزای بدات و بۆی هەیە ٣ رۆژ لە موچەکەی ببرێت و نە بوونی هیچ جۆرە ئازادیەک بۆ بەرگری کردن لە خۆیان.



سەرچاوە Serchawe

٦- کاتی پێگەیشتن و گەورەبوونی جوجەلەکان نزیکتر دەبۆوە، ئەمەش بەومانایە بوو کە هێرشی بەرێوەبەرایەتی توندترو لە بارتر دەبوو بۆ سەرکرێکاران بۆ دەرکردنیان، چونکە بە گەورەبوون و فرۆشتنی مریشکەکان کاری ناو پرۆژەکە کەمتردەبۆوە.

٧- ٨٤ کرێکاری رۆژ و ٢٠ کرێکاری شەو ئامادەیی خۆیان لە کۆبوونەوەکاندا بۆ مانگرتن دەربری.

## دەستپێکردنی مانگرتن

لە کۆبوونەوەی کرێکاران لە ٢٧ - ٥ - ١٩٩٢ کەزیاتر لە ٢٠ کرێکاری شەو ئامادەیی خۆیان پیشاندا بۆ مانگرتن و لەهەمان رۆژدا کۆبوونەوەیەکی کرێکارانی رۆژیش کرا لە سەعات شەشی ئێوارە کە نزیکەی ٨٠ کرێکار بریاری مانگرتنیان دا و بریاردرا لە ٢٨ - ٥ دا دەست بە مانگرتن و داوای چەند داخوازیەکیرەوای کرێکاران بکەن .کە ژمارەی داخوازیەکان بریتی بوون لە ٢٢ خاڵ ،بەڵام هەندێک لە کرێکارانی ئەم کۆبوونەوەیە ووتیان نقابەی کرێکاران هەیە و با جارێ داخوازیەکانمان لە رێگای نقابەوە بێت، ئەگەر جێ بە جێیان نەکرد ئەوسا مانگرتنەکەمان دەست پێدەکەین.

زۆر بەی کرێکارانی کۆبوونەوەکە وتیان نقابە هیچ شتێکمان بۆ ناکات و نابێت پشت بەنەقابە ببەستین، بەڵام لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا بۆ ئەوەی ریزی یەکگرتووی کرێکارەکان تێک نەچێت، بریارمندا یەکەم جار لە رێگای نەقابەوە داخوازیەکانمان پێشکەش بکەین، ئەوجا هەر ئەو رۆژە دووکەس لە نوێنەری کرێکاران چوون بۆ لای یەکێتی نەقابەی کرێکارانی کوردستان - لقی هەولێر. نەقابە بە هەمووبروا بەخۆبوونێکیەوە گووتی بەڵێنتان پێدەدەین داخوازیەکانتان بەسەر خاوەن کاردا دەسەپێنین و تەنیا دەمانەوێت ئێوەمان نەگرن و تاشەمە بووەستن (وواتە: تا ٣٠ مانگ مان نەگرین)، بەڵام ئەگەر تا ئەو کاتە هیچ داخوازیەکمان جێ بە جێ نەکرا ئەوا لە ٣١ی ئایار دەست لە کار دەکێشینەوەو مان دەگرین. کەچی تا ٣٠ ئایار هیچ داخوازیەکمان جێ بە جێ نەکراو وەڵامیش نە دراینەوە، ئێمەش بریارماندا لە ٣١ی ئایار دەست بە مانگرتن بکەین.

لە بەیانی ٣١ی ئایاردا کرێکاران لەسەر شەقامە گشتیەکە لە بەرامبەر بەرێوەبەرایەتی پرۆژەکە لە پاسەکانیان دابەزین و نەچوونە سەرکار، هەرلەوێ کۆبوونەوەو بەرەو بەرێوەبەرایەتی پرۆژەکە رۆیشتن، کەچی نەقابە لەولاوە هات و کرێکارانیان ئاگادار

کردەوەو ووتیان: ئەگەر ئێوە مان بگرن دەرتان دەکەن لەسەرکار و ئێمەش پشتگیریتان لێناکەین،(٣). بەهەرۆگیفی نقابە هەندێک لە کرێکاران لە مانگرتنەکە پاشگەز بوونەوە، بەڵام ئەوکرێکارانەی کە بریاریان دابوو مان بگرن زۆربەیان، ملیان بۆ نقابە کەچ نەکردو ٥٤ کرێکار بە شیعاری داواکاریەکانمان رەوایەو دەبێ جێ بە جێ بکرێن بەرەو بەرێوەبەرایەتی پرۆژەکە رۆیشتن.پاشان بەرێوەبەری پرۆژەکە (عبدللە صابر) هاتەدەرەوەو لەگەڵ کرێکاران کرێکاران کەوتە گفتوگۆ، لەم رۆژەدا هەرکرێکار بوو نارەزایی خۆی بەسەر بەرێوەبەر دا دەردەبری، لە کۆتاییدا کرێکاران بەیاننامەیەکیان دایە دەست بەرێوەبەر، کە بریتی بوو لە ٢٢خاڵ لە داخوازیەکانیان. سەرەتا بەرێوەبەر رازی نەبوو هیچ داخوازیەک جێ بە جێ بکات، بەڵام کرێکاران وتیان: ناچینەوەسەرکار تا داخوازیەکانمان جێ بەجێ نەکرێت، پاشان بەرێوەبەر وتی: باشە با گفتوگۆ لەسەر داخوازیەکان بکەین و وتی ئێوە بگەرێنەوەسەرکار، پاشدەوام یەکێکتان

بێتەئێرە تا هەندێک لە داخوازیەکانتان بۆ جێ بەجێ بکەین، بەڵام کرێکاران پێیان داگرت لەسەر ئەوەی کە هەر ئێستا بریار بدرێت لە سەرجێبەجێکردنی هەموو داخوازیەکان ئەگەر نا.. ناگەرێینەوە سەرکار، لەو کاتەدا ئەو پێشمەرگانەی کە ئێشکگری پرۆژەکەبوون هاتنە ناو کۆبوونەوەکەوەو زۆر بەرێزەوە گوێیان لە داخوازیەکانی کرێکارانیان گرت و وتیان ئێمە بلاوەتان پێناکەین.(ئەوەی جێی سەرنج بوو ئەو پێشمەرگانە هەموویان مووچەشیان لە خاوەنکار وەردەگرت).

دواتر لە سەر ئەوە رێککەوتین کە هەر لەوێ لە لایان کرێکارانەوە ٤ کرێکار بە ئاشکرا هەڵبژێردرێت بۆ نوێنەرایەتی کردنی کرێکاران، کە هەر ئەورۆژە لەگەڵ بەرێوەبەری پرۆژەکە دەربارەی یەکەیەکەی داخوازیەکان دابنیشن. لەدواییدا نقابەش خۆی تێهەڵقورتاندو هات بۆ بە رێوەبەرایەتی پرۆژەکە،کرێکاران بریاریاندا بچنەوە سەرکار، بەمەرجێک ئەگەر نوێنەرانی کرێکاران رازی نەبوون لە ئەنجامی گفت و گۆکە ئەوا هەر بەیانی دەست بە مانگرتن دەکرێتەوە.

سەعات ٥ی ئێوارەی هەمان رۆژ گفتوگۆی نێوان نوێنەرانی کرێکاران و نوێنەرانی خاوەنکار، بە ئامادەبوونی نقابەش دەستی پێکردو نزیکەی ٥،٤ سەعاتی خایاند. لە کۆتاییدا هەردولا لەسەر ١٥خاڵ رێک کەوتن و پاش سێ رۆژ لە رێکەوتی ٤ - ٦ - ١٩٩٢ دا بەرێوەبەرایەتی بە رەسمی رایگەیاندو لەگەڵ یەکێتی نقابەی کرێکارانی کوردستان - لقی هەولێر ئیمزایان کردو بلاویان کردەوە.

لە رێکەوتی ١٦ی حوزەیران و دوای تێپەربوونی ١٦ رۆژیش بەسەر ئەم رێکەوتنەدا، هیچ داخوازیەک جێبەجێ نەکرا بەڵکو هەر لە هەمان رۆژدا ٢٣ لەو کرێکارانەی کە بەشدار بوون لە مانگرتنەکەدا گوێزرانەوە بۆ شوێنی سەربرینی مریشک(مجزرە)و کرێکارێکیش بەرەسمی دەرکرا، کەیەکێک بوو لە نوێنەرانی کرێکاران، لەکاتێکدا کە یەکەم خاڵ لەو ١٥ خاڵەی بەرێوەبەرایەتی بریاریدابوو جێبەجێ بکرێت و مۆری کردبوو دەرنەکردنی کرێکار بوو لەسەرکار بەهیچ بروبیانویەک. ئەو ٢٣ کرێکارەی کە راگوێزرابوونەوە بۆ مەجزەرە دەردەکرێن، بەڵام دەرکردنێکی بە ئەدەبانەو بە پیلانێکی رێک وپیک، چونکە ئیش لە مەجزەرە تەنیا دووهافتەی ماوەو مریشکەکانی فرۆشتنی گۆشت هەمووی سەردەبردرێن و تەواو دەبن و دوایش مەجزەرە دادەخرێت و هەموو کرێکارەکان دەردەکرێن (٤).
ئەوجا لە رۆژی ١٧ی حوزەیراندا کرێکارانی پرۆژەکە دیسان کۆبوونەوەو ژمارەیان لە ٨٠ کرێکار زیاتر بوون و بریاریاندا لەگەڵ باقی کرێکارانی تر مان بگرن بۆ گەرانەوی هەموو کرێکارە راگوێزراوەکان و کرێکارە دەرکراوەکەو جێ بە جێکردنی خاڵەکانی مانگرتوانی ٣١ی ئایار. بەڵام دیسان هەندێک کرێکار وتیان با پێشەکی بە نقابەی رابگەیەنین بۆ جێبەجێکردنی هەمووداخوازیەکانمان، دیسان لەبەر تێکنەدانی ریزی کرێکاریمان رۆژێک مۆڵەتمان بە نقابە دا و پێشنیاری بۆ کرا کە ئەو کرێکارە دەرکراوەو کرێکارەگوێزراوەکان بگەرێنێتەوە بۆسەر کارو شوێنی خۆیان و ئەو ١٥ خاڵەی مانگرتوانی ٣١ی ئایار کە خۆیان لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی پرۆژەکە بە رەسمی دانیان پێدانابوو و مۆرکرابوو جێ بەجێبکرێن، ئەگەرنا.. مانگرتنی گشتی دەست پێ دەکرێتەوە .هەر لە هەمان رۆژدا نقابە چووە بەرێوەبەرایەتی پرۆژەکەو لەگەڵ بەرێوەبەرایەتیدا کەوتە گفتوگۆ کردن و لەنێوان خۆیاندا لەسەر هەمووکرێکارە گوێزراوەکان رێک کەوتن (جگە لەگەرانەوەی کرێکارە دەرکراوەکە نەبێت)، بەڵام مەرجی بەرێوەبەرایرتی ئەوەبوو کە دەبێت ئەو کرێکارە گوێزراوانە سەعاتێک بچنە مەجزەرە و دوایی بگەرێنەوە سەر کارو شوێنی خۆیان، کرێکاران وتیان: ئەو کرێکارەی بە رەسمی بریاری دەرکدنتان داوە دەبێت بگەرێنرێتەوە بۆ سەرکار دوایش ئێمە بۆ بچینە مەجزەرە بۆ ماوەی سەعاتێک، کە هیچ کار نەکەین و بەرهەم نەهێنین، ئەمە ئیهانەیەکی ترە بۆ ئێمە و قبوولی ناکەین.

بەهانەی بەڕێوەبەرایەتی ئەوەبوو کە دەبێت بچینە مەجزەرە بۆ ئەوەی ڕێز بۆ بریارو ئیمزای بەڕێوەبەرایەتی دابنرێت، بەڵام کرێکاران وتیان: با بەڕێوەبەرایەتی ڕێزی ئەوبریارو ئیمزایەی خۆی بگرێت کەلە ٤ - ٦ - ١٩٩٢ دا لەگەڵ نقابە ئیمزای کردبوو بۆ جێبەبێکردنی ١٥ خاڵ لە داخوازیەکانمان، کە یەکەم خاڵی دەرنەکردنی کرێکاربوو لە کار بەهیچ برووبیانویەک، ئەوجا با باس لە ڕێزی ئیمزای دەرکردن و گواستنەوەی ٢٣ کرێکار بکات...

لە ڕێکەوتی ١٨ی حوزەیراندا کرێکارە ڕاگوێزراوەکان و دەرکراوەکە چوونە لای بەڕێوەبەرایەتی تا بزانن دوابریاریان چی یە؛ وەڵامیان داینەوە ئەوکرێکارەی دەرکراوە نابێت بگەڕێتەوە بۆ سەرکارو دەبێت گوێزراوەکانیش بۆ ماوەی سەعاتێک بچنە مەجزەرە.(مەجزەرە لە پرۆژەکەوەماوەی ١٠کم دوور بوو.).

کرێکاران بریاریاندا ئەم بریارەی بەڕێوەبەرایەتی قبوول نەکەن و لە ٢٠ حوزەیران مانگرتنی گشتی دەست پێ بکرێت بۆ گەرانەوەی هەموو کرێکارە دەرکراوەکەو جێبەجێکردنی ئەو ١٥ خاڵەی مانگرتووانی ٣١ی ئایار لەسەری ڕێک کەوتبوون.

لەرۆژی ١٩ی حوزەیران کرێکارە دەرکراوو ڕاگوێزراوەکان گەیشتنە ٣٠ کرێکار ،چونکە لەو ماوەیەدا ٦ کرێکاری تر دەرکران چونکە پشتگیریان لە کرێکارە مانگرتووەکان دەکرد.

بەڵام لە ٢٠ حوزەیراندا مانگرتنی گشتی نەکرا، لەبەر ئەم هۆیانە:

١- هێنانی نزیکەی ٢٠٠ چەکدار بۆناوپرۆژەکە بۆ ترساندن و تۆقاندنی کرێکارە مانگرتووەکان و تەواوی کرێکارانی سەرکار، بەبەهانەی ئەوەی گوایا پارێزگاری لە کەل وپەلەکانی پرۆژەکەدەکەن؛

٢-لەبەر فرتوفێلی نقابەو پروپاگەندەی بەڕێوەبەرایەتی پرۆژەوهەرەشەی دەرکردنی کرێکاران، ئەگەر مانبگرن و پشتگیری کرێکارەدەرکراوو ڕاگوێزراوەکان بکەن.

**خۆپیشاندان**:

لەرۆژی ٢١ی حوزەیران دا کرێکارانی پرۆژەکەو مانگرتوەکان بە پشتیوانی کرێکارانی کارگەوکارخانەکانی شاری هەولێر و دڵسۆزانی کرێکاران خۆپیشاندانێکی هێمنانەیان بەرێخست بە ناو شاری هەولێردا دژی بەڕێوەبەرایەتی پرۆژەکەو خاوەنکارو پارێزەرانی، چونکە دیار بوو خاوەنکار پشتیوانیەکی گەورەی لێ دەکرا لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە،بۆیە بەبێ ترس کرێکارانی دەردەکردو سوکایەتی پێ دەکردن. نقابە کەوتە فروفێل بۆ ئەوەی جێ پێ یەک بۆ خۆی لە ناو کرێکاران بکاتەوە لەبنگوێی تاک تاکی کرێکاران دەیانخوێند، کە بچنە مەجزەرە بۆ ماوەی سەعاتێک، یان چارەکێک، یان هەربچن و لە سەیارەکانیان نەیەنە خوارەوەو ئەوسا خۆیان دەچن ئەمری ئیداریەکانیان دەهێننەوە؛

بەڕێوەبەرایەتی و بەکرێگیراوانی پروپاگەندەیان بۆ کرێکارانی ناوپرۆژەکە دەکرد و دەیان ووت "ئەگەربەشداری مانگرتن بکەن دەرتان دەکەین" بەم جۆرە کرێکاران بوون بە سێ بەشەوە، بەشێکیان بە فرت و فێڵی نقابە و هەڕەشەی بەڕێوەبەرایەتی بە دەرکردنیان گەرانەوە بۆ مەجزەرەو هەر لەوێ (تعهد خطی)یان لەکرێکارەکان وەرگرت کەنابێت جارێکی تر لەکار مان بگرن، کۆبوونەوە بکەن، یان نارەزایەتی بەرامبەرپرۆژەکە دەرببرن، وە هەروەها تەنیا بۆ ماوەی دوومانگ کار بکەن، دوای ئەوە خاوەنکار بۆی هەیە دەرتان بکات.

بەشی دووەمیشیان بەرەزامەندی کرێکارە دەرکراوەکان و گوێزراوەکان چوونە مەجزەرە، بۆ ئەوەی بگەرێنەوە پرۆژەکە، چونکە ژیانی هەندێک لەو کرێکارانە یەکجار سەخت بوو وەهەروەها پەرە بە داخوازیەکان ونارەزایەتی یەکان بدەن لە دوارۆژی پرۆژەکەدا.

بەشی سێیەمیشان بەخواستی پۆڵایینی خۆیان لە بەرامبەر ئەو هەموو دوژمنە رەنگاورەنگانەی کرێکاران راوەستان و بۆماوەی یەک سەعاتیش نەچوونە مەجزەرە، بۆ ئەوەی ئەوسووکایەتیە قبوول نەکەن.

کرێکارە دەرکراو و گوێزراوەکان بە پشتیوانی کرێکارانی تری پرۆژەکەو کرێکارانی کارگەو کارخانەکانی شار و دەستفرۆشانی شاری هەولێرو خەڵکی شۆرشگێری شارو دڵسۆزانی کرێکاران لە ٢١ی حوزەران خۆپیشاندانێکیان بە رێخست لە ناو شاری هەولێردا.

خۆپیشاندانەکە سەعات ٦ی ئێوارە، لە نزیک بازاری شێخەڵاوە دەستی پێکرد(بازاری شێخەڵا بازاری دەستفرۆشان و کرێکارانی بێکارە) و چەند لافیتەیەکی سوور بەرزکرانەوەو دروشمی سەر لافیتەکان ئەمانە بوون:

١- خوازیاری جێبەجێکردنی دواکاریەکانی مانگرتوانی ٣١ی ئەیارین.

٢- ئازادی بێ ئەملاو ئەولاکۆبوونەوە، مانگرتن، خۆپیشاندان، رێکخراو بوون.

٣- بژی چینی کرێکار، بروخێ سەرمایەدار.

خۆپیشاندانەکە بەرێک وپێکی دەرۆیشت وبەشێوەیەکی هێمن وشارستانیانە، لەناکاو یەکێک لە هەڵسوراوانی خۆپیشاندانەکە بڵندگۆیەکی دەرهێناودەستی کرد بە دروشم کێشان و وتافلێدان، خۆپیشاندەرانیش یەک دەنگ و بە گەرمی دەیانگێرایەوەو شارخرۆشاو خۆپیشاندەرانیش تا دەهات زیاتر دەبوون، ژمارەی خۆپیشاندەران تا گەیشتنە بەر گۆرەپانی پارێزگا گەیشتە ٤٠٠ تا ٥٠٠ کەس، لە گۆرەپانەکەدا خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە، کرێکارە دەرکراوو گوێزراوەکان هۆی دەرکردنی خۆیان بۆ خەڵکی شاری هەولێر روونکردەوەو داخوازیەکانیان بەخەڵکی شار راگەیاند. دوای خوێندنەوەی کرێکارانی مانگرتوو سەبارەت بەم خۆپیشاندانەو، خوێندنەوەی ئەو بریارەی کە بەڕێوەبەرایەتی پرۆژەکەونقابە مۆریان کردبوو، هەندێک لە دەستفرۆشانی شاری هەولێر بەیاننامەیەکی پشتیوانیان خوێندەوەو هەروەها بروسکەی پێڵاوو رستن و چنین و یەکێک لە دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی رێگای کوردستان ی حزبی شوعی عێراق پشتگیری خۆیانیان لە مانگرتنەکە دەربری.

کرێکارە مانگرتووەکان بڕیاریاندا سەعات ١٠ی بەیانی لەهەمان جێگا کۆببنەوەو ڕێپێوان دووبارە بکرێتەوە، ئەمجار بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان و کۆتایی خۆپیشاندانەکەی بەر گۆڕەپانەکەی پارێزگا بە سوتانی وێنەی سەدامی دکتاتۆر کۆتایی پێهات، بۆ نەهێشتنی هیچ بەهانەیەک لە لایەن دوژمنە ڕەنگاو ڕەنگەکانی کرێکارانەوە.

سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٢ی حوزەیران، سەعات ١٠ کرێکاران بە پاڵپشتی خەڵکی زەحمەتکێشی شاری هەولێر و دڵسۆزانی کرێکاران، خۆپیشاندانەکەیان ڕێکخست و بەرەو پەرلەمان بەڕێکەوتن. نوێنەرانی خۆپیشاندانەکە زۆبەیان کرێکارە مانگرتووەکان بوون و لەگەڵ دوو ئەندامی پەرلەمان گفت و گۆ ئەندامانی پەرلەمان بۆچارەسەری کێشەکەمان بەهانەی ئەوەیان هەبوو کە ئێستا ئیش و کاریان زۆرەو خەریکی دانانی یاساو لیژنەی تەشریعی کوردستانن و هیچ لێژنەیەکی ڕاپەراندنیان نییە. نوێنەرانی کرێکارە مانگرتوەکان ووتیان " ئێوە لیژنەی چاودێرن لە هەموو کوردستان، ئێمە ناچینەوە سەرکارو مل بۆ داخوازیەنارەواکانی بەڕێوەبەرایەتی پرۆژەکە کەچ ناکەین.

ئەگەر ئێوە هەر ئیستا کێشەکەمان چارەسەر نەکەن، ئێمە لێرە لاناچین. لە کۆتاییدا ئەندامانی پەرلەمان، نوێنەرانی کرێکارە مانگرتووەکانیان ڕەوانەی لای کارگێری بەرەی کوردستانی کرد، بۆ چارەسەری دەست بەجێی کێشەکانیان.

نوێنەرەکان چوونە لای بەرەی کوردستانی (کۆسرەت رەسول) و ئەوکات سەعات ١ی پاش نیوەڕۆ بوو و لەپرسگەی کارگێر وتیان: "جەنابی کارگێر نووستووەو سەعات ٥ی ئێوارە وەرنەوە! " نوێنەرانی کرێکارە مانگرتووەکان (٥) هەمان ڕۆژ و لە سەعات ٥ی ئێوارەدا چوونەوەلای کارگێری بەرەو چاویان پێی کەوت و ئەویش بەر لە هەر شتێک زۆر بە شان و باڵی خۆی و بزوتنەوەی کرێکاریدا هەڵیدا و ووتی منیش کەسێکی وەکو ئێوەم و دڵسۆزم بۆ حەرەکەی کرێکاری منیش وەختی خۆی زۆرم خەبات بۆ ئەم حەرەکەیە کردووەو ... هەروەها وتی: ئێستا نامەیەک بۆ خاوەن پرۆژەکە دەنووسم و دەبێت ئێوە بگەڕێنەوە سەرکارو شوێنی خۆتان بەبێ هیچ قەیدوشەرتێک..."

کارگێری بەرە بەرەسمی نامەیەکی داپێمان کە تێیدا نووسرابوو: "بەفرمانی بەرەی کوردستانی دەبێت ئەم کرێکارانە بگەڕێنەوە سەر کاروشوێنی خۆیان."(٦) ئێمەش نامەکەمان بردە لای بەڕێوەبەری پرۆژەکەو ئەویش بە بیانووی ئەوەی ئەو نامەیە بۆ ئەو نەنووسراوەو بۆ خاوەن پرۆژەکە نووسراوە ئەویش لەوێ نیەو لە بەغدایە هیچی نەکرد.

ئێمەش وتمان تۆ بەڕێوەبەری پرۆژەی و هەموو شتێکت بەدەستە، ئەگەر وانیە ئەی پرۆژەکە چۆن و کێ بەڕێوەی دەبات ! دوایی وتمان "جا جەنابی خاوەن پرۆژە خۆ هەر لەمانگێکدا دوو ڕۆژ لێرە نیە،یان لە بەغدایە یان لە دەرەوەی وولاتە!" لە کۆتاییدا بەڕێوەبەر ووتی من ناتوانم هیچ شتێک بکەم و هیچم بەدەست نییە، تەنیا خاوەنپرۆژە خۆی دەتوانێت بتانگەڕێنێتەوە... ئەویش ئەویش بە نامەیەک وەڵامی کارگێری بەرەی دایەوەو تێیدا نووسرابوو: "من هیچ شتێکم بەدەست نی یە،ئەم مەسەلەیە تەنیا پەیوەندی بە خودی خاوەنپرۆژەکەوە هەیە... ئێمە نامەکەمان بۆ کار گێری بەرە بردەوەو ئەو ووتی:" دەبێت ئێوە بگەڕێنەوە سەر ئیش و کاری خۆتان، ئەگەر ئێوە نەگەڕێنەوە سەرکار بە بێ هیچ مەرجێک ئەوا پرۆژەکەیان پێ دادەخەین..." ئێمە نیگەرانی خۆمان لە داخستنی پرۆژەکە

راگەیاند و بەم کارە رازی نەبوون. لە دواییدا کارگێری بەرە نامەیەکی بۆ جێگری خاوەنپرۆژە (کاک ئازاد) نووسی. لە نامەکەدا هاتبوو "تکایە بە فرمانی بەرەی کوردستانی ئەم کرێکارانە بگەرێننەوە سەرکارو شوێنی خۆیان" بەرێوەبەرو جێگری خاوەن پرۆژە ووتیان "برای کارگێری بەرەی کوردستانی ئاگاداری مەسەلەکە نی یە، ئەمرۆ ئێوارە برای خاوەنپرۆژە (عمر اسماعیل) دەنێرینە لای کارگێری بەرە، بۆ ئەوەی مەسەلەکەی تێبگەیەنێ!!"٠

نوێنەرانی کرێکاران بریاریاندا کە سووربن لەسەر گەرانەوەی هەموو کرێکارە دەرکراوو راگوێزراوەکان بە بێ هیچ قەیدوشەرتێک و هەروەها داوایان کرد کە داخوازیەکانی مانگرتوانی ٣١ی ئایار جێبەجێ بکرێت٠

بەیانی رۆژی ٢٤ی حوزەیران چووینەوە لای کارگێری بەرە، تا بزانین کۆتایی ئەنجامەکە لای ئەوان بە کوێ گەیشتووە و دوا بریاریان چی یە؟ جەنابی کارگێری بەرەی کوردستانی وتی: "ئەوەی دەیەوێ کار بکات، دەبێت بچێتە مەجزەرە بۆ ئەوەی بریارەکانی بەرێوەبەرایەتی جێ بە جێ بکات! " هەر لە هەمان رۆژدا کرێکارە دەرکراوو راگوێزراوەکان لە کۆ بوونەوەیەکی خۆیان دا بە زۆری دەنگ بریاریاندا، نەچنە مەجزەرەو نەچنەوە سەرکار، تا داخوازیەکانیان جێ بە جێ نەکرێت و چوونەوە پەرلەمان و یاداشتنامەیەکیان بۆ پەرلەمان بەرز کردەوەو تیایدا هاتبوو: "ئێمەی کرێکارانی مانگرتوو سوورین لە سەر داواکاریەکانمان و ناچینەوە سەرکار تا جێبەجێ نەکرێن..."ئەندامانی پەرلەمان پێیان راگەیاندین کە هیچ خۆپیشاندانێک و جموجولێک رێک نەخرێت تا ٢٧ی حوزەیران، ئیمە چارەسەری کێشەکەتان دەکەین. ئەمە بەردەوام بوو، تا لەسەرەتای مانگی تەموزدا بەرێوەبەرایەتی پرۆژەکە بە رەسمی فرمانی دەرکردنی هەموو کرێکارە گوێزراوەکانی دا، کە بریتی بوون لە ٢٣ کرێکار. بەڵێنەکانی پەرلەمانیش بوونە بلقی سەرئاو...

## دەستکەوتەکانی بزووتنەوەکە...

١- وانەیەکی بە سوود بوو بۆ خەباتی داهاتووی کرێکارانی پرۆژەکە بە تایبەتی و بزوتنەوەی کرێکاری کوردستان بە گشتی. هەروەها کرێکاران بۆیان دەرکەوت کە کۆبوونەوەو مانگرتن و خۆپیشاندان چەند گرنگن بۆیان و چۆن خاوەنکارو بەرێوەبەرایەتی دەترسێنن.

٢- ئاشکراکردن و هەڵماڵینی رووی یەکێتی نقابەکانی کرێکارانی کوردستان (کە ئەم نقابەیە لەسەرەوە لەلایەن چەند لایەنێکی بەرەی کوردستانی پێک هاتبوو، بەبێ ئەوەی کۆبوونەوەی گشتی، یان کۆبوونەوەی کرێکاران، دەورێکیان لەم نقابەیەدا هەبووبێت..)

٣- دانپێدانانی ١٥ خاڵ لەداخوازیەکانی کرێکاران بەشێوەیەکی رەسمی لە لایەن بەرێوەبەرایەتی پرۆژەوە. لە دوای دەرکردنی کرێکارە راگوێزراوەکان، زۆربەی زۆری داخوازیەکان یەک لە دوای یەک جێ بە جێ کران. وەکو زیادکردنی کرێ، دانی دوو تەبەقە هێلکە لە هەرمانگێک، دانی سێ رۆژ مۆڵەت لە هەرمانگێک، هێنانی دکتۆری دائیمی بۆ پرۆژەکە لەگەڵ برینپێچێک، پر کردنی دەرمانخانەکانی کێڵگەکان لە داوودەرمان و هەموو رۆژێک دوو هێلکە بۆ دابینکردنی ژەمێک نان خواردن لەسەرکار.

٤- راگەیاندن و ناساندنی دەنگ و باسی نارەزایی و بزوتنەوەی کرێکاری و کێشەرەواکەیان بە جەماوەرو خەڵکی شۆرشگێری کوردستان.

٥- ناساندنی رەفتاری بەرژوزی کورد بەرابەر داخوازی کرێکاران بە خەڵکی شۆرشگێری کوردستان.

## رەخنەو کەم و کوریەکانی ئەم بزوتنەوە..

هێزی یەکسان لەم رۆژەدا: دەستپێکردنی کرێکاران بە مانگرتن لە رۆژی ٣١ی ئەیار چەند هۆیەکی بابەتی و خۆیی هەبوو،کە لەمەوپێش باسمان کردن لە ئەنجامی توندبوونەوەی هێرشی بەرێوەبەرایەتی بە دەرکردنی کرێکاران و گەلێک هۆی تریش ،مانگرتنی کرێکارانیش دەستی پێکرد، لە ١٦ ی حوزەیرانی ١٩٩٢ لە یەکەم رۆژی دووبارە مانگرتنی کرێکارە راگوێزراوەکاندا، خاوەنپرۆژە بە رێگای نقابەوە وەڵامی کرێکارانی مانگرتووی دایەوە، پەشیمان بۆتەوە لەو بریارەی کە لە هەمانرۆژ دا بووی بۆ راگواستنی ٢٣ کرێکار بۆ مەجزەرە.(بەڵام باسی ئەو کرێکارەی نەکردبوو کە بە رەسمی بریاری دەرکردنی درابوو کە یەکێک بوو لە نوێنەرانی کرێکاران کە ئەویش بەرێز بەکر عوسمان بوو کە کەسێکی زۆر چالاک وخاوەن هەڵوێست بوو! (٧)...). خاوەنپرۆژەیەکی وا گەورە کە تەنیا سەرمایە نەگۆرەکەی ئەو کاتی لە شاری هەولێر دا ٢٠٠ملیۆن دیناری چاپی سویسرایی بوو،لە مانگرتنێک بتر سێت و بڵێت تەنیا سەعاتێک بچنە مەجزەرەو بگەرێنەوە سەرئیش وکاری خۆتان و لەگەڵ ئەمەشدا پێشتر ووتبووی "ئەگەر ١٠ ملیۆن دینار زەرەر بکەم هەر دەبێت قسەی من بچێتەسەر کەچی ئێستا قسەکەی ناچێتە سەرو پەشیمان دەبێتەوە لە بریارو قسەی خۆی! بەڵام کرێکاران رازی نەبوون بەم پەشیمان بوونەوەی خاوەن پرۆژە، بەڵکو درێژەیان بەمانگرتندا، لەبەرچی؟ لەبەرئەوەی مانگرتنی ٢٥ - ١ - ١٩٩٢ و ٣١ - ٥ - ١٩٩٢ بەسەرکەوتن گەیشت و بە شێوەیەکی ئیجابی لەناو کرێکاراندا بڵاو بۆوەو کرێکاران سەرمەستی سەرکەوتن بوون و هەستیان دەکرد بە سەرەتای ئەو هێزە گەورەیەی خۆیان و لە ئەنجامدا بریاریاندا هەموو بریارەکانی خاوەنپرۆژەو بەرێوەبەرایەتی رەتبکەنەوە، بەڵام حەماس و سەرمەستی سەرکەوتن جیایە لەگەڵ هێزی واقعی سەرمایەدارانی ئەمرۆ، ئەمرۆ کرێکاران ئەم هێزە کۆمەڵایەتیەیان رێکنەخستووە تا هەموو بریارەکانی خاوەن پرۆژە رەتبکەنەوە. ئەم راستیە بەکردارو رەفتار لەلایەن ١٢ کرێکارەوە لە کۆبوونەوەی ١٧ی حوزەیراندا بەدیار کەوت(کە من یەکێک بووم لەو ١٢کرێکارە) بەڵام لەم کۆبوونەوەیە دا زیاتر لە ٨٠ کرێکار ئامادەببوون و زیاتر لە ٦٠ کرێکار ئامادەیی خۆیانیان دەربری بۆ رەتکردنەوەی هەموو بریارەکانی خاوەنپرۆژە، ئەگەر بۆ ماوەی سەعاتێکیش بێت نەچنە مەجزەرەو ئەو ١٢ کرێکارەی بریاریاندابوو بچنە مەجزەرە و پەیوەست بوون بە بریاری زۆربەی کۆبوونەوەکەو ئەوانیش بریاریاندا لەگەڵ باقی کرێکارە گوێزراوەکان درێژە بە مانگرتن و خۆپیشاندان بدەن. هەروەها چەند هۆی خۆیی و بابەتی تر هەبوون بۆ سەرنەکەوتنی تەوای مانگرتنەکە.

## هۆیە خۆیی یەکان (العوامل الذاتیة)

١- خۆئامادەکردنێکی پێویست نەبوو لای کرێکاران بە گشتی بۆ مانگرتن و روونکردنەوەی مانگرتن بە تێرو تەسەلی لە لایەن هەڵسووراوە کرێکاریەکان بۆ کرێکاران، ئەگەر مانگرتن سەرنەکەوت چی بکەین؟

٢- دروستنەکردنی سندوقی یارمەتی بۆ کرێکارانی مانگرتوو.

٣- زاڵبوونی مەیلی جیا جیای فکری و سیاسی لە لایەن چەند هەڵسووراوانێکی کرێکارانەوە.

٤- هەندێک لە هەڵسووراوەکرێکارییەکان زۆر توندرەو و سەرکێش بوون لە هەڵوێستگرتن بەرامبەر بە کرێکاران، بۆیە هەندێک لە کرێکاران ئەم هەڵوێست و راوبۆچوونی ئەوانەیان بۆ قبوول نەدەکرا.

٥- لاوازی لە ناساندنی کۆبوونەوەکان بە کرێکارانی تری کارگەو کارخانەکانی شار.

٦- نەبوونی رێکخراوێکی پێشەیی کرێکاری بۆ ئەوەی هەموو کرێکاران و هەڵسووراوانی کرێکاران بە هێڵێکی گشتی دابەرێت و بۆ هەرچی زیاتر رێکخستنیان بۆ بەدەستهێنانی داخوازییە ئابوورییەکانیان و چاککردنی شوێنی کارو ژیانیان هەوڵبدات.

### هۆیە بابەتییەکان (العوامل الموضوعية)

١- هێنانی نزیکەی ٢٠٠ چەکداری چەند لایەنێکی ناو بەرەی کوردستانی بۆ ناو پرۆژەکە بۆ ترساندنی کرێکارانی مانگرتوو و کرێکارانی سەرکار بە بیانووی ئەوەی کە پارێزگاری لە کەل و پەلەکانی پرۆژەکە بکەن.

٢- گرانی و نەبوونی و بێکاریەکی لە رادەبەدەر، کە وای لە هەزاران کرێکاری بێ کار دەکرد بە رۆژانەیەکی کەمتریش کاربکەن.

٣- قسەو بەڵێنی یەکێتی نقابەکانی کرێکارانی کوردستان وای لەچەند کرێکار کرد لە مانگرتن سارد ببنەوە، سەرەرای ئەوەی کە نقابە هەر لە سەرەتاوە لە دژی مانگرتن و نارەزایی و خۆپیشاندان بوون ،ئەمە راستیەک بوو زۆربەی کرێکارانی ناو پرۆژەکە دەیان زانی و هەروەها هەرەشەی دەرکردنیشیان لە کرێکاران دەکرد، ئەگەر بەشداری لە کۆبوونەوە،مانگرتن و خۆپیشاندان بکەن.

٤- پشتگیری توندی بەرێوە بەرایەتی لە لایەن هەندێک لایەنی ناو بەرەی کوردستانی بۆ ئەوەی کرێکاران ملکەچی بریارەکانی بەرێوەبەرایەتی پرۆژەکە بن.

### پەراوێزو سەرچاوەکان:

١- رۆژنامەی(کوردستانی نوێ) ژمارە ١١٦ی حوزەیرانی ١٩٩٢

٢- کاتێ ئەم پرۆژەیە کەرتی گشتی دەوڵەتی بوو، کرێکاران بە ٣شەفت کاریان دەکرد بەڵام کە ئەحمەد اسماعیل لە حکومەتی ناوەندی کریەوە، کرێکارانی بە ٢شەفت کارپێ دەکرد!!

٣- کارگێرانی یەکێتی نقابەکانی کرێکارانی کوردستان - لقی هەولێر بریتی بوون لە شێخ خالید کە لەلایەن یەکێتیەوە دانرابوو، رەحمان سەرخوری کە لەلایەن حزبی شوعی یەوە دانرابوو، عندولکریم کە لە لایەن حزبی زەحمەتکێشانەوە دانرابوو، وەبرادەرێکی تریش بوو لە لایەن پارتیەوە دانرابوو (بەداخەوە ناوەکەیم لە بیر نە ماوە.)

٤- دەنگی بێکاران، ژمارە (١) ئۆرگانی یەکێتی بێکاران لە کوردستان، ساڵی یەکەم، تەمووزی١٩٩٢(لە لاپەرەی یەکەمدا هەواڵی دەرکردنی ١٠٠ کرێکاری راگەیاندووە لە مەجزەرەبیرۆژەی پەلەوەری هەولێر).

٥- کرێکارەکان (من و کاک عباس و کاک قادرنادر بووین و لەگەڵ یادی بەخێر کۆسرەت رەسول دۆستێکی زۆر کۆنی منەو لە زەمانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان زۆر کارمان پێکەوە کردووە.

٦- (تێکۆشان)، ئۆرگانی رێکخراوی تێکۆشانی رەنجدەرانی کوردستان تەمووزی ١٩٩٢.

٧- بەکر عوسمان برای شەهید سەردەشت عوسمانە و کە لە خێزانێکی رۆشنبیرو تێکۆشەرن....

تێبینی: ئەم نووسینە لە رۆژنامەی پەیام کە لە لەندەن بە کوردی دەردەچوو لە ساڵی ٢٠٠٠ بڵاو کراوەتەوە ...

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان - رێکەوتی: ١٩ی مای ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## خوێندنەوەیەکی مێژوویی لەسەر ۱ی مەی



سامان ریشەساحێب

ڕۆژی یەکی مانگی مەی سیمبولی یەکیەتی و هاوئاهەنگی نێونەتەوەیی کرێکارانە لە دژی جیهانی سەرمایەداری و نابەرابەر. پێشینەی ڕۆژی یەکی مانگی مەی و یادکردنی ئەم ڕۆژە وەکوو ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی ۱۹ی زایینی، لەم قۆناغەدا سەرمایەداری زۆر زوو گەشە دەکات و تێکڕای گەشەو پەرەسەندی سەرمایەداری چەندایەتی (کمییت)ی کرێکارانیش خۆی دەردەخات لە ئۆرووپا و ئەمریکا و هەموو وڵاتانی دونیا خەباتی ئەم چینە پەرە دەستێنێت. ناوەندگەلێکی زۆر فراوان و گەورە پێک دێن کە بە هەزاران کرێکار کاری تێدا دەکەن. یەکی مەی لە لایەن حیزب و لایەنە چەپ و کۆمۆنیستەکان، سۆسیالیستەکان و یەکییەتیە کرێکارییەکان ڕێزی لێ دەگیرێت و ئەم ڕۆژە وەک ڕۆژی هاوخەباتی و هاوپشتی چینی کرێکار کە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی هەیە لە سەرانسەری دونیا ناو نراوە.

### مێژووی یەکی مەی:

یەکی مانگی مەی وەبیرهێنانەوەی خەبات و شۆڕشی کرێکارانە کە لە ساڵی ۱۸۸۸ی زایینی لە وڵاتی ئەمریکا کە لە یەکەم ڕۆژی مانگی مەی دەستی پێکرد. پێش لەوە کرێکاران کۆمەڵێک داواکاری و داخوازییان هەبوو بۆ نمونە کەم کردنەوەی ساعەت کاری، باشترکردنی بارودۆخی ژیان و گوزەران و بێهداشت کە بەداخەوە لە لایەن دەوڵەت و خاوەنکارانەوە وڵامی هیچ کام لەم داخوازییانە نەدرایەوە، بەم بۆنەوە لە ڕۆژی یەکی مەی لە هەموو ئەمریکا مانگرتنێکی گشتی دەست پێدەکات و لە ٤مین ڕۆژی مانگرتنەکەدا هێزی پولیس هێرش دەکاتە سەر کرێکاران و ژمارەیەکیان دەکوژرێت و ژمارەیەکی دیکەش بریندار و کۆمەڵێکی دیکەش دەست بەسەر دەکرێن کە لەم نێوەدا چووار کەسیان لە سێدارە دەدرێن.

کرێکارانی ئەو کاتی ئەمریکا لە بارودۆخێکی کاری سەخت و تاقەت پڕوکێن دا بوون، ساعەت کاری زۆریان هەبوو و یەکێک لە داخوازییەکانیان ئەوە بوو کە ساعەت کاری ڕۆژانە بکەن بە ۸ ساعەت و بارودۆخی شوێنی کار و بێهداشت و ئەمنیەتیشان ناگونجاو بوو و داوای باشترکردنی ئەم داخوازییانەیان دەکرد. بە پێی ئامارە مێژووییەکانی ئەو کات ڕێژەیەکی بەرچاو و زیاتر لە ۳۰۰هەزار کەس و هەر لە خودی شیکاگۆ ۹۰هەزار کەس بەشداری ئەو خۆپیشاندان و مانگرتنە بوون، هەر بۆیە بە توندی هێرشی کرایە سەر و نزیک بە ۱۲۰۰ کارگاه و ناوەندی کرێکاری لە ئەمریکا داخران.



سەرچاوە
Serchawe

## ئێران:

چینی کرێکار لە ئێران کە وەکوو گوردانێک لە ئەرتەشی نێونەتەوەیی کرێکارانە، ئامانجێکی جیاوازی لە باقی کرێکارانی جیهان نییە، ئەویش ئاواتەخوازی دونیایەکی باشتر و کۆمەڵگایەکی یەکسان و بەرابەرە. ماوەی سێ دەیە دوای کۆنگرەی دامەزرێنەری ئەنترناسیۆناڵی دووهەم ودیاریکردنی ڕۆژی یەکی مانگی مەی، لە ئێران کرێکاران لە ساڵی ١٣٠١ی هەتاویی (١٩٢٢ . ز) بۆ یەکەم جار پێشوازییان لەم ڕۆژە کرد و بە ڕێپێوان و خۆپیشاندان و وتارخوێندنەوە ئەم ڕۆژەیان بەرز ڕاگرت. دروشمی سەرەکی کرێکاران لەم ڕۆژەدا بریتی بوون لە: کەم کردنەوەی ساعەتی کار بە هۆی ئەوەی کرێکاران ڕۆژانە ١٤ ساعەت لە ڕۆژدا کاریان دەکرد، یەکیەتی کرێکارانی چاپخانەکانی تاران و یەکیەتی گشتی کرێکارانی ناوەند(مرکز) لەم خۆپیشاندان و سازماندان و بەڕێوەبردنی ئاهەنگی یەکی مەی ڕۆڵێکی گرینگیان هەبوو، کرێکارانی چاپخانەکان کە توانیبویان ٨ ساعەت کار لە ڕۆژدا بچەسپێنن، خوازیاری ئەوە بوون کە لە هەموو شوێنێکی دیکەش لە ئێران ئەم یاسایە بەڕێوە بچێت و دواتر واتە لە ساڵی ١٣٠٢ی هەتاوی وێڕای کرێکارانی سەرانسەری جیهان ئەم ڕۆژە واتە یەکی مەی یان بەرز ڕاگرت.

لە سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتی ڕەزا خان لە ساڵی ١٣٠٤ی هەتاوی کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و یەکیەتی کرێکاران سەرکوت کران چیدی چالاکی ئاشکرا و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ئاشکرا مەجالی نەمابوو، سەرکوت و (خفقان) تا ڕادەیەک بوو کە تەنانەت یەکیەتییە کرێکارییەکان ناچار بوون بە نهێنی کۆبوونەوەکانیان بەڕێوە ببەن. ڕۆژی ١١ی گوڵانی ساڵی ١٣٠٦ی هەتاوی مەئمورانی شارەوانی هێرشیان کردە سەر چاپخانەکان و دەستیان بەسەر هەموو بەڵگە و ڕاگەیاندنەکانی پێویست بە یەکی "مە"یدا گرت هاوکات کۆمەڵێک لە ڕێبەرانی ڕێکخراوە کرێکارییەکانیشیان دەستبەسەر و ڕاپێچی زیندان کرد. لە ساڵی ١٣٠٧ی هەتاوی سەرەڕای ئەو بارودۆخە کە زاڵ بوو بە سەر کۆمەڵگادا، ڕۆژی هەینی ٣ی مانگی مەی گروپگەلێکی ٣ تا ٥ کەسی جیاجیا لە دەرەوەی شار لە نێو باغێکدا کە نزیک بە ٨٠٠ کەس کۆ ببوونەوە ئەم ڕۆژەیان بە وتار خوێندنەوە و پێویستی هەبوونی بزووتنەوەی کرێکاری و خوێندنەوەی سرودی شۆڕشگێڕانە بەڕێوەبرد. ساڵی دواتریش بە هەمان شێوە، بەڵام ئەمجار بە ڕێژەیەکی زۆر نزیک بە ٢هەزار کەسی ئەم ڕێوڕەسمە بەڕێوە چوو، بەڵام دواتر هێرش کرایە سەریان و نزیک بە ٥٠کەس لە چالاکان و ڕێبەرانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان دەستبەسەر کران.

پڕشکۆدارترین ڕێوڕەسمی ڕۆژی کرێکار لە دوای نەمانی ڕژیمی پاشایەتی واتە لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی بوو کە بە هاوکاری "شۆرای هاوئاهەنگی بەڕێوەبردنی ١ی مانگی مەی" لە تاران نزیک بە ٥٠٠٠ کەس بەشدارییان کرد و ڕێپێوانێکی گەورەیان ڕێکخست و بە دروشمی (یەکیەتی، یەکیەتی، کرێکاران یەکیەتی) شەقامەکانی تارانیان پێوا، بەڵام زۆری نەخایاند کە حکومەتی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی زۆرێک لە پێشڕەوان و چالاکان و ڕێبەرانی بزووتنەوەی کرێکاری دەست بە سەر و ڕاپێچی زیندانی کرد. بۆیە تاکوو ئێستاش وەک ئەوەی کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ڕەسمییەتیان دابێت بەم ڕۆژە وەک ڕۆژێکی تایبەت بە چینی کرێکاران یان بە پێی یاسا ڕێکخرابێت و بەرگری لێکرابێت نەبووە و هەموو کات چالاکان و هەڵسووڕاوانی کرێکاری بەر چاوتر بوون و ئێستاکەشی لە گەڵ بێت کۆمەڵێکی بەرچاویان دەست بە سەر کراون لە زیندان بەسەر دەبەن.

**کوردستان:**

**مێــژووی بــزووتنەوەی کرێکــاری لە کوردســتان بەشـێکی جیــانەکراوەی بــزووتنەوەی کرێکــارییە لە ئێــران، ئەم بــزووتنەوەیە لە چــاو بــزووتنەوەی سەرانســەری دیــارە ئەزمــوونێکی کەمــی هەیە، بەڵام ئەو هەنگــاوانەی وا لەم سێ دەیەی رابــردوو هەڵێنــاوە زۆر دیــار و بەرچــاوە. شۆڕشــی ٥٧ی هەتــاوی ئێــران پانتــای سیاســی کوردستانیشــی گــرتەوە و نــاڕەزایەتی حیــزب و لایەنە سیاســیەکان و تــوێژی جیاوازی کۆمەڵگا لە دژی رژێمــی تــازە بە دەســەڵات گەیشــتوو پێکهــات، ئەو کــات کوردســتان بــارودوخێکی سیاســی و پلۆڕاڵ بەڵام (بــێ شکڵ)ی هەبوو و لە قۆناغەدا کۆمەڵێک رێکخراو و یەکیەتی کرێکاران پێک هاتن وهاتنە ناو گۆڕەپانی بزووتنەوەکەدا.**

**لە دەیەی ٥٠ی هەتــاوی و ســاڵەکانی نزیــک لە شۆڕشــی ئێــران جگە لە چەنــد کــارگەی بچــووکی وەک: شــاهۆ، جــل و بەرگــی ســنە و کارخـانەی قەنـدی پیرانشـار و کـارگەی فەرش چنین، هیچ ناوەنـدگەلێکی (ێنعتی) لە کوردستان بە هـۆی ئەو روانینە سیاسیە پێک نەهـاتبوون. مـاڵی کرێکار(خـانە کـار) لە سنە لایەنێکی بەهێـز بـوو بـۆ جێبەجـێ کردنـی یاسـای کـار و بردنەسـەرەوەی حەقدەسـتی کرێکاران و هەر وەها ئەم رێکخراوەیە لە رێپێوانی خەڵکی سنە بەرەو مەریـوان بـۆ پێشوازی لە کۆچە مێژووییەکـی ئەم شـارە رۆڵێکـی گرینگی هەبوو.**

**کۆمەڵێــک یەکیەتــی و رێکخــراوە و ســەندیکای کرێکــاری لەم ســاڵانەدا لە کوردســتان پێــک هــاتن و چالاکییــان کــرد کە لە خــوارەوە ئاماژەیەکی کورت بە ناوەکانیان دەکەم:**

**ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، سەندیکای نانەواکانی سەقز پێکهات کە لە ماوەیەکی کورتدا نزیک بە ٢٠٠کەس بوون بە ئەندامی سەندیکا.**

**بەهـاری سـاڵی ١٣٥٨ ناوەنـدی بێکـارانی شـاری سەردەشت بـۆ نـاڕەزایەتی کەمـی حەقدەسـت و دۆزینـەوەی هەلـی کـار رێکخـرا و بەم بۆنەشەوە خۆپیشاندانێکیان رێکخست.**

**ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی پێکهێنانی (تعاون)ی مەسەرەفی کارخانەکان لە شاری سنە.**

**ساڵی ١٣٦٨ لە لایەن رێکخەرانی ئەوەڵی مـانگی مەی لە شـاری سنە، سەندیکای کرێکـارانی وەرزی یـان پێکهێنـا و کۆمەڵێـک چـالاکی وەک رەخسـاندنی هەلـی کـار، ئـاوڕدانەوە بە بـارودۆخی کـارو ژیـانی کرێکـاران، وامـی بێکـاری و ...هتـدی خستە قۆنـاغی جێبەجـێ کردنەوە.**

**لە مەهابـاد بە هـۆی ئەو قەیـران بێکـارییە کە تەنگـی بە هەمـووان هەڵچنیبـوو مـاڵی کرێکار(خـانە کـارگر) پێکهـات کە زۆربەی ئەنـدامانی کرێکــارانی بیناســازی بــوون. هەمــان ســاڵ لە بەردەم فەرمانــداری شــاری مەهابــاد بە بەشــداری نزیــک بە ٤٠٠ کەس کۆبوونەوەیەکی ناڕەزایەتییان وەرێخست و دواتر ئەم سەندیکایە پەرەی سەندوو لە مێتینگەکانی دواتر نزیک بە ٤ هەزار کەسی توانیان لە هۆڵی (تربیت بدنی) ئیدارەی کاری مەهاباد دابخەن.**



سەرچاوە
Serchawe

یەکیەتی کرێکارانی بۆکان لە ساڵی ١٣٥٨ لە لایەن کرێکارانی بێکاری ئەو شارە پێکهات و کۆمەڵێک دروشمی وەک "یەکیەتی، یەکیەتی نان، کار، ئازادی سەردا.

لە شاری بانە لە ساڵی ١٣٥٨ یەکیەتی کرێکارانی بێکار رێکخرا و نزیک بە ٦ تا٧ هەزار کەس لایەنگری بووە و ئەمانیش خوازیاری جێ بەجێکردنی یاسای کار و باقی داخوازییە رەواکانی چینی کرێکاران بوون.

لە نێوان ساڵەکانی ٦٤ تا ٦٦ زۆربەی ئەو کرێکارانەی وا لە یەکیەتییەکان و رێکخراو و سەندیکا کرێکارییەکان چالاکییان دەکرد و پەیام هێنەری هەر ساڵەی رۆژی یەکی مەی بوون بە داخەوە زۆربەیان دەست بە سەر و زیندانی کران و بە تایبەت لە ساڵەکانی ٦٧ تا ٦٨ بزووتنەوەی کرێکاری زۆربەی رێبەران وپێشڕەوانی خۆی لە دەست دا و ئەمەش بووە هۆی بۆشاییەکی گەورە لە نێو بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێران و کوردستان.

**کۆتایی:**

رێبەرانی کرێکاری شیکاگۆ گیانیان لە دەست دا، بەڵام راستی خەبات و وتەکانیان لە ساڵی ١٨٨٩ی زایینی لە کۆنگرەی نێونەتەوەیی کرێکاران لە پاریس بە ناولێنانی رۆژی یەکی مانگی مەی(١١ی گوڵان) وەک رۆژی جیهانی چینی کرێکار تۆمار کرا. لە رۆژی ئەوەڵی مانگی مەی بە ملیۆنها کرێکار لە سەرانسەری جیهان، بە رێکخستی میتینگ و بەڕێوەبردنی خۆپیشاندان و رێپێوان، هێزی یەکگرتووی خۆیان لە بەرامبەر دنیای زوڵم و چەوساندنەوە پیشان ئەدەن و بەم کردەوە ئەوە دەسەلمێنن کە تا گەیشتن بە مافە رەواکانیان و بنیادنانی کۆمەڵگایەکی دوور لە جیاوازی لە خەبات و چالاکییەکانیان ناڕاوەستن.

کۆماری ئیسلامی ئێران دوو بازووی دژە کرێکاری واتە ماڵی کرێکار(خانە کارگر) و شۆڕای باڵای کاری هەیە کە ئەم دوو ناوەندە تەنها کەرەستەیەکن بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی پارلەمان و حیزبەکانی خۆیان و هیچ هەنگاوێک لە قازانجی بەرژەوەندی و داخوازییەکانی کۆمەڵگای کرێکاری لە ئێران هەڵناهێننەوە. دانانی یاسایەکی کاری نوێ لە بەرژەوەندی کرێکاران بۆ کاروباری سیاسی، دابین کردنی مەرجەکانی پێویست بە تەندروستی و ئەمنیی و ئاسایشی کرێکاران، ئازادی پێکهێنانی رێکخراوە و سەندیکای کرێکاری و مانگرتن و کۆبوونەوە، وشیارکردنەوەی چینی کرێکار سەبارەت بە مافەکانیان، دابینی کردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و خانەنشینی و... هتد دەتوانێت چەند داواکاری و داخوازییەکی ئەم چینە بێت بۆ ئەوەی باشتر بژین.

سەرچاوەکان: گوگل

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی رۆژهەڵات - رێکەوتی: ١ی مای ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

# پێوەندی هەژاری و بێکاری و ڕۆژی کرێکار



**ئەنوەر ئەسەدزادە**

سەرەڕای ئەوەی ڕۆژی جیهانی کرێکار لە چەند ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ سەپاندنی کەشێکی قورسی ئەمنییەتی و ترساندن لە شێوازی جۆراوجۆر لەئێراندا بەرەوڕوو بووەتەوە، بەڵام بەستێنی کۆمەڵایەتی ئەوەی زۆرینەی کۆمەڵگا بەم بۆنەوە دەتوانێ بە لە بەرچاو گرتنی هەندێک فاکتەری عەینی و واقیعی لە کۆمەڵگای ئێراندا و لە چەقی گشت گۆڕانکاریی و قەیرانە هەنووکەییەکان بێتەوە مەیدان و ببێت بە داینەمۆی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێز لە ئێراندا، لە هەموو کاتێک زیاتر ئامادەیە. لەم بابەتەدا هەوڵ ئەدەین چاوخشاندنێکمان بێت بەسەر بارودۆخیی هەنووکەیی ناوخۆی ئێران کە سەرچاوە گرتووە لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و تا ڕادەیەک بەرچاو ڕوونییەک بدەین لەوەی لە چ بارودۆخێکدا بەرەوپیری ڕۆژی جیهانی کرێکار دەڕۆین.

### ١- بواری ئابووری

ناکارامەیی کۆماری ئیسلامی لە دەستەبەرکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی خەڵک، بەرچاوترین و ئاشکراترین ڕواڵەتی هەنووکەیی کۆمەڵگای ئێرانە و ئەم بابەتە وەک دیاردەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی خۆی دەرخستووە. نرخی کەلوپەل و خواردەمەنی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرز دەبێتەوە و هۆکارە ڕووکەشییەکانی وەک بەرزبوونەوەی نرخی پێداویستیە خۆراکییەکان و تەنانەت سەرچاوە سەرەکییەکانی وزە، وەکوو نەوت و گاز و برق و ئاو و هەروەها کاڵاو خانووبەرە، خێراییەکی بەرچاوی بەهەڵکشانی نرخی هەڵاوسان داوە. سیستمی ئابووری کۆماری ئیسلامی، تەنانەت لە لێکدانەوە و شیکارییە ئابوورییەکان، پەنا دەباتە بەر چەواشەکاری و لە هەوڵی تێکدانی ڕاستییەکانە. تەنانەت لە سەردەمی سەرۆک کۆمارە کلیل بە دەستەکەش، ئەوەی دەبینرێ چوونە سەرەوەی نرخی شمەک و وزەکانە بەشێوەیەکی خێرا.

هەواڵنێری فەڕانسە بە وتوویژ کردن لەگەڵ ژمارەیەک لە خەڵکی ئێران ڕایگەیاندووە، هەر لە کارمەندێکی خانەنشین کراوی زانستگاوە بگرە تا خاوەن دووکانێکی سادە پێیان وابووە کە بارودۆخی ئابووری ئێستاکە هاوشێوەی دەوڵەتی مەحموود ئەحمەدی نژادە، ئەم هەواڵنێرە لە زمان ئەم خەڵکەوە نووسیویەتی کە کۆمەڵگای ئێران تووشی کەلێنێکی گەورە بووە، ڕەوتی بەرزبوونەوەی نرخی

کاڵاکانو گرانبوونی شمەک رانەگیراوەو بارودۆخی ژیان لە چاو رابردوو هیچ باشتر نەبووەو هەروەها لەدرێژەشدا زیادی کردووە لە بەهاری ئەمساڵەوە تا ئێستا نرخی برق و گاز سەدی ۲۵ و نرخی سووتەمەنیش سەدی ۷۵ چۆتە سەرێ، ئەوە لە حاڵێک دایە کە دەوڵەتی رووحانی هانی خەڵکی دەدا واز لە وەرگرتنی یارانەی نەغدی بێنن.

هۆکارە گرینگەکانی وەک تەرخانکردنی داهاتێکی زۆر بۆ میلیتاریزم، دابەش نەکردنی عادڵانەی سەرووەت و داهاتی وڵات، خستنەگەڕی هەموو وزەی سیستم بۆ پارێزگاری کردن لە مافیای دەسەڵات و سەرمایە، کەمتەر خەمی لە هەمبەر ئاوەدان نەکردنەوەی ژێرخانی لەرزۆکی ئابووری وڵات، گەندەڵی ئیداری، پێمل نەبوون بە گەڵاڵەی بیمە کۆمەڵایەتییەکان و بە شێوەیەکی گشتی ناکارامەیی سیستم لە دەستەبەر کردن و دابینکردنی پێداویستییەکانی خەڵک، رەوتێکی خێرای بە گەشەی هەژاری داوە.

هۆکارە گرینگەکانی وەک تەرخانکردنی داهاتێکی زۆر بۆ میلیتاریزم، دابەش نەکردنی عادڵانەی سەرووەت و داهاتی وڵات، خستنەگەڕی هەموو وزەی سیستم بۆ پارێزگاری کردن لە مافیای دەسەڵات و سەرمایە، کەمتەر خەمی لە هەمبەر ئاوەدان نەکردنەوەی ژێرخانی لەرزۆکی ئابووری وڵات، گەندەڵی ئیداری، پێمل نەبوون بە گەڵاڵەی بیمە کۆمەڵایەتییەکان و بە شێوەیەکی گشتی ناکارامەیی سیستم لە دەستەبەر کردن و دابینکردنی پێداویستییەکانی خەڵک، رەوتێکی خێرای بە گەشەی هەژاری داوە.

قەیران بەوە کۆتایی نایەت و ئابووری وەک ژێرخانێکی کاریگەر گەلێک کاردانەوەی راستەوخۆ لەسەر لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی تر دادەنێت و کەم لایەنی ژیانی مرۆڤایەتی هەیە کە ئابووری دیاریکەری فۆرم و ناوەرۆکی نەبێت. سەرهەڵدانی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان، یەکێک لەو لایەنە مەترسیدارانەیە کە لە ژێر کاریگەری راستەوخۆی هەژاری دایەو بەرزبوونەوەی رێژەی لەشفرۆشی و گیرۆدە بوون بە مادە سڕکەرەکان و کوشتن و دزی و هتد، پەیوەندی نێوان هەژاری و ئەو لایەنانە دەدرکێنێ.

## ٢- بێکاری

یەک لەو دیاردانەی کە ئێستاکە بەشێوەیەک لەئاستی راگەیاندنەکان باسی لێوەدەکرێ و هەروەها بۆتەی هۆی سەرچاوەی هەندێک لەخەسارە کۆمەڵایەتیەکانی ناوخۆی ئێران، دیاردەی بێکارییە. بەپێی تازەترین هەواڵ و ئامارەکان، نرخی بێکاری ئێران ئیمساڵ روو هەڵکشانە و لەگەڵ گشت ئەو پڕوپاگەندانەی کە دەوڵەتەکەی روحانی باسی دەکات، ئەم دیاردەیە نەک کەم نەبووەتەوە، بگرە بەردەوام بەر بینگی بە خەڵکی هەژارو زەحمەتکێش گرتووەو بۆتە قەیرانێکی چارەهەڵنەگریش بۆ دەوڵەت. لەم پێوەندیەدا تەنانەت نوێنەری شارەکانی سنەو دیواندەرە و کامیاران وێڕای ئاماژە بەوەی کە بەپێی ئامارە رەسمییەکان نرخی بێکاری لە شارەکانی پارێزگای کوردستان لە ۳۱ لە سەد تێپەڕیوە، گوتنی ئەم رێژە بێکارییە بەبێ لەبەرچاو گرتنی کارە لاوەکیو رێژەی بێکارە وەرزییەکان گرفتێکی گەورەیە کە ئەم بەشە لە کوردستان بە بەردەوامی لەگەڵی بەرەوڕووە. ئێستاکە لەشکرێکی گەورە لە بێکاران پێکهاتووەو نەڕەخساندنی دەرفەتی کار بۆ ئەو توێژە و ئاوەڵاکردنی دەستی خاوەنکاران بۆ دەرکردنی کرێکاران رۆژ لە دوای رۆژ ئەم کێشەیە زەقتر دەکاتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

گەشەی رۆتینی هەژاری و بەرزبوونەوەی رێژەی هەژاران لە ئێران، ژیانێکی تراژیکی بۆ زۆرینەی خەڵکی ئێران بەرهەمهێناوەو لەراستیدا لە بەردەم هەڵبژاردنێکی چارەنووس سازدان. واتە هەڵبژاردن لە نیوان هەژاری زیاتر یان هەوڵدانێکی بنەڕەتی بۆ رزگاری لەم قەیرانە و هێنانە کایەی سیستمێکی دادپەروەر. ئاشکرایە کە تەنیا رێگەی رزگاری لەم بارودۆخە، هەڵپێچانی سیستمی سیاسی - کۆمەڵایەتی زاڵ و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی نوێیە. کۆمەڵگایەک کە سەرەکی ترین ئەرکی سەرشانی دەسەڵات، بە کردەوە دەرهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دابەشکردنی عادڵانەی سەروەت و داهاتی وڵات و بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و ئازاد بێت.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەوانەی باسی هات بۆمان دەردەکەوێ کە لەکاتێکدا بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهان لەهەوڵی ئەوەدان مەجالی کارو گەشەسەندن بۆ لاوانی وڵاتەکەیان بڕەخسێنن و هەروەها تەواوی هێزی خۆیان خستۆتە گەڕ تاکوو رادەی بێکاری کەم بکەنەوە، لەکۆمەڵگای ژێر دەستی مەلاکانی ویلایەتی فەقیە، سیاسەتی بێکارکردنی لاوانی کورد بۆتە یەک لە دیارترین سیاسەتەکانی داگیرکەرانی کوردستان. ئەم بێکاری و هەژاریی و گرفتە ئابووریانە، تەنیا بۆ چینی کرێکار لەئێراندا نیەو بگرە ئێستاکە زۆر توێژی دیکەی کۆمەڵگای ئێران وکوردستان هەن کە لە کاتاگوری ئەو قەیرانانەدا دەکرێت پێناسە بکرێن.

### ٣- گوشارەکان لەدژی کرێکاران و بزووتنەوەکەیان

لە ماوەی رابردوودا، گوشارەکان بۆ سەر چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی بەرین پەرەی سەندووە. یەکێک لەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە کە لەم رۆژانەی دوایی کەوتۆتە بەر هێرشی هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی، بزووتنەوەی کرێکارییە. بەپێی هەواڵێکی کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ پێکهێنانی دامەزراوە کرێکارییەکان، لە نزیک بوونەوە لە ١ی مەی رۆژی جیهانیی کرێکار، ژمارەیەک چالاکی کرێکاریی کورد لە شاری سنە بەناوەکانی خالید حوسێنی، غالب حوسێنی، عەباس ئەندریاری، سۆسەن رازانی، کوورش بەخشەندە و مەجید حەمیدی، لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتەوە بە توندی لێ‌پێچینەوە و هەڕەشیان لێ کراوە.

گوشار هێنان و گرتنی ئەم چالاکە کرێکارییانە لە شاری سنە لەکاتێکدا بووە کە رۆژی سێشەممە رێکەوتی ١٧ی خاکەلێوە، پێنج چالاکی کرێکاریی کورد لە بۆکان بەناوەکانی "جەماڵ مینا شیری و هادی تەنۆمەد" هەرکام بە سێ ساڵ و نیو زیندانی تەعزیری هەروەها "قاسم مستەفا پوور، ئیبراییم مستەفا پوور و محەممەد کەریمی" هەر کام بە ٢ ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کران.

بەدرێژایی هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی، بزووتنەوەی کرێکاری ئێران لە هەوڵدان بۆ دروستکردنی رێکخراوە و پێکهاتە کرێکارییە سەربەخۆکان تووشی گەلێک کێشە بۆتەوە و سیستمی سیاسی لە ئێران نە تەنیا خۆی لەدانی ئەم مافانە بە کرێکاران و بزووتنەوەکەیان دەبوێرێت، بەڵکوو بەهەموو توانایەوە دژی دەوەستێتەوەو لەرێگەی گرتنی چالاکانی کرێکاری و رێگەگرتن لە دروست کردنی رێکخراوەو سەندیکای کرێکاریدا خۆی دەبینێتەوە. ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی بەردەوام دژی سازکردنی رێکخراوە کرێکارییەکان و سەندیکاکان بووە، هەروەها بەتەواوی توانایەوە چۆتە مەیدانی شەڕ لەگەڵ لایەنگرانی کاری رێکخراوەیی لە بزووتنەوەی کرێکاریدا، بەڵام گشت ئەم رێگری و بەربەستانە نەبونەتە هۆی دابەزینی ئیرادەی هەوڵدان و شێلگیر بوونی چالاکانی کرێکاری.

هەنووکە کرێکارانی ئێران لە بارودۆخێکی نالەباردا بەسەردەبەن و هەژاری و بێکاری وەک باس کرا بۆتە رۆتینی ژیانی رۆژانەیان. لەسەرکار دەرکردن، دواکەوتنی حەقدەست، بیمە و دەیان کێشەیتر بەرۆکی بە ژیان و گوزەرانی کرێکاران گرتووە و رۆژ لەدوای رۆژ، ئەم بارودۆخە خراپتر دەبێت. بۆ روبەڕوبوونەوە لەگەڵ ئەم بارودۆخە رێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری دەتوانێ دەورێکی گرنگ بنوێنێت و رادەی دەستدرێژی بۆ سەر مافی کرێکاران کەمتر بکاتەوە.

رێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری ئامرازێکی بەکەڵک بۆ دەستەبەربوونی داواکارییە کرێکارییەکانە و هەرئەمەشە کە کۆماری ئیسلامی بەدرێژایی دەسەڵاتی دژایەتی لەگەڵ ئەم مافە کردووە. رژیمی ئیسلامی بەکەڵک وەرگرتن لە ئامرازەکانی تۆقاندن، سەرکوت، دەرکردن و تەنانەت پێکهێنانی ناوەندگەلی بێ کەڵکی وەک "خانە کار" هەمیشە وەک لەمپەرێک لەبەردەم بیرۆکەی پێکهێنانی رێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری وەستاوەتەوەو بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدابووە کە ئەم کارە سەرنەگرێت.

هەموو دەرکەوتەکانی ئەم چەندساڵەی دوایی ئێران نیشاندەدات کە رەوتی هەنگاونان لە پێناوی پێکهێنانی سەندیکا کرێکارییەکان، رەوتێکی بێ گەڕانەوەیە و بڕوا بە پێویستی و پێداویستیی هەنگاونان لەم ئاراستە زۆر بەهێزە. ئەگەرچی لەمپەرگەلێکی وەک دژایەتی دەسەڵات و نەبوونی وشیاری پێویست لە لایەن خودی کرێکاران هەنووکەش بوونی هەیە، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەم مەسەلە واتە پێکهێنانی یەکێتی و سەندیکاگەلی سەربەخۆ دەڕوات تا ببێتە گوتارێکی زاڵ لە ناو کرێکارانی ئێراندا.

هەموو دەرکەوتەکانی ئەم چەندساڵەی دوایی ئێران نیشاندەدات کە رەوتی هەنگاونان لە پێناوی پێکهێنانی سەندیکا کرێکارییەکان، رەوتێکی بێ گەڕانەوەیە و بڕوا بە پێویستی و پێداویستیی هەنگاونان لەم ئاراستە زۆر بەهێزە. ئەگەرچی لەمپەرگەلێکی وەک دژایەتی دەسەڵات و نەبوونی وشیاری پێویست لە لایەن خودی کرێکاران هەنووکەش بوونی هەیە، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەم مەسەلە واتە پێکهێنانی یەکێتی و سەندیکاگەلی سەربەخۆ دەڕوات تا ببێتە گوتارێکی زاڵ لە ناو کرێکارانی ئێراندا.

ئەم مەسەلە دوو لایەنی هەیە و دەکرێ لە دوو روانگەی جیاوازەوە قسەی لەسەر بکرێت. لەلایەکەوە چالاکان و هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی کرێکاری بەو حەقیقەتە گەیشتوون کە بەهرەمەندبوون لە رێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری بە هەموو فۆڕمەکانی وەک سەندیکا و فێدراسیۆن و زۆر بواری دیکە، دەتوانێ پێشکەوتنێکی خێرا بە رەوتی بزووتنەوەی کرێکاری بدات و کرێکاران بە ئامانجەکانیان نزیکتر بکاتەوە. لە لایەکیترەوە رژیمی ئیسلامی و خاوەنکاران بەباشی درک بەم مەسەلە دەکەن کە رێکخراوبوون یان خۆڕێکخستنی کرێکاران، گورز و زەربەیەکی بەهێز لە بەرژەوەندییەکانیان دەدات و هەر بەم پێیەش هەموو هەوڵی خۆیان خستۆتە گەڕ تا بەر بە پەرەسەندنی ئەم پرسە بگرن.

گرنگی ئەم مەسەلە بۆ کرێکاران لەوەدایە کە بەشێکی بەرچاو لە کێشە کرێکارییەکان لە هەناوی هەبوونی رێکخراو و سەندیکا سەربەخۆکان چارەسەر دەکرێت و ئەمە و زۆر بابەتیتر دەتوانێ گرینگی هەوڵدان بۆ رێکخستن و دروستکردنی رێکخراوی سەربەخۆ روون بکاتەوە. هەبوونی مانگرتن و ناڕەزایەتیی بەشێوەی نارێکخراو پرژ وبڵاو لە بزووتنەوەی کرێکاریدا جێگەی خۆی هەیە، بەڵام دامەزراندن و سازکردنی رێکخراو و سەندیکا کرێکارییەکان، دەتوانێ کاریگەرییەکی بەرچاو لەسەر چۆنایەتی بەهێزی ئەم



سەرچاوە
Serchawe

بزووتنەوەیە و خەباتی داهاتووی چینی کرێکار دابنێت.

لەم چەند ساڵەیی دواییدا داواکاری بۆ پێکهێنانی رێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان بەردەوام لەریزی پێشەوەی خواستە کرێکارییەکان بووە و ئەم پرسە بەهۆی چوونە سەرەوەی وشیاری کرێکاران لەم ساڵانەی دوایی بۆتە یەکێک لە گرینگترین بابەتەکانی بزووتنەوەی کرێکاری. ئەزموونەکانی بزووتنەوەی سەندیکالیستی لە وڵاتانی رۆژئاوایی و درککردن بە کاریگەرییەکانی هەبوونی پێکهاتەی سەربەخۆی کرێکاری، گرنگییەکی تایبەتی بەم بابەتە بەخشیوە و بەردەوام وەک مافێکی بێ ئەملا و ئەولای کرێکاران پێداگری لەسەر کراوە.

## ئەنجام

بەگشتی پێویستە بوترێ کە ئەم چینە بەهۆی دژواری کار و گرانی ژیانەوە تووشی گەورەترین هەڵاواردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و زوڵم لێکردن بوونەتەوە. سەرەڕای ئەم راستییانە، هێشتاکە رۆڵی چینی کرێکار لە نێو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و خەباتی رزگاریخوازانەدا کاڵ نەبۆتەوە. روون و ئاشکرایە کە لە ئێستاکەی کۆماری ئیسلامی تەنیا کرێکاران نین کە لەترس و دڵەڕاوکێدا دەژین و تەنیا ئەوانیش نین کە خوازیاری ئاڵوگۆڕو ژیانێکی باشترن، هەر بۆیە پێویستە چینی کرێکار بەبەشداری و هاوکاری باقی چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگاو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ژنان و خوێندکاران، هەوڵەکانیان چڕتر بکەنەوە لە پێناو شۆڕشێکی بەرینی کۆمەڵایەتی و بەخوێندنەوەی نوێییەوە بڕۆنە ناو پانتایی شۆڕشێکی هەڵتەکێنەری دیکتاتۆری زاڵ.


بێکاری و هەژاری و باری ئابووری سەقەت لەکۆمەڵگای ئێراندا لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، پێوەندییەکی دینامیکی و لێکهەڵپێکراویان پێکەوە هەیە. بێگومان پێویستی خۆڕێکخستن و چوونەسەرەوەی وشیاری کرێکارانی ئێران و کوردستانیشی لەگەڵ بێت، فاکتەرێکی گرنگ و چارەنووسسازە بۆ بزووتنەوەی کرێکاری. مۆتۆربە کردنی ئەو خاڵانەی باسی هات، دەتوانێت وەک خاڵێکی بەهێزی وەگەڕخستنی بزووتنەوەی کرێکاری لێک بدرێتەوە و ئەو بەرچاو روونییەش هەیە لەگەڵ ئەزموونی رێکخستنی ژێرانەو سەردەمیانەی حیزبە سیاسییەکان وقۆستنەوەی کەشی ئاڵۆزو قەیرانـاویی ئابووری سەپێنراو بەسەر ئێراندا، چاوەڕوانی هاتنە مەیدانی بەرفراوانتری بە هێزی بزووتنەوەی کرێکاری، دوور لەراستی نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی رۆژهەڵات - رێکەوتی: ١ی مای ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## خەباتی مەدەنی و خەباتی چینایەتی لە قۆناغی گلوبالیزمدا



**ڕەشاد - مستەفا سوڵتانی**

به یادی کرێکارانی ئافریکای باشور، که به جەسارەتەوە دژی چەوساندنەوە ڕاوەستان و بەشێوەیەکی بیرەحمانە کوژران.

یازدەی گوڵان، ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار پیرۆز بێت !

کاتێک کرێکاران ڕێگاکەی هەولێر، ڕەواندوز و رایاتیان دروست کرد و جادەکە ئامادە بوو ؛ لە سەر تاشە بەردێک نوسیان: " ئێمە کە هەزاران کەسین و بە زمانەکانی ئەرمەنی، ئینگلیزی، کوردی، ڕووسی،عەرەبی، تورکی، هیندی، سریانی، میسری، تونسی، ئیتالیایی، هەنگاری،فارسی و یونانی قسە دەکەین.

ئەم ڕێگامانە بۆ خزمەتی هەموو مرۆڤێکی ئەم جیهانە دروست کرد." ئەم جادەیە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، دروست کراوە. لەم بوارەدا ئایین، مەزهەب، ڕەنگی پیست، زمان، فیکری سیاسی و نیژاد لە پەراوێز خراوە و؛ بۆ ئامانجێکی دیاری کراو و کارێکی هاوبەش، هەموو کرێکارەکان یەکیان گرتوە. ئینگلس و مارکس پێیان وابوو کە سوسیالیزم لە وڵاتانی پێشکەوتوو وەک بریتانیا و ئاڵمانیا سەر دەکەوێت و؛ پێێان وانەبوو لە ڕووسیا کە پێکهاتەی کۆمەڵگاکەی جووتیاری بوو شۆڕشی سوسیالیستی سەرکەوتوو بێت. باری خراپ و دارزیوی ئابوری ڕووسیا و بژێوی زۆر سەختی ژیانی جەماوەری خەلک تا ئاستێکی ڕووخێنەر گەیشتبوو و هێشتا نیزامی جووتیاری هەر مابوو. ئەگەر فیلەسوفێک وەک مارکس هەتاکوو سەدەی ٢١ بمابایە، و گەشەی تیکنۆلۆژی و گلوبالیزمی بە چاوی خۆی دیبایە، زۆربەی هەڵویست و بیر و بوچونەکانی دەگۆڕی.



مارکس بە چاکی سەرمایەداری شی کردوەتەوە و لە کتێبە شاکارەکەی بە ناوی " کاپیتاڵ" دیاردەی دیموکراسی، شۆڕش و دەولەتی تێدا نیە. دوبروفسکی پێ وایە، مارکس توانی سەرمایەداری شی کاتەوەو تەحلیلی بکات، بەڵام نەیتوانی لە سیستەمەکانی پێش سەرمایەداری تێ بگات. لینین زۆر زوو بە هەرەس هێنانی سیاسەتەکانی حیزبی بولشویکی زانی و، بۆیە سیاسەتی تازەی ئابوری(نیپ)* ی هەلبژارد و، دەروازەکانی رووسیای بۆ کاپیتاڵ و دراوی بیگانە ی وڵاتانی ڕۆژ ئاوا کردەوە. لنین وتی:

کێ سوسیالیزمی بەم جۆرەی سوڤیەتی دەویێ! بوڵشڤیکەکان لە دەورانی دەسەلاتیان؛ ئابوریەکی گەشە کردوویان نە بوو، و بیگومان دیموکراسیش بێ ئابوریەکی گەشە کردوو مانای هەر نیە. تیئوریەکانی لنین سەبارەت بە دەوڵەت و شیوەی بەرهەم هێنانی ئاسیایی** لێڵ و ئاسۆیەکی ڕوون نیشان نادات. یاداشتە ناسک و جوانەکانی مارکس لە ساڵی ١٨٤٤ زاینی و یاداشتە عیلمی و فەلسەفیەکانی لنین کە لە سالی ١٩١٤ زاینی نوسیبووی، لە لایەن ستالینیستەکانەوە سانسور و شرت و گوم کران.

حکومەتی سوسیالیستی سوڤیەت لە گەڵ کاپیتالیزم چاو بڕکێی دەکرد و ئەو شێوە حکومەتە هەرگیز نەیدەتوانی ئارەزووەکانی کرێکاران دابێن بکات . ئینگلس بۆ یەکەمین جار بە ڕوانێنێکی موقەدەسەوە چاوی لە نوسراوەکانی مارکس کرد و، لە پێشەکی تەرجومەی ئینگلیزی کاپیتاڵدا نوسی:

کاپیتاڵ کتێبی تەوراتی چینی کرێکارە ! بەم کارەی دوکترینی مارکسی بۆ هەوەڵین کەڕەت گەیاندە چلە پۆپەی پەرەستن و ئینگلس یەکەم کەس بوو کە؛ گەرا و کۆڵەکەی دوگماتیزمی لە مارکسیزم دانا. بوگدانۆف، بوخارین و تەنانەت پلەخانۆف تەرجومەیەکی مرۆڤانەتریان لە سوسیالیزم هەیە. شکستەکانی سوسیالیزمی ڕووسیا، ئەوەندە کاردانەوەی نیگەتیڤی لە سەر ڕووناکبیرانی جیهان داناوە ، کە بیرمەندێکی کورد بە ناوی مەسعود محەممەد لە وتاریکدا نوسیویەتی: "ئەی ڕێبەرانی جیهان یەک بگرن و ئەی کریکارانی جیهان یەک مەگرن! " و فەهد (یوسف سەلمان یوسف) بیرمەندێکی تر لە کاتی هەڵواسیندا وتی: کومونیزم لە مردن بە هێز ترە و لە سێدارەش بەرزترە. تێپەڕ بوون وسەفەرێکی دژوار، سەخت و پڕ لە کۆسپ، ژان و ئازار لە سەر ڕێگای خەباتی چینی کرێکاردایە. بوحرانی دونیای سەرمایەداری هەتا دێ، پەرەدەستێنێت. سەرمایەداری لە کاناڵی ماسمیدیاوە بۆ، چارە سەرکردنی قەیرانەکان و شکست دانی خەباتی کریکاران و بزووتنەوە جەماوریەکان ئاڵترناتیڤی گونجاو، دامرکێن و ئازار شکێنی هەیە و پێشکەشی دەکات.

## شەپۆلی هەژاری دەرگای ماڵەکانی کوتاوە!

ئەمسال، شەپۆلی هەژارەکان لە کۆمارەکانی بولگاریا، ڕۆمانی، بالکان و هەنگاریا بەرەو ئاسکاندیناوی هات. ڕێژی پڕاوپڕم بۆ هەموو مرۆڤەکانی جیهان هەیە. شارۆمەندانی هەژاری هەنگاریا و ڕۆمانی و بە تایبەت قەرەجەکان *** دیاردەیەکیان لە هەژاری، برسیەتی ودەرد و ئازاری مرۆڤایەتیان لە شارەکانی سوید، نیرویژ و فینلاند نیشان دا. لە ناویاندا گەنج، پیاو و ژنی وات دەبینی، کە توانای کاری هەبوو. تەقریبەن هەزار ساڵە ئەم خەڵکە لە ئوروپا دەژین و هێشتا ئاسیمیلە نە بوون و خۆیان لە گەڵ ئوروپای یەکگرتوو و پێک هاتەکانی نە گونجاندوە و؛ خراپ تر لە هەموو شتێک هیشتا خۆیان بە ساحیبی سەروەت و سامان و داهاتی بولگاریا، ڕۆمانی و هەنگاریا نازانن. جار و بار لە قەتتار و لە شەقامەکانی شار، چاوم پێیان دەکەوت و دڵم ژانی دەکرد. ئایا

وڵاتانی بولگاریا،ڕۆمانی، هەنگاریا و وڵاتـانی بالکـان نـاتوانن ئـەم مرۆڤـە ڕاو نراوانـە بـەخێو کـەن؟ بـۆ ئـەم هـەموو تـاوانـە دژ بـە قەرەجەکانی ئوروپـا و جیهـان و مرۆڤایـەتی دەکرێت؟ ئیسـتاش بـۆ من پرسیارە، خـەڵکی سومال و ئەفگانسـتان لـە خـەلکی ڕۆمـانی هەژارترن و ٣٠ ساڵە تووشی شەری ناوخۆیی هاتون، کە چی لە گەڵ کولتوری سواڵی نـامۆن. مینتالیتیت لای زۆربـەی هـەژارانی دونیـا بە شێوەیەکە، کە سواڵکردن وەک دیاردەیـەکی ناشیرین چـاو لـێ دەکـەن. کۆمـەڵگای هەرسهێنراوی بولگـاریـا، ڕۆمـانی و هـەنگاریا تـا ڕووخانی دیواری بەرلین، خشەخش وشەی کۆماری سوسیالیستیان؟ بە شوین خۆیاندا دەکێشا و؛ هێشتا حکومەتی ئـەو وڵاتـانـە ژیـانێکی شەرافەتمەندانەی لە شیوەی وڵاتانی رۆژئاوای ئوروپا؛ بۆ فەقیر و قەرەجەکان دابین و دەستەبەر نە کردووە. پـێ دەچێت خـەباتی چینی کرێکاری ئەو وڵاتانە لە پرۆسەی دیفاعیشدا نە بێت.

### شنەی گۆڕان وحیزبەکان!

حیزبە کومونیستەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئوروپـا، ئامریکـای لاتـین، ئافریکـا و تەنانـەت ئاسیا پلاتفـورمی چاکیـان نوسیوە، ئـەمما سوسیالیزمەکەیان تراویلکەیە. دیکتاتوری کرێکاران سەردەمێکە بانگەواز ناکرێت، خەباتی شارەستانی، مەدەنی، گلوبـال و شـەقامەکان دەوری دیاری کەریان نواندوە. پلاتفورمی هێزە نادیموکراتیک و ئیسلامیەکان بێ ئەندازە لێڵ و تـاریک و هـەموویان دژی مـافی ژنـان و دیموکراسین. پلاتفـورمی هیـزە چـەپ، سێکۆلار و ڕادیکاڵـەکان پێشکەوتوو و مودێرن و لـە دیموکراسـی، بەرابـەری ژن و پیـاو و مـافی مرۆڤ دیفاع دەکەن، کەچی جەماوەری بەرینی خەڵک؛ ئیستا لـە دەوری هێـزە دوواکـەوتوەکان کـۆ بونـەتـەوە. کۆسپ و گرفتـەکان چـین؟ ئایا بەرنامەیە؟ ئایا وردە بورژوازی و چینی کرێکارلە کۆمەڵگادا، پەیتا پەیتا جێ گۆڕکی دەکەن ؟ ئـەمرۆ ناکرێت سنورێکی بیرکـاری لە نێوان وردە بورژوازی و چینی کرێکار دانین! ناکرێ هەموو خەتاکان لە ئەستۆی بێ ئاگا بوونی چینی کرێکار دانێن.

ئایا تەم و مژ، مێشکی چینی کرێکاری داگرتوە ؟ ئایا تەرجومە و تەفسیری نوێ لە مارکسیزم پێویستە و دەبـێ شتی تـازەی لـی زیـاد کرێت ؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە کە؛ تەبلیغ، سەبکی کـار، بەرنامە لـە گـەڵ ڕاستیەکانی کۆمەڵگای و مێژووی هاوچەرخ بگونجێت؟ جەسارەت لەوە دایە کە تەفسیر و تەرجومەی نـوێ و تـازە لـە مارکسیزم بـە دەستەوە گرین و لـە گـەڵ خێرایـی زەمـان و تیکنۆلـۆژی بیگونجێنین. کاتی نوێ بونەوە و ڕینیسانسێک لە بناغەی مارکسیزم هاتوە و، هاوار دەکات. چەندساڵ لەمەو پێش ئێمەمانان، هـەزار و یەک هیوای گەشمان لە سەر هیژمونی چینی کریکار هەڵچنیبوو. دەردی هەژارانی وڵاتـانی موسڵمان و جیهان چێیە کە تـا ئـەو ئاستە جەماوەری خەلک بەرەو ئیسلامی سیاسی ملیان ناوە؟ بۆچی هەژارانی وڵاتـانی موسڵمان، بـە بانگـەوازی مـەلا پـاڕازیت و مفتە خۆرەکـان ملی خۆیـان دەشکێنن؟ جەماوەرێک کە بـۆ دیـداری پـاپ ڕێبـەری مەسیحیەکان لـە شـاری ڕۆم (ئیتـالیـا) کۆبـوەوە، زۆر بـە زەحمـەت بـۆ ڕێبـەرانی حیزبـی و حکومـەتی کـۆ دەبێتـەوە. تـاکتیکی خۆتەقانـدنـەوە و کوشتنی منـدالان، ژنـان و پیـران کـوا پـەیمان و وەفـا بـە مرۆڤایەتیـە و دەردی بـێ دەرمـانی هـەژاران چـارە سـەر دەکـات! لـە خـەباتی مـەدەنی، هـەموو تـوێژ و چـین و بـازنـە ( تـەیف ) سیاسـییەکانی کۆمـەڵگا ئـەرکێکی مێژوویـان هەیـە کـە فیـداکاری بـۆ بکـەن، بـەڵام لـە خـەباتی پێشمەرگانە و چەکـداری تـەنیا پێشمەرگەکانن کە بەر پرسی هەموو ئەرکە قورسەکانن. بوار و قوناغی سەدەی ٢١ و مەنتیقی ئوسولی حوکم دەکات؛ کە ئەمرۆ کانگـای خەبات شارەگەورەکان و شارۆچکەکان و ناوەندە پڕ نفوسەکانە. حیزبـەکان نـاتوانن مانگرتنـە مەدەنیـەکان و خۆپیشاندانە گـەورەکان رێک خەن. بەشداری جەماوەری بەرینی خەڵک و خەباتی سەر شەقام سەرجەم ئاشتی خوازانەیە و، بە زۆری دوور لە توندو تیژیە.



سەرچاوە
Serchawe

لە خەباتی بەر بڵاوی جەماوەری هێزێکی پێشڕەوی سیاسی نوێ خۆی وەک ڕێبەر نیشان دەدات وناڕاستەوخۆ کەمینەی حیزبی و ڕێبەرانی کلاسیک بەرەو پەراوێز و هەڵدێر دەبات. لە کوردستان شیوە خەباتی چەکدارانە، پلانمەند و داڕێژراو لە لایەن داگیرکارانەوە بە سەر خەڵکی کوردا؛ سەپێنراوە و جەماوەری خەڵک ناچار کراوە بۆ دیفاع لە کەرامەتی تاکی کورد، پەنا بۆچەک ببات و وەک فریادرەسێک نرخی بۆ دانێت. ئەگەر ڕێگا حەللی دیموکراتیک، پارەلەمانی و ریفراندوم هەبێت، دەس بردن بۆ چەک بە زەرەری هە ژارانە. پێشمەرگە لە خەباتی پڕ لە هەڵسوکەوت و دریژ ماوەی خۆیدا لە بەرانبەر داگیرکارانی کوردستان، هەرگیز تاکتیکی ناجوامێرانەی "خۆ تەقاندنەوە" و "کۆمەڵ کوژی" بە کار نە هێناوە و لەم بوارەدا زۆر سەر بەرزە. ئەگەرچی پێشمەرگە دەیتوانی لە هەموو تاکتیکێکی خوێناوی و نامرۆڤانە کەڵک وەر گرێت و توانای کوشتنی خەڵکی بێ دیفاعی لە بوارەکانی خەباتدا هەبوە و بە خۆشحاڵیەوە هەرگیز نەیکردووە.

### ڕاسپاردەی خەباتی مەدەنی!

ئایا خەباتی مەدەنی بەدیل و ئاڵترناتیڤی خەباتی چینایەتیە؟ ئایا کاردانەوەی لە سەر خەباتی چینایەتی هەیە؟ ئایا مەیدانی هەڵسوڕانی خەباتی چینایەتی سنووردار و بەرتەسک نە کردووە؟ چینی "کەم داهات و نەدار"ی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی فەعال و جیددی بەرەو خەباتی مەدەنی وەرچەرخاوە. خەباتی مەدەنی لە هەڵکشاندایە و بە هێزێکی ئاشتی پارێز و بەرز نرخێنراوە، لە هەمان کاتدا بابەتێکی کەم زانراوە و بە تایبەت باسی زۆر نە کراوە. زۆر کەس باوڕیان بە دیکتاتوری کرێکاران نە ماوە، بەڵام باوڕیان بە دیموکراسی هەیە. سەرمایەداری، بە مەبەستی ژەهر پژاندنی مێشکی چینی بەرهەم هێنەر، ماسمیدیای لە خزمەتدایە.

چینی کرێکار، ڕاسپاردەیەکی بۆ ئازادی پێیە و نایەویت ماسمیدیا لە ژێر دەسەڵاتی تاقمێکی گیرفان پڕی گیرفان بڕی جەماوەردا بێت. هێرش و شاڵاوی بەر فراوانی پڕوپاگاندا، تەبلیغی ژە هراوی، شەڕی ئەلکترونیکی و ماسمێدیا دژی مرۆڤایەتی هەڵدەسوڕن و، لە هەمان کاتیشدا دژی چارەنوسی چینی کرێکارن. ئەمڕۆ هەژارانی جیهان دوو چاری هەزار و یەک، گیر و گرفت و کێشەی سەیر سەیر هاتوون. دیاردەی گوێگرتن و جاسوسی لە ئاسمان، دەریاکان و زەوی بە مەبەستی کونترۆڵی تاکی مرۆڤ، بە ئاشکرا ئاسایی بوەتەوە و زل هێزەکان وەکوو: چین، ڕووسیا، ئامریکا، ژاپون، هیند، پاکستان، ئالمان، فەرانسا، بریتانیا، کانادا، ئوسترالیا و ئیتالیا قەد شەرمەزاری ئەم پێ شل کردنەی مافی مرۆڤ نین. قوناغێکی ڕەش و ترسناکی کونترۆڵ؛ بە سەر مرۆڤایەتیدا داسەپاوە. ئیستا دەسەڵاتی ئابوری و سیاسی مایکرۆسۆفت، ئەپڵ، فەیس بووک، توئی تر و یوتوپ سەر لە ئاسمان دەکوتێ. جەماوەری بەرینی خەڵک و بە تایبەت گەنجەکان و نەسڵی نوێ، زانیاری حیزبی، سیاسی و ئایدئولۆژیکی بەرزیان نیە. و زانیاری زۆریان سەبارەت بە کۆمپیوتەر، یوتوپ، فەیس بووک هەیە و ڕەوتی مێژوویان بە هاتنە سەر شەقام، نافرمانی مەدەنی و خەباتی شارەستانی گوڕێوە و خوازیاری گۆڕینی دەسەڵات و لایەنگری شۆڕشی زانیارین. نەسڵی نوێ لەو حیزبانە کە لە سەر بناغەی ئایدولۆژی وشک و تۆخ دامەزراون و، مێشکیان کلیل و کلۆم داوە ڕوویان هەڵچەرخاندووە. بەرژەوەندیە بەر تەسک و سنووردارەکان وای کردووە کە؛ دیکتاتوری حیزبی ڕوو لە گەشەیە و لە داهاتوودا، کارەسات دەخولقێنێت. میعمارانی بیر تەسکی حیزبی، لە باتی هەڵویستێکی بە جێ و دوور بینانە، ڕاستەوخۆ زەرەر لە دیموکراسی و خەباتی مەدەنی دەدەن. ژمارەیەکی زۆر لە چەوساوەکان خوازیاری دەسەڵاتن، ئەمما لە ناو حیزبە کرێکاریەکان ئەندام، چالاکوان و هەڵسوڕاو نین. تلەویزیونەکانی ئوپۆزیسیون بە تەواو هێزیانەوە، پەردە لە سەر

جەنایەتەکانی سەرمایەداری هەڵدەگرن، کە چی ئال و گۆڕێکی بنەڕەتی لەژیانی هەژاران بەر چاو ناکەوێت. خەباتی سەر شەقام نیشانی دا کە؛ ڕاسپاردەکانی خەباتی مەدەنی؛ ئالترناتیڤی چاک و لە گەڵ ڕاسپاردەکانی خەباتی چینایەتی هاوڕەوت و کۆکن.

### هەژارانی کوردستان چاوە ڕێی چارەنوسێکی دیار و بەختەوەرن!

ئەم هەموو شکستەی حیزبەکانی جیهان؛ تەنیا بەرهەمی بیرەحمی سەرمایەداری و داگیرکاران نیە؛ بەڵکوو بەرهەمی پلاتفورمی لێڵ، نە بوونی بەرنامەو فیکری سیاسی دەورانی گلوبالیزم و هەڵنەبژاردنی شێوەی گونجاوی کەڵک وەر گرتن لە دونیای زانیاری و تکنیکە. دایرەی بیر کردنەوەی حیزبەکان بەرتەسکە و پێویستە کارنامەیەکی پڕ لە سەروەری بۆ مێژووی هاوچەرخ تۆمار کەن! سەرکەوتنی حیزبە کوردیەکان، لە زۆر بواردا شیاوی ئاماژەیە و دەسکەوتی دیاری کراویشیان هەبوە. پێویستە حیزبە چەپەکانی کوردستان، وڵامدەرەوەی شەڕی ڕزگاری نیشتمانی و شەڕی چینایەتی بن وبۆ سەرکەوتن لەم دوو شەرە دا؛ پاڵ بە خەباتی مەدەنیەوە بدەن.

داگیرکارانی کوردستان ڕێگا نادەن کۆمەڵانی خەڵک لە ڕێکخراوەی ئازاددا هەڵسوڕن و، بڵاڤۆک و ڕۆژنامە خۆیان بڵاو کەنەوە. هیچ ڕێگایەکیان بۆ هەژاری کورد نەهێشتوتەوە تا خۆی لە نەداری و هەژاری دەرباز بکات. جەماوەری خەڵک ناچارن بۆ دیفاع لە کەرامەتی خۆیان و بەدەس هێنانی مافەکانیان پەنا بۆ خەباتی چەکداری، ڕاپەڕین و شۆڕش بەرن. بەشی گەورەی مێژووی خەڵکی کورد لە شەڕدا تێپەر بووە. داگیرکاران حازر نین، دیالۆگ و گفتوگۆ لە گەڵ خەڵکی کورد بکەن، ولە باتی کاناڵی دیالۆگ لە کانال و زمانی تفەنگ کەڵک وەر دەگرن. حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان بە چەپ و ڕاستەوە، ئەو ئورگانانە نین کە هیوا زل و گەورەکانی هەژارانی کوردستان لە هەنگاوی یەکەمدا نوێنەرایەتی کەن. مێژووی سەردەم لاپەڕەکانی خۆی کردوەتەوە و کردەوەی هەموو حیزبەکان و ریکخراوەکانی کوردستان تۆمار دەکات. ڕێبەرانی حیزب و ڕێکخراوەکان لە بواری دیاردەی سەروەت و سامان و دراوی ماڵی حیزبەکان " ڕوون بێژیی " یان هەرگیز نیە. گوزارشی قازانج، زەرەر، میزانی پارە، سروەت و سامانی حیزبەکان هەر دیار نین و هەمیشە لە جەماوەری خەڵک و ڕێکخراوەکان نهێنی کراوە. کورسی ڕێبەری هەتا هەتایە لە گەمارۆی هەندی کەس دایە و بە کەسیش نادرێت.

پەیتا پەیتا کونفرانس، پیلینۆم، کونگەرە و سیمپۆزیوم دەگرن وخێرایش لە بڵاڤۆک و ماسمێدیای حیزبی دەسکەوتەکانی کۆبونەوەکان جاڕ دەدەن و بانگەواز دەکەن. لە پلاتفورمی حیزبەکانی کوردستان سەبارەت بە دیاردە و پەتای "کەم ئاوی" و "ژینگە" کە لە داهاتوویەکی نزیکدا کارەسات دەخولقێنێت و ژیانی دانیشتوانی کوردستان بە شێوەیەکی جیددی دەخاتە مەترسیەوە، کەمتر باسێکی ڕوون و کونکریت بەر چاو دەکەوێت. حیزب و ڕێکخراوەکان بە مەبەستی، کەڵک وەر گرتنی زانیاریانە و مودێڕن لە سامانە سروشتیەکان، ئاوی کانیاوەکان، ڕووبارەکان، دەریاچەکان و ژینگە پارێزی پێویستە پلاتفورمێکی گونجاو و لۆژیکیان هەبێت.

حکومەتی هەرێم و حیزبەکان چ پلان و بەرنامەیەک بۆ "ئاو" و "ژینگە" کە پاراستنیان لە گلینەی چاو گرینگ ترە نوسیوە و یا دارشتوە؟ ئایا ماسمیدیا ی حیزبی لە خزمەت بەرژەوەندیەکانی جەماوەری خەڵکدایە؟

خاڵە پۆزیتیڤەکانی ڕێکخراوە چەپەکان؛ کەم نین ئەمما زەحمەتە ئومید و هیوای چل میلیون کورد دەستە بەر کەن. پەیامە ڕازێنراو،

نەخشێنراو و دارێژراوەکانی حیزبەکان، دڵساری و نائومیدی بڵاو دەکاتەوە و کاردانەوەی نەخوازراو دەخولقێنێت. تاکتیک و ستراتیژی حیزبەکان ئەو ئامانجانە ناپێکێ کە تەنانەت بۆ خۆیان دیاریان کردووە و دایانناوە. بۆ نموونە:

بەرژەوندی بنەماڵەیی و بەر تەسکی حیزبی، لە باشوری کوردستان؛ پێک هێنانی حکومەتی هەرێمی پاش ئاکامی هەلبژاردنەکان وتێپەڕ بوونی نزیکەی ٢٠٠ رۆژ، ئیفلیج کردووە. ئەم حیزبانە بە ئاشکرا گاڵتە بە دیموکراسی و ئیرادەی شارۆمەندان دەکەن و لە دەنگ و ئیرادەی خەڵک رێز ناگرن. ژیانی چینی کرێکار و جەماوەری کەم داهات و فەقیر، ساڵ بە ساڵ بە قوناغێکی سەخت و دژواری ئابوریدا، گوزەر دەکا و تێپەڕ دەبێت. خەباتە مەدەنیەکانی خەڵکی کوردستان کە تا ڕادەیەکیش، بەرهەمی کاری سیاسی و بە حەوسەڵە و پەیتا پەیتای حیزبەکانە،جێگای ڕێز و قەدردانین. خەباتی بەر بڵاوی مەدەنی و مودێرن، داگیرکارانی تووشی زەحمەتی فراوان کردووەو هێزە سەرکوتگەرەکانیان متمانەی پێشویان بە خۆیان و بەحکومەتەکەیان نە ماوە. هێزی داپڵۆسێنەری داگیرکاران لە حاست خەباتی بە دەسەڵاتی سەر شەقام هیچیان پێ ناکرێت و لەرزیان لێ نیشتوە. پێ دەچیت و دوور نیە دەسەڵاتی سیاسی و نیزامیان برووخێت ولە داهاتوودا کۆتایی بە داگیرکاریان بێت. پارتی کرێکارانی کوردستان خەباتی سەر شەقامی زۆر سەرکەوتوانە لە باکوری کوردستان رێبەری و بە رێوە بردووە، کە هیوابەخش و جێگای ئومێدە. خەباتی مەدەنی دوور لە توند و تیژیە و سەهۆڵەکانی ترس و سامی تواندوەتەوە و؛ کولتوری دیموکراسی بەرەو گەشەکردن دەبات.

ڕوونکردنەوە:

١- سیاسەتی "نیپ" بە مانای سیاسەتی نۆی ئابوریە،کە لە پیتی هەوەڵی سێ وشەی ئینگلیزی وەر گیراوە.
NEP : New E conomy Polise

٢- شێوەی بەرهەم هێنانی ئاسیایی، لە کونفرانسی ساڵی ١٩٣١ی زاینی لە شاری لنین گراد درایە بەر باس و لێکۆڵینەوە . کونفرانسەکە بیر و باوڕی ریازانۆف، وارگا، مادیار و بۆخارین ی پەسەند نەکرد.
قەرەجەکان: GIPSY, ZIGENARE , GYPSY

٣- هەزار ساڵە لە ئوروپان. زەمان بۆ ئەوان ڕاوەستاوە، خێڵات و تۆژێکی گەڕۆکن و هەمیشە ڕاونراون. بە زۆری لە هەنگاریا، ڕۆمانی و پۆڵەند دەژین. کۆسپ و لەمپەر بۆ تێکلاو بوون و ئاسمیلە بوونیان لە ناو کۆمەڵگادا زۆرە. ئەو حیزبانەی ئوروپا کە بیر و بڕوای راسیستی و ڕەگەز پەرەستانەیان هەیە، بە ئاشکراگیر و گرفتینان بۆ دروست دەکەن. سیستەمەکان و بە تایبەت حیزبە ڕاستەکانی ئوروپا، قەرەجەکانیان بەشێوەیەک لە پەراوێز خستوە کە، کەمتر دەتوانن، خۆیان لە هەژاری وئەو ژیانە سەختە دەرباز کەن و ستاتوس، ئیعتبار و پێگە ی کۆمەلایەتی خۆیان بەرز کەنەوە.

سەرچاوەکان: English


1- Kurdistans delning och Den kurdiska Nationalismen by:
Dr. Hashem Ahmadzadeh 1998 Kitab- i Arzan , Sweden .




سەرچاوە Serchawe

-2 The Transitional program for Socialist revolution by: Leon Trotsky New York 19773 Long walk to freedom by : Nelson Mandela

-4 The Age of extremes .A history of the world (1914- 1991) by: Eric Hobsbawm

کوردی:

٥- دوکتور کەمال مەزهەر، ئاوڕ لە مێژوو دەداتەوە، ئامادە کردنی زانیار سەردار Dr. Kamal Muzhir , Review of the History ؛ فڕگەیی Zanyar serdar 20112011

٦- جیهانگیری (سەرەتایەک بۆ تێگەیشتن لە بە جیهانی بوونی سەرمایە و پرۆسەی بەرهەمهێنان) فوئاد مەجید میسری.

٧- دێموکراسی چییە؟ (شارەزایی لە گەڵ دێموکراسی) نووسینی: دیڤید بیتهام و کیڤین بوێل. تەرجومەی کەریمی حیسامی.

٨- مۆدێرنیتە، دێموکراسی و رۆشنبیران: رامین جەهانبەگلو - موسلیح ئیروانی و موراد حەکیم.

فارسی:

٩- تاریخ اجتماعی و سیاسی ایران از: سعید نفیسی جلد دوم، انتشارات بنیاد، تهران ١٣٤٤ خورشیدی.

١٠- فروپاشی نظام سنتی و زایش سرمایەداری در ایران از: احسان طبری انتشارات توده ١٣٥٤ خورشیدی.


سەرچاوە: ماڵپەڕی بروسکە - ڕێکەوتی: ٢١ی ئەپریلی ٢٠١٤



سەرچاوە Serchawe

## ١ی مای ڕۆژی کرێکاران و دۆخی ئەو چینە لە کۆمەڵگای ئێران!



**ئاریتما موحەممەدی**

هۆکاری دانانی ڕۆژی ١ی مای بۆ ئەو خەبات و تێکۆشانەی کرێکاران لە شیکاگۆی ئەمریکا دەگەڕێتەوە کە لە چواری مانگی مای لە ساڵی ١٩٨٦ زایینی دەستیان بە مانگرتن کرد و نە چوونە سەر کارەکانیان. لە ئاکامی ئەو مانگرتنەدا پۆلیس هێرشی کردە سەر کرێکارانی ماندوو و تێکۆشەر و دەیان کرێکاریان لە گرتووخانەکاندا بەند کرد و چوار لەو کرێکارانەش لە سێدارە دران و سەدان برینداریشی لێکەوتەوە.

گرینگترین ویست و داخوازییەکانی کرێکاران هێنانە خوارەوەی کاتژمێرەکارییەکان لە ١٠ کاتژمێر بۆ ٨ کاتژمێر بوو.

ئەو هێرشەی پۆلیس بۆ سەر کرێکاران و هاوکات هەوڵدان و بەرخۆدانی کرێکاران لەو سەردەمەدا بووە سەرەتای دەسپێکی خەباتێکی گشتگیر بۆ بەدەست هێنانی مافی کرێکاران لە هەموو قوژبنەکانی جیهان.

لەو کاتەوە تاکوو ئێستا خەبات و تێکۆشانی کرێکاران دەیان قۆناغی پڕ لە چەوسانەوە و چەرمەسەری بڕیووە. بە خۆشیەوە لە بەشێک لە وڵاتانی دوونیا هەنوکە کرێکاران بە بەشێک لە مافەکانیان گەیشتوونە و لەو پێناو دابین کردنی مافەکانیان بەند و مادەی تایبەت لە یاساکاندا جێگیر کراوە. لەم سەردەمەشدا کە بە سەردەمی گلۆبالیزم ناو دەبرێت، خەباتی کرێکاران لە پێناو مافەکانیاندا لە بەشێک لە وڵاتانی جیهان بەرفراوان بووە. هەنوکە کرێکاران سەندیکا و ڕێکخراوی تایبەت بۆ خۆیان هەیە و دەسەڵاتیش پشتیوانی لە هەوڵەکانی کرێکاران لە بەرامبەر سەرمایەداران دەکات، ئەو دۆخەش کۆتایی پێهاتووە کە کرێکاران تێیدا دەچەوسانەوە و وەک "دیل" لە گەڵیان هەڵسوکەوت دەکرا.

بەڵام ئەگەر چاو لە دۆخی کرێکاران لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بکەین ئەوا دەبینین کە ئیستاشی لە گەڵ بێت کرێکاران بە دەست سەرمایەداران و داگیرکەرانەوە دەچوسێنرێنەوە و مافەکانیان لێ زەوت دەکرێت.
دۆخی کرێکاران لەو وڵاتانەی کە نەتەوەیی کوردیان بە سەردا لەت کراوە زۆر ئالۆز و ناجێگیر و پڕ لە چەرمەسەری و هەورازونشیووە.

نەتەوەی کــوردیش وەک یەکــێ لەو نەتەوانە کە لە بەر هۆکــاری سیاســی و کــۆمەڵایەتی و ئــابووری نەتەوەی داگیــرکەر پــێش بە بەرەپێشەوە چونی گرتووە و دەفەرتی باشی ئابوری بۆ پێک نەهێنــاوە کە خۆی لەو دۆخە نالەبــارە ڕزگــار بکــات و هەردەم بە پیلانی نێودەوڵەتی و ناوچەیی و بە کولتوری داگیرکەری هەلومەرج و دۆخەکەیان بۆی ئاڵۆزتر کردووە.

ئەگەر باس لە مافی کرێکاران لە جیهان بکەین و پشتیوانی لە داواکاریەکانی ئەو چین و تــوێژە لە کۆمەڵگا بکەیــن، بێگومــان دەبێت مافی نەتەوەیی کوردیش لەو پێوەندییەدا بێتە گۆڕێ.
هەنوکە لە کوردستاندا لە سەدا ٩٠ی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باکوور و ڕۆژئاوا کرێکارە و کرێکاری سەرچاوەی بژێویی ژیانی ئەوانە. ( زۆرینەی حەشیمەتی خەڵکی کوردستان کرێکاران پێکی دێنن.)

لەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە هیچ جۆرە یاسا و ڕێسایەک بۆ دابین کردنی مافی کرێکاران لە گۆڕێدا نییە و بە هەموو شێوەیەک کرێکارانی تێکۆشەر و ماندوو نەناس دەچەوسێنرێنەوە.
ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیان کرێکاری چالاک و دەیان تێکۆشەری ڕێگای بە دەست هێنــانی مــافی کرێکــاران لە بەنــدیخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا ڕاگیراون و دەیانی دیکە لە ژێــر نــاو و نــاتۆرەی جیــاواز لە سێدارە دران و گیــانیــان لە پێنــاو ســەرەتاییترین داواکاری و مافی سەرەتایی خۆیان فیدا کردووە.

یەکێ لە هۆکارە گرینگ و هەرە بنەڕەتییەکانی سەر ڕێگای دابین کردنی مافی کرێکاران لە جیهان بە سیاسی کردنی دۆخ و مافی ئەو چین و توێژە چەوساوەیە لە کۆمەڵگا.
لە وڵاتانی دواکەوتووی وەک وڵاتی ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کاتێک کە دۆخی کرێکاران بە سیاسی دەکرێت ئیتر ئەستم و دژوارە کە لە پێناو دابین کردنی مافی ئەو توێژە لە کۆمەڵگا پەرە بە خەباتی مەدەنی بۆ بەدەست هێنانی مافیان بدەیت.

دۆخی کرێکــاران لە ئێــران ڕۆژ بە ڕۆژ دژوارتــر دەبێت و ڕۆژانە دەبیســتین کە دەیــان کرێکــار لە بەر هۆکــاری پاراستنی ناستانداردی " ئیمەنــی" گیــان لە دەســت دەدەن. هاوکــات هــیچ یاســا و ڕێســایەک پێــک نەهــاتووە کە پشــتیوانی لە داخــوازی و دۆخــی ئەو چینــە لە کۆمەڵگادا بکات. بێکــاری و نەبــونی دەرفەتــی کــار لە کوردستان دیســان کێشــەی بــۆ کرێکــاران ســاز کــردووە، لە ســەرەتای ســاڵی نــوێی زایینی کاتێک کە ئابلۆقە ئابوورییەکان بە سەر ئێران نەویکران و داسەپان بێکاری پتر پەلی ڕاکێشاوە و یەخەی کرێکارانی گرتــووە، چــونکە بەدەر لەوە کە دەرفەتــی کــار نییــە هەمــوو کەرەســتە و پێداویســتییەکانی ڕۆژانەش گــران بــونە. لێکــۆڵینەوەیەکی زانســتی بە شێوەیەک دەریخســتووە کە ئەگەر" حەقدەســتی" کرێکــاران مانگــانە کەمتــر لە یەک میلیــۆن و پانســەد هەزارتــمەن بێــت، خــواردن و پێویستییەکانی ڕۆژانەیان بــۆ دابین نــاکــات و لە ژێــر هێڵــی هەژاریــدا ژیــان بە ســەر دەبەن. هەر وەک ئاگــادارن کە هەنوکە لە ئێــران "حەقدەستی" کرێکاران بە کەمتر لە پانسەد هەزارتمەن لە مانگدا تەخمین کراوە. ئەوە بەدەر لەوەیە کە ئەو بڕە پارەیەش زۆر کات دەکەوێتە مانگی دواتر، وە ئەگەر لەو بارەیەوە ناڕەزایەتی پیشان بدەن ئەوا لە سەر کارەکەیــان دوور دەخرێنەوە.

لە چەند سالی ڕابردوو "حەقدەستی" مانگانەی سەدان کرێکار لە وڵاتی ئێران نەدراوە و "پەیمانکاری" کارگەکانیش لە پاش تەواو



سەرچاوە
Serchawe

بونی پرۆژەکەیان خۆیان لە کرێکارەکان شاردووەتەوە و شوێنەکەیان بە جێهێشتووە.
گرینگترین هۆی ئەوە کە دەسەڵات و سیستم و حوکوومەت پشتیوانی لە داخوازی کرێکاران لە ئێران ناکەن بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەموو "کۆمپانی" و" شیرکەت" و کاربەدەستانی "کۆمپانییەکان" سەر بە حوکوومەتن و بەتایبەت هێزی دژە گەلی کۆماری ئیسلامی ئێران "سپا".
یان "شیرکەت" و "کۆمپانییەکان" هی کەسانێکن کە لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا دەسەڵاتدارن، وە یان ئەو وڵاتە بەڕێوە دەبەن، هەر بەو مەبەستەیە کە پێشگری لە پێکهاتنی یاسای تایبەت بە مافی کرێکاران دەکەن.
بۆ نمونە کەسانێکی وەک "ڕەفسەنجانی" سەرۆکی بەرژەوەندییە باڵاکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و "عەلی خامنەئی" ڕێبەری کۆماری ئیسلامی کە وەک نوێنەری خودا لە سەر گۆی زەوی دەور دەگێڕێت، هاوکات بێجگە لە خودا هیچ کەس مافی ڕەخنە گرتنی لێ نییە و هەر کەس ئەو مافە بە خۆی بدات کە لە ناوبراو ڕەخنە بگرێت بە دژی ئاسایشی نەتەوەیی و "تەناهی" پێناسە دەکرێت و گیانی دەکەوێتە مەترسییەوە، تاکوو ئێستا دەیان کەس لە ژێر ناوی ڕەخنە گرتن لە ناوبراو لە سێدارە دراون. وەک باسم کرد لە وڵاتی ئێران دەسەڵاتە ئابوری و سیاسییەکان بەدەست ئەم کەسانەوەیە. هەر شێوە بوار ڕەقساندنێک بۆ باشتر کردنی دۆخی ژیان و گوزەرانی کرێکاران و جوتیاران بە هزری ڕۆژئاوایی پێناسە دەکریت و بە "ڕێکام" کردن بۆ هزر و کولتوری ڕۆژئاوا لە قەڵەم دەدرێت، بۆیە گیانی ئەو کەسانە لە ژێر مەترسی کوشتن و بەندکردن دا دەبێت. (لە سیستمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا پێشگری لە ئاگادار بونەوەی کرێکاران لە مافەکانیان دەکەن، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە کرێکاران و جوتیاران لە هەمبەر ئەو دۆخەی کە ژیانیان پێدا تێپەڕ دەبێت نارازی نەبن)

لە کۆتایی ئەم وتارە کورتەدا بە پێویستی دەزانم کە ڕوانگەی خۆم لەو پێوەندییەدا بخەمە ڕوو، من پێم وایە کە تەنیا ڕێگای ڕزگاری کرێکارانی کوردستان لە ژێر دەستی و نالەباریی ئەو دۆخەی ژیانیان خەبات کردنە بۆ ڕزگاری نەتەوەیی و هاتنە کایەی دەسەڵاتێکی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەموو بەشەکانی کوردستنان کە تێیدا دادپەروەری کۆمەڵایەتی باڵ بە سەر هەموو کۆمەڵگادا بکێشێت.

هەروەها دەسەڵات و داگیرکەر هەوڵ دەدەن کە نەتەوەیی کورد لە بەشە ئازاد نەکراوەکان بە ژێر دەستی بهێڵنەوە و ڕێگری لە ئاوەدان کردنەوەی کوردستان دەگرن و هەروەها لە هاتنە ناوەی "کۆمپانییەکان" بۆ کوردستان پێشگری دەکەن.

باشوری کوردستان لەو بوارەدا نمونەیەکی سەرکەوتووە، ئەگەر پێداچونەوەیەک بە دۆخی نالەباری ئابوری ئەو بەشەی کوردستان لە پێش بە ڕزگار بون بکەین، وڵاتێکی وێران دەبینی کە هیچ کات چاوەڕێ و پێشبینی ئەو پێشکەوتنانەی کە ئەمڕۆ بەدیهاتووە نەدەکرد. لە ژێر دەسەڵات و حوکوومەتی کوردیدا هەم دەرفەتی نوێ بۆ کرێکاران پێکاتووە، هەم بارودۆخی ژیانیان ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بە سەردا هاتووە. بەلە بەرچاو گرتنی کەموکوڕییەکانیش ئاوەدان کردنەوە و دەرفەتی نوێ بۆ کرێکاران و پێشەوەچون بەردەوامە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١ی مای ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

## ١ی ئەیار، ڕۆژی هاوپێوەندی کرێکاران، پێویستی خەباتێکی یەکگرتوو!



ڕەحیم ڕەشیدی

وەکوو دەزانیین، مێژووی یەکی مانگی ئەیار، بەرانبەر بە ١١ی بانەمەڕ، دەستپێکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕێپێوانێکی بەرینی کرێکارانی شاری شیکاگۆ، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا.

ساڵی ١٨٨٦ی زایینی، کرێکارانی بێبەش و بێدەرەتانی کارگەکە جۆراوجۆرەکانی شاری شیکاگۆ، وەکوو هێزی بەرهەم هێنەری سەرەکی کۆمەڵگا، بە ئامانجی دەستەبەر کردنی مافەکانیان و ئاوڕدانەوەی دەستمایەدارەکان لە ژیان و گوزەرانی پڕ لە کولە مەرگی ئەو کریکارانە، ڕێپێوانێکی هێمنانەو ئاشتیخوازانەیان وەرێخست، ئەو ڕێپێوانە بە فیتی دەستمایەدارەکان، لە لایەن پۆلیسی شاری شیکاگۆوە بە شێوەیەکی بێبەزەیانە، کەوتە بەر شاڵاوی سەرکوتی هەمە لایەنەو خەڵتانی خوێن کرا.

ئاشکرایە، یەکێک لە ئامانجی ئەو کرێکارانەی ڕێپێوانی ڕۆژی ئەوەڵی مانگی مای ساڵی ١٨٨٦ یان لە شاری شیکاگۆ وەرێخستبوو، دابین کردنی مافی ٨ کاتژمێر کار کردن لە ڕۆژدا بوو.

ئەم داوا ڕەوایە، لە لایەن لایەنە بەرپرسە پێوەندیدارەکانەوە نەک وەڵامی ئەرێنی پێنەدرایەوە، بەڵکوو لە لایەن دەستمایەدارە چاوچنۆکەکانی تینووی کەڵەکە کردنی سەرمایەوە وەکوو هەڕەشەیەک بۆ کەم بوونەوەی دەسەڵاتو باندۆری ئەوان لەسەر هەموو پێکهاتەی کۆمەڵگا، لێکدرایەوە، هەر بۆیە بە دنەدان و تەماح وەبەرنانی دەستمایەدارەکان، پۆلیس ڕێپێوانی هێمنانەی کرێکارانی خستە ژێر نیری زۆرداری، دڵڕقانە سەرکوتی کرد.

پاش ئەم ڕووداوە، ئینگلس، ساڵی ١٨٨٩، واتە سێ ساڵ پاش ڕێپێوانی مەزن و بەربڵاوی کرێکاران لە شاری شیکاگۆ، لە کاتی کۆبوونەوە بۆ پێکهێنانی ئەنتەرناسیۆناڵی دووهەم، پێشنیاری کرد ڕۆژی ١ی ئەیار، بەرانبەر بە ١١ی بانەمەڕ، بکرێتە ڕۆژی هاوپێوەندی کرێکاران.

لەو کاتەوە تاکوو ئێستا، لە زۆربەک لە وڵاتانی دونیا، ڕێورەسمەکانی ئەوەڵی مانگی مەی، بە بەشداری سەدان هەزار کرێکار



سەرچاوە
Serchawe

بەرێوە دەچێت. ئەو کرێکارانەی کە بە کارو تێکۆشانی خۆیان پێشکەوتن دێنە ئاراوەو بەردەوامی بە ژیان دەبەخش.

دیاردەی سەرکوتو چەوسانەوەی هەمە لایەنە، بەداخەوە سەرەڕای پێشکەوتووی ئامرازەکانی زانستو گواستنەوەو پەرە گرتنی هەرچی خێراتری زانیاریو دەنگو باسەکان، تاکوو ئەمڕۆش لێرەو لەوێ، لە بوارو شێوازی جۆراوجۆردا دەبیندرێو بە ئاشکرا بە بەرچاوی مرۆڤایەتییەوە، زۆر جاران رووخسارێکی قیزەونو بێزئەستێن بەخۆوە دەگرێ، لە لایەن سیستمە سەرەڕۆو نادیمۆڕاتیکەکانەوە، بەرێوە دەچێت.

سیاسەتی چەوسانەوەو ماف پێشلکردنی کرێکاران بە تایبەت لەو کۆمەڵگاو وڵاتانەی ناوەندە پیشەیەکانی کرێکارانو توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا دەستیان ناڕواتو دوورو رۆڵێکی ئەوتۆیان نییە، ئاشکراترو بەرچاوترە دێتە ئاراوە، دەستمایەدارەکان لەم کۆمەڵگایانەدا، هەوسار پچڕاوانەتەر سیاسەتی کەڵەکە کردنی دەستمایە بەرێوە دەبەن، ئەوان بۆ خۆیان دەسەڵاتدارنو لە پێناوی هێشتنەوەی دەسەڵاتەکەیاندا، یاساو رێسا، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانو میکانیزمەکانی ئیدارەی وڵات بەچەشنێک دادەمەزرێننو بەرێوەی دەبەن لە خزمەت بەرهەم هێنانەوەی هێژمونیو باڵادەستی توێژی دەسەڵاتداردا بێتو لەم بارەیەوە تەنانەت ئەو یاساو پەیماننامە نێونەتەوەیەکانی بۆ خۆیان دەبێ پاپەند بە بەرێوە بردنی بن، ڕەچاو ناکەن.

لە کوردستان، کرێکاران بە هۆی سیاسەتی دەسەڵاتە سەرەڕۆو نادێموکڕاتەکان، کە هەرچەشنە تێکۆشانێکی پیشەیان لەگەڵ دژواری تاقەت پروکێن بەرەوڕوو کردوە، لە ستەمی نەتەوایەتیش ئازار دەبیننو لە ڕاستیدا وێرای نەتەوە ژێردەسەتەکانی دیکە، دووقات ستەمیان لەسەرە، ئەوان هاورێ لەگەڵ ئەوەی دەبێ بۆ دابین بوونی ژیانێکی مرۆڤ تەوەرانە تێبکۆشن، ئەرکی سەرشانیانە بۆ ڕەوینەوەی ستەمی نەتەوایەتی کە هۆکاری سەرەکی بەشێکی زۆر لە چارەڕشیەکانی زەحمەتکێشانە، خەباتی خۆیان لەگەڵ باقی نەتەوە ژێر ستەمەکانی دیکە لە ریزی یەکگرتوودا بۆ پێشەوە بەرن.

لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆر لە وڵاتانی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەراست، بۆ وێنە دەسەڵاتی ئیسلامی ئێران، پەیماننامە نێونەتەوەیەکانیان واژۆ کردوە، بەوحاڵەش بەپێچەوانەی وەعدو بەڵێنی خۆیان لەم بەستێنەدا، مافی هاوڵاتیان پێشێل دەکەنو هەرچەشنە بزاوتو جووڵەیەکی کۆمەڵایەتیو پیشەی گرێدەدەنەوە بە دورشمی مەترسی بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی، پاشان لەم بازنەیەدا، سووکو ساکار، یان وەکوو گێرە شێوێنو سەرەرۆ سەرکوتیان دەکەن، یان بە تاوانی گرێدراو بوون بە بێگانە، لە بەندیخانەیان دەپەستێوونو لە نێویان دەبەن.

بۆ ئەوەی باشتر لە ڕادەی نایاساییو سەرەرۆیی سیاسەتی دەوڵەتەکانی ناوچە لەهەمبەر زەحمەتکێشانی وڵاتەکەیاندا تێبگەین، ئاماژە بە چەند خاڵو برگە لە یاسا نێونەتەوەییەکان دەکەین، بۆ ئەوەی دەرفەتێک بێت زۆرتر بە مافەکانمان ئاشنا بین، هاوکات کردارو کردەوەی سەرەرۆیانەی دەسەڵاتە ناخەڵکیەکان ڕوونتر لەقاو بەدەینو بە بەرنامەی تۆکمەوە لە دژیان ڕاوەستین.

### مافی پێکهێنانی ڕێکخراوگەلی پیشەیی:

مادەی ٢٣ی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ، ئەو ئیزنە بەهەموو کەس دەدات، بۆ بەرگری کردن لە مافەکانی خۆی، ڕێکخراوو کۆمەڵی دڵخواز پێکبێنێ، یان ئەندامی یەکیەتییەکان بێ.

مادەی ٨، پەیمانی نێونەتەوەیی مافی ئابوری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی، ئازادی ڕێکخراو بوونو مافی ڕێکخراو دەستنیشان دەکات، هەوەها مادەی ٢٢، سەبارەت بە مافە سیاسییو مەدەنییەکان، مافی ئەوەی کە هەمووان کۆمەڵی سەربەخۆیان هەبێ دەستەبەر دەکاو داوا دەکات ئەو مافە بۆ هەمووان بە فەرمیی بناسرێ.

### مافی مانگرتن:

بەندی ١- د، مادەی ٨، لە پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافی ئابوری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی، ئاماژە دەکرێ، دەوڵەتە ئەندامەکان، دەبێ پابەند بن بەوەی، کۆمەڵەکانو ناوەندە جۆراوجۆرەکان مافی مانگرتنیان بۆ مسۆگەر بکرێ.

### مافی کەڵک وەرگرتن لە هەلومەرجێکی باش بۆ کار:

مادەی ٢٣ی جاڕنامەی مافی مرۆڤ دەڵێ، هەر کەس کار دەکات، دەبێ مووچەیەکی ئەوتۆی بدرێتێ، سەربەرزانە ژیان و گوزەرانی خۆیو بنەماڵەکەی دابین بکات.

بەندی ئەلف، مادی ٧، مافی ئابوری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی، لەسەر ئەوە پێداگری دەکات، دەبێ حەقدەستێکی باشیان بدرێتێ، ئەمەش لە خاڵەکانی گرێبەستی ٢٦، ٩٥ و ١٣١دا بە ڕووبی بەرچاو دەکەوێت.

مادەی ٢٣ی جاڕنامەی مافی مرۆڤ، دەڵێ، هەمووان بە ژنو پیاوەوە، ئەو مافەیان هەیە بە بێ هەڵاواردن، بۆ کاری وەکوو یەک مافی وەکوو یەکیان هەبێو مووچەی وەکوو یەکیش وەربگرن.

بەندی ئا - ئەلف، مادەی ٧، سەبارەت بە مافی ئابوری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی لەسەر جێبەجی بوونی ئەو خاڵە پێداگری دەکات.

### کاری منداڵان:

مادەی ٢٥ی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ، وێرای پشتیوانی لە مافی کۆمەڵایەتی هەموو مندالان، لە خاڵەکانی بەندی ٣ مادەی ٩ دا، هەموو دەوڵەتانی ئەندام ڕادەسپێرێ سەرجەم مافەکانی منداڵان دەستەبەر بەکەن.



سەرچاوە
Serchawe

ئەم خاڵ و بەندانە بە باشی ئەو ڕاستیە نیشان دەدەن، دەسەڵاتە سەرەڕۆکان، بۆ پاراستنی دەسەڵاتی دۆزەخ ئاسایان، تا چ ڕادەیەک مافی هەمە لایەنەی کۆمەڵانی خەڵک پێشێل دەکەن. مافێک کە بۆ وەدەست هێنانی، دەبێ هەمووان لە ریزێکی یەکگرتوودا بەگژ هەموو ئەو تانوپۆیانەدا بچینەوە کە ستەمو نابەرابەری سیاسیی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، دینی..هتد، دێنە گۆڕێو بەرهەمی دێنەوەو دیپارێزن.

کۆنەپەرستان، بە چڕکردنەوەی ناکۆکی لە نێو ئێمەی بێبەش لە شادیو ژیانێکی ئینسانی، بە بەڕێوەبردنی سیاسەتی هەڵواردنو دابەش کردنمان بەسەر چینو توێژی جیاجیادا، هەوڵ دەدەن لە خەباتێکی ڕەوا بۆ بەدی هێنانی ئازادیو دادپەروەری هەمە لایەنە، لێکمان هەڵاوێرن، ئەرکی ئێمەیە بە هاوپشتی کردنی یەکترو خەبات لە ریزێکی یەکگرتوودا، ئەم سیاسەتەی نەیارانی دێموکراسیو دادپەروەری ناکام بێلینەوەو بەم هەنگاوەمان خەبات لە دژی سەرۆیی بەگوڕترو شێلگیرتر بکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خاکەلێوە - ڕێکەوتی: ١ی مای ٢٠١٤

---

## ١ی ئایار ڕەمزی تێکۆشانە بۆ چەسپاندنی ئازادی و دادپەروەری!



عبدالحمن ڕەسول

مێژوویی مرۆڤایەتی لێوان لێوە لە تێکۆشان بۆ چەسپاندنی مافە ئینسانییەکان، بۆ بە دیهێنانی ژیانێکی شایەستە بە مرۆڤ بوونیان بەلام بە هۆی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتداران و کۆکردنەوەی سەرمایە بە شێوازی نائینسانی ئەمە بۆتە هۆی زیاتری چەوسانەوەی چینی خوارەوەی کۆمەڵگە.لە ژێر پەرچەمی نیزامی سەرمایەداری دا ئەوەی بەها و نرخ و گرینگ نەبێت ئینسانە تەنها کۆکردنەوەی قازانج و سەرمایەو پاراستنی دەسەڵاتی زاڵمانەی خۆیانەوە بەلاوە گرینگە سەرجەم دەسەلات و حکومەتە چەوسێنەرەکان بەپێی قۆناغەکانی مێژوو و بەپێی شوێنی جوگرافی و ڕۆژ هەلات یا ڕۆژ ئاوا، باکوور یاخود باشووری گۆی زەوی ئەورووپا یاخود ڕۆژهەلاتی ناوەراست تەنها لە شێوازی دەرەوەی دەسەلاتیان جیاوازی یان هەیە بۆ ئارایشتدانی دەسەلاتیان و جۆری کارگێری ئیداریان جیاوازی یە کانیان دەر دەکەویت بەلام زۆرینەیان لە ناوەرۆکدا جیاوازی ئەو تۆیان نیە.

وڵات و کۆمەڵگاکەیان لێوان لێوە لە نابەرابەری و چەو سانەوە و نە بوونی ئازادی و نەبوونی ڕیفاهیەت بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان.ڕێگا نادان بە کرێکاران و زوڵم لێکراوان داوای مافی ڕەوای خۆیان بکەن لە هەر هەنگاوێک دەترسن کە ئەم چینەی خوارەوەی کۆمەڵگا ناسراوە بە چینی کرێکار و ڕەنجدەران و بێکاران و دەستفرۆشان بینێت بۆ یەکگرتوویی و یەکێتی بوونی خۆیان. هەر لە بەر ئەمەشە هەموو جۆرە ڕێگایەک بەکار دێنن بۆ بەر گرتن بە شۆڕش و بەرخودانی چینایەتی و ئازادیخوازی لە سەراسەری جیهان.

بیرمەندی گەورەی جیهانی کارڵ مارکس ڕاستی ووتووە کە ووتویەتی (ئەی کرێکارانی جیهان یەکگرن!)، لە بەرئەوەی یەکگرتنی کرێکاران یاخود ئەوانەی مافیان خوراوە و دەخورێت تەنها بە یەکگرتویی و یەکێتی بوونی تێکۆشانی خۆیان ئەتوانن ئامانج و داواکاری یە ڕەواکانی خۆیان بە دەستبهێنن بە پێچەوانەی ئەمەوە تەنها کات بەفیرۆدان و دڵخۆش کردنی چەوسێنەران و سەرمایەداران و دەسەڵاتدارانە هیچی تر بە دەست نایە. بە دەستهێنانی مافەکانی چینی کرێکار بە دەستهێنانی مافەکانی تەواوی کۆمەڵگەیە، بە دەستهێنانی ئازادی و دادپەروەری یە بۆ تەواوی کۆمەڵگە، چەسپاندنی مافەکانی کرێکار واتە نەمانی گەندەڵی و دزی و تاڵان و بە فێرۆنەدانی سامانی گشتی یە.یەکی ئایار چەژنی چینی کرێکارە، لەو ڕۆژەدا لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان کرێکاران کارگەکان دادەخەن بە کۆمەڵ بۆ داواکردنی مافە چینایەتییەکانیان لە شەقام و شوێنە گشتی یەکان ولە بەردەم کارگەکان و پەرلەمان و دامودەزگا حکومی یەکان ناڕەزایەتی دەر دەبڕن داوای چەسپاندنی مافەئینسانییەکانیان دەکەن.

لە سەرجەم دەوڵەت و حکومەتە دواکەوتو چەوسینەر و دیکتاتۆر و دژە بەشەری یەکان بە شێوازی جۆراو جۆر ڕێگری دەکەن لە یاد کردنەوەی ئەم یادە یان وەکو یادێکی تەشریفاتی و هاوتا بە قازانج و بەرژەوەندی یەکانی حکومەت ئەم رۆژە دەناسێنن بە مانا یەکی تر لە هەموو بەرگێکی چینایەتی و ئینسانی دای دەماڵن، ئەمەش لە پێناو پاشەکشە پێکردنی ڕەوتی ئازادیخوازی و شۆڕشگێری یەکێتی و هاوخەباتی چینی کریکار. سەرجەم سەرمایەداران و حکومەتەکانی چەوسێنەر باش دەزانن بە هێزبوونی یەکێتی شۆڕشگێڕی چینی کرێکار دەرگا بەرەو شکست لە گۆڕنانی نیزام و یاساکانی چەوسێنەران و زاڵمان دەکاتەوە.

یەکی ئایار ڕۆژێکی پرشنگدار و زیندووە لە رابردوویی مرۆڤایەتی دا.لەو ڕۆژەدا ڕق و بێزاری چینی کرێکار لە شیکاگۆ تەقییەوە بۆ ئەوەی داخوازی ٨ سەعات کار دابین بکەن بەڵام لەلایەن پۆلیسی سەرمایە وە خەڵتانی خوێنکران. دواتر بەهۆی بەهێزبونی یەکێتی و تێکۆشانی کرێکاران ئەمرۆژە بە ناوی ١ی ئایار دیاری کرا. هەر ئەمەش بوو ئەو ڕاستی یەی سەلماند کە چینی سەر دەست و چەوسێنەر و دیکتاتۆر هەر چەندە خاوەنی هێز و ئامرازی سەرکوتبن و خاوەنی سامان و پارەی زۆربن بەڵام ناتوانن لەبەرامبەر تووڕەیی و ناڕەزایەتی چینی چەوساوەدا خۆیان ڕابگرن و پارێزگاری لەو دەسەڵاتە نارەوایە و نابەرابەر و چەوسێنەرە بکەن کە لەسەر خوێن و ڕەنج و هیلاکەتی هەژاران و نەداران و کرێکاران و ڕەنجدەران دامەزراوە بووەتە مایەی زەوت کردنی ماف و بەرژەوەندی یەکانی تاکەکانی کۆمەڵگا و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگا لە سەرجەم بوارە جیاوازەکان دا.

بەهۆی کاریگەری بە جیهانی کردنی سەرمایەداری یەوە عێراق و کوردستانیش بە دەرنییە لە چەوسانەوەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و نەدار.سەر دەمی ئەمرۆی عێراق ئاوێنەیەکی دیار و زیندووی بەرهەمی گەشەی کاریگەرییەکانی نیزامی سەرمایەدارییە،

بە ئاشکرا لایەنەکان و حیزبەکان تەمسیلی باڵە جیاوازەکانی چاوچنۆکی و شەڕەنگێزی ئیمپریالیزم دەکەن ئەمە لە کێشە و ململانێکانی ناو باڵە جیاوازەکانی حکومەت و حیزبە جیاوازەکان بە ئاشکرا دەردەکەوێت، موبەلیخانی سیاسی و ئایینی و نەتەوەیی و حیزبی و عەشیرەتی جەهەننەمێکیان داخستووە کە ڕۆژانە خەڵکی زەحمەتکیش و کرێکار و کاسبکار دەسوتێنێت، سەرەڕای بە ڕێژەیەکی زۆری هەبوونی هەژاری و بێکاری و بی خانەولانەیی، ڕۆژانە شەقام و کۆڵان و ڕێگاکانی دەرەوەی شار و قەراغ گوند و زەوی مەزارەکان چەندین تەرمی نەناسراو ئەدۆزرێتەوە یاخود بەهۆی تەقینەوە و کوشتنە بە کۆمەڵەکانەوە تەرمی ژن و منداڵان و خەڵکی کاسبکار و زەحمەتکیش ئەبینىدرێت.خەڵک داوای مافەکانی خۆی دەکات و نارەزایی دەردەبڕێت و خۆپیشاندان دەکات بە شێوازی مەدەنی و شارەستانی دوور لە توندوتیژی بەڵام دەسەڵات و حکومەت ئەمە قبوڵناکەن و بە فرۆکە هێرشیان دەکەنە سەر خۆپیشاندانەکان و تانک و زریپۆش و سەباز دەبەنە سەریان خەڵکی خۆپیشاندەر دەکوژن و بریندار دەکەن، بەزەبەری چەک و سەربازی دەیانەوێت کۆتایی بە خۆپیشاندان و نارەزایەتی خەڵکی عێراق بێنن، ئەمە چ جۆرە دەسەڵاتێکە کە نە یەوێت داواکارییەکانی خەڵکی خۆپیشاندەر جێبەجی بکات؟ جگە لە دەسەڵاتی دیکتاتۆری و ملهوڕی نەبێت هیچ دەسەڵاتیک ئەمە ناکات.

مانشێت و سەردێڕی هەواڵی ڕاگەیاندنەکان ئەم ڕاستییە باشتر دەسەلمێنێت کە ڕۆژ بە ڕۆژ باری ئاسایش و مەترسی پێکەوەژیان و گەندەڵی ئیداری و دزی و تالانی سەروەت و سامانی گشتی وڵات زیاتر دەبێت.لە کوردستان وێڕای هەبوونی گەندەڵی و دزی و بە فیڕۆدانی کات لە ڕووی کارگێڕی ئیداری و ناشەفافی لە خەرج کردنی دارایی گشتی دا و هەبوونی نابەرابەری زۆر لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، ئەوانەی خزم و کەس و کاری بەرپرسانی حکومی و حیزبین و بەر پرسن لە حیزبەکان و حکومەتدا لە گوزەران و ژیانێکی بەهەشت ئاسا ژیان بەسەر دەبن لە لوتکەی ڕیفاهیەت و خۆشگوزەرانی دا دەگوزەرێن لە خانوو لە زەوی زۆر لە پارە و لە جۆری خوێندنی باش و لە پلەوپایەی حیزبی و حکومی و لە سەفەری وڵاتان بە کورتی بە ئارەزوویی خۆیان دەتوانن بگوزەرێن کە کەمینەی کۆمەڵگەی پێکدێنن بەڵام بارو گوزەرانی خەڵکی دەست فرۆشان و هەژاران و کرێکاران و زەحمەتکێشان کە چینی خوارەوەی کۆمەڵگەن و زۆرینەن لە وڵاتدا لەو پەری گوزەرانی خەراپ و نالە بار دەگوزەرێن بە شێکی زۆریان کرێچین و لە ژێر هێڵی هەژاری دا دەژین، بە شێکیشیان کرێکاری بیناسازی و کرێکاری گەچ کاری و لەبخ و کاشی و کرێکاری کارگە حکومی و ئەهلییە کانن کە هیچ یاسایەک لە کوردستان لە بەرژەوەندی کرێکاران نەسپاوە، زەمانەتی ژیانیان نییە، ڕۆژانە کرێکاران بە هۆی قورسی کارەوە نەخۆش دەکەون و برینداردەبن و زۆر جار گیانیش لە دەست دەدەن، زەمانەتی سلامەتییان نییە و لە کاتی نەخۆشی دا هیچ بیمەیەک وەرناگرن یاخود خانەنیشین ناکرێن کاتێک بەساڵدا دەچن.

بەڵام حیزبەکانی خاوەن دەسەڵات و حیزبە هاوپەیمانەکانی حیزبەکانی دەسەڵات زۆرترین کادر و ئەندامانی خۆیان خانەنیشین کردووە لەسەر بودجەی گشتی حکومەت کە ئەمە بەشێکە لە گەندەڵی حکومەت و حیزبەکانی کوردستان، پارە و سامانی گشتی وڵات بەم جۆرە پەخشان تەخشانی پێدەکرێت.

لە کام حکومەت و دەوڵەت هەیە بەم جۆرە حیزب لە جیاتی حکومەت خەڵک خانە نیشین بکات؟! و داهاتی ماددی و مەعنەوی بەم جۆرە بۆ حیزبەکان لەلایەن حکومەتەوە خەرج بکرێت؟! بەشێکی زۆرینەی کۆمەڵگەش کە خەڵکی جوتیار و کرێکار و و بێکار و دەست فرۆش و هەژار لە نەهامەتی دا بگوزەرێن.



سەرچاوە
Serchawe

پێویستە ١ی ئایار بکرێت ڕۆژی دانان بە مافەکانی چینی کرێکار.چەندین یاسا بۆ باشتر کردنی گوزەرانی خەڵکی کرێکار و جوتیار و بێکار و دەستفرش دەر بکرێت لەلایەن پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بە شێوازێکی شارەستانیانە کار بۆ کەم کردنەوەی بێکاری بکرێت. هەوڵی باشتر بدرێت بۆ هاوکاری ئاوەدانکردنەوە گوندەکان و پرۆژەی زانستیانە بۆ گەشەی بەرهەمی کشتوکاڵی لە سەرجەم ناوچەکاندا بخرێتەکار و گەشە ی زیاتر بە بەرهەمی خۆماڵی بدرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان نێت - ڕێکەوتی: ٢٩ی ئەپریلی ٢٠١٣

---

## لە یادی ١ مانگی مەی؛ ڕۆژی من، ڕۆژی یادکردنەوەی ڕەنج، ڕۆژی جیهانی کرێکار



ئەژین نیازی

من کرێکارم، من زەحمەتکێشم، من ڕەنجدەرێکی یەکسانیخوازی ئەم سەردەمەی کوردستانم.

دیسان لە سەروبەندی هاتنی ڕۆژی جیهانی کرێکاردا چیرۆکی هەمیشە زیندووی ئەم چینە بەش مەینەتەی کوردستان ئەخوێنینەوە و بەداخەوە دڵتەزێنتر لەجاران سەرنجمان بەرەولای خۆی ڕادەکێشێت. لەکاتێکدا باس لە هاتنی ڕۆژی کرێکار دەکەین کە ساڵی ٩١ وەک مێژووی ڕەشی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕەشترین و ناخۆشترین ساڵەکانی چینی کرێکار و زەحمەتکێشانی کوردستان بوو.

لە ساڵی پێشوودا بێکاری،لەکار دەرکردنی بەربڵاو،نەبوونی متمانەی کاری ومەترسی لەسەرکار لابردن لەلایەک و گرانی لەڕادەبەدەر و چوونەسەرەوەی بێئەندازەی نرخی هەموو جۆرە پێدویستیەکانی ژیان بەشێوەیەکی هەمەلایەنە زەخت و گوشارێکی بێ وێنەی خستە سەر ژیانی کرێکاران.بارودۆخی نالەباری ژیانی ئەمڕۆی کرێکاری کوردستان بەرهەمی سیاسەتی نادروست و سەرلێشێواوی دەسەڵاتە لە ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی.وەک هەموومان دەیزانین کرێکارانی کوردستان بەدرێژایی مێژووی ئێران لەچاو دیکەی کرێکارانی ئەم وڵاتە لە بارودۆخێکی خراپتردا ژیاون و بەردەوام لەژێر گوشاری سیاسی و ئابووری بەربڵاوتردا بوون.لەم چەند ساڵەی دوایی و بە تایبەت دوای لابردنی یارانەکان کە خۆی یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی چوونەسەرەوەی نرخەکان بووە، دۆخی ناحەز و نالەبارت ژیانی کرێکاران و بنەماڵەکانیان زۆرتر لەجاران بەرچاو دەکەوێت.

لەووەها بارودۆخێکدا ئاسۆی ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان نادیارتر لەجاران هیوا و ئاواتی داهاتویان لاناو دەبات.یەکێکیتر لە خاڵە سەرنجراکێشەکانی قەیرانی ئابووری ئێران بێکار بوونی بەشێکی بەرچاوی کرێکارانی کورد لە تاران و شارە پیشەییەکانی ئێرانە،ئەو کەسانەی کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ بۆ بژێوی ژیانیان روویان کردبووە دەرەوەی کوردستان .بەهۆی نەبوونی کار و داخستنی کۆمپانیا و ناوچە پیشەییەکان بەناچار بەرەو کوردستان گەڕاونەتە و ناچار بوون بنەماڵەکانیان بەجێ بهێڵن و بەشێوەیەکی بەرچاو بەرەو باشوری کوردستان بچن.بە پێی ئامارەکانی خودی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی رابردوودا رادەیەکی زۆری مندالی بنەماڵەی کرێکاران وهەژارانی ئێران ناچار بوون واز لە خوێندن بهێنن،کارەساتێک کە بەداخەوە بە شێوەیەکی بەربلاوتر لە کوردستاندا بەرچاو دەکەوێت .سەردانی مەیدانەکانی کار واتە ئەو شوێنانەی کە لە کورستان کرێکاران لەوێ چاوەڕێی دۆزینەوەی کار دەکەن کارەساتی رادەی بێکاری و هەژاری ئەم چینەی کۆمەڵگامان بۆ دەردەخات.بینینی سیمای سەدان لاوی کوردستان کە بۆ ماوەی دەیان رۆژ لەبەربەیانی زووەوە چاوەڕێی دۆزینەوەی بژێوی ژیانیان دەکەن.هەزاران کرێکاری کوردستان بە شێوەی کرێکاری وەرزی لە هەستیارترین بارودۆخدا بە کەمترین حەقدەست و بە بێ بیمە و بە بێ هیچ چەشنە پێشتیوانی و خزمەتگوزارییەکی کۆمەلایەتی ژیان دەبەنەسەر.خاڵێکیتر کە جێگای ئاماژەیەیە ئەوەیە کە لەم باردۆخە ئابورییەدا دەوڵەت نرخی ٤٨٧هەزار تمەن وەکوو حەقدەستی ساڵی ٩٢ بۆ کرێکاران دیاری دەکات کە شتێک نییە جگە لە سووکایەتی کردن بە کرێکاران و بێحورمەتی بە بنەماڵەکانیان.هەموو ئەمانەش لەکاتێکدایە کە کرێکاری کوردستان سەرەڕای هەموو بەدبەختی و نەهامەتییکانی ژیانی، لە لایەن دەسەلاتەوە رێگەی پێنادرێت تەنانەت بۆ ماوەی ١سەعاتیش رۆژی جیهانی کرێکار پیرۆز رابگرێت و ئەم ساڵێش وەک سالانی پێشتر هەموو زەخت و گوشارێک بەکار دێنن تاکو بەر بە هەرجۆرە کۆبوونەوە و مەراسمێک لەم رۆژە جیهانییەدا بگرن.

لە ساڵی پێشوودا بێکاری، لەکار دەرکردنی بەربلاو، نەبوونی متمانەی کاری ومەترسی لەسەرکار لابردن لەلایەک و گرانی لەڕادەبەدەر و چوونەسەرەوەی بێئەندازەی نرخی هەموو جۆرە پێدویستیەکانی ژیان بەشێوەیەکی هەمەلایەنە زەخت و گوشارێکی بێ وێنەی خستە سەر ژیانی کرێکاران

بابەتێکیتر کە لێرەدا زۆر گرنگە هەوڵ و تێکۆشانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری و شووراکان لە مانگی داهاتوودا. دەسەلات دەور و نەقشی کرێکاران و زەحمەتکێشان لەم هەڵبژاردنەدا زۆر بەگرنگ دەزانێت چونکو رێژەی دەنگەکانی ئەم توێژە رێژەیەکی بەرچاوە و هیچ کەس ناتوانێ نکۆڵی لێبکات.کۆماری ئیسلامی هەمیشە لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا هەوڵی داوە لە رێگای جۆراوجۆرە گوشار بخاتە سەر چینی هەژار و کرێکار و بەرەو شانۆی هەڵبژاردن رایانبکێشێت.
بۆ نمونە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا لە رێگای دامودەزگا جۆراوجۆرەکانی وەک ((کمیتە امداد)) وە دەستی دایە فریودانی بنەماڵە هەژارەکانی کۆمەڵگا و زەختی دەخستە سەریان بۆ دەنگدان لە هەڵبرژادن.ئێستاش دیسانەوە لەوپەڕی لاوازی و بێ هیواییدا دەیهەوێ لەرێگای ئەم هێزە گەورەیەی کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە بەشێک لە سیناریۆی رەش و قێزەونی خۆی بەڕێوە ببات هەر بۆیە لە ئێستاوە لە ناوچە هەژارنشینەکاندا دەستی داوەتە جموجۆڵ و پروپاگەندا.

بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە کرێکار و زەحمەتێکێشی کورد کە خاوەن مێژوویەکی شکۆداری خەبات و تێکۆشانە لە رێگا دەرکات و ورەی بەرزیان لەناو ببات.لە هەلومەرجی هەستیاری ئێستای ئێران و کوردستاندا چینی زەحمەتکێش و کرێکاری کوردستان دیسانەوە خۆی

لەبەرانبەر ئەزمونێکی گرنگدا دەبینێ، ئاوڕدانەوەیەک بۆ مێژوو ئەو ڕاستییە دەردەخات کە هێزی کرێکار چەندە توانای خەبات و گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا هەیە.ئەزمونی ٣٠ ساڵی ڕابردووی کوردستان بە گشتی و خەبات و تێکۆشانی کۆمەڵە بە تایبەتی و بەشداری کردنی چڕوپڕی زەحمەتکێشان و کرێکارانی کوردستان لە ڕیزەکانی ئەم حیزبەدا بە باشی ئەو ڕاستییانە دەسەلمێنێت.لە کۆتاییدا دیسان پیرۆزبایی ١مانگی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکار دەکەین لە هەموو کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان وهەروەها بنەماڵەی ئازیز و خۆشەویستیان.و سەرلەنوێ بەڵێنی خۆمان لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێراندا تازە دەکەینەوە. بەهیوای ڕۆژانی گەش بۆ هەموو ڕەنجدەرێکی وڵاتەکەم.بەرز و بەڕێزبێت یاد و ناوی هەموو زەحمەتکێشان و کرێکارانی کوردستان،

پیرۆز بێت ڕۆژی جیهانی کرێکار

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ١ی مای ٢٠١٣

---



سەرچاوە
Serchawe

## وشەی کارگەر بەکار بێنین یان کرێکار؟ مەی یان ئایار؟



شێرکۆ جیهانی

ڕۆژی یەک مەی، وەک ڕۆژی جیهانی کارگەران ناسراوە. لەو ڕۆژەدا کارگەرانی هەموو جیهان دەنگی ناڕەزایەتیان لە بەرابەر سیستەمی سەرمایەداری و لە پێناو باشتر بوونی ڕەوشی ژیانیان هەڵدەبڕن. هاوکات لە گەڵ نیزیکبوونەوەی ئەم ڕۆژە جارێکی تر ژمارەیەک لە نووسەران، حیزبەکان و میدیای کوردی سەرلەنوێ و بە بەردەوامی وشەی "کرێکار" و "ئایار" بەکار دەهێنن! ئەوەی کە لێرەدا دەمهەوێ بە کورتی باسی بکەم، ئەم وشانەن!

تا ئێستا لە بەرابەر کارگەر دا چەندین وشە بەکارهاتووە کە هێندێکیان داتاشراون: کرێکار، کەدکار، ڕەنجدەر، ڕەنبەر، زەحمەتکێش. لەڕاستیدا وشەی زەحمەتکێش، ڕەنجدەر و ڕەنجبەر، جیا لە چینی کارگەر چینی جووتیاریش دەگرێتەوە (واتا حیزب و میدیای کوردی بۆ هەر دوو چین ئەم وشانەیان بەکار هێناوە). بەڵام دوو وشەکانی دیکە، واتا "کرێکار" و "کەدکار" تەنیا چینی کارگەر دەگرنەوە و لەڕاستیشدا دوو وشەی داتاشراو و سەقەتن!

سەرەتا با لەمەوە دەست پێبکەین کە ئایا وشەی کارگەر کوردییە یان نا؟ وڵامەکەی ڕوونە "بەڵێ". کارگەر وشەیەکی هاوبەشی کوردی-فارسییە. لە کرمانجیدا وەکوو "کارکەر"یش بەکار هاتووە کە لە پێکهاتەی "کار + کەر" واتا کەسێک کە کار دەکات، ساغ بووەتەوە. ئەم "کەر" کە بە مانای ئەنجامدانە لە فارسیدا زۆرتر بە حاڵەتی "گەر" خۆی نیشانداوە، وەکوو "برزگر" و ...هتد. بەڵام بە گشتی کارگەر وەکوو زۆر وشەی دیکەی لە چەشنی "نەورۆز" و "باوەڕ" و "دەریا" و ...هتد، وشەیەکی هاوبەشە لە نێوان کوردی و فارسیدا و هەم لە زمانی کوردی و هەمیش لە زمانی فارسیدا ڕۆژانە بەکار دێت. بەڵام وشەی "کرێکار" زۆرتر لە وشەیەکی داتاشراو دەچێت کە پێم وانییە تەمەنی بۆ بەر لە کۆماری کوردستان بگەڕێتەوە! وەک دەزانین لە دوای کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد، هێندێک وشە داتاشران و تا ڕادەیەکیش جێگەیان گرت، بۆ وێنە وشەی "پێشمەرگە" یان وشەی "بەروار" کە بە هەڵە وەکوو "تاریخی ڕۆژ و مانگ و ساڵ" کەوتە ناو ئەدەبیاتی کوردییەوە. کرێکاریش دەبێ یەکێک لەم ناوانە بێت.

"کرێکار" لە "کرێ + کار" پێکهاتووە. کەسێک کە بە کرێ کار دەکات! بە ڕواڵەت دەبێ ناوێکی درووست بێت، چوونکە کرێکار وەکوو کەسێک کە لە بەرابەر کارەکەیدا مووچە وەردەگرێت، کار دەکات. بەڵام بە بۆچوونی من ئەم ناوە هەڵەیە و جۆرێک حاڵەتی سووکایەتی پێکردنیشی تێدایە. بۆ وێنە لە کوردستاندا خەڵک بە جاش دەڵێن بەکرێگیراو! هەر چەند وشەی بەکرێگیراویش لە

وشەیەکی تازە سازکراو دەچێت، بەڵام دەبێ لە خۆمان بپرسین کە بۆ چی "بەکرێگیراو" بۆ جاش هەڵبژێردراوە؟ لێرەدا جاش وەکوو کەرەسە بیندراوە، کەرەسەیەک بۆ بەکرێگرتن. لەڕاستیدا کرێ بۆ ئینسان بەکار ناچێت، تۆ دەتوانی خانوو یان ماشێن یان زەوییەک بەکرێ بگری، بەڵام ناتوانی بڵێی کە ژنێک، منداڵێک یان کارگەرێکم بە کرێ گرتووە! ئەگەر شتێکی وا بڵێی، ئیتر تێڕوانینی ئەبزاریت بۆ ئەم کەسە هەیە و زۆرتر بە چاوی کەرەسە و ئامزار لێی دەڕوانی تا مرۆڤ! هەر ئەوەشە کە بۆ سووکایەتی بە جاش دەگووترێ "بەکرێگیراو"، واتا کەسێک کە وەکوو ئەبزار و ئامراز خۆی بە دەستی دوژمنەوە داوە، بەڵام ئەگەر کارگەر کرێکارە و بەکرێ دەگیرێت، هاوکات ئەگەر جاشیش بەکرێگیراوە، ئەوسا جیاوازی ئەم دوو بەکرێگیراوە چییە؟ کەوابوو بەکارهێنانی وشەی داتاشراوی کرێکار بۆ کارگەر هەڵەیە. جالبەکەی ئەوەیە کە لە سۆرانیدا ناوی "پارتی کارگەرانی کوردستان"یش وەکوو "پارتی کرێکارانی کوردستان" وەردەگێڕن کە بەو پێیە هەر چی لەو پارتییە دا کار دەکات دەبێ لە بەرابەر مووچە و کرێدا کاری کردبێت، بەڵام هەموومان دەزانین کە زۆرینەی ئەندامانی ئەو حیزبە نە بەکرێ گیراون و نە بۆ پارە و پووڵ کار دەکەن! لێرەدا هەڵە لەو کەسە نییە کە لە ڕووی نەزانییەوە یان نەخوازراو ئەم وشەیە لە سۆرانیدا بەکار دەهێنێت بەڵکوو خەتا لەو کەس یان کەسانەیە کە هەر لە سەرەتاوە وشەی "کرێکار"یان لە زاراوی سۆرانی داتاشیوە و ڕەنگە بە خەیاڵی خۆشیان "کارگەر" فارسییە و هی خۆیان کوردترە! بەڵام هەر وەک ئاماژەم پێکرد، "کارگەر" یان "کارکەر" وشەیەکی کوردیشە و بۆ وێنە دایکی من لە مەهاباد قەت نەیگووتووە "دا ڕۆڵە برۆ لە بازاڕ کرێکارێکی بهێنە کارمان بۆ بکات"، بەڵکوو ڕاستەوخۆ وشەی "کارگەر" یان وشەی "فەعلە"ی بەکارهێناوە کە ئەمەی دوویەمیان ڕیشەی لە زمانی عەرەبی دایە! بەو حاڵەش کاتێک وشەیەک لە زمانێکدا جێگەی گرت، ئیتر ملکی ئەو زمانشە، تەنانەت ئەگەر ئەم وشەیە لە زمانێکی دیکەشەوە هاتبێت. بۆ وێنە زمانی فارسی پڕە لە وشەی عەرەبی، بەو حاڵەش ئێستا ئیتر بەشێک لە پێکهاتەی فارسین، چوونکە بە تەواوی جێیان گرتووە.

جیا لەمانە وشەی "کرێکار" حاڵەتێکی پاسیڤی هەیە، ئەوە لەحاڵێکدایە کە وشەی "کارگەر" وشەیەکی ئاکتیڤە. لە زمانی ئینگلیسیدا Worker و لە زمانی سوێدیدا Arbetare نموونەی دیکەن بۆ نیشاندانی ئەو حاڵەتە ئاکتیڤە کە هەر دووکیان بە مانای کارگەرن و حاڵەتی چالاکی و کاریان تێدایە. مرۆڤ بە بیستنی وشەی کارگەر زۆرتر هەست بە حاڵەتی "چالاکی" و"بکەری" دەکات، بەڵام لە وشەی "کرێکار"دا هزری مرۆڤ زۆرتر بۆ لای "کرێ" و "مووچە" دەڕوات! هاوکات ئەوانەی کە سوورن لە سەر وشەی "کرێکار" و دەڵێن چوونکە "کارگەر" کرێ وەردەگرێت و بۆ مووچە کار دەکات کەوابوو ئەم وشەیە درووستە، دەبێ پێیان بڵێم کە ئایا خەڵکانی دیکەش بۆ مووچە کار ناکەن؟ بۆ وێنە کارمەندێکی پۆلیس، ئوستادێکی وەرزیش، مامۆستایەکی زانکۆ یان جوتیارێک؟ ئایا دەبێ وشەی مووچە و کرێ وەدوای ناوی پیشەکەی ئەوانیش بدرێت؟ ئەمە پاساوێکی باش نییە بۆ قاییم کردنی وشەی کرێ لە کارگەر!

وشەیەکی دیکە کە لەم ڕۆژانەدا بە بۆنەی یەکی مای بەردەوام بەکار دەچێت وشەی "ئایار"ە. میدیا و حیزبی کوردی و ژمارەیەک نووسەر بەردەوام ناوی مانگە ڕۆمییەکان دووپات دەکەنەوە و خەریکن لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا جێیان دەخەن. بەڵام ئایا ناکرێ ئەوان ناوی ئینتەرناشناڵی ئەو مانگانە بڵێنەوە؟ ئاخر "تەمووز" و "تشرینی دوویەم" کەنگێ بۆ کەسێکی دانیشتووی شاری سەقز یان مەهاباد لێک دەکرێتەوە؟ بۆ چی نابێ بڵێین "یەکی مەی" و حەتمەن دەبێ بڵێن "یەکی ئایار"؟ ئێستاش زۆرینەی خەڵکی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مانگەکانی ئینگلیسی (کە ئەمڕۆکە ئیتر وەک ستانداردێکی ئینتەرناشناڵ ناسراون) بە تەواوی نازانن، ئیتر چۆن تەشرینی یەکەم و دوویەم و فڵانە و فیسارە مانگەی ڕۆمییەکان لە یەک بکەنەوە. بەڵام پرسیار ئەوەیە: کام ئالتەرناتیڤ باشترە بۆ



سەرچاوە
Serchawe

بەکار هێنان؟ مەی یان ئایار؟ تەنانەت لە زۆر وشەی دیکەشدا ئەم کەمتەرخەمییە دەبینین و ئەم وشانەی کە لانیکەم لە زمان خۆشتر دێن وەکوو ئاڵتەرناتیڤ هەڵنابژێردرێن: بۆ وێنە ئایا باشتر نییە لە جیاتی "بەلۆعە" بڵێین "شێرەی ئاو"؟ یان لە جیاتی "غاز" بڵێین "گاز"؟ ئایا نابێ فەرقی نێوان "بەبر" و "پڵێنگ" بزانین، ئەوەی کە "بەبر" خەت خەتییە و پڵێنگ بێ خەتە یان خاڵخاڵییە، وە ئەگەر میدیای کوردی بەبر وەکوو پڵێنگ دەناسێنێت، تووشی هەڵە هاتووە؟ ... و دەیان نموونەی دیکە.

پێویستە حیزبەکان، میدیای کوردی، و ڕووناکبیرانی ئەم وڵاتە لە هەڵبژاردنی وشەکان و ناوەکاندا زۆرتر دیقەت بکەن و خەڵک بە وشەی درووستتر و ناوی گونجاوتر پەروەردە بکەن. خەڵکێک کە تا ئێستاش ناوەندێکی زمانەوانی زانستی و بەهێزی نییە و هەر میدیایەکی زمانێکی تایبەت بە خۆی بەکار دەهێنێت و هەر بە ناو ڕۆژنامەوانێکی بە کەیفی خۆی وشە هەڵدەبژێرێ و دەرخواردی خەڵکی دەدات، نەک تەنیا تووشی کارەساتی زمانی بەڵکوو تووشی کارەساتی چەمک و ماناکانیش هاتووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ - ڕێکەوتی: ٢٧ی ئەپریلی ٢٠١٥

---

## پێوەندیی رزگاری بەخشی کرێکاران و مامۆستایان بە بۆنەی رۆژی کرێکار و مامۆستا لە ئێران



فەریبورزی رەئیس دانا

وەرگێڕانی: ڕێبوار مەعرووفزادە

ئەو کەسانەی بە رۆلی تایبەی خۆیان لە کۆمەڵگەی مودێرن، واتە کۆمەڵگەیەک کە بە وتەی ئەوان چێدیکە چینی کرێکاری نییە چونکە زۆربەی کارەکان بە شێوەی ئۆتۆماتیک، لە ڕێگەی رۆبات و کامپیوتێرەکان ئەنجام دەدرێ و کرێکاران دەولەمەند بوون - شانازیان دەکرد، زیاتر لە پێنج سالە لە روحێکی گشتگیری جیهانیی توورەی چینێک کە بە قەولی ئەوان بوونی نەبووە، دەلەرزن. ئەوان هەر ئەو کەسانە بوون کە بە رووخانی یەکیەتی سوڤییەت مەست ببوون، هەراوهوریایەکیان وەرێخستبوو و سوسیالیزمیان بە حکوومەتی یەکیەتی سوڤییەت لە قەڵەم دەدا کە مردووە. ئێستا بە دوای ئەو بەدمەستییەدا قسەی هەتەران وپەتەران دەکەن و هەر ئەو رووحە سەرگەردانە لە سەر سەری خۆیان دەبینن، رووحێک کە بنەمایەکی واقعی هەیە و لە شتێک پێکنەهاتووە جێگە لە چینی کرێکار. رووحێک کە بارگاوییە بە خواستێکی دادپەروەری جیهانی، خەبات بە دژی دیکتاتوریی بۆرژوایی، خواستی دێموکراسی



سەرچاوە Serchawe

راستەقینە و لابردنی دێموکراسی ریاکارانەی ئەمپریالیستی و دیکتاتۆرییەتی پیروزکراوی چەواشەکار. رووحێک کە هەموو ئاسمانی هەژاوری ئەو مال و منالانەی لە خۆ گرتووە کە ئەستێرەی بەختیان لە گەڵ ئەلماسە درەوشاوەکان دەدرەوشێتەوە. رووحێک لە رەگەزی ماموستایانی هەژار و بێ بەش، کرێکارانی بەشە خزمەتگوزارییەکان، کرێکارانی ئیدارەکان، وردە کرێار و فرۆسیارەکان، پەرەستارەکان، وەرزێران و مەردارانی بچووک و بە تایبەتی چینی کرێکاری پیشەیی، ساختومانی، وەرزێری و کانگاکان. ئەژماری ئەو کەسانە لە جیهاندا لە نێوان ٢ تا ٥ - ٢ میلیارد کەس بەراورد دەکرێ. ئەو کەسانە لەگەڵ بنەمالەکانیان بە گشتی دەبنە ٥ - ٥ میلیارد کەس.

لە بەرامبەر ئەوانەدا چینی دەسەڵاتداران هەیە. چینێک کە لە خاوەن زەوییە گەورەکان، دادوەرانی پلە بەرز، بەرێوەبەرانی دەولەتی و کەرتی تایبەت، تێکنۆکراتەکان و بورۆکراتەکانی بەستراوە بە ئەوان، ماموستایانی ئایینی پلە بەرز، شاکان و شازادەکان، سیاسەتمەداران و وەکیلە پلە بەرزەکان، دەستەیەک لە موماستایانی پلەبەرزی زانکۆکان، خاوەن کارخانەکان، سەرۆکی رێکخراوە دەوڵەتییەکان و چیرەخۆرە ئاشکرا و نادیارەکانیان. ئەوانە یا قازانجی زۆر گەورە دەکەن یا بەهرەی خاوەندارەتی وەردەگرن یان لە مانگانەیەکی خەیالی بەهرەمەندن. لە رێکخراوە مالی و بانکییەکان کە وەک هۆکاری گەندەلی و پێکهێنەری سەرەی قەیرانی گەورەی ئەمریکا و ئورووپا ( کە لە سالی ٢٠٠٧ وە دەستی پێکردوە و وەک گڕی نێو دارستانەکان بە بوونی ئاگرکوژێنە ناشارەزاکان هەروا لە هەموو لایەکەوە بلێسە دەکیشێ) ناسراون، نێونجی مانگانەی بەرێوەبەرانی پلەبەر زۆرتر لە هەزار قاتی مانگانەی کارمەندەکانی هەر ئەو بەشانەیە. لە ئێراندا ٣٥ تا ٤٠ هەزار کە هەن کە داهاتی مانگانەیان زیاتر لە ٢٥٠ میلیون تمەنە و ١٠٠ هەزار کەسیش داهاتی مانگانەیان زیاتر لە ١٥٠ هەزار تمەنە. بەڵام ٥ - ٤ میلیۆن کەسی بێکار هیچ داهاتێکیان نییە و رێژەیەکی ٥ - ٠ تا ١ میلیۆن کە بێکارن بە داهاتێکی نەمرنەژین ژیان دەبەنە سەر. لانیکەمی داهات لە سالی پاردا، ١٣٩١، بە هەموو زیادییەکانی ژمارەیەک لە نزنیک ٤٨٠ هەزار تمەن بوو، ئەوە لە حالێکدایە کرێی خانوویەکی کون لە دوورترین شوێنەکانی رۆژهەلات و باکوور و باکووری رۆژئاوا یان لە شارەکانی هەڵکەوتوو لە ٥٠ کیلۆمیتری تاران کەمتر لە ٣٠٠ هەزار تمەن نەبووە. نێونجی حەقدەستی لە سەتا شەستی کرێکاران کەمتر لە هێلی هەژاری بووە، واتە کەمتر لەو رادەیە بووە کە بۆ دابینبوونی ژیان لە ولاتێکدا پێویستە. زیاتر لە 35% ماموستایانیش لە ژێر ئەو هێلەدا ژیان دەبەنەسەر. سالی رابردوو ٧٣% لە بنەماڵە شارەییەکان داهاتێک کەمتر لە نێونجی تێچووەکانی مانگانەی بنەماڵەیەکی شارەیی، واتە ٩٥٠ هەزار تمەن، هەبووە. لەگەڵ ئەوەیدا کە رێژەی یەکەکانی نێشتەجێبوون لە رێژەی بنەماڵەکان زیاترە، بەڵام زیاتر لە ٢٠% خەڵک خانوویەکیان نییە کە سێ لە چواری ئەو کەسانە خەڵکی بێ دەرەتانن. بێ بێ بەشی بەکارهێنانی چینی هەژار لەگەڵ تەماعی گەورەی چینی سەروو بۆ خواردن و بەکارهێنان هاوهەنگاوە. بۆ نموونە خواردنی گوشتی ماسی لە نێو چینی سەروودا ١٨٠ قاتی خواردن لە نێو هەژاران دایە. تێچووی سەفەری خەڵکی دەولەمەند (جێگە لەو خەرجە تایبەتانەی کە دەیکەن یان کرینی خانوو، ویلا و ماشێن) ٢٢٠ قاتی خەڵکی هەژارە. لە جیهاندا ٣,١ میلیارد کەس لە ژێر هێلی هەژاریدا دەژین. ژمارەی خەڵکی برسی جیهان زیاتر لە ٨٥٠ میلیۆن کەسە کە زۆربەی ژنان و مندالان دەگرێتەوە. هەموو ئەو کەسانە ئگەری مردن بە هۆی برسییەتیان هەیە. لەو ماوەیەدا کە ئەو وتارە دەخوێننەوە، سەدان کەسیان گیانیان لە دەست داوە. ئەوانەی کە سۆسیالیستەکان، کرێکاران و چەپەکان بە هەست ناسکی تۆمەتبار دەکەن و لە راستیدا گالتە بە هەستی مرۆڤدوستانەی ئەوان دەکەن، لە بیریان بێ جەوگیر نەبن چونکە هێندێک کەس لە سەرمایەدارە بەرێز و پوولدا و پلەدارەکان لەو ماوەیەدا بە هۆی زۆرخۆری مردوون. تەنیا ئەو بەشە زیادییەی خواردەمەنی لە جیهانی دەولەمەند دەتوانێ هەژاریی خواردن لە نێوبەرێ. راپۆرتەکان

لەو بڕوایەدان کە ٢٧٥ میلیون منداڵی کار و شەقام لە جیهاندا سەرگەردانن. ئەوانەی هەستیان نابزوێ و ئومێدیان بە چاکسازی و کردەوەی هەنگاو بە هەنگاو و دوورکەوتن لە ئارمانجخوازی بەستووە تاکوو دۆخی هەژاران باشتر بێ، خۆیان کە بە گشتی دۆخیان باشە، دەتوانن جگەرگۆشەکانیان بۆ ساتێک وەک باڵندەیەکی بێ پەنا وێنا بکەن کە لە نێو شەقامە دووکەڵاوی و پڕ لە گەندەڵی سەرگەردانن. پەلە مەکەن! لێکۆڵینەوەکان لەو بڕوایە دان کە بە خێرایی ژمارەی حەشیمەتی هەژار کە لە دەروبەری شارەکان لە نێو خانووە تەنەکەییەکاندا دەژین زۆرینەی حەشیمەتی شارنشینی جیهان پێکدێنێ. لە ئەمریکا نوسستن لە نێو شەقامەکاندا بە شێوەیەکی بەربلاو، هەلبەت نەک بەو ڕێژەیە کە لە هیند و ئەفریقا، هەیە. ٤٥ میلیۆن لە خەڵکی ئەمریکا لە هەر چەشنە خزمەتگۆزاری بیمەیی بێ بەهرەن. وەک چەپەکان هەستتان نەبزوێ، بەڵام ئەرتەشی ئەمریکا لە ماوەی شەڕی دووهەمی جیهانی تا ئێستا دەیان میلیۆن خەڵکی ڕاستەوخۆ کوشتووە و سەدان میلیۆن کەسیش ناڕاستەوخۆ بە دەستێوەردانی جۆراوجۆری دەوڵەتی ئەمریکا کوژراون. تێچووی نیزامی ئەمریکا زیاتر لە دوو بەرامبەری داهاتی نەتەوەیی ئێرانە. لەو هەلومەرجەدا نیشان دانی ئەو بابەتە کە چینی کرێکار و هاوکارانی سەرەکی ئەو، واتە ماموستایان و کارمەندانی بەشی خزمەتگوزاری و بەشێک لە لە جووتیاران ئەرکی مێژوویی ڕزگاری مرۆڤایەتی و ڕزگاری خەڵکی وڵاتی خۆیان لە هەژاری و زۆرداره خومالیی و جیهانییەکان هەیە، دژوار نییە. هەلە نەکەین درووشمی سۆسیالیستەکان ئەوە نییە کە چینێک جێگەی هەمووان بگرێتەوە. نەهێلین درۆزنەکان و ئەوانەی پڕۆپاگەندە بۆ نیزامی سەرەڕۆ و چەوساندنەوە و نامۆکرانی مرۆڤ لە خۆی دەکەن، دیکتاتۆری پرۆلتاریا وەک سیستمێکی سەرەڕۆ و سەڕەرۆتر لە دێموکراسییە زۆرەملییەکان بە ئێمە بناسێنن. دیکتاتۆری پرۆلتاریا تەنیا بە واتای ئەوەیە کە بە جێگەی ئەوەی سەرمایەداری و کارەکەرە ستەمگەرەکانی ئەو سیستمە بڕیاری خۆیان بۆ ڕاگرتنی دۆخی نالەباری کۆمەڵگە بسەپێنن دەبێ چینێک هەبێ کە بڕیاری ڕزگاری لە چنگی زۆرداری بدا و دۆخی خوێشی بگۆڕێ، چونکە دواجار دنیای هەڵاواردن و جیاوازییەکان تەواو بێ. هەژاری و نادادپەروەری و ستەمکاریش دەبێ لە نێو بچێ. هەنگاو بە هەنگاو و کار کردن بە ئەندێشەیەکی ڕێفۆرمخوازانە چارەسەر نیە. زۆربلێیی بێ سوودی ئەوانە ئامۆژگاری و پاساوهێنەرەکان ڕەنگە ئێستاش کاریگەری هەبێ، بەڵام نەک بۆ کرێکاران و خەباتکارانی سۆسیالیست، دەبێ لە بەرامبەر ئەو زۆربلێییانەش ڕابوەستین.

بڕیاری بە کردەوە و بیرۆکە کۆمەڵایەتی ئەو دەبێ لە سەر بنەمای هێزێکی کۆمەڵایەتی بەربڵاو بێ کە ئامانجێکی جێگە لە ڕزگاری هەمووان نییە، ئەو هێزە کۆمەڵایەتییەی ناچارە خەبات بکا تا زنجیر لە پێی کۆمەڵگە و تاکەکان بکاتەوە. هێزێک کە پسپۆران و روناکبیرانی خۆی لە دەزگای دەسەڵاتی پوول و سیاسەتی زاڵ سوال ناکا و پشت بە رونابیران و شارەزایانی خەڵکی و وەفادار بە دێموکراسی ڕاستەقینە دەبەستێ. ئەو هێزە خەبات دەکا نەک ئەوەی عاشقی شەڕ بێ بەڵکوو بۆ ئەوەی لە ئەمنییەت و پێگەیەکی مرۆییانە بەهرەمەند بێ. کەلێنی چینایەتی کە بۆ کۆرسی پەرەستانی خۆشگوزەران مایەی توندوتیژی و شەڕە، بە دەستی هەژاران و سۆسیالیستەکان دروست نەبووە بەڵکوو ئەوە ڕاستییەکی کۆمەڵایەتیە و لە سەپاندنی دەسەڵاتە سیاسی و ئابوورییەکان، کە هەڵبەت پشتئەستوور بە پاساوهێنانەوە روناکبیرانی ئەوانە، بە سەر ئازادی و یەکسانی خەڵک هاتۆتە ئاراوە. کەلێنی چینایەتی دروستکراوی چەپەکان نییە، بەرهەمی ئەو چەوساندنەوەیانە کە سەرمایەداران لە سیستمی هەنووکەییدا دەیکەن. ئەو کەسانەی مۆنە لەو توندووتیژییە نادیارە دەگرن کە لە واقعییەتی کەلێنی کۆمەڵایەتی دایە و هەموو ناکۆکییەک لە مێژووی ئێران بە چاوێکی شکۆدار تەماشا دەکەن، خۆیان لە هەر شوێنێک لە دەسەڵاتدا بوون نەتەنیا لە بەرامبەر سیستمی ترس و سەرکوت بێ دەنگ بوون بەڵکوو بەشی سیاسی و ئابووری و بۆروکراتیکی هەر ئەو نیزامەشیان پێکهێناوە. دەلێی کوشتنی شۆڕشگێر باشە بەو مەرجەی لە لایەن

ڕیفۆرمخوازانی حکوومەت بێ نەک لە لە لایەن ستەملێکراوەکان.

ڕاستە کارل مارکس وتبووی: "چینێک دەبێ سەرهەڵبدا کە زنجیرەکانی ڕێشە داکۆتاو بێ. چینێک لە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کە چینێک لەو کۆمەڵگە مەدەنییە نییە. پانتاییەک لە کۆمەڵگە کە جەوهەرێکی گشتگیری هەیە چونکە غەمی گشتی هەیە و لە پێناو چارەسەری تایبەتی خۆیشی نییە چونکە پێگەیەکک کە بەو دەدرێ نەک پێگەیەکی تایبەت بەڵکوو پێگەیەکی گشتییە. دەبێ پانتاییەک لە کۆمەڵگەدا پێکبێ کە خوازیاری بەرژەوەندییەکی تایبەت بۆ خۆی نییە بەڵکوو تەنیا دەبێ پێگەی مرۆڤی مەبەست بێ. چینێک دەبێ هەبێ بەو هۆیە کە بە گشتی مرۆڤی تەواو و بێگەرد بوونی نییە و تەنیا بە دامەزراوە گشتگیرە مرۆییەکان دەکرێ خۆیشی ڕزگار بکا. ئەو چەشنە لە هەڵوەشانەوە و گۆڕان لە کۆمەڵگەدا لە پێگەی یەک چینی تایبەتدا، هەمان چینی کرێکارە."

هەرچەند کە چینی کرێکارمانایەکی وەک گرووپێکی کۆمەڵایەتی هەیە، بەڵام ئەو چینە لە کرداری کۆمەڵایەتیدا بە پێی هەلومەرجی مێژوویی هێندێک هاوکار و هاوچارەنووسی هەبووە: جووتیاران، سەربازە بە زۆر بردراوەکان، چینی مامناوەندی لە ژێر گوشار، خەباتکارانی دژە ئەمپریالیزم، کارمەندانی بەشی خزمەتگوزاری و هتد. لە ئێراندا پێویستی واقعی و هاوکارانی کرێکاران هەر بەشێک بن، ئەو نزیکبوونەی ڕۆژی جیهانی کرێکار لەگەڵ ڕۆژی ماموستایان، بۆتە نزیکبوونێکی مانادار. نزیک یەک میلیۆن ماموستای زەحمەتکێش ، ٥,٣ میلیۆن کارمەندی تکنیکی پلە نزم، ٢ میلیۆن کرێکاری وەرزێری و وەرزێرانی کەم داهات، ٢,٥ کرێکاری بێکار، ١,٥ میلیۆن چینی هەژار کە کرێکار نییە و نزیک بە ١٠ میلیۆن کرێکاری لە سەر کار، پۆتانسیەلێکی زۆرینەی کاریگەگەر لەو کۆمەڵگەیەن. ماموستایان و کرێکاران بڕبڕەیەکی گرینگی و نێوبژیوانێکی جیددی، هۆشیاری وەرگر و هۆشیاری بەخشی بۆ بە کردەوەکردنی ئەو پۆتانسیەلە پێکدێنن.

ڕۆژی جیهانی کرێکار یەکێک لە شکۆدارترین و جەماوەریترین ڕۆژەکانی سالە بۆ چەند میلیارد کرێکار و زیاتر لە ١٢٠ سال لە جیهاندا تەمەنی هەیە، لە زۆر لایەنەوە لە جێژنە ئایینییەکانی جیهان جەماوەریترە. ئەو ڕۆژە هەم جێژنە و هەم ڕۆژی بەرزراگرتنە و هەم ڕۆژی پەیمان نوێ کردنەوە و هەم ڕۆژی نیشاندانی دەستڕۆیشتوویی و بڕوابەخۆبوونە. ئەو ڕۆژە تەنیا جێژنێکی نەریتی نییە و ساڵانێکی زۆر لە ناوچە زۆڵملێکراوەکان، نەتەنیا دەرەتان و ڕێگەی نیشاندانی پێ نەدراوە بەڵکوو ڕووبەڕوی توندوتیژی، سەرکوت و ڕاونان بۆتەوە. ئەو کارانە لە لایەن دەوڵەتانێک ئەنجام دروە کە لە هەموو جێژنەکانی سەرمایەداری جێگە لە هاوکاری و دانی دەرەتانی میدیایی کارێکیان ئەنجام نەداوە. بەمشێوەیە ئەو ڕۆژە کە تەنیا چەند ساڵ لە ئێران دەرەتانی پەیدا کرد کە نیشاندەری شکۆمەندی بایەخە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگە بێ، لە سەردەمی ئێمەدا، ڕۆژی وەبیرخستنەوەی ئەرکی مێژوویی زەحمەتکێشان بۆ کومەڵگەیە بەری لە دیکتاتۆری پوول و چەک و ڕیاکارییە.

ڕۆژی ماموستا کە من یادی دەکەم بۆ ساڵی ١٣٤٠ ٢ ڕۆژی کۆژرانی دوکتور خانعەلی ماموستای دەبیرستانی کەلهۆر دەگەڕێتەوە. ڕۆژی کۆژرانی مومۆستایەک کە بۆ دەربڕینی نارەزایەتی بە دۆخی ناڵەباری ئابووری و کاریی ماموستایان، لەگەڵ زیاتر لە دە هەزار کەس لە ماموستایانی دیکە، لە چوارڕێی بەهارستانی تاران خڕببوونەوە. ئەوان حەقدەستی زیاتر و پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان داوا دەکرد. ماموستایان پاش ئەوەی بەشێک لە مافەکانی خۆیان بەدەستهێنا سەرکەوتن لەوەی ڕۆژی ١٢ بانەمەر وەک ڕۆژی ماموستا ناودێر بکەن



سەرچاوە
Serchawe

و دەوڵەتی ئەو کاتیش لە ژێر گۆشار و بە هەوڵی ماموستایان ئەوەی قبوول کرد. نیشتمانی ئێمە کاکێشانێکی سووتاوی خەباتی دێموکراتیک، کرێکاری و سۆسیالیستی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە. تاو کە هەلبێ، ئەو سووتاوانە دیسان دادەگیرسێنەوە. لە ئاسمانیش ئەستێرەکانی بێ ئەژمار دەرەوشێنەوە تا ئەو رووحە هەستێتەوە سەر پێ.

دەنووسم

لە هەر گۆشیەکی ئەو باخە

دەستێک هەمیشە چاوەڕێی دەستێکی ترە

چاوێک هەمیشە هەیە کە ناخەوێ(خوسرەو گولسورخی)

لینکی وتار: http://www.akhbar-rooz.com/article.jsp?essayId=52410

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٣

---

## با ئاوڕێک لە ژنانی کرێکار بدەینەوە.



**سەرگوڵ**

خەریکە لە یەکی مەی رۆژی نێونەتەوەیی چینی کرێکار نزیک دەبینەوە و هەمووان دەزانین کە ئەو رۆژە بێگومان دەرەنجامی خەباتی چینی کرێکار و چەوەساوەیە. هەروەک لە سەرچاوە مێژووییەکاندا هاتووە، کرێکارانی کارگاکانی شاری شیکاگۆ لە ئامریکا لە ڕێکەوتی ١ - ٥ - ١٨٨٦ دەستیان داوەتە مانگرتن و ڕاپەڕین بۆ بە دەست هێنانی مافە رەواکانی خۆیان. کەمکردنەوەی سەعاتەکانی کارکردن بۆ هەشت سەعات و زیاتر کردنی حەقدەستی کار لە دروشمە سەرەکیەکانیان بووە، بەڵام کرێکاران لە بەرامبەر داواکارییەکانیاندا لە لایەن خاوەنکار و پۆلیسەوە پەلامار دەدرێن و لەو نێوەدا کۆمەڵێک کرێکار گیانیان لە دەست دەدەن و کۆمەڵێکی دیکەش بریندار دەبن و هێندێکیشیان دەگیرێن و روبەڕوی سزای جۆراوجۆر دەبنەوە. سەرەنجام لە ساڵی ١٨٨٩ لە کۆنگرەی



سەرچاوە Serchawe

نێونەتەوەیی دووەمدا ڕۆژی ١ی مانگی مەی وەکو ڕۆژی کرێکار ناوزەد دەکرێ و ئیتر لەو ڕۆژە بە دواوە هەموو ساڵێک ئەو ڕۆژە لە لایەن گرووپ و ڕێکخراو و حزبە چەپەکانەوە بە تایبەتی یادی لێ کراوەتەوە و تا ئێستاش ئەو ڕەوتە بەردەوامە.

لێرەدا نامەوێ باس لە هەلومەرجی کرێکارانی وڵاتە پێشکەوتووەکان لە بواری پیشەسازییەوە بکەم، کە ئەوان دوای هەوڵ و خەباتێکی زۆر توانیویانە سەرمایەداری ملکەچ بە هێندێک لە داخوازییەکانی خۆیان بکەن و هێندێک لە مافەکانیان لە چواچێوەی کار و قانوونی کاردا بە سەر خاوەنکاردا بسەپێنن، بەڵکو پێم باشە کەمێک لە کۆمەڵگای خۆمان نزیک ببمەوە و هێندێک لەو گیروگرفتانەی کە دێنە سەر ڕێگای کرێکاران و لێرەشدا بە تایبەتی کرێکارانی ژن، باس لێوە بکەم.

ئەگەر بێت و چاوێک بە سەر وەزعییەتی کرێکارانی ئێران و بە تایبەتیش کوردستاندا بخشێنینەوە، دەبینین ئەو گوشارانەی کە باسیان لێ دەکرێ بە ڕاستی جدین و تەنگیان بە ژیانی خەڵکی هەژار و کەمدەرامەتی ئەو کۆمەڵگایە هەڵچنیوە و بوونەتە سەرچاوەی زۆرێک لەو کێشە و گیروگرفتانەی کە کۆمەڵگای ئێمە پێوەی دەناڵێت. بە هۆی ئەو هەڵاوسان و گرانییە زۆرەی کە ڕووبەڕووی خەڵکی کراوەتەوە، ژیانی خەڵک ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو ئاقارێکی سەختتر دەڕوات، جا ئەو مەسەلە بۆ خەڵکی هەژار و کەم دەرامەتی کۆمەڵگا زۆر دژوارترە و باری سەر شانی کرێکارانی ئەوەندەی دیکە قورستر کردوە.

لێرەدا ئەگەر هەڵوێستەیەک بکەین، دەبینین هەر لە گەڵ ناو بردنی ڕۆژی جیهانیی چینی کرێکار، یەکەم شتێک کە دێتە زەینەوە و لەسەر زارانە، کرێکارانی پیاون و لەو نێوەدا زۆر بە دەگمەن باس لە مەینەتییەکانی کرێکارانی ژن و چاوخشاندن بە سەر هەلومەرجی کاری ئەواندا و چۆنیەتی مامەڵەی خاوەنکار و وەزعییەتی کارییان دەکرێ. جا لێرەدایە دەبینین جارێکی دیکەش جیاوازی ڕەگەزی بە زەقی بەر چاو دەکەوێتەوە. زۆر پێویستە بە بۆنەی یەکی مانگی مەی ژنان جارێکی دیکە ئەو ڕۆژە وەک دەرفەتێکی دیکە بۆ پێداگری لە سەر مافە پێشێلکراوەکانیان کەڵک لێ وەربگرن و شانبەشانی هەموو پیاوانی یەکسانیخواز لەو مەیدانەدا دەوری کارا بگێڕن و خۆیان دەرخەن و بیسەلمێنن کە هەن و مافخوراون و داواکاری مافەکانیانن.

هەروەک بەرچاوە و دەزانرێ ژنانیش بە درێژایی مێژوو شانبەشانی پیاوان هەر لە مەزراکانەوە تا کارگا و کارخانەکان و هەموو شوێنێکی دیکەی کار، خەریکی کار کردن بوون، جاخۆ لەو نێوەشدا هیچ کاتێک کاری ناوماڵ و پەروەردەی منداڵ بۆ ژن وەکو کار حسابی بۆ نەکراوە و تەنیا وەکو ئەرکێکی سەرشان بۆ ئەوان چاوی لێکراوە. بەڵام ئێستا ئەگەر سەیرێکی بەرەوپێشچوونی وەزعییەتی کرێکاران بکەین دەبینین کە لە زۆر بواردا لە نێوان ئەو دوو ڕەگەزەدا جیاوازیی دەبیندرێت!

هەڵبەتە ئەوە نەبێ کە ژیان و گوزەرانی کرێکارانی پیاویش ئەوەندە لە هی هاوپیشە ژنەکانیان باشتر بێت، بەڵام کرێکارانی ژن بە هۆی ژن بوونیشیانەوە دووقات دەچەوسێندرێنەوە و گوشارێکی زۆرتریان دەکەوێتە سەر. دەبینین کە لە زۆربەی ناوەندەکانی کارکردندا ژنان هاوشانی پیاوان خەریکی کارکردنن، بەڵام لە سەرەتاییترین مافی خۆیان وەکو، بیمەی بێکاری، مافی خانەنشینی و حەقدەستی وەکو یەک بۆ کاری یەکسان و ...هتد بێبەش دەکرێن. لە لایەکی دیکەشەوە هەر کات خاوەنکار پێی وابێ کە فشارێکی کەوتۆتە سەر ئەوا لە ڕیزبەندی یەکەمدا دەست دەکات بە دەرکردنی ژنان بە بیانووی جۆراوجۆر لە سەر کارەکانیان، یا خود ناچاریان دەکات بە

قبوڵ کردنی سەعات کاری زۆرتر و پێدانی مووچەی کەم.

تا ئێستاشی لە گەڵ بێت ئامارێکی ڕاست و دروست و جێگای باوەڕ لە بارەی کرێکارانی ژنەوە لە بەر دەست نییە، چونکە لە لایەک نەبوونی قەراردادی کار و دامەزراندنی ژنان بە شێوەی کاتی ڕێگر بووە لەوەی کە ئامارێکی دروست لە بەر دەست دابێ و لە لایەکی دیکەشەوە خۆ کاری ناو ماڵ و ئەو کارانەی کە ژنان لە ماڵەکانیاندا ئەنجامی دەدەن بۆ نموونە کاری چنین، دروست کردنی شیرەمەنی و ترشیات و لەو چەشنە کارانە و کارەکەری ماڵە دەوڵەمەندەکان لە بەرامبەر حەقدەستێکی مەمرەومەژی، هەر وەکو کار لە ئەژمار نایەن و ئەو کرێکارانە خاوەنی هیچ مافێک نین.

ئێمە خەریکە لە یەکی مانگی مەی، ڕۆژی نێو نەتەوەیی کرێکار نزیک دەبینەوە، بۆیە دەبێ ئەوەمان لە بیر بێت کە لە ئێستادا بە هەزاران کرێکار لە ژێر سەختترین بارودۆخی کاریدا خەریکی کارن، کە بێگومان پێکهاتوون لە ژنان و پیاوانی ڕەنجدەر و زەحمەتکێش. نابێ ئەوە لە بیر بکەین کە ئێستا بە هەزاران ژنی کرێکار ناچارن بۆ لە دەست نەدانی کار و بژێوی خێزانەکانیان، چاوپۆشی بکەن لە هەر چەشنە سووکایەتی و بێحورمەتییەک کە پێیان دەکرێ. ژنێکی کرێکار و دەرهێنەری بژێوی خێزانێک لە بەرامبەر دەستدرێژی و چەوساندنەوەی خاوەنکارێک زۆر بە ئاسانی ناتوانێ دەنگ هەڵبڕێت و داوای مافی خۆی بکات، چونکە خاوەنکارەکەی زۆر بە شێوەیەکی ئاسان و بە هێنانەوەی بیانووی جۆراوجۆر دەتوانێ لە کارەکەی دەری بکات و لەو لاشەوە ژنێکی دەرهێنەری بژێوی خێزانێک ئەگەر دەرکرێت نەک هەر خۆی بگرە خێزانێک توشی برسێتی و گیرو گرفت و کێشە دەبنەوە، سەرباقی هەموو ئەو شتانەش ئەوە ژنەکەیە دەبێ وەڵامدەرەوە بێت لە بەر چاوی باوک و براو کەس و کارو دەرو جیران و کۆمەڵگا کە بۆچی درکراوە! کە لێرەدا ئەو ژنە چەندین تۆمەتی ئەخلاقی و هی تریشی دەدرێتە پاڵ، کە زۆر گران بە سەر ژنێک لە کۆمەڵگایەکی وەکو ئەوەی ئێمەدا دەشکێتەوە. زۆر جاریش ئەو تۆمەت و گیرو گرفتانە دەرەنجامی زۆر ناخۆش و دڵتەزێنیشی لێ دەکەوێتەوە، وەکو خۆکوشتن و خۆسوتاندنی ژنان و بە جێ هێشتنی ماڵ و کەوتنە ناو گێژاوی باندەکانی بازرگانی بە ژنانەوە کە دەبینین ئیتر ژیانی ئەو کەسە ئەسڵەن بە ڕێڕەوێکی دیکەدا دەگۆڕێت و ڕوو لە ئاقارێکی زۆر ترسناکتر دەکات کە بە تەواوی بە پێچەوانەی ویستی ئەو ژنەیە. جا بۆیە زۆر جار ئەو ژنەی کە دەشزانێ زوڵمی لێ دەکرێ دان بە خۆداگرتن بە باشترین ڕێگا چارە دەزانێت و ئامادیە بە ناچاری هەموو جەور و ستەمێک قبوڵ بکات.

بێگومان نەبوونی سەندیکای سەربەخۆی کرێکاریش یەکێکی دیکەیە لە هۆکارەکانی ئاسانتر دەست بردن بۆ چەوساندنەوەی کرێکاران، خۆ زۆر جار ئەوە دەکەوێتە بەر گوێ کە لە وڵاتدا سەندیکای سەربەخۆی کرێکاری هەن و کار دەکەن لە پێناو بەرژەوەندی و مافی کرێکاراندا بەڵام ئەوەی کە زۆر ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەو سەندیکا کرێکاریانەی کە دەوڵەت و دەسەڵات ناویان لێ دەبات بە هیچ شێوەیەک هەڵبژێردراوی کرێکاران نین و نوێنەرایەتی ئەوان ناکەن و بگرە دەست لە ناو دەستی خاوەنکاران ئەوانیش بۆخۆیان دەبنە بەشێک لە چەوسێنەرانی چینی کرێکار.

لەم چەند ساڵەی دواییدا ئێمە زۆر بە ڕوون و ئاشکرایی بینیمان کە دەوڵەت و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران چییان بە سەر ئەو چالاکە کرێکارییانەدا هێنا کە لە ڕاستیدا نوێنەری توێژەکەی خۆیان بوون و لە ناو جەرگەی ئەو توێژە زەحمەتکێشەوە سەریان



سەرچاوە
Serchawe

هەڵدابوو. چونکە ئەوان خۆیان زادەی ئەو توێژەن و دەزانن هەژاری و نەداری و مافخواردن و برسێتی یانی چی، تا ئێستاشی لە گەڵ بێت ئەو رژێمە بەردەوامە لە دەستگیر کردن و راپێچ کردنیان بۆ نێو سیاچاڵەکان و دوور خستنەوەیان لە مەیدانی خەبات.
بۆ چینی کرێکار و چەوساوەی کۆمەڵگا هەبوونی سەندیکای سەربەخۆی کرێکاری گرنگیەکی تایبەتی هەیە، بۆ ئەوەی کرێکاران هەست بە بێ پشت و پەنایی نەکەن و بزانن کە کەسانێک هەن کە خەریکن لە مافە خوراوەکانیان دیفاع دەکەن، لە لایەکی تریشەوە لە رێگەی ئەو سەندیکا کرێکارییانەوە دەکرێ کرێکاران هۆشیار بکرێنەوە سەبارەت بە مافەکانی خۆیان و فێر بن و بزانن کە ئەوان ئەو نێچیرە نین کە هەر کات راوچی پێی خۆش بێت راویان بکات و کەڵکیان لێ وەربگرێت. لە پاڵ هەبوونی رێکخراو و سەندیکا کرێکارییەکاندا پێویستە و دەبێ کار بکرێت تا هەموو کرێکارانی ژن هۆشیار بکرێنەوە و هەلی هۆشیاربوونەوەیان بۆ بڕەخسێنرێت تا مافەکانیان بناسن و رێگا و شێوەی داواکارییەکانیان فێر ببن. پێویستە هەموو ژنێک ئەو مافەی بۆ بە ڕەسمی بناسێنرێت کە بۆ چوونە سەر کار یان هەڵبژاردنی پیشە خۆی بڕیاردەر بێت وناچار نەکرێت کە رەزایەتی باوک و برا و مێردی لە پشت بێت. ئەو ژنانەی کە شەوانە دەبێ کار بکەن پێویستە ئاسایشی تەواویان لە شوێنی کار بۆ دابین بکرێت.

ژنان دەبێ بۆ تەنیا ساتێکیش ئەوە لە بیر نەکەن کە خەبات هێشتا بەردەوامە و لەو رێگایەدا نابێ هەنگاوەکانیان شل بینەوە. ئێمە وەک ژنانی کرێکار هاوشان لە گەڵ پیاوانی رەنجدەری کۆمەڵگا دەبێ جەخت لە سەر مافەکانمان لە هەموو بوارەکاندا بکەینەوە و شێلگیرو شێلگیرتر هەوڵ بدەین تاوەکو مافەکانمان وەک مرۆڤێکی ماندوو وەدەست دێنن، لە بیرمان نەچێت ئێمەی ژنیش دەبێ مافی ئەوەمان پێ بدرێت کە لە هەر چەشنە بیمەیەکی کۆمەڵایەتی و کاری بێبەش نەکرێین، دەبێ لە شوێنی کارو کارگاکاندا لە هەر چەشنە هەڵسوکەوتێکی ناشایست و دەستدرێژی پارێزراو بین، ئەو دایکانەی کار دەکەن دەبێ دەرفەتی کەمتر کار کردن و سەردان کردنەوەی منداڵەکانیان بۆ شیر پێدان و هتد پێبدرێت، پێ سپاردنی کاری قورسی بەدەر لە توانایی جەستەیی ژن یان ژنێکی دوگیان دەبێ لە بەر چاو بگیرێت. ئەوانە چەند نموونەگەلێکن کە دەبێ بە هەموومان زۆر لێبڕاوانە هەوڵی بۆ بدەین و لە پاڵ ئەوەشدا هەوڵی هەرچی زیاتر خۆ رۆشنبیر کردن و دانەبڕان لە دونیای ئەمڕۆ و دەوروبەرمان ئەرکێکی هەنووکەیی و پێویست بێت.

بە هیوای وەدیهاتنی دونیایەکی بە دوور لە هەر چەشنە زوڵم و زۆر و چەوسانەوەیەک بۆ تەواوی مرۆڤایەتی، با رۆژی یەکی مانگی مەی بکەینە رۆژێک کە تێیدا بەڵێن بە خۆمان و بە هەموو مرۆڤە چەوساوەکان بدەین کە ئێمە و ئێوە واتە هەموومان پێکەوە دەست لە ناو دەست بەردەوام دەبین لە خەبات و بەرخودانەکانمان تا بەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانی مرۆڤایەتی، تا ئەو کاتەی کە مرۆڤەکان بە بێ جیاوازی رەگەزی و چینایەتی پێکەوە و یەکسان لە سەر ئەم گۆی زەوییە بژین.

با من و تۆ و ئێمە ببینە زامنی بەردەوامیی خەبات بەرەو ژیانێکی زۆر باشتر لەوەی ئێستا، هاوکات هیوا بە داهاتوو و خەباتی بەردەوام با بەشێک بێت لەژیانمان، دەبێ باوەڕ بەوە بێنین کە ژیانێکی باشتر شایانی ئێمەیە و دەبێ بەری رەنجی خۆمان ببینین و لێی بێبەری نەکرێین.
سەرکەوتنمان تەنیا لە یەکگرتنماندایە، با یەکگرتوانە هەنگاو بنێین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمڕۆ - ڕێکەوتی: ٢١ی ئەپریلی ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

# لە ڕۆژی کرێکاردا دیسان "مەرگ بۆ دیکتاتۆر"



**سمایل شەرەفی**

جارێکی دیکەش کرێکاران و خوێندکارانی گۆڕانخوازی ئێران وێڕای هاواری یەکیەتی یەکگرتوویی، ڕوو بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران درووشمی "مەرگ بۆ دیکتاتۆر" یان بەرز کردەوە.

خوێندکاران و کرێکارانی ئێران دیسان و لە مەجالێکی دیکەدا یەکگرتووانە، سەرەڕای ئەمنییەتی بوونی سەرجەم شارو ناوچەکانی وڵات پەیامی ئازادیخوازی و نەمانی دەوڵەتی کودەتاچییان و سڕینەوەی دەسەڵاتی ویلایەتی دیکتاتۆرەیان بە گوێی هەموو لایەک دا گەیاند.

ڕۆژی شەممە ١١ی بانەمەر، بەرانبەر بە ١ی مانگی مەی (ڕۆژی جیهانیی کرێکار) و هەر بەم بۆنەوە دوو توێژی بێبەش لە هەموو مافە سنفییەکانی خۆیان و لە هەمان کات دا دوو توێژی ئاگاو خەباتکار کە زیاتر لە ٣٠ ساڵە بە دانی قورسترین هەزینە، دژ بە دەسەڵاتی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی ئێران خەبات دەکەن، لە چەندین زانکۆو شوێنی کارو سەر شەقامەکان دا، دەستیان دایە خۆپیێشاندان و نارەزایەتی دەربڕین.

بە پێی سەرچاوە هەواڵدەرییەکانی سەر بە نارازییان لە ناوخۆی وڵات، بۆ پشتیوانی لە کرێکاران و نارەزایەتی دەربڕین دژ بە دەوڵەتی ئەحمەدی نژادو حکوومەتی ویلایەتی دیکتاتۆریی خامنەیی، خوێندکارانی ئازادیخوازی وڵات لە زانکۆی تاران و چەند زانکۆیەکی دیکە، ڕۆژی ١١ی بانەمەڕ دەستیان دایە نارەزایەتی دەربڕین درووشمەکانی: "کارگر، دانشجو، اتحاد اتحاد"، "آزادی، عدالت، اینست شعار ملت" و "مرگ بر دیکتاتور" و هەتا دوایی یان بەرزکردەوە.

هەر لەم پێوەندییەدا سەرچاوەکانی نزیک لە زانکۆی تاران بڵاویان کردەوە کە هاوکات لە گەڵ یادکرنەوەی ڕۆژی کرێکار، خوێندکارانی ئەم زانکۆیە بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین لە بوونی مەحموود ئەحمەدی نژاد، سەرۆک کۆماری بە زۆر داسەپاو لەم زانکۆیە، دەستیان دایە خۆپیێشاندان و بە دانی درووشمگەلێکی وەک: "دولت کودتا نمیخواهیم" و "احمدی نژاد حیا کن، دانشگاه رو رها کن"، خوازیاری وەدەرنانی ناوبراو لە زانکۆ بوون.

هەر لە رۆژی کرێکاران دا، کرێکارانی ئێران بە کۆبوونەوە لە دەوری یەکتر، نارەزایەتی دەربڕین، نەچوونە سەر کار، وەرێخستنی خۆپێشاندان و کۆبوونەوەو مانگرتن لە بەردەم شوێنە پێوەندیدارەکان، سەرەڕای پێداگری لە سەر ویست و داخوازییە سنفییەکانیان، بۆ جارێکی دیکەش بە کەڵک وەرگرتن لەم مەجالە، بێزاری خۆیان لە رێژیمی تاران چەندپاتە کردەوە.

بە پێی سەرچاوەکانی هەواڵ بە هەزاران کەس لە کرێکارانی شاری قەزوینیش بە کۆبوونەوە لە دەوری یەکتری پێداگرییان لە سەر رەچاوکردنی مافە سنفییەکانی خۆیان کردەوە کە دوای ماوەیەک لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیمەوە بە هەڕەشەو گوڕەشە بڵاوەیان پێکرا.

لە شاری شیراز کرێکارانی کارگەی سەنعەتی گۆشتی فارس بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین بە داخستنی ئەم کارگایە کە بە بیانووی بەخسوسی کردن داخراوە، لە بەرانبەر ئوستانداری ئەم شارەدا دەستیان دایە نارەزایەتی دەربڕین و خوازیاری پێراگەیشتن بە داواکارییەکانیان بوون.

لە شاری تەورێز سەدان کەس لە کرێکارانی ئەم شارە سەرەڕای بوون و ئامادە بوونی هێزێکی پۆشتەو پەرداخی رێژیم، لە بەردەم ئیدارەی ئەم شارەدا کۆبوونەوەو وێڕای رێزگرتن لە رۆژی کرێکار، نارەزایەتییان بەرانبەر بە دەرکرنی بەلێشاوی کرێکاران لە سەر کارەکانیان دەربڕی.

لە شاری سنەش کرێکارانی کورد وێڕای رێزگرتن لە رۆژی کرێکارو پێداگری لە سەر داخوازییەکانیان، لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیمەوە هێرشیان کرایە سەر. هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە پێنج چالاکی کرێکاری لە شاری سنە رۆژی ١١ی بانەمەڕ لە ئاکامی هێرشی هێزەکانی رێژیم بۆ سەر کۆبونەوەی کرێکارانی ئەم شارە قۆڵبەست کراون. ئەوە لە حاڵێک دایە کە سەر لە بەیانی هەمان رۆژ، پێش دەسپێکردنی کۆبوونەوەی کرێکاران، دوو چالاکی کرێکاری هەر لە شاری سنە لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی رێژیمەوە رەوانەی گرتووخانە کران.

هێندێک لە سەرچاوەکانی هەواڵ باس لەوە دەکەن کە کۆبوونەوەی کرێکاران لە رۆژی ١ی مەی دا لە شارەکانی وەک: ئیسفەهان، ئەراک، ئەهواز، رەشت و سەقز لە گەڵ هێرشی هێزەکانی رێژیم رووبەڕوو بوونەتەوەو هەر لەم پێوەندییەشدا زیاتر لە ١٠ کەس رەوانەی گرتووخانەکان کراون.

هەر لە پێوەندی لە گەڵ رێزگرتن لە کرێکاران لە رۆژی کرێکاردا هەروەها بۆ پشتیوانی لە مامۆستایانی قوتابخانە، کۆمەڵێک لە بەندکراوانی سیاسی و مەدەنی لە زیندانەکانی ورمێ، ئێوین و رەجایی شار دەستیان داوەتە مانگرتن لە خواردن.

هەڵوێستی خوێندکارانی وڵات لە زانکۆکان لە رۆژی کرێکارو هەروەها یادکردنەوەی بەرێنی ئەم رۆژە لە لایەن کریکارانەوەو پشتیوانی بوێرانەی بەندییانی سیاسی و مەدەنی لە بەندیخانەکانی ورمێ، ئێوین و رەجایی شار، بۆ جارێکی دیکەش ئەو راستییەی سەلماند کە

بزووتنەوەی گۆڕانخوازانەی خەڵکی ئێران بە هەموو پێکهاتە سیاسی و سنفیەکانیەوە، بزووتنەوەیەکی زیندووە و بە پێچەوانەی دەسەڵاتیدارانی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامیی ئێران کە ئیدیعایان دەکرد دەنگی نارەزایەتی خەڵکیان کپ کردوە، هەردەم لە خۆڕێکخستنەوەدایە.

دووپاتکرنەوەی دروشمەکانی "مەرگ بۆ دیکتاتۆر" و " نەمان بۆ دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد" لە لایەن خوێندکارانەوە لە ڕۆژی کریکاردا، دیسانیش ئەو ڕاستیەی سەلماند کە بزووتنەوەی گۆڕانخوازانەی خەڵکی ئێران دەوڵەتی کودەتاچییان و دەسەڵاتی ویلایەتی دیکتاتۆریی خامنەیی پێ مەشروع و وڵامدەر نییەو تا گۆڕینی ئەو دەسەڵاتە، دروشمی سەرەکیان هەر ئەوەیە: "مەرگ بۆ دیکتاتۆر".

سەرچاوە: ماڵپەڕی وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢١ی ئەپریلی ٢٠١٣

---

### چۆن یەکی ئایار، بوو بە ڕۆژی جیهانیی کریکاران؟




**ئامادەکردنی: شەماڵ علی**

یەکی ئایار، ڕۆژی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار، سەرەڕای زۆر لایەنی ڕەمزی خۆی بیرهێنەرەوەی مێژوی خەباتی چینی کرێکارە لەسەرتاسەری دنیادا. ئەگەر هیچ ڕاستیەک نەمێنێت درندەیی سەرمایەداریی‌و چینی بۆرژواو پارێزەرانی ئەم سیستەمە پێچەوانەیە بسەلمێنێت، تەنها مێژوی یەکی ئایارو ئەو ڕووداوە مێژووییانەی کەوتوونەتە پشتسەری دیاریکردنی ئەم ڕۆژە وەک ڕۆژی کرێکار، بەسە بۆ ئەوەی هەموو ئەو پروپاگەندە بێبنەمایانە لەسەر ئازادی لە سایەی سیستەمی سەرمایەداری‌و دیموکراسیدا پووچەڵ بکاتەوە. ڕۆژی یەکی ئایار وەک ڕۆژێک بۆ چینی کرێکار لە مێژودا پەیوەستە بە خەباتی کرێکارانەوە بۆ دیاریکردنی ڕۆژکار بە هەشت سەعات کار. ئەم ڕۆژە لەسەدەی نۆزدەوە لە ئەمریکا لە پەیوەند بەو خەباتەوە کراوە بە ڕۆژی پشوو. تێکۆشان بۆ دیاریکردنی ڕۆژکار بە هەشت سەعات لە ساڵی ١٨٦٠ەوە لە ئەمریکا دەستی پێکردووە. لە ساڵی ١٨٨٤ دا فیدراسیۆنی سەندیکاو یەکێتیە کرێکاریە ڕێکخراوەکان لە وولاتە یەگرتووەکان‌و کەنەدا کە لەساڵی ١٨٨١ ەوە پێکهاتووەو (لە ١٨٨٦ بە دوواوە ناوەکەی گۆڕاوە بۆ فیدراسیۆنی ئەمریکایی کار) بڕیارێکی دەرکرد کە لە بەشێکیدا دەڵێت:( لە یەکی ئایاری ١٨٨٦ بەدوواوە دەبێ هەشت سەعات کار ڕۆژکاری یاسایی پێکبهێنێت، بانگەوازی هەموو ڕێکخراوە کرێکاریەکانی ئەم ناوچەیە دەکەین کە یاساکان بە جۆرێک ئاراستە بکەن کە لەگەڵ ئەم بڕیارەدا بێتەوە). ساڵی پاش ئەوەش هەمان فیدراسیۆن بەیانێکی بڵاوکردەوەو تەئکیدی کردەوە کە سیستەمی هەشت سەعات کار دەبێ

لە ١ی ئایاری ١٨٨٦ەوە بخرێتە کارەوە. لەبەرئەوەی لەو سەردەمەدا لە ئەمریکا کرێکاران ناچار دەکران ١٠ و ١٢ و تەنانەت ١٤ سەعات کار بکەن. جووڵانەوەی هەشت - سەعات کار زۆر بە خێرایی فراوان بووەوە. لە چەند مانگ بەر لە ڕۆژی دیاریکراوەوە (واتە ١ی ئایاری ١٨٨٦) هەزاران کرێکار، ڕێکخراو و ناڕێکخراو، هاتنە مەیدانی خەباتەوە. شاری شیکاگۆ لە ویلایەتی ئیلینۆی ناوەندی خەباتو ڕوبەڕوبوونەوە لە پێناوی ڕۆژکاری کورتتر بوو. *یەکێتی ناوەندیی کار لە شیکاگۆ* ڕابەرایەتی ئەم جووڵانەوەیەی دەکرد کە پێکهاتبوو لە ٢٢ یەکێتیو ریکخراوی کریکاری.

لە کاتی مانگرتنی کریکارانی هێڵی ئاسن لە ساڵی ١٨٧٧، کرێکاران لەلایەن پۆلیسو سوپای ئەمریکاوە بە شێوەیەکی توندوتیژ هێرشیان کرایە سەر. هەمان تاکتیکی تۆقاندن لەلایەن دەستەودایرەی حکومەتەوە ئامادەکرابوو بۆ ڕوبەڕو وەستانەوەی جووڵانەوەی هەشت-سەعات کار. پۆلیس و پاسەوانی نیشتیمانی ژمارەیان زیادکرابوو، بە پارەی سەرکردەی خاوەن سەرمایەکان لە ناوچەکەدا چەکی نوێ و بەهێزیان بۆ فەراهەمکرابوو. هەرچۆن بێت، تاکو یەکی ئایار جووڵانەوەکە کۆمەڵێک دەستکەوتی باشی بۆ زۆربەی کرێکارانی شیکاگۆ بەدەستهێنابوو. بەڵام لە ٣ ئایاری ١٨٨٦ کە هێشتا لە هەندیک شوێن مانگرتن بەردەوام بوو بۆ بەدیهێنانی خواستی هەشت سەعات کار، لە کۆمپانیایەک بە ناوی ماکۆرمیک پۆلیس تەقەی لە مانگرتنی کرێکاران کردبوو و لانی کەم کرێکارێک کوژرابوو و پینجی تر بە خەستیو ژمارەیەکی نەزانراو بە سووکی بریندار کرابوون. بۆ ڕۆژی دوایی، بە مەبەستی ناڕەزایی دەربڕین بەرانبەر ئەو پەلامارە دڕندانەیە، بانگەوازی میتینگێکی کرێکاریی لە مەیدانی هەیمارکێت لە شاری شیکاگۆ دەکرێت.



کۆبوونەوەی ٣ی ئایاری ١٨٨٦ لە هەیمارکێت لە شیکاگۆ


میتینگەکە بە شێوەیەکی ئارام بەرپا دەکرێتو نزیکە تەواو بوون دەبێت. کاتێک دوا قسەکەر لەسەر مینبەر دەبێ کۆبوونەوەکە بە هۆی بارانی زۆرەوە کەم دەبێتەوەو تەنها ٢٠٠ کەس لە مەیدانەکەدا دەمێنن. لەو کاتەدا هێزێکی پۆلیس کە برێتی دەبێ لە ١٨٠ پۆلیس دەڕژێنە مەیدانەکەو فەرمان دەدەن کە دەبێ میتینگەکە بڵاوەی لێ بکرێتو دەکەونە ئازاردانی کرێکاران. لە کۆتایی میتینگەکەدا بۆمبێک، لە لایەن نەناسراوێکەوە (تا ئێستاش نەزانراوە کێ بووە) فڕێ دەدرێتە ناو پۆلیسەکانەوەو پۆلیسێک دەکوژرێتو شەش پۆلیسی تر بە خەستی بریندار دەبن. لە پاش ئەوە پۆلیس تەقە لە کرێکاران دەکەن و ژمارەیەکیان لێ دەکوژنو بریندار دەکەن(تا ئێستاش
بە شێوەیەکی دیاریکراو ڕانەگەینراوە کە چەند سیڤیل بە دەستی پۆلیس کوژراون). ئەگەرچی هەرگیز ئەوە ئاشکرا نابێت کە کێ بۆمبی فڕێداوەتە نێو پۆلیسەکانەوەو ئایا بەڕاستی ئەو بۆمبە لە نێو کرێکارانەوە فڕێ دراوە یان نا، بەڵام دەسەڵاتداران ئەم ڕوداوە دەکەنە بیانوی پەلامارێکی هەمەلایەنە بۆ دەستگیرکردنی ڕابەرانی کرێکاریی.

پۆلیس پەلاماری ماڵی کرێکاران‌و ئۆفیسی یەکێتیە کرێکاریەکانی دەدەن‌و سەدان کرێکار بەبێ هیچ تۆمەتێک دەستگیر دەکەن. فەزایەکی پۆلیسی تۆقێنەر لە شاری شیکاگۆدا بەرپا دەکرێت. دادوەری دەوڵەتیی ئەو وەختە فەرمان بە پۆلیس دەدات کە: (پەلامارەکانتان تەواو بکەن‌و پاشان سەیری یاساکان بکەن!)

سەرەنجام بەبێ هیچ بەڵگەیەکی سەلمێندراو، لە دادگایەکی بێسەرەوبەردا، حەوت کەس لە ڕابەرانی کرێکاریی بە تۆمەتی پیلانگێڕان بۆ کوشتنی پۆلیس بە ئیعدام‌و کەسێکیان بە ناوی ئۆسکار نیب بە ١٥ ساڵ زیندان حوکم دەکرێن. لە ١١ی نۆڤەمبەری ١٨٨٧دا چوار لەو ڕابەرانە بە ناوی ئەلبێرت پارسۆنس، ئەدۆلف فیشەر، ئۆگۆست سپایس‌و جۆرج ئینجل بە هەڵواسین ئیعدام دەکرێن‌و لویس لینگ لە زینداندا خۆی دەکوژێت. دەسەڵاتداران تەرمەکانیان ڕادەستی هاوڕێیانیان دەکەنەوە کە لە ڕێ‌و ڕەسمێکی بێ وێنەدا (کە بە پێی سەرچاوە جۆربەجۆرەکان ژمارەی بەشداربووانی لە نێوان ١٥٠ هەزار تاکو ٥٠٠ هەزار کەس بووە) بە خاک دەسپێردرێن. لە ٢٥ی جون(حوزەیرانی) ١٨٩٣ لە گۆڕستانی والهایم پەردە لەسەر مۆنومێنتی کرێکارانی گیانبەختکردوی هەیمارکێت لادەدرێت. باقی دەستگیرکراوەکان کە برێتین لە سامۆئیل فێلدن، ئۆسکار نیبو مایکل شواب سەرەنجام پاش نۆ ساڵ زیندانی بێ پاساو لە ١٨٩٣ ئازاد دەکرێن.

لە ٢٥ی جون (حوزەیرانی) ١٨٩٣ حاکمی ویلایەتی ئیلینۆی جۆن پیتەر ئەلتگیلد، بڕیاری لیبوردنێک لەو زیندانیانە دەردەکات کە تیایدا دەڵێت کە ئەو نەک لەبەرئەوەی زیندانیەکان بە ڕادەی پێویست لە زینداندا ئەزیەت‌و ئازاریان چەشتووە، بەڵکو زۆر بە سادەیی لەبەر ئەوەی بێ تاوانن سەبارەت بەو تۆمەتانەی دراوەتە پاڵیان ئازاد دەکرێن. ئەو هەروا ڕایدەگەیەنێت کە ئەم زیندانیانەو ئەوانەی کە ئیعدامیش کراون قوربانی هیستیریا، دەستەیەک ژوریستی(دادپرسی دادگا) بە مەبەستەوە دیاریکراو و دادوەرێکی ناعادیل بوون. حاکمی ویلایەتی ئیلینۆی ئەوە ئاشکرا دەکات کە تۆمەتباران تۆمەتەکانیان نەسەلمێنراوەو دەوڵەت "هەرگیز بۆی ئاشکرا نەکراوە کە کێ ئەو بۆمبەی فڕیداوە کە پۆلیسەکەی کوشتووە، بەڵگەکان هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەوە ناکەن کە پەیوەندیەک لە نێوان تۆمەتباران‌و ئەو کەسەدا هەیە کە بۆمبەکەی فڕێداوە"

بەم جۆرە خودی سەرانی دەوڵەت پەردە لەسەر ئەو پیلانە هەمەلایەنەیە بۆ سەرکوتکردنی کرێکاران‌و لە خوێنهەڵکێشانی ناڕەزاییە




ڕابەرانی کرێکارانی شیکاگۆ کە بە ئیعدام مەحکوم کران



سەرچاوە
Serchawe

ڕەواکانیان بۆ خواستەکانیان هەڵدەماڵن. شایانی باسە کە پیلانی لە خوێنهەڵکێشانی جوڵانەوەی چینی کرێکار لە ئەمریکا تەنها لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتەوە دانەڕێژراوەو جێبەجێ نەکراوە، بەڵکو قەڵەمبەدەستانی بۆرژواو میدیای نۆکەر دەورێکی گەورەیان لە دەرکردنی بڕیاری ئیعدامی ڕابەرانی کرێکاریی و جێبەجێکردنی بینیوە.

سەرجەم ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە لە شاری شیکاگۆ کەمپینیکی بەدناوکردنو مەحکومکردنی کریکارانیان بەڕێخستووەو کرێکارانیان بە "باندێکی ئاژاوەگێڕ، جەردە، دز، پیاوکوژ، شەڕەنگێز، دڕندەی بە خوێنتینوو، ترسنۆک، خوێڕی، جانەوەر" وەسفکردووە. ئەم کەمپینە بە ڕادەیەک توندو کاریگەر بووە کە ئیدوارد ئیڤیلینگ یەکێک لە زاواکانی کارل مارکس بەر لە ئیعدامکردنی ڕابەرانی کرێکاران دەڵێت: "ئەگەر ئەو کرێکارانە سەرەنجام ئیعدامبکرێن ئەوە ڕۆژنامەی شیکاگۆ تریبیۆنە کە ئەو کارە دەکات."

بەڵێ، چیرۆکی هەڵهاتنی ڕۆژی یەکی ئایار بەو جۆرە خوێناوی بووە. ئیتر ئەوە مایەی سەرسوڕمان نییە کە دەوڵەت، سەرمایەدارانو میدیای ئەمریکا دەیانەوێت مێژوی ڕاستەقینەی یەکی ئایار بشارنەوە. ئەوان دەیانەوێت کە یادگاریەکانو بایەخو جێگاوشوێنی یەکی ئایار لە زەینی کرێکاراندا

بسڕنەوە. دەوڵەتی ئەمریکا هەر بەم مەبەستە ڕۆژی یەکی ئایاری ناوناوە "ڕۆژی یاسا" و ڕۆژێکی تری، کە یەکەمین دووشەممەی مانگی سەپتەمبەرەو هیچ بایەخو مانایەکی مێژوویی نییە، کردووە بە ڕۆژی کرێکار لە ئەمریکا.

بەڵام هاوچینەکانی کرێکارانی ئەمریکا نەیانهێشتووە ئەم ڕۆژەو یادگارەکانی لە نێو لاپەڕە زەردەکانی مێژوی بە دەستی سەرمایەداران نووسراو ون ببێت. ساڵی ١٨٨٩ لە یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنتەرناسیۆنالی دووەم (دووەم ڕێکخراوی جیهانی کرێکاران) کە لە پاریس بەبۆنەی سەدساڵەی شۆڕشی فەرەنساوە بەسترا، بە پیشنیاری رایمۆند لاڤیان، بۆنەی ساڵیادی ناڕەزاییەکانی شیکاگۆوە، بانگەوازی خۆپیشاندانی سەرتاسەریو جیهانی لە یەکی ئایاری ساڵی ١٨٩٠دا کرد. خۆپیشاندانەکان بە ڕادەیەک سەرکەوتوو بوون کە ساڵی دواتر واتە ١٨٩١ یەکی ئایار بە ڕەسمی لە لایەن کۆنگرەی دووەمی ئەنتەرناسیۆنالی دووەم وەک چالاکیەکی ساڵانە ناسرا.

ساڵی ١٩٠٤ کۆنفرانسی ئەنتەرناسیۆنالی دووەم لە ئەمستردام بانگەوازی هەموو پارتە سۆشیال-دیموکراتەکانو یەکیتیە کرێکاریەکانی هەموو وڵاتەکان بۆ خۆپیشاندانی چالاک لە ڕۆژی یەکی ئایاردا، لە پێناوی بە یاسایی کردنی ڕۆژکاری هەشت سەعاتە، بۆ خواستە چینایەتیەکانی پرۆلیتاریاو لە پیناوی ئاشتی جیهانی کرد. بەو پێیە کە باشترین شێوازی خۆپیشاندان مانگرتنە کۆنگرە ئەوەی کرد بە ئەرکی هەموو ڕێکخراوە پرۆلیتاریەکانی هەموو وڵاتەکان کە لە ڕۆژی یەکی ئایاردا کار ڕابگرن، لە هەر جێگایەک ئەم کارە، بە بێ مەترسی گیانیی بۆ کرێکاران، کارێکی شیاوە.

ڕاستیەکەی ڕاگرتنی کار بۆ کۆیلەکانی سەرمایە زۆر جار پڕ مەترسی بووە. ئایار بە نێو زۆر ڕووداوی خویناویدا مێژوویەکی سووری بۆ کرێکارانو تاریکی بۆ سەرمایەداریو چینی بۆرژوا تۆمارکردووە. ڕۆژی یەکی ئایاری ساڵی ١٨٩١ لە ئەوروپا هاوکات لەگەڵ ئەوەی ڕۆژی جەژن و هاتنە مەیدانی سەرتاسەری چینی کرێکار بووە، بەڵام ڕۆژێکی خوێناویش بووە. لە ئیتالیاو فەرنساو هەنگاریا پۆلیس



سەرچاوە
Serchawe

هێرشی کردوەتە سەر کریکاران‌و لە رۆما کرێکارێک، لە پاریس سێ کرێکار، لە ناوچەی فراونیر حەوت کرێکاری کانەکانی خەڵوزو کوژراون‌و لە هەنگاریا دەرگیری‌و شەڕی ڕۆژی یەکی ئایار چەند ڕۆژو هەفتەی خایاندووەو کیشاویەتە ڕاگەیاندنی حکومەتی باری نائاسایی (ئەحکامی عورفی)و سەرەنجام بە سەرکوتی پۆلیسی خۆپیشاندانەکان کۆتاییان پێ هینراوە.

لە پەلاماری پۆلیس بۆ سەر کرێکاران لە یەکی ئایاری ١٩١٩ لە کلیڤلاند لە ویلایەتی ئۆهایۆ لە ئەمریکا کە تیایدا ٤٢ کەس لە کرێکاران کوژراون‌و بریندار بوون تەنها لەبەرئەوەی ئامادە نەبوون ئاڵا سورەکانی دەستیان داگرن (شایانی باسە پاش ئەو ڕووداوە ئاڵای سور لە ئۆهایۆ بە یاسا قەدەغە کراوە)، تاکو هێرشی پۆلیس بۆ سەر خۆپیشاندەران لە ئەلمانیا لە یەکی ئایاری ١٩٢٩ کە تیایدا لە لایەن پۆلیسەوە ٣٢ کرێکار کوژراون‌و زیاتر لە ١١ هەزار فیشەک بە ڕووی کرێکاراندا تەقێنراوە، تاکو پەلاماری فاشستەکانی تورکیا بە یارمەتی پۆلیس بۆ سەر خۆپیشاندانی یەکی ئایار لە مەیدانی تەقسیمی ئەستەمبوڵ لە ١٩٧٧ کە ٤٢ کوژراو و ٢٢٠ برینداری لێ کەوتەوە، ئایار بە نێو زنجیرەیەک قوربانیدان‌و خەباتی دلێرانەی کرێکاراندا بووەتە ڕۆژێکی مێژوویی بۆ بەرپەرچدانەوەی چەوساندنەوەو ستەمی سەرمایەداری.

ئایا بانگەشەکاران بۆ دیموکراسی بۆرژوایی‌و ئەوانەی ئیدیعا دەکەن کە سەرمایەداری چوارچێوەیەکی بۆ مافەکانی کریکاران داناوە دەتوانن حاشا لەو ڕاستیە بکەن کە هەر دەستکەوتو پێشکەوتنێک کە کرێکاران بەدەستیان هێناوە بەرهەمی خەباتی یەکگرتوو و ڕێکخراوی خۆیان و قوربانی گەورە بووە و مێژووی مافە سەندراوەکانی کریکاران لە سایەی سەرمایەداریدا بە خوێنی خۆیان نووسراوە؟ ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگر ئەوەیە کە هیچ کات سەرمایەداران و دەوڵەتەکانیان بە خوایشتی خۆیان سادەترین مافو ئازادییان بۆ کرێکاران بە ڕەسمی نەناسیوە و هەرچی بە دەستهاتووە بەرهەمی خەباتی یەکگرتوو و ڕیکخراوی کرێکارانە. خەباتێک کە نەک تەنها چینی کرێکار لە بەرهەمەکانی بەهرەمەند بووە، بەڵکو ئازادی‌و یەکسانی‌و خۆشگوزەرانی زیاتری بۆ جەماوەر و هەموو کۆمەڵگا لێ کەوتۆتەوە. ئەمە دەرسێکی مێژویی گرنگی یەکی ئایارە.

بەڕێزە یادی گیانبەختکردووانی جووڵانەوەی کرێکاری

پیرۆز بێت یەکی ئایار!

بۆ ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- سایتی ویکی پیدیا سەبارەت بە ڕۆژی جیهانیی کرێکاران،

٢- سایتی کریکارانی پیشەسازی جیهان Industrial Workers of the World، http://www.iww.org/sv

٣- کتێبی May day: a short history of the international workers’ holiday, 1886-1986

Filed under: کوردی | Tagged: brief History of May Day, International Workers' Day, May Day, مێژووی یەکی ئایار | Leave a comment »

سەرچاوە: ماڵپەڕی کرێکاران - ڕێکەوتی: ٢٧ی ئەپریلی ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe

# ئاوڕێک لە کۆمۆنەی پاریس، یەکەمین ئەزمونی حکومەتی کرێکاران لە مێژوودا



**کوردستانپۆست**

" ئەو گۆڕانکارییانەی کە کۆمۆنە لەپاریسدا کردبوونی، بەڕاستی موعجیزە ئاسا بوون . هیچ نیشانەیەک لەو پاریسە دزێوەی سەردەمی ئیمپراتۆرتی دووەم نەدەبینرا. ئەم پاریسە ئیتر پەناگایەکی خاوەن زەوییەکانی بەریتانیا، موڵکدارانی ئیرلەندی، کۆیلە فرۆشانی پێشووی ئەمریکاو....نەبوو . لەم پاریسەدا تەرمێک لە مردوخانەکاندا نە دەبینرا، نەدەبیسترا کە شەوانە دەرگاو پەنچەرەی کەسێک بشکێنرێت و خەبەرێک لە دزیکردن نەبوو؛ لەڕاستیدا بۆ یەکەمین جار، لە پاش ١٨ فێبروەریەوە، شەقامەکانی پاریس بەتەواوی ئارام و بێ مەترسی بوون - کارڵ مارکس، شەڕی ناوخۆیی لە فەڕەنسا".

کۆمۆنەی پاریس یەکەمین مۆدێل و ئەزمونی حکومەتی کرێکارانە لە بەرامبەرهەموو شێوازەکان و مۆدیلەکانی حکومەتی سەرمایەداراند. ئەمرۆ ١٤١ ساڵ بەسەر ئەم ئەزمونە مێژووییەی حکومەتی چینی کرێکاری فەڕەنساو جیهاندا تێپەڕ دەبێت. میدیاکانی سەرمایەداری جیهانی بەهیچ شێوەیەک باس لەو ڕووداوە ناکەن و تەنانەت وەک ڕووداوێکی مێژوویش لە ڕۆژمێری سەرمایەداریدا ئاماژەی پێناکرێت. هۆی ئەمە چییە کە لە ڕۆژمێر و میدیاکانی سەرمایەداریدا نە بە چاک و نە بە خراپ باس لەو ڕووداوە مێژووییە ناکرێت ؟ وەڵامەکە ڕوون و ئاشکرایە؛ کۆمۆنەی پاریس مۆدێلێک لە دیموکراسی هێنایە کایەوە کە بەرزتر و فراوانترە لە دیموکراسی چینی سەرمایەدار. کرێکارانی پاریس، بە بێ ئەوەی بچنە سەر فەلسەفە و فەلسەبازی دیموکراسی، بە کردەوە جۆرێێک لە حکومەتی دیموکراسییان هێنایە کایەوە کە ڕژێمە دیموکراسییە بەرتەسکەکانی سەرمایەداران لە بەرامبەریدا زۆر دواکەوتووانە و ئاست نزم خۆی دەنوێنێت. کرێکارانی پاریس، ئەو مرۆڤە سادەو ساکارانە کە ڕۆژانە خەریکی کارکردن و بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی ژیانی کۆمەڵگەی فەڕەنسی بوون، بە کردەوە کۆمەڵگەیەکی نوێیان هێنایە کایەوە کە کۆمەڵگەی بە ناو مۆدێرنی ئێستا لە بەرامبەریدا زۆر کۆن خۆی دەنوێنێت. ئەم ڕووداوە مێژووییە چۆن ڕوویدا؟ کۆمۆنەی پاریس چی بوو؟ ئایا کۆمۆنەی پاریس لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دووبارە دەبێتەوە؟. لەم نووسراوەیەدا تەنها وەڵامی دوو پرسیاری پێشەوەیان دەدەینەوە و پرسیاری سێیەم بە ڕۆژگار دەسپێرین.

## کۆمۆنەی پاریس وەک دەرئەنجامی شەڕی فەڕەنسا و پرۆس

لە ڕۆژی ١٩ی تەموزی ساڵی ١٨٧٠ هەردوو دەوڵەتی فەڕەنسا و پرۆسیا جەنگیان دژ بەیەکتری ڕاگەیاند. لە یەکەمین ساتەکانی جەنگدا سوپای پرۆس سەرکەوتنی بەدەستهێنا و سوپای فەڕەنساش لە هەموو بەرەکانی جەنگەوە پەیتا پەیتا تێکدەشکا. ناپلیۆنی سێهەم نەچار بوو کە خۆی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی جەنگەکە بکات، بەڵام لە ڕۆژی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا و لە شاری " سدان

"ی فەڕەنسادا، خۆیی و سوپاکەی کەوتنە ئابلۆقەی سوپای پرۆسیاوە و ناپلیۆن ناچار بوو کە فەرمان بە سوپاکەی بدات تا ئالای سپی هەڵبکەن و خۆیان بە دەستی سوپای دوژمنەوە بدەن. ناپلیۆن لەم شەڕەدا بە دیلگیرا. بە دوای ئەم ڕووداوەدا، کرێکاران و خەڵکی پاریس ڕاپەڕین. ئامانجی ئەم ڕاپەڕینەی کرێکاران و خەڵکی پاریس بریتی بوو لە چوونە دەرەوەی هێزە داگیرکەرەکانی پرۆسیا لە فەڕەنسا و پێکهێنانی حکومەتێکی کۆماری لەو وڵاتەدا. سەرمایەدارانی شاری پاریس ئەم ڕاپەڕینەی کرێکاران و خەڵکی پاریسیان بۆ خۆیان قۆستەوە و لە ڕۆژی ٤ی ئەیلولی ١٨٧٠دا "دەوڵەتی کۆماری" خۆیان ڕاگەیاند. سەرمایەدارانی پاریس ئەم دەوڵەتەی خۆیان ناونا "دەوڵەتی بەرگری نیشتیمانی".

دەوڵەتی بەرگری نیشتمانی بانگەوازی کرێکاران و خەڵکی شاری پاریس و فەڕەنسای بۆ بەرەنگاربوونەوەی سوپای پرۆس و ڕزگارکردنی پاریس لە ژێردەستی هێزە داگیرکەرە پرۆسیاکاندا کرد.

ڕاپەڕینی ٤ی ئەیلول، بارودۆخی فەڕەنسای بە تەواوی گۆڕی و جەنگ چووە قۆناغێکی تازەوە. لە ڕۆژی ١٧ی ئەیلولدا شاری پاریس لە لایەن سوپای پروسیاوە گەمارۆدرا. کرێکارانی شاری پاریس داوایان لە " دەوڵەتی بەرگری نیشتمانی "کرد کە خەڵکی شار بۆ بەرگریکردن لە پاریس چەکدار بکات. دەوڵەتی بەرگری نیشتمانی ناچار بوو مل بە داخوازی کرێکاران بدات. ٢٠٠ تیپ لە خەڵکی تازە چەکدارکراو پەیوەست بوون بە گاردی نیشتمانییەوە . ئەم ٢٠٠ تیپە پێکهاتبوون لە کرێکاران، فەرمانبەران و پیشەوەرانی شاری پاریس. دەوڵەتی بەرگری نیشتمانی ئەوەندەی لەم تیپە چەکدارە تازە پێکهاتووانە دەترسا، نیو ئەوەندە لە هێرشی سوپای پروسیا بۆسەر پاریس نەدەترسا. دەوڵەتی بەرگری نیشتمانی بە نیازی بەرەنگاربوونەوە نەبوو لە گەڵ سوپای پرۆسیادا و دەیویست لە ڕێگای گفتوگۆو ئاشتییەوە کێشەی داگیرکردنی فەڕەنسا و پەلاماردان بۆ سەر شاری پاریس یەکلایی بکاتەوە. سەرمایەدارانی پاریس و حکومەتە نوێیەکەیان دەیانزانی کە لەو کاتەدا شەڕ لە قازانجیاندا نییە و چەکداربوونی کرێکاران، فەرمانبەران و پیشەوەرانیش کێشەیەکی داهاتووی بەردەمی حکومەتی نوێ بوو، بۆیە دەیویست لەڕێگای گفتوگۆوە لەگەڵ ئیمپراتۆرییەتی پرۆسیادا کێشەکان یەکلایی بکاتەوە و بیانویەک بۆ چەکداربوونی خەڵکی پاریس نەهێڵێتەوە.

## گفتوگۆی دەوڵەتی بەرگری نیشتمانی و دەوڵەتی پرۆسیا و کاردانەوەی کرێکارانی پاریس

هەواڵی گفتوگۆی دەوڵەتی بەرگری نیشتیمانی لەگەڵ دەوڵەتی پرۆسیادا لەسەرانسەری وڵاتدا بڵاوبۆیەوە. کرێکاران و خەڵکی پاریس تێگەیشتن کە دەوڵەتی بەرگری نیشتیمانی دەیەوێت خیانەتیان لێبکات. کرێکاران و خەڵکی پاریس هەڵوێستییان لە بەرامبەر دەوڵەتی بەرگری نیشتیمانیدا گۆڕاو ئەم دەوڵەتەیان ناونا "دەوڵەتی خیانەتی نیشتیمانی". خەڵکی پاریس کە لە دەوڵەتی نیشتیمانی بێهیوا بوو بوو، بەزوویی دەستی بە خۆڕێکستن لەدەرەوەی ئەوکرد. یەکەمین هەنگاوی خەڵکی پاریس لە ڕاستای خۆڕێکخستنیدا، بەرپاکردنی "کۆبوونەوەیەکی گشتی" بوو. لەو کۆبوونەوە گشتییەدا خەڵکی پاریس نوێنەرانی خۆیان هەڵبژارد. نوێنەرانی خەڵکی شاری پاریس لە ڕۆژی ٥ی کانوونی دووەمی ساڵی١٨٧٠ دا بەیاننامەیەکیان لەبارەی خیانەتی "دەوڵەتی بەرگری نیشتیمانی" بڵاوکردەوە و داوایان لە خەڵک کرد کە:

١- هەموو مەخزەنەکانی خواردەمەنی دەستبەسەردا بگرن.

٢- خواردەمەنی بەخۆرایی بێت بۆ هەموو دانیشتوانی پاریس.

٣- کوشتن و بەدیلگرتنی هێزەکانی دوژمن.

نوێنەرانی خەڵکی پاریس بۆ بەڕێوەبردنی ئەو سێ مەبەستەی سەرەوە چەند کۆمیتەیەکیان پێکهێنا. چەند مانگێک پاش لە پێکهاتنی کۆمیتەکان، کۆمیتەیەکی ناوەندی بۆ ٢٠ ناوچەی پاریس هەڵبژێردرا. ئەم کۆمیتەیە گاردی نیشتمانی لەدەستگرت. کۆمیتەی ناوەندی و سەرپەرشتیاری گاردی نیشتمانی، بە دەرکردنی بەیاننامەیەک چالاکییەکانی خۆی دەستپێکرد. لەو بەیاننامەیەدا داوای کرد بوو کە دەبێت:

**یەکەم**: هەموو ڕێکخراوە پۆلیسییەکانی بان سەری خەڵک هەڵبوەشێنرێنەوە.

**دووەم**: هەموو کاروبارێکی سەربازی دەبێت لە دەستی خودی خەڵکدا بێت.

**سێیەم**: دابەشکردنی یەکسانی خواردەمەنی بەسەر خەڵکی پاریسدا.

**چوارەم**: مەحکومکردنی خیانەتەکانی دەوڵەتی بەرگری نیشتمانی و بەجێهێشتنی دەستبەجێی دەسەڵات.

دەوڵەتی بەرگری نیشتمانی گوێی بە داخوازییەکان و پێشنیارەکانی کرێکاران و خەڵکی پاریس نەدا. ناڕەزایەتییەکانیش تا دەهات پەرەیان دەسەند. سەرانی دەوڵەتی بەرگری نیشتمانی لەهەوڵی ئەوەدا بوون لە ڕووی یاساییەوە شەرعیەت بە دەوڵەتەکەیان بدەن. بۆ گەیشتن بەو مەبەستەش دەبووایە لەگەڵ ئیمپراتۆری پرۆسیادا پەیمانی ئاشتی ئیمزا بکەن. دەوڵەتی بەرگری نیشتمانی سەری تەسلیمبوونی لەبەردەم پرۆسیادا شۆڕکردەوە و ئیمزای ڕێکەوتننامەی وەستاندنی شەڕیکرد. بە پێی ئەو ڕێکەوتنە دەبووایە فەڕەنسا بڕی ٥ ملیار فرەنک وەک باجی جەنگی بداتە پروسیا و تا ئەوکاتەی ئەو بڕە پارەیە نەدات سوپای پرۆسیا لە ناوچە داگیرکراوەکانی فەڕەنسادا دەمێنێتەوە. بە پێی هەمان ڕێکەوتننامە، سوپای پرۆسیا ٤٠ هەزار دیلی جەنگی فەڕەنسای ئازاد دەکرد. خەڵکی پاریس ئەم ڕێکەوتننامەیەی نێوان دەوڵەتی بەرگری نیشتمانی و ئیمپراتۆریەتی پرۆسیا بە خیانەتێکی گەورەی نیشتمانی دەزانی و دەبوو لە هەولی هەڵوەشاندنەوەیدا بن.

**بەرەبەیانی ١٨ی مارچ، یەکەمین حکومەتی کرێکاری لە مێژوودا ڕاگەیاندرا!**

بەرەبەیانی ڕۆژی ١٨ی نیسانی ساڵی ١٨٧١ خەڵکی شاری پاریس بە دەنگی هەورەگرمەی ئاسای " بژی کۆمۆن " لەخەو هەستان. دەوڵەتی بەرگری نیشتمانی هەڵوەشایەوە و یەکەمین حکومەتی کرێکاران لە جیهانی نوێدا دامەزرێنرا. بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ناکۆکی کرێکاران و سەرمایەدارانداد، دەسەڵاتی سیاسیی کەوتە دەستی بەشێک لە چینی کرێکاری جیهانی.



سەرچاوە
Serchawe

### کۆمیتەی ناوەندی گاردی نیشتیمانی لە بەیاننامەی ١٨ی نیسانی خۆیدا ڕایگەیاند:

"پرۆلیتارەکانی پایتەخت کە لێنەهاتووییەکان و خیانەتەکانی چینە دەسەڵاتدارەکانیان بە چاوی خۆیان بینی، تێگەیشتن کە سەعاتی سفر بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکان و ڕزگارکردنی وڵات لە دۆخی ئێستا نزیک بۆتەوە. پرۆلیتاریا تێگەیشت کە ئەرکی چارهەڵنەگر و مافی ڕەهای خۆیەتی کە چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێت و بە خۆ کردنە خاوەنی دەسەڵات، سەرکەوتنی ئەم چارەنووسەی دابین بکات - کارل مارکس، شەڕی ناوخۆیی لە فەڕەنسا".

ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی گاردی نیشتیمانی لە شەریفترین و تێکۆشەرترین کرێکارانی شاری پاریس پێکهاتبوون. پێشترناوی هیچ یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی گاردی نیشتمانی بۆ خەڵک ناسراو نەبوون و هەرگیزیش وەک پیاوانی سیاسەت ناوبانگیان بە خۆیان نەدابوو، بەڵام گەورەترین داهێنانیان لە بواری سیاسەت، دیموکراسی و بەڕێوەبردنی ئازادانەی وڵاتدا کرد. ئەوان تەنها لەگەڕە کرێکار و هەژار نشینەکانی پاریسدا ناسرابوون. ئەگەرچی ئەوان ئەزمونێکیان لە بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسیی و ئیداریدا نەبوو، بەڵام بە هەوڵ و کۆششی خۆیان توانیان لەو ماوە کورتەی دەسەڵاتدا زۆر بەسەرکەوتوویی شاری پاریس لەسەر بنەمای پرەنسیپێکی دیموکراتی بەرفراوانی شورایی بەڕیوە ببەن.

### چەمکی دیموکراسی لە کۆمۆنەی پاریسدا

کۆمۆنەی پاریس چەمکێکی نوێی بەخشی بە دیموکراسی. دیموکراسی کۆمۆنە، دیموکراسییەکە فراوانتر لە دیموکراسی بۆرژوازی. لە دیموکراسی کۆمۆنەدا، کۆبوونەوەی گشتی خەڵک و دەنگدانی خەڵکە کە نوێنەرەکانیان دیاریدەکات و لەسەر کار لایان دەبات، بەڵام لە دیموکراسی بۆرژوازیدا دەبێت دەنگدەر تا خولێکی ٥ - ٦ ساڵە چاوەڕێ بکات تا نوێنەرەکەی لە پەرلەمانی سەرمایەداراندا دەگۆڕێت. کۆمۆنە پێدانی هەرجۆرە ئیمتیازاتێکی تایبەتی بە بەرپرسانی دەوڵەتی ڕەتدەکردەوە و لە بەرامبەر ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتی، ئیداری و سیاسییانەی کە ئەنجامی دەدەن، دەبووایە بەقەدەر موچەی کرێکارێک وەربگرن، بەڵام لە سیستەمی دیموکراسی پەرلەمانی سەرمایەداریدا، بە ناو نوێنەرانی خەڵک لە دەوڵەت و پەرلەماندا بە بیانوی جۆراوجۆرەوە، ئیمتیازات و موکافەئەی جۆراو جۆر وەردەگرن و موچەکانیان باڵاتر لە موچەی کرێکاران و کارمەندانە.

کۆمۆنەی پاریس لە ڕووی یاسادانان و یاسا جێبەجێکردنەوە، دیموکراسیتر و کاراتر لە دەوڵەتی سەرمایەداری و دیموکراسییەکەیەتی. کۆمۆنە هەم یاسا دانەر و یاسا جێبەجێکەر بوو. دەوڵەتی کرێکاری کۆمۆنە بۆ دانانی یاساکان نەیدەتوانی چاوەڕێی ئەوە بکات ساڵانێکی زۆر بە دوای دانانی یاساکاندا، ئەوکات جێبەجێیان بکات. دانانی یاساکان و جێبەجێکردنیان لە دەوڵەتی کۆمۆنەی کرێکارداندا هاوکات بوو، بەڵام لە دەوڵەتی بۆرژوازیدا، یاسا هەیە کە چەندین ساڵ دوای دانانی، ئەوجا جێبەجێ دەکرێت. ئەم نا چالاک بوونەی دەوڵەتی بۆرژوازییەکان، بەشێوەیەکی خراپ کار لە بەڕێوەبردنی ژیان و گوزەرانی خەڵک دەکات، بەڵام لە کۆمۆنەی پاریسدا بەوجۆرە نەبوو.



سەرچاوە
Serchawe

لە سیستەمی دیموکراسی سەرمایەداریدا، ڕای گشتی خەڵک تەنها بە ناو ڕێزی لێدەگیرێت، بەڵام بەکردەوە هیچ حسابێکی بۆ ناکرێت مەگەر ئەوە کە ڕای گشتی بەرەو هەڕشە لە دەوڵەت هەڵبکشێت .لە کۆمۆنەی پاریسدا ڕێک بە پێچەوانەوە بوو.

لە ڕۆژی ١٨ی نیساندا کێشەیەک لە نێوان ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی گاردی نیشتمانیدا لەسەر درێژەدان بە جەنگ دژ بە دەوڵەتی بەرگری نیشتمانی هاتەکایەوە. یەکێک لە کرێکارە بە ئەزموونەکان لە فەرماندەیی گاردی نیشتیمانیدا پێشنیاری ئەوەیکرد کە بۆ درێژەدان بە شۆڕش و ڕێگاگرتن لە گەڕانەوەی دووبارەی دەسەڵاتی سیاسیی سەرمایەداران، پێویستە هێرش بکرێتە سەر کۆشک و تەلارەکانی دەسەڵاتدارانی پێشوو، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی گاردی نیشتمانی پێیان وابوو کە دەوڵەتی سەرمایەداری پێشوو توانای جەنگی نەماوە و پێویستە دەستبەجێ هەڵبژاردنی گشتی بکرێت. سەرەڕای بوونی ئەم کێشەیە لە ناو کۆمیتەی ناوەندی گاردی نیشتمانیدا، بڕیاریدا لە ٢٦ مارسدا هەڵبژاردنی گشتی دەستپێبکرێت. لە هەمان ڕۆژدا هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمۆن دەستپێیکرد. ٨٥ نوێنەر وەک ئەندامانی کۆمۆن هەڵبژێردران. لەو ٨٥ نوێنەرە ٢١ کەسیان نوێنەرانی گەڕەکە دەوڵەمەندەکانی پاریس بوون. ئەمانە پاشان دەستیان لە کێشایەوە و ٦٤ کەسەکەی دیکە وەک ئەندامانی کۆمۆنە دەستیان بە کارکرد. ڕۆژی ٢٨ی مارس کۆمیتەی ناوەندی گاردی نیشتمانی ڕایگەیاند کە هەموو دەسەڵاتێک دەسپێرێت بە ئەنجومەنی کۆمۆنەی پاریس.

پاش ئەوە کە کۆمۆن دەسەڵاتی بەدەستەوەگرت، دەستیکرد بە پەلاماردانی یاساو ڕێساکانی ڕژێمی سەرمایەداری لە پاریسدا.

کۆمۆنەی پاریس بە پێچەوانەی دەوڵەت سەرمایەدارییەوە کاری دەکرد. لە ڕژێمی سەرمایەداریدا سیاسەتکردن وحکومەت بەڕێوە بردن، تەنها وەک پیشەی نوخبەکان ناسێنراوەو نوخبە سیاسییەکان دەبێت بە بان سەری خەڵکەوە حکومەت بکەن و لەبەرامبەر ئەمکارەیشدا پارەو پولێکی زۆر بخەنە گیرفانیانەوە و بۆ ماوەی ٥ساڵ هەرچییەکیان پێ خۆش بوو بیکەن . کۆمۆن ئەم مانا بەرتەسکەی "سیاسەت تەنها بۆ نوخبەکان " گۆڕی و ئەو چوارچێوەی شکاند کە سیاسەت و ئیدارەکردنی سیاسیی وڵات تەنها کارو پیشەی کۆمەڵە کەسێکی تایبەتی بێت . کۆمۆنی پاریس ڕایگەیاند:

" بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە لە کۆمارێکی ڕاستەقینەدا، ناتوانرێت جێگایەک بۆ کرێی بەرز هەبێت... کۆمۆنەی پاریس ڕایدەگەیەنێت کە بەرزترین موچەی هەر بەرپرسێکی دەوڵەت، ساڵانە لە ٦٠٠٠ فرەنک زیاتر نییە - کارڵ مارکس، جەنگی ناوخۆیی لە فەڕەنسا ".

ئەنجومەنی کۆمۆنەی پاریس بەرزترین دەزگای دەوڵەت بوو. ئەم ئەنجومەنە بە پێچەوانەی دەوڵەتی سەرمایەدارییەوە کە ئەنجومەنێکی بۆ یاسادان و ئەنجومەنێکی بۆ جێبەجێکردنی یاساکان هەیە [واتە هەم پەرلەمان و هەم حکومەت وەک دوو دەزگای جیاواز لەیەکتر دروست دەکات]، خۆی هەم یاسا دانەر و هەم جێبەجێکەری یاسا بوو. ئەنجومەنی کۆمۆنەی پاریس بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکە جیاوازەکان ١٠ کۆمیسیۆنی دروستکردبوو. ئەم کۆمیسیۆنانە ئەرکی بەڕێوەبردنی وەزارەتەکانیان لە ئەستۆ گرتبوو. کۆمۆنەی کرێکارانی پاریس، پاش ئەوەی سیاسەت و بەڕێوەبردنی سیاسیی لە موڵکداری تایبەتی سەرمایەداران هێنایە دەرەوە، دەستی بە هەڵوەشاندنەوەی سوپا، پۆلیس و هێزە سەرکوتگەرییەکانی بان سەری خەڵک کرد و لە جیاتی ئەوانە ڕایگەیاند کە:



سەرچاوە
Serchawe

١- تەجنیدی زۆرەملێ هەڵدەوەشێتەوە و گاردی نیشتمانی جێگای دەگرێتەوە.

٢- جگە لەگاردی نیشتمانی، پێکهێنانی هەرجۆرە هێزێکی سەربازی و هەرجۆرە میلیشیایەک لە پاریسدا قەدەغەیە.

٣- هەموو ئەو کەسانەی کە توانای خزمەتکردنی سەربازیان هەیە وەک سەربازی گاردی نیشتمانی حسابیان لەسەر دەکرێت.

کۆمۆنەی پاریس لە هەمان ڕۆژدا هەموو ئەو کەسانەی بەخشی کە قەرزی بانک و کرێ خانووەکانیان لەسەر بوو. ڕێگای لە بانکەکان گرت کە هەرجۆرە مامەڵەیەک بە شت ومەکی بنچینەیی خەڵکەوە بکات.

لە هەمان ڕۆژدا، کۆمۆنە گورزێکی گورچکبڕی لە نەتەوەپەرستی و ڕەگەزپەرستی کوێرانەی بورژوازیدا و ڕایگەیاند "قەڵای کۆماری کۆمۆن، قەڵای کۆماری جیهانییە". ئەو کرێکارە بیانیانەی کە لەهەڵبژاردنە گشتییەکاندا دەنگیان هێنابوو، پۆستەکانیان لە کۆمۆنەی پاریس وەرگرت.

پاش لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی کۆمۆن، ئینجا کۆمۆنارەکان کەوتنە بیری ئەوە کە یەکێکی دیکە لە ئامرازە ئایدیۆلۆژییەکانی سەرمایەداری، واتە دین تێک بشکێنن. کۆمۆنە دەستی بەسەر دارایی و موڵکی کڵێسادا گرت و ڕایگەیاند دین کاری تایبەتی هەرکەسە و دین لە دەوڵەت و پەروەردە جیا دەکرێتەوە. خوێندگاکان و ناوەندەکانی فێرکردن کە بە پارە بوون و بەهۆی قەشەکانەوە ئیدارە دەکران، لەژێر دەستی ئەوان دەربهێناو خوێندن و فێرکردنی بەخۆڕایی کرد.

کۆمۆن بڕیاریدا کە سیستەمی قەزایی و قازییەکان بەتەواوی بگۆڕێن و سیستەمێکی نوێی دادوەری دابمەزرێت و دادوەرەکانیش لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێن.

بەهۆی هەڵهاتنی سەرمایەدارانی پاریسەوە، زۆربەی کارگەکان لە کار کەوتبوون. لە ١٦ نیساندا کۆمۆنەی پاریس بڕیارێکی دەرکرد کە بە پێی ئەو دەبووایە کارگەکان بە زوویی بخرێنەوە کار. کۆمۆنە بڕیاریدا بوو کە ئەوەی چاوەدێری و سەرپەرشتی کارگەکان و پرۆسەی بەرهەمهێنان و دابەشکردن دەکات، نەک سەرمایەداران، بەڵکو کۆمەڵە هەرەوەزییەکانی خەڵکی پاریسە.

کۆمۆن گرنگییەکی زۆری بە کێشەکانی جوتیاران، پیشەوەران و دووکاندارانی پاریس دەدا و ئەوانیش بە گەرمی پشتیوانیان لێدەکرد. کۆمۆن لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند " زەوی بۆجوتیاران.. ئامرازەکانی کارکردنیش بۆ کرێکاران و کارکردنیش بە مافێکی سروشت هەمووان دەزانێت ". بەخشینی دوکانداران لە قەرزی کرێ و سوی بانکەکانیش بوو بووە هۆی ئەوە کە ئەو توێژە کۆمەڵایەتیانەی دیکە، کۆمۆن بە پاڵشتی خۆیان بزانن.

### ڕوخانی کۆمۆنەی پاریس بە گەلە کۆمەکێی سەرمایەداران

لە مانگی نیساندا دووبارە نیشانەکانی دەستپێکردنەوە جەنگ لە نێوان کۆمۆنارەکان و حکومەتی هەڵهاتووی " بەرگری نیشتمانی "دا دەرکەوتنەوە. لەو ماوەیەدا کە کۆمۆنەی پاریس، واتە حکومەتی کرێکاران، خەریکی ڕێکخستنەوەی شاری پاریس بوو،حکومەتی



سەرچاوە Serchawe

هەڵهاتووی "خیانەتی نیشتمانی" لەدەرەوەی پاریس و بە هاوکاری لەگەڵ ئیمراتۆریەتی پرۆسیادا خەریکی دانانی نەخشەو پلان بوون بۆ هێرشکردنە سەرپاریس. ئەو حکومەت هەڵهاتووە، توانیبووی ١٣٠ هەزار سەرباز بە مەبەستی هێرشکردنە سەر پاریس کۆبکاتەوە. لەگەڵ سوپای پرۆسیادا پاریسیان گەمارۆدا. لە بەرەی جەنگی ڕۆژئاوای پاریسەوە پردی سەر ڕوباری "سن "یان داگیرکرد، بەڵام لە جەبهەی باشوری پاریسەوە بە تووندی تێکشکاو سەرئەنجام لەم بەرەیەدا ناچارکرا هێرشەکانی ڕابوەستێنێت. پاریس لە هەر چوارلاوە تۆپباران دەکرا. تا ناوەڕاستی مانگی ئایار شەڕی پەرش و بڵاو و هەمەگیر درێژەی هەبوو. کۆمۆنارەکان قارەمانانە دەجەنگان. لە گەڕەکی کرێکارنشینی " سنت ئەنتوان " ژن و منداڵەکانیش بەشداری جەنگیان دەکرد. سەربازانی بەکرێگیراوی سەرمایەداران بە وەحشیانەترین شێوە تۆپباران و گولەبارانی پاریسیان دەکرد. بۆ ماوەی یەک هەفتەی تەواو پاریس لە خوێنی کرێکاراندا سوری دەکردەوە. کرێکاران ئەو هەفتەیەیان ناونا "هەفتەی سوری کرێکاران". سوپای سەرمایەداران بە شێوەیەکی دڕندانە قەتڵ و عامی کرێکارانی پاریسی دەکرد و دەستیان لە منداڵ و ژن و پیرو پەککەوتەکانیش نەدەپاراست. گۆڕستانی " پۆلاشیز " دوایین سەنگەری بەرگریکردنی کۆمۆنارەکان بوو. لەم گۆڕستانەدا ٢٠٠ کۆمۆنار بەرگریان دەکردو دلێرانە دەجەنگان، بەڵام ئەم مرۆڤە بە جەرگانە لەکۆتاییدا لەوسەری گۆڕستانەکە بەدیل گیران و گولەبارانکران. بەم شێوە تراژیدییە، پاش لە ٧٢ ڕۆژ لە ژیانی ئازادو دیموکراسی ڕاستەقینە لە پاریسدا کۆتایی هات، بەڵام ئاوات و ئامانجەکان و مۆدێلێک لە دیموکراسی کە کرێکارانی پاریس لە کۆمۆنەدا هێنایانە کایەوە، پاش لە ١٤١ ساڵ لە دڵ و دەرونی ئەو مرۆڤانەدا چەکەرە دەکات و پێدەگات کە لەو ڕووداوە مێژووییە تێدەگەن.

ماوەتەوە بپرسین؛ ئایا پاریس جارێکی دیکە دیموکراسی کۆمۆنەمان دەداتەوە؟

تێبینی: ئەم بابەتە خوێندنەوەیەکی گشتی ئەو ڕووداوە مێژووییەیە و لەم نووسینەدا هیچ ئاماژەیەکی تایبەتی بە هۆیەکانی شکستی کۆمۆنی پاریس نەکراوە. هەرکەس مەبەستی بێت لەم ڕووداوە تێبگات، دەتوانێت کتێبی "جەنگی ناوخۆیی فەڕەنسا "ی مارکس بخوێنێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان پۆست - ڕێکەوتی: ١٨ی مارچی ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe

# بارودۆخی ژنانی کرێکار لە ئێراندا



شەهین سوڵتانی

لە یەکەم ڕۆژەکانی هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئیدئۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی ئیراندا، هەنگاویی دژە ژنی هاویشت و زۆرێک لە ژنانی بە بیانووگەلێکی جیاواز، خانەنشین کرد و فەرهەنگی" ژن دەبێ لە خزمەت پیاو و ماڵ و منداڵدا بێت" ی پەرە پێدا. بە گۆڕینی یاسای بنەڕەتی وڵات کە بە هەموو شێوەیەک دژی ژن و مافەکانی ژن وەک مرۆڤە، کاریگەری زۆری لەسەر بڵاوکردنەوە و جێ خستنی ئەو فەرهەنگە هەبووە و بوونە تەواوکەری یەک بە هەموو شێوەیەک بۆ چەوسانەوەی ژنان.

کار پێکردنی ئەم یاسا و فەرهەنگە، کێشەگەلێکی زۆری بۆ چینی ژنان بەگشتی و ژنی کرێکار بەتایبەتی پێکهێناوە و زۆرێک لە ژنان لەبەر لە دەست نەدانی کارەکەیان، بێ دەنگییان هەڵبژاردووە لە جیاتی ناڕەزایەتی دەربڕین.

ڕێژیم بۆ مانەوە و پەرەپێدان بە مەبەستە ئیدئۆلۆژیک و سیاسەتە چەوتەکانی خۆی، هێزە ئەمنیەتی و سەرکوتکەرەکانی لە هەموو شوێنێک دەسەڵاتدار کردووە، تەنانەت لە شوێنی کار و سەندیکا کرێکاریەکانیشدا! زیندانەکان پڕن لەو کەسانەی کە داوای مافی کار و ژیان دەکەن، پڕن لەو کرێکارانەی ناڕەزایەتی دەردەبڕن لە بەرانبەر بێ مەعیشیەتی و وەرگرتنی حەقی کاری خۆیان.
ڕێژیمی گەندەڵی ئێران بە هەموو شێوەیەک پشتیوانی لە خاوەن کارەکان دەکات و بە دزینی سەرمایەی چینی هەژار لەلایەن کاربەدەسانی دەوڵەتەوە، کرێکارانی ئێران لەگەڵ بارودۆخێکی خراپی ئابووری بەرەوڕوون و بەپێی ئامارەکان سەدان هەزار کرێکار، بێکار کراون.

ڕێژیم کە لەگەڵ بارودۆخێکی زۆر ناهەمواری ئابووری ڕووبەڕوویە و بۆ چارەسەری ئەم قەیرانە ماوەی ساڵێکە گەڵاڵەی ئامانجدار کردنی یارانەکانی هێنایە کایەوە، بە واتای لا بردنی سوبسید یان نرخی ئازاد بۆ شتومەک، ئەمیش نە تەنیا یارمەتیدەر نەبوو، بەڵکوو بارودۆخەکەی لەوە زیاتر نالەبارتر کرد و ژمارەیەکیتری زۆر بێکار و هەژارییەکی فراوانتری بۆ چینی کرێکار کردە دیاری.
ئابلۆقە ئابوورییەکان کە بەهۆی سیاسەتە چەوت و دژ بە نێونەتەوەییەکانی کۆماری ئیسلامی، بەسەر ئێراندا سەپاوە، کە بە هەزاران کارگەی بچووک و گەورە مایەپووچ بوون و بێکارییەکی لە ڕادەبەدەری بە دواوە هاتووە و ژیانی خەڵک ڕۆژ بە ڕۆژ دژوارتر دەبێت و چینی هەژار و برسیش ڕووی لە زیاد بوون کردووە.

ئینجا دەسەڵاتداران و بە قەوڵ داکۆکیکەرانی مافی خوشکانی ئیسلامی، بیریان لە بەرنامەی کاری نیوە وەخت بۆ ژنان کردەوە کە بیدەن بە مەجلیس بۆ کار پێ کردنی! ئەمە جگە لە سیاسەتی سڵەمینەوەی ژن و خانەنشین کردنی ژنان و لاواز کردنیان بە هەموو شێوەیەک لە کۆمەڵگادا، چ خزمەتێک بە ژنان دەکات؟ کام کارگەیە ئامادەیە لەباتی یەک مووچە، دوو مووچە بە کرێکار بدات؟ ئەویش کرێکاری ژن! ژنانی کرێکار کە رووبەڕووی ئەو هەموو هەڵاواردنی جنسی و فەرهەنگی لە کاری تەواو وەختدا دەبنەوە، ئاخۆ بۆ کاری نیوە وەخت و نیوە مووچە، چ شتگەلێک چاوەڕوانیان بکات؟!

کۆمەڵگای کوردستان بەتایبەتی و کۆمەڵگای ئێران بەگشتی، کۆمەڵگایەکی پیاوسالارانەیە و بازاری کاریشی پیاوانەیە و سوننەتی. چەوسانەوەی گەلی کورد بە هەموو شێوەیەک و لە رووی پیشەسازیشەوە کە زۆر کز و لاوازە و هیچ خزمەتێکی لەم بوارەدا پێ نەکراوە لە کوردستاندا، بارودۆخی کرێکارانی کورد چ ژن و چ پیاو زۆر خراپە و نەبوونی کارخانە و شوێنی کار، بۆتە هۆی کۆچ کردنی کرێکاران بۆ شارە گەورەکانی ئێران، کە لەگەڵ زۆر کێشەی جیاواز رووبەڕوو دەبنەوە لە پێوەندی لەگەڵ دەستەبەر نەبوونی مافەکانیان وەکوو کەمترین مووچە لە بارودۆخی دژواری ئەمڕۆدا، نەبوونی ئاسایشی کاری و هەروەهاش کەمتر رۆژێک هەیە کە هەواڵی گیان لە دەست دانی کرێکارێک نەبیستین. ئەم کۆچ بەربە زیاتر پیاوان دەگرێتەوە و ژنان لە کوورەخانەکان و لە کارگە چکۆلەکاندا، وەکوو کارگەی رستن و چنینی فەرش دەست بەکارن، کە نە خاوەنی مووچەیەکی باش و نە تەندروستی کارین، نە بیمەی کارین، نە کار و مووچەی یەکسانن لەگەڵ پیاواندا و نە سندیکای کرێکاری و نە دایەنگەیەک بۆ راگرتنی کۆرپەکانیانن وەچەندەهای دیکەش.

بەگشتی ژنی کرێکار لە ئێراندا لە بارودۆخێکی زۆر نالەباردا کار دەکات، لە بچووکترین قەیرانی ئابووریدا لەسەر کار لادەبرێن، و زیاتر لە پیاوێکی کرێکار دەچەوسێنەوە، زۆر جاریش بەرەوڕووی توندوتیژی و دەستدرێژی جنسی دەبنەوە و لەگەڵ دەربڕینی هەر چەشنە نارەزایەتییەک و دژکردەوەیەک ، هەم مافی کار کردن لە دەست دەدەن و هەم بەرەوڕووی سووکایەتی دەبنەوە و زۆرجارانیش هەڵدەکەوێ ئاکام لە زیندانیشدا خۆ ببیننەوە!

بارودۆخی ژنانی کرێکار زۆر نائاساییە، زۆرێک لە کچان کە بە تەمەنی کارکردن نەگەیشتوون و کاردەکەن، کە کارەکە نە لەگەڵ تەمەنیان دەگونجێ و نە لەگەڵ و بارودۆخ و پێکهاتەی لەشیی ئەوان. هەموو ئەم هۆکارە نالەبەرانەی کارکردن لە کۆمەڵگای ئێراندا بەگشتی بۆ هەردوو رەگەزی کۆمەڵگا و ژنان بەتایبەتی دەبنە هۆی ئەوەی پاش ماوەی کارکردن، تووشی نەخۆشی و باری نالەباری تەندروستی ببنەوە و بەبێ هیچ پشتیوانی و بیمەیەکی گیانی و تەندروستی و بیمەی بێکاری داهاتوو کە ئەمەش هێندەی دیکە ژیانی ئەوان بەرەوئالۆزی وداڕووخان و گەلێک جاریش هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی خێزانی دەبات، کارکردن بۆ ئەوان دژوارتر بکات لە هەلومەرجی هەنووکەیی ئێراندا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی مای ٢٠١٢

# کرێکاری کورد و ڕۆژی جیهانی کرێکار

عەبدوڵڵا ڕەسوولی

لە ڕۆژی یەکەمی مانگی مەی ساڵی ١٨٨٦ زیاتر لە ١٢٠٠ کارگە و کارخانەی گەورەی شیکاگۆ لەلایەن کرێکارانەوە داخران و کرێکاران داوای کەمکردنەوەی ماوەی کارکردن لە دە کاتژمێرەوە بۆ هەشت کاتژمێر و زیادکردنی حەقدەستی خۆیان کرد. ئەم مانگرتنە کە بە دەیان هەزار کرێکاریی شیکاگۆ و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا تێیدا بەشدار بوون، لەلایەن پۆلیس و هێزە ئەمنییەکانی ئەمریکاوە سەرکوت کرا و بەدەیان کەس دەستگیر و لە ئەنجامدا ٢٣ کرێکار لەلایەن دادگاوە سزا دران.

چینی کرێکار لە هەموو کۆمەڵگایەکدا چینی بەرهەمهێنەرە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو چینەیش لەو بەرهەمەی کە دروستی دەکات، بێبەشە و لە ئاستی ئەودا نامۆیە و کەسێکی دیکە خۆی بە خاوەنی دەزانێت کە خاوەنی سەرمایەیە. ئەم شێوازە لە بەرهەمهێنان کە کرێکار لە خۆی نامۆ دەکات و ئەو دەکاتە بەشێک لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، کرێکار لە مرۆڤ بوون دەخات. بەو بۆنەوە لەو کاتەوە کرێکارانی جیهان هەستیان بە نەبوونی مافی خۆیان کردووە و بە شێوازی جۆراوجۆر و بە مانگرتن داوای مافی خۆیان کردووە و تا ئێستاش بە سەرهەڵدانی کرێکاری یەخە سپی و لەنێوچوونی کرێکاری یەخە ڕەش دیسان ئەو خەباتە بۆ دەستەبەرکردنی مافە ئابووریی و کۆمەڵایەتی و مرۆیییەکانی کرێکار بەردەوامە.

دروستە چینی کرێکار، چینێکی بەرهەمهێنەر و چەوساوەی هەموو کۆمەڵگاکانە، بەڵام ئەم شێوازە لە چەوساندنەوە و نامۆبوونی کرێکاران زیاد و چەند بەرامبەر دەبێتەوە کە کرێکار سەر بەو نەتەوانە بێت کە ژێردەستەن و خاوەنی کیانی سیاسی خۆیان نین. مەبەست لەمە ئەوە نییە ڕەتی هاوخەباتی کرێکاران لە ئاستی جیهانی بکەینەوە، مەبەستمان ئەوەیە بڵێین کرێکارانی نەتەوەیەک وەک کورد جیا لە چەوساندنەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئاستی نەتەوەییشدا دەچەوسێنەوە. لەم حاڵەتەدا کرێکاری کورد کاتێک ڕووبەڕووی سیاسەتی کۆلۆنیالیستی نەتەوەی باڵادەست دەبێتەوە، جیا لەوەی وەک کرێکار دەچەوسێتەوە وەک کوردیش دەچەوسێتەوە؛ بۆ نموونە کاتێک وەک کرێکار بەرهەمی کارەکەی دەبێتە هی کەسێکی دیکە، یاخود بەهۆی قەیرانەوە دەرفەتی کاری لە دەست دەدات ئەوا بە بۆنەی کوردبوونیش زیاتر لە پێشوو دەچەوسێتەوە و دەرفەتی کار لە دەست دەدات.

ڕوون و ئاشکرایە کە ڕێژیمی دەسەڵاتدار بەردەوام هەوڵی داوە کوردستان لە بواری ئابوورییەوە دواکەوتوو ڕابگرێت و سەرچاوە خاوەکانی کوردستان بۆ گەشەپێدانی ئابووری سەنتەر و ناوچە فارس نشینەکان بەکار بێنێت. ئەم شێوازە لە تاڵانکردنی سەرچاوەی ئابووری و گواستنەوەی بۆ سەنتەر دەبێتە هۆی ئەوەی کرێکار وەک هێزی بەرهەمهێنەر نەتوانێت کار ببینێتەوە و ناچار بێت کۆچ بکات. ئەم کۆچەش کرێکار لە دوو ئاستدا تووشی نامۆبوون دەکات، لە ئاستێک کە بە هۆی کۆچکردن بۆ ناوەند تووشی نامۆبوونی کولتوری دەبێت و لە ئاستی ئابووریش کە لەگەڵ بەرهەمی خۆی نامۆ دەبێت.

ئەگەریش کرێکار کۆچ نەکات و لە کوردستان کار بکات، ئەوان لەم حاڵەتەدا کرێکار هەمیشە تووشی دوودڵییەکی زیاتر لە کرێکاری ناوچەکانی دیکە دەبێت بۆ پاراستنی کارەکەی و بەو بۆنەشەوە هەمیشە سەرمایەداران و بە تایبەتی سەرمایەدارانی نەتەوەی باڵادەست زیاتر دەیچەوسێننەوە.

نمونەش بۆ ئەم کارە، کانەکانی زێڕی تیکابە. لە کاتێکدا کە کرێکار بە حەقدەستی، بژیوی بنەماڵەی دابین دەکات، سەرمایەدارانی خاوەن کانیی زێڕ بۆ چەندین مانگیش ئامادە نابن حەقدەستی ئەوان بدەن و بەردەوام دوای دەخەن.

لەم حاڵەتەدا چەند شت خۆیان دەنوێنن. یەکەم ئەوەیە کە کرێکاری کورد بە شێوەیەکی جیددی هیچ کات ڕووبەڕووی سەرمایەداری کرچ و کاڵی کورد نابێتەوە، لەبەر ئەوەی یەکەم دیواری ڕاگری ئەو سیاسەتە کۆلۆنیالیستیەیە کە لە ئاست تێکڕای نەتەوەکەی لە بواری نەتەوەییەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە؛ دوای ئەوەی دیواری دووهەمە کە دەبێتە چینی سەرمایەدار، کە پێویستە کرێکاری کورد ڕووبەڕووی ببێتەوە. هەتا ئەو کاتەی کە کرێکاری کورد نەتوانێت کێشە نەتەوەییەکانی چارەسەر بکات و ببێتە هێزێکی ڕاستەقینەی چینایەتی، ئەوا ناتوانێت ڕووبەڕووی چینی سەرمایەدار و چەوسێنەری بێتەوە. بۆیە پێویستە کرێکاری کورد هەموو ئەو شتانە بسڕێتەوە و چارەسەری بکات کە هاوشێوەبوون و یەکڕەنگی لەگەڵ چینی سەرمایەدار و چینەکانی دیکەی کۆمەڵگای کوردی بۆ ئەو دروست دەکات، ئەمەش بە هیچ شێوازێک ئەگەری نییە جیا لەوەی کە کێشەی نەتەوەی کورد چارەسەر بکرێت.

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە کرێکاری نەتەوە ژێردەستەکان بە هۆی ئەوەی لە دوو ئاراستەی جیاوازدا دەچەوسێنەوە، ئەوا وشیاریی ئەوان فرەڕەهەندە و ناتوانێت وشیارییەکی تەنها چینایەتی بێت و ئەمەش خەبات و ئەرکی سەرشانیان زیاد دەکات بۆ ئەوەی هەم خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی بکەن و هەمیش خەبات بۆ مافە چینایەتییەکانی خۆیان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی بانەمەڕی ٢٧١٨



سەرچاوە
Serchawe

## کۆمەڵگەی کرێکاری ئێران و ڕۆژێک بەو ناوە



**شەونم هەمزەیی**

یەکی مانگی مەی کە بە ڕۆژی جیهانیی کرێکاران ناودێر کراوە، بیانوویەکە بۆ باس لە دۆخی کرێکاران و هەڵسەنگاندنی ماف و پێگەی کرێکاران لە سیاسەتی ئابووریی وڵاتاندا. ئەگەرچی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەم ڕۆژە جیهانییەش وەک زۆربەی بۆنە جیهانییەکانی دیکە بەڕەسمی ناناسێ وئەم بەتاڵاییە بە ڕۆژی دەسکرد و بێواتا دیاری دەکا کە لە لایەن خەڵکەوە هیچ کات پێشوازیی لێ ناکرێ بەڵام کۆمەڵگەی کرێکاری لە ئێران بەپێی نەریتی مێژوویی ئەم بۆنەیە بەرز دەنرخێنن.

ئێمە لە کاتێکدا یادی ڕۆژی جیهانیی کرێکاران دەکەینەوە، کە کرێکاران لەم وڵاتەدا لە دۆخێکی زۆر ئەستەمدا بەسەر دەبەن. ئەم ڕۆژانە لانیکەمی حەقدەستی کرێکارێک بە پێی بڕیاری دەرکراو لە لایەن شۆڕای باڵای کار لە مانگدا بە یەک میلیۆن و ٨٣٥ هەزار تمەن دیاری کراوە کە ناکاتە یەک لە چواری بژیو و تێچووی ژیانی بنەماڵەیەکی کرێکار لە مانگێدا، ئەوەش ئەم بڕە پووڵە نییە کە بە بەراورد لەگەڵ دۆخی قەیراناویی ئابووری بکرێ پێی بژی.

بچووکبوونەوەی سفرەی بنەماڵە کرێکاران لە حاڵێکدایە لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەندی ١ی ئەسڵی ٤٣، لە بابەت پێویستییەکانی هەر هاووڵاتییەکی ئێرانی دەڵێ: "ماڵ، جلوبەرگ، خۆراک، دەرمان، پاکوخاوێنی، فێرکردن و بارهێنان و پێویستییەکانی پێکهێنانی بنەماڵە بە مافی هەر هاووڵاتییەکی ئێرانی دەزاندرێ"، کرێکاران لە ئێراندا هەرچەندە زۆرترین ڕۆڵیان لە ئابووریی وڵات و بەرهەمهێناندا هەیە، کەچی کەمترین داهات و دەسکەوتیان لە بەرهەمی ڕەنج و ماندوویەتیی خۆیان پێ دەبڕێ. ئەو حەقدەستەش کە بۆیان دیاری کراوە، سەرەڕای ئەوەی وڵامدەری زۆربەی پێداویستییەکانی ژیانی خۆیان و بنەماڵەکانیان نییە، لە کاتی خۆیدا پێیان نادرێ.

لە بارودۆخی ئێستای وڵاتدا بە هۆی کەڵەکە بوونی قەیرانە یەک لە دوای یەکەکان کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ڕەوتی ژیانی



سەرچاوە
Serchawe

خەڵک و بە تایبەت ئەم چینە زەحمەتکێشە داناوە، گوزەرانی ژیانیان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەرەو ئاقارێکی خراپتر دەڕوا و کاربەدەستانی ڕێژیمیش خۆ لەو ڕاستییە لا نادەن و دەڵێن "ئەمساڵ بۆ کرێکاران ساڵێکی مەترسیدار دەبێ، دۆخی کاری ئەم چینە بە هۆی دۆخی کار و باری ژیانیشیان بە هۆی هەڵاوسانەوە، لەژێر هەڕەشە و مەترسیدایە. هەروەها یەکەمین دڵەڕاوکێی کرێکاران "بێکار بوون" و "دەرکردن لەسەر کار" دەبێ.

بەم پێیە ناشێ ساڵی بەردەمیشمان ئاسۆیەکی ڕوونی بۆ ئەم بەشمەینەتانە تێدا بێ بە جۆرێک ئەم مەترسییە هەر زۆر زوو گەیشتۆتە ناوچە هەژارەکانی ئێران و لە قەیرانی کۆرۆنا و لە نەبوونی بەرپرسایەتیی حکوومەتدا کەم نین ئەو بنەماڵە کرێکارییانەی بۆ نانی شەوێیان داماون.

لە کەس شاراوا نییە کە بڵاوبوونەوەی ئیرانداگیری پەتای کۆرۆنا لە سایەی بێمودیریەتی و سیاسەتی نەزانکارانە و هاوکات بەرژەوەندیخوازانەی قووچەکی دەسەڵاتیش وایکردوە کە بەر لە هەموو چین و توێژێک کرێکاران سڵامەتی و خۆشبژێوییان لە ساڵانی ڕابردوو زیاتر سێبەری تاریکیی بەسەردا بکشێ.

وەک باس دەکرێ ئەمساڵ کە لەلایەن خامنەییە بە ساڵی "جهش تولید" ناودێر کراوە! لە نێوان دوو هەتا ٦ میلیۆن کرێکار بەهۆی ڕاوەستانی ئابووری و قەیران لە کەرتی بەرهەمهێناندا کارەکانیان لەدەست دەدەن و لە داهاتووشدا بە میلیۆن کەسی دی مۆتەکەی "بێکار بوون" و "دەرکردن لەسەر کار" لەسەر شانیان هەست پێدەکەن.

لە بەندی ٢ی مادەی ٤٣ـشدا ئاماژە بەوە کراوە، بۆ ئەو کەسانەی توانایی کاریان هەیە بەڵام کاریان دەست نەکەوتوە، دەوڵەت دەتوانێ لە ڕێگەی ئاسانکاری و هەروەها پێدانی قەرزی بێ قازانجی بانکەکان یارمەتیی ئەوان بدا بۆ دۆزینەوەی کار.

ساڵانە بە بیانووی جۆراوجۆر بە هەزاران کرێکار کارەکانیان لەدەست دەدەن، بە تایبەت ئەو کرێکارانەی کە ڕۆژکارن و بە شوێن خاوەنکارێکەوە عەوداڵن تا بتوانن لانیکەم بژێوی ژیانی ڕۆژێکی خۆیان و بنەماڵەکانیان دابین بکەن، لە لایەکی تریشەوە ئەو کرێکارانەی کە کرێکاری وەرزین و لە وەرزی سەرمادا بێکار دەمێننەوە. بانکەکانیش کە یەکێکی تر لە ئامرازەکانی یارمەتیی دەوڵەتە بۆ چینی هەژاری کۆمەڵگە لە دانی قەرز بە کرێکارانێک کە بێکارن و یا ئەمنیەتی کاریان هەمیشە لەژێر هەڕەشەدایە، خۆ دەبوێرن. لێرەدا دەکرێ بپرسین ئاخۆ دەوڵەت لەم بارەوە تا چەند توانیویەتی ئەرکی خۆی بەجێ بێنێ و تا چەند لەو کاتانەدا دەرگایەکی بە ڕووی کرێکاراندا کردۆتەوە؟

کرێکاران لە ئێران بێجگە لە هەڵاواردنی ڕەگەزی، مەترسیی بێکاری و مووچەی کەم و دواخراو لەگەڵ کۆمەڵێک گێرە و کێشەی دیکەش بەرەوڕوون کە بەرچاوترینی ئەوانە بریتین لە نەبوونی ئەمنیەتی کار، ئامارەکان دەڵێن لە ساڵدا زیاتر لە ٢٠ هەزار کەس دەبنە قوربانیی ڕووداوی کار و دابین نەکردنی ئەمنیەتی گیانیی کرێکاران لە لایەن کارفەرماکانەوە یەکێکی تر لە کێشەکانی بەردەم ئەم چینەیە. ساڵانە ئاماری دژبە یەک لەسەر ڕێژەی قوربانیانی ڕووداوی کار لە ئێران بڵاو دەبێتەوە و ئامارە دەوڵەتییەکان تەنیا باس



سەرچاوە
Serchawe

لە ڕووداوی کاری ئەو کرێکارانە دەکا کە بە فەرمی ناویان لە وەزارەتی کاردا نووسرابێ؛ بەڵام ئێمە دەزانین زۆرینەی کرێکاران لە ئێران بیمە نین و لە هیچ جێگایەکیش ناویان تۆمار نەکراوە. ئەو شوێنانەی کە لەم پێوەندییەدا ئامارەکان ڕادەگەیەنن بریتین لە وەزارەتی کار، ڕێکخراوی دابینکردنی کۆمەڵایەتی و پزشکیی قانوونی، بۆ نموونە لە ساڵی ٩٦ ڕاپۆرتی تایبەتی وەزارەتی کار کۆی ڕووداوەکانی بە ٩٩٩٦ حاڵەت تۆمار کردبوو، بەڵام تەئمین ئیجتماعی ١٨ هەزار و ٨٧٦ حاڵەت واتە دوو قاتی ئامارەکەی سەرەوە و ئیدارەی گشتیی چاودێریی وەزارەتی کاریش هەر لەو ساڵەدا ئاماری ١٠٦٩٧ کەسی ڕاگەیاندبوو.

ئەم دۆخە لە کوردستان ڕەهەندێکی تر لەخۆی دەگرێ کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵک داناوە کە بەرچاوترینیان بەهۆی نەبوونی دەرفەتی کار بە ناچاری ڕوودەکەنە کۆڵبەری و ڕۆژانە بە سەدان کەس بە پێیان ناوچە شاخاوییەکانی سنوورەکان دەبڕن و بارێکی قورس لە کۆڵ دەنێن، بەڵام بەم حاڵەش ڕووبەڕووی کەمینی هێزە چەکدارەکان. بۆ نموونە ژمارەی ئەم کۆڵبەرانەی لە ماوەی ساڵی ڕابردوو (١٣٩٨ی هەتاوی)دا بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆ، تەقینەوەی مین، بەربوونەوە لە بەرزایی لە سۆنگەی ڕاوەدوونان و هەروەها ڕەقهەڵاتن لە سەرما گیانیان لە دەست داوە و بریندار بوون؛ ٢٤٠ کەس بووە. لەو ٢٤٠ کەسە ٧٣ کەسیان کوژراون و ١٦٧ کەسیش بریندار بوون.

**بۆ ئەمانەش نەک حەقدەست و بیمەی بێکاری نییە بەڵکوو بە مافیای کەلوپەلی قاچاخ ناویان دەبەن.**

یەکێکی تر لە کێشەکانی بەردەم کرێکاران لە ئێران نەبوونی ڕێکخراوێکی سێنفیی سەربەخۆیە کە ئەمەش ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی زەوت کرانی ماف و داواکارییەکانیان. ڕێکخراوە سێنفییەکان دەبێ سەربەخۆ، ئازادانە و لە لایەن خودی کرێکارانەوە و بەدوور لە گوشاری حکوومەتی، بەرتەسک کردنەوە و ڕەخنە تێکردن و چاودێریی کارفەرما و دەوڵەتەوە بەڕێوە بچێ. بەڵام ئەو ڕێکخراوە کرێکارییانە کە لەژێر چاودێری و دەسەڵاتی دەوڵەت و کارفەرمادا بەڕێوە دەچن لە باشترین حاڵەتیشدا ناتوانن نوێنەرێکی باش و بە ئینساف بن بۆ کرێکاران کە ئەمە بە تایبەت لە کاتە گرینگەکانی وەک دیاریکردنی حەقدەست و گۆڕانی ئایین‌نامە کرێکارییەکان بەرچاو بووە و بیندراوە. قانوونەکانی وڵات و دامەزراوە حکوومییەکان و خاوەنکار و سەرمایەدارەکانیش هیچ کات لە بەرژەوەندیی کرێکاران و چینی هەژار و کەمداهات نین و سپای پاسداران و کاربەدەستانی وڵاتیش، کە دەستیان بەسەر هەموو سەرمایەی وڵاتدا گرتوە و هەر چەشنە ناڕەزایەتیدەربڕینێکی کرێکاران بۆ داواکردنی مافەکانیان، بە توندی سەرکوت دەکەن.

**هەڵاواردنی ڕەگەزیش ڕەهەندێکی دیکەی مەینەتییەکانی کۆمەڵگەی کرێکارییە.**

ڕێکخراوی چاوەدێریی مافی مرۆڤ لە ڕاپۆرتی ئەمساڵیدا ئێرانی لەڕووی هەڵاواردنی ڕەگەزییەوە لە نێوان ١٤٥ وڵاتدا، لە ڕیزی ١٤١ەمین وڵاتدا دانابوو.

بەشداریی ئابووری بە یەکێک لە خاڵە بەرچاوەکانی نابەرابەریی بۆ ژنان لە ئێران دادەنرێ، ڕێژەی بەشداریی ژنان لە پۆستە دیارە حکوومییەکان و، لە کەرتی تایبەتدا بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی ژنان لە کۆمەڵگەدا، پشکێکی زۆر کەمە.

بە پێی مادەی ٧٥ی یاساکانی کار، ژنان لە ئەنجامدانی کارە مەترسیدارەکان، هەڵگرتنی باری زیاتر لە ڕادەبەدر بەبێ یارمەتی کردن لە ئامێرە بارهەڵگرەکان مەنع کراون، بەڵام لە زۆربەی کاتدا ئەم یاسایە پشت گوێ دەخرێ.

لە مادەی ٧٦ی ئەو یاسایەشدا هاتوە کە ژنان ئیزنی ٩٠ ڕۆژ مەرەخەسیی بەمز و حەقدەستیان لەکاتی منداڵ بوونیان هەیە، بەڵام لە مەیدانی واقعدا خاوەن کارەکان ئەو ژنانەی کە منداڵی چکۆلەیان هەیە ناگرنە خۆ، یان کە دەزانن ژنێک سکی هەیە لە کار دووری دەخەنەوە.

ژنان زیاتر لە ٥٠ لە سەدی دەرچووانی زانکۆ پێکدێنن، کەچی کەمتر لە سەدا ١٧ی ژنان دەتوانن خۆیان لە بازاڕی کاردا ببیننەوە. لەلایەکی دیکەشەوە کرێکارانی ژن لە ئێران هەرزانترین هێزی کارن، چونکە زۆربەی ژنان لە کەرتی تایبەت و دەوڵەتیشدا لە کارگەی بچووکی کەمتر لە ١٠ کەسیدا کار دەکەن، ئەو شوێنانەش قانوونی کار و پاڵپشتییەکی یاسایی نایانگرێتەوە. ژنان بە حەقدەستێکی زۆر کەم دادەمەزرێن و مۆتەکەی بێکاری ئەویش لە نەبوونی بیمە و دابینکردنی کۆمەڵایەتی هەمیشە بەسەریانەوەیە، لەبەر ئەوەش کە زۆربەی ژنان بێ هیچ گرێبەستێکی قانوونی کار دەکەن، لە ئەگەری ڕووداونی هەر ڕووداوێکی نەخوازراو یان بێکاربوون بەبێ وەرگرتنی هیچ مافێک و بەدەستی بەتاڵ بەرەو ماڵەکانیان دەنێردرێنەوە.

دوا وتە و بە پێی ئەو فاکتانەی لە سەرەوە باس کران، کرێکاران و توێژی زەحمەتکێش و کەمداهاتی کۆمەڵگە لە بارودۆخێکی زۆر تاقەتپڕووکێندا دەژین و لەم ساڵدا دەبێ گەورەترین شەڕی ژیانیان بۆ مانەوە بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١ی مای ٢٠٢٠

# کرێکار و مافەکانی لە ئێران لە دەیەی پێنجەمی کۆماری ئیسلامییدا



**عەلی بداغی**

چینی کرێکار لە ئێران ڕۆڵی زۆر بنەڕەتییان لە هێنانە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەبوو.

خومەینی توانیبووی بە دروشمگەلی وەک "ئاو و بەرق و هاتوچۆ دەکەینە خۆڕایی" و "هەموو کەس دەکەینە خاوەنی خانووی خۆی" سەرنجی کرێکاران بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. بەتایبەت کە زۆر پێش سەرکەوتنی شۆڕش لە ڕێگەی کاسێتەکانیەوە حەدیس و ئایەتی جۆراوجۆری لەسەر پێگەی شایانی ڕێزی کرێکاران دەهێنایەوە کە گوایە چەند ئیمام و ڕابەرێکی ئایینیی شیعەکان کرێکار بوون و شۆڕش هەمووی لە بەرژەوەندیی داهاتووی کرێکاران دەبێ. بەم جۆرە کرێکارەکان بە مانگرتنە سەرتاسەری و بەردەوامەکانیان خومەینییان لە نۆفێل لۆشاتۆی پاریسەوە هێنایەوە ئێران و گەیاندیانە ترۆپکی دەسەڵات، دەسەڵاتێک کە "شا"ی پێشووش نەیبوو.

چینی کرێکار زۆر پێش سەرکەوتنی شۆڕش و لە شارە گەورەکاندا ڕێکخراوەی کرێکاریی تایبەتیان دامەزراندبوو. ئەوان بە پێی هەلومەرجی ئەو کات داواکانی خۆیان فۆرمووڵە کردبوو و ڕێبەرانی شۆڕشیش وادەی جێبەجێبوونی هەموو ئەوانەیان پێدابوون، وەک چاکسازی لە قانوونی کار، نەهێشتنی هەڵاواردنی ڕەگەزی، جێبەجێبوونی کۆنڤانسیۆنەکانی پێوەندیدار بە مافی کرێکاران، مافی پێکهێنانی سەندیکای سەربەخۆی کرێکاری، کەمکردنەوەی سەعاتی کاری حەوتووانە، زیادکردنی مز و حەقدەست و پاداشتی ساڵانەیان.

کرێکاران دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران زۆر زوو مزی ئەو پاڵپشتییەیان وەرگرت. هەر لە یەکەم بەهاری تەمەنی کۆماری ئیسلامی و لە خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی ١ی مەی بوو کە ڕێکخراوە کرێکارییەکان کەوتنە بەر شاڵاوی سەرکوت. زۆر زوو "خانە کارگر" کە لەلایەن کۆمەڵێک سەندیکا و شۆرای کرێکارییەوە دروست کرابوو، کەوتە بەر پەلاماری "حیزبوڵڵایی"ـەکان و بەبیانووی ئەوەی "دژەشۆڕش" دەستیان بەسەردا گرتوە، دەستی بەسەردا گیرا! بەم جۆرە هەتا ئێستاش شەڕ و ملبەملەی کۆمەڵگەی کرێکاری کە داخوازی مافەکانیانن و کۆماری ئیسلامی کە حاشایان لێدەکا، درێژەی هەیە.

لە هەموو ماوەی ئەو چوار دەیەدا چینی کرێکار چەوساوەتەوە و هەژارتر بووە، قانوونەکانی پشتیوانی لە مافەکانی یەک لە دوای یەک کاڵتر بوونەوە، توانای کڕینی لە کەمیی داوە و سفرەی ماڵێی بچووک بۆتەوە، مەترسیی دەرکران و بێکاربوونی لەسەر بووە و لە

سەرەتاییترین مافی خۆی کە پێکهێنانی ڕێکخراوی کرێکاری بووە بێبەش بووە و؛ هەر چەشنە ناڕەزایەتی و داخوازییەکی کرێکارانیش ئەنگی شێواندنی بیروڕای گشتی و چالاکی لەدژی ئەمنیەتی وڵاتی لێدراوە و هێزەکانی دژی شۆڕشیان بەگژدا کراوە و چالاکانی کرێکاری لەو سۆنگەیەوە سزای قورسی زیندانیان بەسەردا سەپاوە.

ڕۆژی جیهانیی کرێکاران ئەمساڵ لە سێبەری قورسی قەیرانێک بەناوی "کۆرۆنا" دا گەیشتێ، قەیرانێک لە دڵی قەیرانی ئابووریی تێکتەپیوی ئێراندا کە بەهۆی سزا ئابوورییەکانەوە پێشتریش نووزەی لێبڕابوو، قەیرانێک کە بەپێی پێشبینی و بەراوردە سەرەتاییەکان خەساری بێکاربوونی شەش هەتا حەوت میلیۆن کرێکاری لە ئێراندا لێدەکەوێتەوە. ڕۆژی "یەکی مەی"ـی ئەمساڵ لە حاڵێکدا تێپەڕی کە لە ئاوسانی ئابووریی سەروو سەتا ٤٠ی ئێستادا مزی کرێکاران تەنیا سەتا ١٥ زیادی کردوە، حەقدەستێک کە جیا لە لێدانی زۆر خەرجیی پێویست، بەو حاڵەش بەشی یەک لەسێی مانگێکیان ناکا. ناڕەزایەتییەکانیش بەداخەوە هەتا ئێستا دادی نەداون، بەڵام ئەوانی لە داخوازیی مافەکانیان شێلگیر کردوە؛ وەک چۆن لە ساڵی ڕابردوودا لانیکەم ٣٥٧ کۆبوونەوە و مانگرتنی کرێکاری ڕوویان داوە. خۆ ئەگەرچی زۆربەی ئەو خۆپیشاندان و مانگرتنانە یان سەرکوت کراون یان بە دانی وادە و بەڵێن بڵاوەیان پێکراوە، بەڵام ئاسۆی ڕوونی خەباتی مافخوازیی کرێکارانی ڕوونتر کردوە.

چوار دەیە سیاسەتی ناکارامەی ئابووری کە سێبەری قورسی لێکەوتەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەسەر بووە، ئابووریی ڕانتی، سپاردنی کارخانە و کۆمپانیاکان بە کەرتی تایبەت - بەڵام بە شێوەی سەقەت و مانەوەیان لە پاوانی دەوڵەتییەکاندا - وایکردوە لە لایەک قەیرانی بێکاری ببێتە سەرەکیترین کێشەی کۆمەڵگەی ئێران و لەولاش سەرمایەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەش سووک و بەلاش بەتاڵان ببرێن. سندووقی نێونەتەوەیی دراویش ڕایگەیاندوە کە هەڵدانی ئابووریی ئێران - سەرەڕای دروشمە بەباق و بریقەکانی ساڵانەی خامنەیی - بۆ سێهەم ساڵی یەک لە دوای یەک خوار سیفر و لە هەڵدێرانی بەردەوامدایە. ڕاگیرانی هەناردەی نەوت و دابەزینی سەرسووڕهێنی نرخی نەوت ئەویش بۆ ئابووریی بەستراوەی ئێران بە نەوت چەند فاکتەری دیکەن کە هیندەی دیکە لەسەر ئابووریی سیس و نابووتی وڵات کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەیە و ئەوە کرێکارانن کە لە ڕیزی پێشەوەی زیاندیتووانی ئەو بارودۆخەن.

بەڵام کێشەکانی کۆمەڵگەی کرێکاری نە یەک و دوون و نە هەر ئەوانەن. جیا لە مەسەلەی کەمیی مز و مووچە، بەدەر لە گرانی و لەکەمیدانی توانای کڕینیان و، لەولای کێشەی نیشتەجێبوون؛ ئەوە گرێبەستەکانی کارە کە وایکردوە کرێکاران کەمترین ئەمنیەتی ڕاگرتن و مانەوەیان لەسەر کارەکانیانە. زۆر لە خاوەنکارەکان کرێکارەکانیان یان بە گرێبەستی کاتی و یان تەنانەت بە گرێبەستی سپی دادەمەزرێنن. بەوەش ئەم کرێکارانە کە بەشی زۆری کۆمەڵگەی کرێکاریی ئێران پێکدێنن هیچ قانوونێکی دامەزران و ئەوەی پێی دەڵێن "مەزایای کرێکاری" نایانگرێتەوە. هەروەها هەلومەرجی کار و چەندی و چۆنیی مز و حەقدەستەکانیان هەمووی بەسراوەتەوە بە ویست و سەلیقەی خاوەنکار. خۆ بێتوو لەسەر کاریش دەربکرێن چونکی گرێبەستێکی ڕەسمییان لە نێواندا نییە، بیمەی بێکارییان نادرێتێ؛ یان ئەگەر تووشی ڕووداوی کار بن و خاوەنکار نەیەوێ تێچووی دەرمان و پەککەوتنیان بدا و زیانەکەیان بۆ قەرەبوو بکاتەوە، ناتوانن شکایەت بکەن و پێوشوێنی مافەکانیان کەون.

هەڵاواردنی ڕەگەزی کێشەیەکی دیکەی کۆمەڵگەی کرێکاریی ئێرانە. خاوەنکارەکان زۆربەیان بۆ دامەزران پیاوان وەپێش دەدەن و لە کاتی کەمکردنەوەی هێزی کاریشیان ئەوە ژنانن کە وەپێش دەدرێن. ژنان و بەتایبەتی ژنانی سەرپەرستی خێزان - کە بەداخەوە لە

سۆنگەی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژ بە ڕۆژ ئەژماریان زیاتر دەبێ - نەک دەرفەتی وەکیەک بۆ خۆدیتنەوەیان لە بازاڕی کاردا نییە، بەڵکوو لە ئەگەری دامەزرانیشدا ناچار بە ماوەی کاری زیاتر و مزی کەمتر دەکرێن.

خۆ ئەگەر ئاوڕێکیش لە کوردستان بدەینەوە، بەسەر هەندێ دیاردەی دیکەشدا دەکەوین. جیا لە هاوبەشیی مەینەتی و بێمافیی چینی کرێکار لە هەموو ئێران، بەڵام چوار دەیە سیاسەتی پەرەنەسەندنی ئابووری و بەئەمنیەتیکردنی کوردستان دۆخێکی جیاوازتری بۆ کرێکاران لە کوردستان خوڵقاندوە. ئەوەش لە حاڵێکدایە هەر چوار پارێزگاکەی کوردستان لەسەر سنووری وڵاتانی عێراق و هەرێمی کوردستان، تورکیە و ئازەربایجان هەڵکەوتوون، بەڵام بەهۆی ڕوانینی ئەمنیەتیی کوردستان نەکراوە بە ناوچەی ئازادی ئابووری و ئەو دەرفەتە گرینگەی لێ ئەستێندراوەتەوە. هاوکات لە ساڵدا چەند جار بە هۆی داخستنی ئەو کەمە دەروازە سنوورییەش کە بە شێوەی سنووردار ڕێی بۆ کۆڵبەریی قانوونی ئاوەڵا کردوە، ئەم دەرفەتەش لە خەڵکی هەژاری ئەم ناوچەیە دەستێنن و پەرە بە بێکاریی زیاتر لەو ناوچانە دەدەن.

هەروەها لە کوردستان سەرەڕای بێکاریی زۆر سەرووتر لە نێونجیی بێکاریی وڵات، بەڵام بە هۆی کەمیی کارگە و کارخانەکان حەشیمەتی کرێکارانی ڕەسمیی خاوەن گرێبەست زۆر کەمن. زۆرینەی حەشیمەتی کرێکار لە ئێران لە یەکە بچووکەکانی دەرەوەی بازنەی قانوونەکانی کار و کەرتی بیناسازییدا سەرقاڵن، یان بە پیشە ساختە (کاذب)ـەکانی وەک دەستگێڕییەوە خەریکن، یان لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستاندا ڕوویان لە کۆڵبەری کردوە. کێشەی سەرەکیی ئەو کرێکارانەش ئەوەیە کە ژمارەیەکی یەکجار کەم لەوان بیمەی دابینکردنی کۆمەڵایەتییان هەیە و لە ئەگەری بێکاربوون یان تووشبوون بە ڕووداوی کاردا لە هەموو مافێکیان بێبەشن.

بەڵام سەرباری هەموو ئەو بەشمەینەتی و نەهامەتییانە چینی کرێکار کۆڵیان نەداوە و بەشی سەرەکیی هەیکەلی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی لە ئێران پێکدێنن. ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان کە پێشتر لە یەکە بچووکەکانی بەرهەمهێناندا ڕوویان دەدا، ئێستا کارگە و کارخانە زەبەلاحەکانیشی گرتۆتەوە و تەنانەت هاوپشتیی یەکتریش دەکەن و؛ ئەوەش کە نیشانی وشیاری و پێگەیشتوویی چینی کرێکارە، ڕوخسارێکی تەواو سیاسی و مافخوازانە بە ناڕەزایەتییەکان دەدەن. بێگومان هاوبەشیی بزووتنەوەی کرێکاری لە بزووتنەوە سەرانسەرییەکاندا و فازی نوێی ناڕەزایەتیی کۆمەڵگەی کرێکاری لە قۆناغی پاشکۆرۆنادا کۆماری ئیسلامیی بەرەوڕووی بارودۆخێکی زۆر دژوار دەکا.

کاکڵی باسەکە ئەوەیە سەرەڕای ئەوەی بەرپرسانی حکوومەتی و کاربەدەستانی دەوڵەتییش، دان بە شپرزەیی بارودۆخی کرێکاران و پەرەسەندنی هەژاری و بێکاری لە وڵاتدا دەنێن، بەڵام ئیرادەیەک بۆ ئاوڕدانەوە لە مافی کرێکاران و لاکردنەوە لە دۆخی نالەباری ئەوان لەگۆڕێدا نییە. نە باسێک لە بووژانەوەی ئابووریی وڵات و هەلی کاری هەیە و نە بردنەسەرێی مز و حەقدەستی کرێکاران کە هەمیشە لەژێر هێڵی هەژارییەوە بووە. ئەمەش واتای بەردەوامیی ناڕەزایەتیی کرێکاران و بەشداریی زیاتریان لە بزووتنەوە ئێعترازییەکانی سەرانسەریدایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی مای ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe




**کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: رەحمان نەقشی**

**بانەمەڕی ٢٧٢٢ی کوردی  -  مای ٢٠٢٢ی زایینی**